# کۆمەڵناسی

## کلاورۆژنە

کۆمەڵگای کوردی بەگشتیو ڕەوشی ڕۆشنبیری کوردی بەتایبەتی، لەنێو ئالۆزیو تەموو مژییەکی گەورەو قووڵدایە، ئەگەر بەشێك لەو تەموو مژییە پێوەندی بەڕەوشی سیاسیو ناجێگیری ئەو ڕەوشە هەبێت، ئەوە بەشێکی تری پێوەندی بە نەبوونی پلانی ستراتیژی هەیە بۆ برەو پێدانو گەشەپێکردنی ڕەوشی کولتووریو کۆمەڵایەتی.

بێگومان نەبوونی پلانی ستراتیژی بۆ گەشەکردنی کایەکانی نێو کۆمەڵگا، دەبێتە هۆی ئالۆزیو ناڕۆشنی، چونکە ئێمە چۆن لەژیانی ڕۆژانەماندا بەشێوەیەکی عەفەوییانە کاردەکەین، ئاوا حکومەتەکەشمان بەشێوەیەکی عەفەوییانە بەڕێوە دەچێت، بەبێ ئەوەی ستراتیژییەتێکی گشتیو ڕوون هەبێت بۆ بەرەو پێشبردنی باری ڕۆشنبیری کوردی، ئەگەرچی لێرەو لەولاو جاروبار، هەندێك بۆنە ساز دەکرێت، یا هەندێك کۆڕو سیمینار گرێدەدرێت، بەڵام بەبێ ئەوەی هەماهەنگیو گونجاندن هەبێت.

ڕەنگە گەورەترین کەلێنی نێو ڕۆشنبیری کوردی نەبوونی سێنتەری توێژینەوەی پسپۆڕو تایبەتمەند بێت لەکایەو بوارە جیا جیاکاندا، بۆیە دەبینین ئێمە ڕاستە گۆڤارێکی زۆرمان هەیە، ڕاستە چەندین دەزگای ڕاگەیاندنی گەورەو بچووکیشمان هەیە، بەڵام ناوەندی توێژینەوەی پیسپۆڕمان نییە، بۆیە سەنتەری توێژینەوەی فیکریو ئەدەبی نما بیری لەوە کردەوە کە گۆڤارێکی تایبەت بەتوێژینەوەی سۆسیۆ– ئەنترۆپۆلۆژی دەربکات.

ئێمە لەسەنتەری نما دەزانین کە گۆڤارێکی لەوجۆرە کارێکی سانا نییەو بەتەنیا بەئێمەش ناکرێت، بەڵام ئەو بڕیارەمانداو هیواداریین نووسەرو توێژەرە بەڕێزەکانی نێو ئەو بوارانە هاوکاریمان بکەن، بۆ ئەوەی بتوانین لەهەموو وەرزێکدا، گۆڤارێکی قەشەنگو خنجیلانە بخەینە بەردەستی پسپۆڕو تایبەتمەندانی کۆمەڵناسی..

ناوی گۆڤارەکەش کە "سۆسیۆلۆژیا"یە، هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەڕێز "د.ڕەشاد میران " جگە لەناردنی برادەرێکیان لە کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی کوردستان، لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ خاوەنی ئیمتیاز، دوای گفتوگۆ پێی باش بوو ناوی گۆڤارەکەمان کە" کۆمەڵناسی" بوو، بیدەین بەوان، بۆیە ئێمە جگە لەسووربوونمان لەسەر دەرکردنی گۆڤارەکە، ڕەزامەندبووینو ناوی گۆڤارەکەمان بەخاتری "د.ڕەشاد میران" گۆڕی بۆ " سۆسیۆلۆژیا".

**سۆسیۆلۆژیا**

# کۆمەڵناسی چییە؟

## یەکەم: کایەکانی کۆمەڵناسی
## هەوڵ و کۆششە سەرەتاییەکانی
## ڕاڤەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی

ن: د. عبدالله رشدان
و: لەعەرەبییەوە: ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

ئەگەرچی مرۆڤ مێژوویێکی دوورو درێژی لەسەر زەویدا هەیە، بەڵام زانستێکی وەکو کۆمەڵناسی تەنیا سەدەو نیوێکە سەری هەڵداوەو هاتۆتە بوون. لەگەڵ ئەوەشدا بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی مێژوویێکی کۆنی هەیەو بیریارو فەلسەفەکارانی نێو کۆمەڵگا کۆنەکان بۆ ڕاڤەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەکاریان هێناوە.
بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی سەرەتا لەخۆرهەڵاتی کۆنــەوە دەســتیپێکردووەو ئاوێتــەی تیــۆرە فەلــسەفی‌و ئــایینی‌و ئــابووری‌و یاســاییەکان بــووە، بۆیــە توێــژەرە زەحمەتییــەکی زۆر دەبینێت تاوەکو بتوانێت تیۆری کۆمەڵایەتی لەو بۆچوونانە هەڵبکرێنێت. سروشتی ژیانی کشتوکاڵی کە پێشڤەبەری شێوەی یەکەمی شارستانییەتەکان بوو، ڕێگر بووە لەبەردەم فراوانبــوونی چــوار چــێوەی بیرکردنــەوەی کۆمەڵایــەتی، چــونکە ئــەو شــێوە ژیانــە کشتوکاڵییەی ئەوکاتە لەئارادا بووە، جێگیر بــــووە. بۆیــــە دەبیــــنین بیرکردنــــەوەی کۆمەڵایەتیش یەك شێوەو فۆرمی وەرگرتووە، بەردەوام هەوڵیداوە پاساو بۆ سیستەمی باوو باڵادەست بێنێتەوەو پیرۆزی پێ ببەخشێت، ئەوەش یارمەتیدەر بوو بۆ سەرهەڵدانی داب‌و نــەریت‌و بــەهای پارێزگارانــە کــە بەیــەکێك لەسیماکانی کۆمەڵگای کشتوکاڵی دادەنرێت. کتێبە کۆنەکانی هیندو کاغەزی بەردی میسری‌و شێوەی بیرکردنەوەی کۆنی چینی زۆر بەڕوونی ئەو بۆچوونە پیشاندەدەن.
شێوەی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی لەخۆرهەڵاتی کۆندا شێوەیەکی ڕێکخراو نەبووەو تاکە کەسی بووەو ڕەنگدانەوەی ئەزموونی تاك‌و چینەکان بووە، هەروەها لەچوار چێوەی بەرژەوەندی کــاتی دەخولایــەوەو خــاوەنی گوتــارێکی سۆزداری بووەو پارێزگارانەش بووە، چونکە ڕەچــاوی پیچــشکەوتنەکانی ســـەردەمی نەکردووە.
بــەڵام دەبیــنین لای گریکــەکان جۆرێــك لەبیرکردنــەوەی کۆمەڵایــەتی ڕێکخــراو هەیــە، چونکە بەشێکبوو لەچوار چێوەی مەزهەبە فەلسەفییە گەورەکانی ئەو کات کە لەهەموو

لایەکـــەوە داڕێـــژەری بنـــەماکانی مەعریفـــەی مرۆڤایەتی بوون. بەر لەئەفلاتون، تەنیا هەندێك نووســـینی کـــەم لای هزیـــۆدو هێـــرۆدۆتو هیبۆکریتسو سوقرات بـەدی دەکـەین لـەبارەی کۆمـــەڵگا. کەچـــی ئـــەفلاتون هـــات کۆمـــەڵگاو دادپـەروەری شـیکردوەو چـوار چێوەی گشتی تیـۆری ئۆرگـانیکی بـۆ کۆمـەڵگا داڕشـتو پێـی وابــوو دابەشــکردنی ئــەرکی کــار لەبنــچینەدا بەریتییە لەدابەشـکردنێکی ئـابووریو ئـەخلاقی لەنێو کۆمەڵگا. ئەفلاتون دانی بەوەدانا کـە کـە عـــەقڵی کۆمەڵایـــەتی بـــوونی هەیـــەو گرنگـــی تایبـەتی خۆیـشی هەیـە، بـەڵام بەهەڵـەدا چـوو کاتێـك گـوتی کـە بریتییـە لـەکۆی عـەقڵی تاکـەکانی نێـو کۆمـەڵی کۆمەڵایـەتی. کتێبـی (کۆمـار)ی ئـەفلاتون گـەورەترین کـاری هزرییـە کــە دەکرێــت تێیــدا شــیکردنەوەی بنــچینە ئابوورییـەکانی کۆمـەڵگای ئایـدیالی بدۆزینـەوە. هەروەها یاساکانیش گرنگترین کاری ئـەفلاتون ـ ن لەبارەی مێژووی کۆمەڵناسییەوە.

ئەرســتۆ زۆرتــرین کاریگــەری هەیــە لەســەر فەلسەفەی کۆمەڵایەتیدا، لەبەرئـەوەی خـاوەنی بیرکردنەوەیەکی تیژو قووڵ بووە لـەبارەی ئـەو شــتانەی کــە ئێــستا بــەکرداری کۆمەڵایــەتی ناودەبرێن. کتێبـی (سیاسـەت) یـش تاڕادەیـەك وەکـو دەروازەیەکـە بـۆ توێژینـەوە لـەدیاردە کۆمەڵایەتییـــــەکان لـــــەڕێگای میتـــــۆدی ئیستقرائییەوە. لەهەموو ئەوانەش گرنگتر، ئـەو قـــسەیەیە کـــە دەڵێـــت مـــرۆڤ ئـــاژەڵ یـــا بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە.

بـــەڵام ڕۆمانییـــەکان لەبەرئـــەوەی ســـەرقاڵی بیرکردنەوەی یاسایيو کردەیی بوون، ئەوەنـدە نەپرژانە سەر بیرکردنەوەی هـزری ئەبـستراکت، ئەوەی لەمبارەیەوە ئەنجامیاندا هەر ئـەوە بـوو کــە فەلــسەفەی گریکیــان لەگــەڵ ڕەوشو بـارودۆخی سیاسـی خۆیـان گونجانـد تـاوەکو لەبواری پێشخستنی یاساو ڕێکخستنی سیاسیدا یارمەتیان بدات.

## بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی تـاوەکو سەردەمی ئۆگست کۆنت

ئـەو ماوەیـەی نێـوان مردنـی ئەرسـتۆ تـاوەکو سـەردەمی دانتـی لەسـاڵی (1300)دا، کـەم بایەخــە لــەڕووی پێــشڤەچوونی بیرکردنــەوەی کۆمەڵایەتییەوە، زۆرجاریش بەسەر چوار قۆنـاغ دابەش دەکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکـەم: بـەمردنی ئەرسـتۆ دەسـت پێـدەکاتو لەساڵی (200)ی پـێش زایینـی کۆتـایی دێـت، لــەو ماوەیــەدا شــارە گریکییــەکان ونبــوونو کەوتنە ژێر کۆنترۆڵو دەسەڵاتی ڕۆمانییـەکانو ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی، بۆیە بەرهەمی هـزریش ئەوەندە زۆر نـەبووە شـیاوی باسـکردن بێـت. لـەو ماوەیـەدا سـێ بیرۆکـەی گـشتیو هـزری کۆمەڵایـەتی بـڵاو بـۆووە کـە بریتـی بـوون لـە( برایەتی جیهانی، بیرۆکەی سروشت، بەختوەری مرۆڤ بنچینەی هەموو بەهایەکە).

دووەم: لەســـاڵی (200)ی پـــێش زایینـــەوە دەســت پێــدەکات تــاوەکو دەگاتــە (476)ی زایینی. دیارترین سیماکانی ئەوکاتـە باڵادەسـتی ڕۆمانییەکان بوو بەسـەر جیهـانی مـۆدێرنی ئـەو ســەردەمدا، بۆیــە لــەژێر کاریگــەری هــزری ڕۆمانییەکانـدا بایـەخ بـەتیۆری سیاسـی دەدرا،

زیاتریش ئەو بابەخە لەژێر کاریگەری هزری ئەرستۆدا بوو لەبارەی پرسی دەوڵەتو حکومەتو یاساوە، هەر لەو ماوەیەشدا بوو کە قەشە ئۆگستین سەری هەڵداو کتێبی (شاری خوا)ی بڵاو کردەوە کە تێیدا بنەماکانی سیستەمێکی سیاسی ئایدیالی دادەنێت.

سێیەم: لەساڵی (476) دەست پێدەکات تا دەگاتە ساڵی (800) کە تێیدا شارلمان دێتە سەر کورسی دەسەڵات. ئەو سەردەمە بەسەردەمی جەهالەتو تاریکی ناسراوە، چونکە هیچ جۆرە داهێنانێکی تازە بوونی نەبوو، بەڵکو جوهالەتو گەمژەیی باڵی بەسەر عەقڵەکاندا کێشابووو دەسەڵاتی کڵێسا گەیشتبووە لوتکەو هەموو شتێکی داپۆشیبوو.

چوارەم: لەساڵی (800) دەست پێدەکات تاوەکو دەگاتە ساڵی (1321) کە ساڵی مردنی دانتی بوو، ئەو سەردەمەش سەردەمی باڵادەستی فیودالیزم بووەو دەسەڵاتی پاپاش پایە بەرز بووە. لەو سەردەمەدا قەشە تۆمای ئەکوینی ژیاوەو ململانێ لەنێوان ئیمپراتۆرو پاپاکان سەری هەڵداوەو جەنگی خاچپەرستی دەستپێکردووەو لەئیتالیاشدا ڕێنیسانس سەری هەڵداوە، هەروەها لەو سەردەمانەدا بوو کە بیرۆکەی پێویستی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی ئایینیو دەسەڵاتی سیاسی هاتۆتە بوون.

لەدوای ئەو ساڵەدا تاوەکو سەدەی نۆزدەیەمو سەرهەڵدانی کۆمەڵناسی لەسەر دەستی ئۆگست کۆنت، هێدی هێدی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی خەریکبووە ڕووگەیەکی بابەتییانە وەردەگرێتو بەدوای ڕاستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا گەڕاوە. لەو ماوەیەدا زۆرییەك هەبووە لەو توێژینەوانەی تایبەت بوون بەپریی سیاسیو یاساییو کۆمەڵایەتی لەسەر دەستی میکیاڤیللیو ئیبن خەلدونو بودانو مۆنتسکیۆو لەکۆتاییشدا ئۆگست کۆنت.

### کۆمەڵناسیو زانستە کۆمەڵایەتییەکان

مرۆڤ بەسروشتی خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، چونکە زۆرجار هەموو ژیانی لەنێو مرۆڤدا بەسەر دەباتو وەکو ئەندامێکی کرمەڵەی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ڕەفتارو هەڵسو کەوت دەکات. ڕەنگە هەندێکجار پێوەندییەکەی لەگەڵ ئەوانیتردا زۆر توندو تۆڵ بێت، وەکو ئەوەی لەنێو خێزاندا هەیە، هەندێکجاریش پێوەندییەکی تێپەڕو کاتییە.

ئەو زانستە کۆمەڵایەتییەی بایەخ بەهەموو ئەوانە دەدات، لەڕاستیدا دێت لەکۆی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، بۆیە کۆمەڵناس بایەخ بەهەموو ئەو شێوە پێوەندییانە دەدات کە دەچنە نێو قاڵبی پێوەندی مرۆڤانەو شێوەو فۆرمێکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراو وەردەگرن. کەواتە ئەو دێت هەوڵدەدات شرۆڤەی ئەو ڕووگە کۆمەڵیەو بیروبۆچوونو دابو نەریتەکان بکات، بەوەش هێدی هێدی دەچێتە سەر توێژینەوە لەسیستەمی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزو گۆڕاوی وەکو دەوڵەتو خێزانو چالاکی ئابووریو ئایینی. هەر لەو ئاستەشدا نامێنێتەوە، بەڵکو هەوڵدەدات پێشبینی ڕەفتاری کۆمەڵیش بکات.

# کۆمەڵناسی

## کایە بنچینەییەکانی مەعریفەی مرۆڤانە

دەکرێت مەعەریفەی مرۆڤایەتی بۆ سەر دوو جۆری سەرەکی دابەش بکرێت، یەکەم مەعریفەی مرۆڤە بەخودی خۆی، ئەوەش بریتییە لەو کولتوورەی دروستی دەکاتو دایدەهێنێت کە بەدرێژایی ڕۆژگار دەمێنێتەوە. دووەم مەعریفەی مرۆڤ بەژینگەی سروشتی خۆی. لەبەر مەزنی مەعریفەی مرۆڤایەتیش کە بەردرێژاییو تێپەڕینی ڕۆژگاردا کۆدەبێتەوەو کەڵەکە دەبێتو تائێستاش ئەو پرۆسەیە هەر بەردەوامە، ئەوە کایە زانستییەکان دابەشکراونەتە سەر چەند بەشێك، هەر زانستێك لەوانە ئەمڕۆکە کۆمەڵێك ڕاستی لەخۆیەوە دەگرێت کە پەیوەستە بەو زانستانە، یا بەشێك لەو زانستانە. تەنانەت وایان لێهاتووە یەك زانست لەنێو خۆیدا دابەش بۆتە سەر چەندین لقو پۆپ، کە هەندێکجار دەگاتە نزیکەی بیست لقو بەش، بەوەش زانستەکان لەنێو خۆیاندا پرۆسەی تایبەتمەندێتیان بەرهەمهێنا.

بەگشتی دەتوانین مەعریفەی زانستی بۆ سەر سێ بوارو کایەی سەرەکی دابەش بکەین: زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانستە سروشتییەکان، زانستە مرۆڤایەتییەکان. هەر یەکێك لەو کایانەش بۆخۆیان دابەش دەبنە سەر چەندین جۆرە زانستی جیا جیاو تایبەتی، ئەوەش بۆ ساناتر کردنی ئەنجامدانی توێژینەوەو گەیشتن بەڕاستییەکان. زانستە کۆمەڵایەتییەکان بواری کایەی مەعریفەی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، واتا هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ لەخۆیەوە دەگرێت. زانستە سروشتییەکانیش باسی ژینگەی سروشتی دەکات کە مرۆڤ تێیدا دەژی، هەروەها باسی کیمیاو فیزیاش دەکات کە تایبەتن بەیاساکانی مادەو بزاڤو شوێنو کشانو قەبارەو وزە، هەروەها زیندەوەرزانیش دەگرێتەوە کە لەژیانی بوونەوەری ئۆرگانی زیندوو دەکۆڵێتەوە. زانستە مرۆڤایەتییەکانیش ئەو کایەیە کە زیاتر پەیوەستی کۆمەڵناسییە، چونکە هەردووکیان بەیەکەوە لەمرۆڤو کولتوورەکەی دەکۆڵنەوە. بەڵام زانستی کۆمەڵایەتی زیاتر جەخت دەکاتە سەر توخمە بنچینەییەکانی کولتوور کە دەستنیشانکەری شێوە ڕەفتارەکانی مرۆڤە، زانستە مرۆڤایەتییەکانیش هەندێك لایەنی تایبەتی کولتووری مرۆڤایەتی لەخۆ دەگرێت، یا هەوڵدەدات خۆی بۆ توێژینەوە لەلایەنی گوزارشتی مرۆڤ وەکو بەهای ڕۆحیو ئیستاتیکی تەرخان بکات، ئەوەش لەمیانەی ئەدەبو هونەرەوە، بەمەبەستی ئەوەی لەڕێگای ئایینو فەلسەفەوە مانایەك بۆ ژیان بدۆزێتەوە.

## شوێنگەی کۆمەڵناسی لەنێو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا

بۆ دەستنیشانکردنی ڕەوشو شوێنگەی کۆمەڵناسی لەنێو زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تردا، دەبینین هەموو ئەو زانستانە بەیەکەوە لەدیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵنەوەو جەخت دەکەنە سەر لایەنێکی دیاریکراوی ئەو دیاردانە. کەچی کۆمەڵناسی جەخت ناکاتە

سسەر لایەنێکی دیاریکراو، یا وەکو زانستەکانی تر بایەخ بە یەکلایەن نادات، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی نەگاتە ئامانجو مەبەستی دیاریکراوی خۆی. هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی خاوەنی چەندین لایەنی جیاوازە کە لەخودی دیاردەکە دانابڕێت، بەڵکو بەتووندی پەیوەستە پێیەوەو کار لەیەکتریش دەکەن. هەمان شتیش لەبارەی دیاردەیەك لەگەڵ دیاردەیەکی تر هەر ڕاستە، چونکە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگا کار لەیەکتری دەکەن، چۆن دیاردەی خێزان کار دەکاتە سەر دیاردەیەکی وەکو دەوڵەتو دەکەوێتە ژێر کاریگەریشی، هەروەها کار دەکاتە سەر دیاردەی ئابووریو خۆشگوزەرانی نێو کۆمەڵگاش.

کارل مانهایم کاتێك هەوڵیدا کۆمەڵناسو زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر لەیەکتری جیا بکاتەوە، جەختی کردە سەر ئەو خاڵەو دەڵێت:" کۆمەڵناسی مەبەستییەتی هەماهەنگی دروست بکات لەنێوان ئەو ئەنجامە گشتییانەی کە زانستە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان پێی دەگەن، چونکە لقێکە لەهەمان ئەو ئەسڵە هاتۆتە بوونو لەیەك ئامانجیش بەیەك دەگەن، لەبەرئەوەی هەموو بەشەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بەتووندی پەیوەستن بەیەکەوە، هەموو فرمانە کۆمەڵایەتییەکانیش ئاوێتەی یەکتری دەبنو پشت بەیەکتری دەبەستن، بۆیە هەر گۆڕانکارییەك لەلایەنێك لەلایەنەکانی کۆمەڵگا ڕوو بدات، ڕەنگدانەوەی دەبێت بەسەر زۆر لایەنی تر. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانرێت تێبگەین تەنیا لەڕێگای شیکردنەوەیو توێژینەوەی توخمەکانی نەبێتو یاساکانی بەڕێوە چوونی ئاشکرا نەکرێت. ئەو جۆرە توێژینەوەیەش شتێك نییە هیچ زانستێکی کۆمەڵایەتی تایبەتی بۆ تەرخان کرابێت، بۆیە پێویست بوو کۆمەڵناسی بێتە بوون تاوەکو ڕاڤەکردنێك لەبارەی کۆی گشتی ژیانی کۆمەڵایەتی پێشکەش بکاتو بنەمای توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو میتۆدێك دابنێت کە زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەسەری بڕۆن، بۆئەوەی هەماهەنگی بکات لەنێوان ئەنجامە گرنگەکانو ئەو یاسایانەی کە پەیوەستن بە یەکێتی کۆمەڵگاو بنەما سەرەکییەکانی، بەو سیفەتەی کە هەموو ئەو زانستانە چەند دیاردەیەکی فرەی یەك حەقیقەت ڕاڤە دەکەن کە بریتییە لەحەقیقەتی کۆمەڵایەتی".

کەواتە کۆمەڵناسیش هەر وەکو زانستە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان لەدیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە، بۆیە ناتوانین کۆمەڵناسیو زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر لەیەکتری جیا بکەینەوە لەلایەنی بابەتی توێژینەوەوە، بەڵکو جیاکردنەوەکە تەنیا لەلایەنی تێڕوانینەوە دەبێت، یا لەگۆشەنیگای توێژینەوەوە دەبێت، چونکە دیارە تێڕوانینی کۆمەڵناسی تێڕوانینێکی گشتییە، بەمانای ئەوەی وەکو هەمەکییەکی گشتی لەدیاردەکان دەکۆڵێتەوە کە کار لەیەکتری دەکەن. بەوەش ئەو ناکۆکە لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تر کە لەملایەنەوە خاوەنی تێڕوانینی تایبەت بەخۆیان، یا لایەنگیری لایەنێك دەکەن کە ڕەنگە سیاسی یا ئایینی یا ئابووری بێت، بەو کارەش کارلێکردنی نێوان خودی دیاردەکان

فەرامۆش دەکەن، بۆیە ئەو بۆچوونەش فەرامۆش دەکەن کە پێی وایە ژیانی کۆمەڵایەتییەکی هەمەکییەکی گشتگیرەو دابەش نابێت.

مارشاڵ جۆنز هەوڵدەدات ئەو گۆشە نیگایەی تێڕامانی توێژینەوە لای هەریەك لە کۆمەڵناسیو زانستە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان ڕوون بکاتەوە کاتێك دەڵێت:" بۆ نموونە، دیاردەیەکی وەکو ململانێ هەردوو لێکۆڵەرەوەی ئلابووریو کۆمەڵناسی بەیەکەوە بایەخی پێدەدەن، بەڵام ئەو دووانە لەگۆشەنیگای جیاوازەوە بایەخ بەپرسەکە دەدەن، ئابووریناس لەڕوانگەی ململانێی بازرگانیو پێشەسازییەوە تەماشای مەسەلەکە دەکات، کەچی کۆمەڵناس پێی وایە ئەوە هەر تەنیا ململانێیەکی بازرگانیو ئابووری نییەن بەڵکو کارێکە لەوە زیاترە، بۆیە هەر تەنیا بەوەندە ناوەستێتو زیاتر دەچێتە ناویو دەگاتە دیاردەکانی تری ململانێ، وەکو ئەوەی لەنێو خێزانو ئاییندا هەیەو وەکو شێوازێك تەماشایان دەکات بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، چونکە مەبەستییەتی لەتوێژینەوەکەیدا ئەو فاکتەرانە بدۆزێتەوە کە کار دەکەنە سەر ململانێو ئاراستەی دەکەن وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی گشتیو لەنێو سەرجەم بوارو کایە جیا جیاکاندا، کاتێك ئەو کارە ئەنجام دەدات، دەگاتە ڕاستییەکی گشتی لەبارەی پێوەندییە مرۆڤایەتییەکان".

بەکورتی لێکۆڵەرەوە لەکایەی کۆمەڵناسی بایەخ بەکالێکردنە مرۆڤایەتییەکان دەدات، ئەوانەی زۆرو بەردەوامن، جا مۆرکێکی ئابوورییان هەبێت یا سیاسی یا یاسایی یا ئایینی، چونکە ئەو لەلێکچوونی نێوان کۆمەڵە مرۆڤایەتییەکان دەکۆڵێتەوە، جا ئەو کۆمەڵانە هەرچەندەی لەیەکتری جیاواز بن لەڕووی پێکهاتەو ڕێکخستنو شارستانییەتەوە. لەم ڕوانگەیەوە کۆمەڵناسی لەدیاردەیەکی دیاریکراو ناکۆڵێتەوە، بۆ نموونەن لەجەنگێك یا شۆڕشێك یا مانگرتنێك، یا هەر دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتی لەکاتو شوێنێکی دیاریکراودا، تەنیا بۆ ئەوەی وەکو شێوازێك بەکاریان بێنێت بۆ توێژینەوە لەسەرجەم دیاردەکە بەگشتی. بەگوزارشتێکی تر، ئەو بەدوای بنەماو پرنسیبو یاسا شاراوەکاندا دەگەڕێت، ئەوانەی لەپشت ڕەفتارو هەڵسو کەوتەکانمان خۆیان حەشارداوە.

## کۆمەڵناسی

یەکەم کەس کە وشەی کۆمەڵناسی — Sociologyبەکارهێناوە ئۆگست کۆنت بووە لەساڵی(1839)دا. کۆنت مەبەستی بوو ئەو زانستە تازەیە ناوبنێت فیزیای کۆمەڵایەتی، بەڵام ڕای خۆی گۆڕی کاتێك زانای بیلجیکی ئەدۆڵف کتلیێ هەندێك توێژینەوەی ئاماری لەبارەی کۆمەڵگا ئەنجامداو ئەوتوێژینەوانەشی ناونا فیزیای کۆمەڵایەتی، یا سروشتزانی کۆمەڵایەتی. وشەی ئینگلیزی کۆمەڵناسی — Sociology لەدوو بڕگە پێکدێت، Socias کە لەبنەچەدا وشەیەکی لاتینییە بەمانای کۆمەڵ دێت، Logos یش وشەیەکی گریکییە بەمانای زانست یا توێژینەوە دێت.

زۆر لەزانایان ویستیان هەریەکەوە بەشێوازو بۆچوونی خۆیان ئەو زانستە پێناسە بکەن،

ئێمەش لێرەدا چەندین پێناسەی جیا جیا دەخەینە بەردەست تاوەکو لەزۆرینەی بۆچوونەکان شارەزا بین، دەبێت ئەوەش بزانین کە زۆرینەی پێناسەکان سادەو ساکارن، بەوەش کاریانکردە سەر گرنگی لایەنی زانستی کۆمەڵناسی، لەگەڵ ئەوەشدا گوزارشت لەتێڕوانینی جیاواز دەکەن، بۆیە دەتوانین وەکو قۆناغەکانی پێشڤەچوونی کۆمەڵناسی تەماشایان بکەین. لێرەدا بەم شێوەیە پێناسەکان دەخەینە ڕوو:

1–هنری گیدنز: توێژینەوەیەکی زانستییە لەکۆمەڵگا.

2– ادوارد رۆس: زانستی کۆمەڵگایە.

3– سمۆل: زانستی کردەی کۆمەڵایەتییە.

4– رۆبەرت ماکیفەر: ئەو زانستەیە کە دەورو خولی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدات.

5–ولیەم ئەجبرن: ئەو زانستەیە کە بایەخ بەتوێژینەوە لەژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەدات لەگەڵ پێوەندییەکانی لەگەڵ هەر چوار فاکتەری شارستانییەتو ژینگەی سروشتیو بۆماوەو کۆمەڵ.

یەکێك لەپێناسە گرنگەکانی کۆمەڵناسی ئەوەیە کە جۆنسۆن پێشکەشی کردووەو دەڵێت:" ئەو زانستەیە کە توێژینەوە لەبارەی کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەکان دەکات لەلایەنی وێنەو یا نموونەی ڕێکخستنی ناوخۆییانەوە، لەگەڵ ئەو کردانەی کە بەردەوامی یا گۆڕان بەو وێنەیەی ڕێکخستن دەبەخشن لەگەڵ پێوەندی نێوان کۆمەڵەکان".

## بابەتەکانی کۆمەڵناسی

ئەو شێوازی دابەشکردنەی کە ئۆگست کۆنت بۆ کۆمەڵناسی پێشکەشی کردبوو کە گوایە دوو بابەتی سەرەکی لەخۆیەوە دەگرێت، ئەوانیش جێگیری کۆمەڵایەتی ـ Social Statics و پێشڤەچوونی کۆمەڵایەتین ـ Social Dynamics، تا ئێستاش جێگای ڕەزامەندی زۆرینەی زانایانی کۆمەڵناسییە لەسەرتاسەری جیهاندا، بەلایەنی کەم لەلایەنی فۆرمەوە، ئەگەرچی ناوی بابەتەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووەو جێگیری کۆمەڵایەتی گۆڕاوەو بۆتە بونیادی کۆمەڵایەتی ـ Social Structure، پێشڤەچوونی کۆمەڵایەتیش بۆتە گۆڕانی کۆمەڵایەتی ـ Social Change، هەروەها لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە گۆڕانی زۆریان بەسەردا هاتووە، بەڵام دیارە لەنێو کتێبی فێرکردندا مامۆستاکان بەردەوام بابەتەکانیان دەکەنە دوو بەش، بونیادو گۆڕان، بۆیە هەوڵدەدەن لەهەر بەشێکدا بنەما جیا جیاکان بخەنە ڕوو، ئەوەی بۆتە هۆی ئەوەی ـ بەتایبەتی لەبارەی بیرۆکەی بونیادی کۆمەڵایەتیدا ـ وتووێژی زۆر سەرهەڵبدات.

ئەو وتووێژە لەبارەی بونیادی کۆمەڵایەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕەوتی بونیادگەرایی فرمانی زیاترو زیاتریش بوو، کە پێی وایە کۆمەڵگا بونیادێکە لەکۆمەڵێك بەش پێکدێتو هەر بەشێك فرمانێکی دیاریکراوی خۆی هەیە، ئەو بەشانە بەیەکەوە پەیوەستن بۆ ئەوەی یەکێتییەکی هەمەکی گشتی تەواوکار پێکبێنن. هەردوو بیرۆکەی بونیادو فرمان لەنێو بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیدا کۆنن، ئەوەی تێیاندا نوێیە ناوەڕۆکەکەیانە. ئەمیل دۆرکهایم

# کۆمەڵناسی

یەکێك لەوانەی هەر زوو بەزوو هەستی بەوە کرد کە پێویستە لەڕوانگەی بونیادو فرمانەوە تەماشای کۆمەڵگا بگرێت کاتێك توێژینەوەکەی خۆی داەشکردە سەر مۆرفۆلۆژیای کۆمەڵایەتی ـ Ssocial Morphology و فسیۆلۆژیای کۆمەڵایەتی ـ Social Physiology ، بەو مانایەی یەکەمیان توێژینەوەیە لەبونیادی کۆمەڵایەتی، بەو چەمکە باوەی ئێستای لەنێو کۆمەڵناسیدایە، ئەویتریشیان توێژینەوەیە لەو فرمانانەی کە ئەو بونیادە وەکو بەشو هەمەکی ئەنجامیان دەدات.

دۆرکهایم هەوڵیدا کایەی کۆمەڵناسی دیاری بکاتو بابەتە گرنگەکانی توێژینەوەکانی دەربخات، بۆیە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی کردە بابەتی سەرەکیو هەوڵیدا جیاوازی نێوان چارەسەری کۆمەڵناسیو هەر زانستێکی تر بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەربخات. سەرەڕای ئەو تێڕوانینە پاڵپشتیکارەی کۆمەڵناس بۆ دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، کە لای زانایانی تر بەو شێوەیە دەرناکەوێت، بەڵام کۆمەڵناسی لەو لایەنانەی دیاردەی کۆمەڵایەتی دکۆڵێتەوە کە پەیوەستە بەچالاکییەکانی مرۆڤ وەکو بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی کە ئەندامی سەرجەم کۆی کۆمەڵگایە، نەوەکو تونیا تەماشای یەکلایەنی بکات، وەکو لایەنی ئابووری یا سیاسی یا ئایینی. بۆیە کۆمەڵناسی بەپێی لقەکان دابەش دەبێتە سەر چەندین بەش، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵناسی تایبەت سەرهەڵبدات، وەکو کۆمەڵناسی ئابووری، کۆمەڵناسی ئایینی، کۆمەلناسی سیاسیو ..تاد. تائێستاش ئەو تێڕوانینە بۆ ئەو شێوە پۆلێنکردنە هەر باوە، بەتایبەتیش لای سۆرۆکن کاتێك کۆمەڵناسی دابەش دەکاتە سەر کۆمەڵناسی گشتیو کۆمەڵناسی تایبەتی. ئەو شێوە لەتوێژینەوەش لەڕۆژگاری ئەمڕدا لەلایەن زۆر لەزانایانەوە فەرامۆشکراوە.

ڕووگەیەکی تر هەیە کە لایەنگرانیشی لەنێو کۆمەڵناسیدا زۆرە، ئەو ڕووگەیە دێت بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگا دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوەو وەکو یەکەی تایبەتو جیاواز لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتیدا تەماشایان دەکات. بۆیە بایەخ بەبابەتی وەکو توێژینەوە لەکۆمەڵگا خۆجییەکان ــ Communities دەدات کە خاوەنی مۆرکێکی جوگرافی دیاریکراوو تایبەتمەندی جیاوازی دانیشتوانو لەناوچەی تری خۆجێیەتی جیاوازن. هەروەها توێژینەوە لەبارەی کۆمەڵگای دەشتەکی ئەنجامدەداتو دەشتەکییەتی دەکاتە پێوەر بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازی نێوان ئەو کۆمەڵگایانە لەگەڵ کۆمەڵگای تردا. ئەو ڕووگەیەش لەئەمریکاوە سەری هەڵداو گەشەی کرد لەڕێگای سەرهەڵدانی زانستی ڕێکخستنی خودییەوە، گوایە خۆیان یەك یەکەی کۆمەڵایەتینو خاوەنی سنوورێکی دیاریکراون.

## ئەو توخمانەی کۆمەڵگا پێکدێنن

ئەگەر بەنیادی گشتی هەر کۆمەڵگایەك شیبکەینەوە، دەبینین لەو توخمانەی خوارەوە پێکدێت:

1–ژینگەی سروشتی: بریتییە لەو چوارچێوە ژینگەیی‌و جوگرافییەی کە سنووری کۆمەڵگا دیاری دەکات.
2– ژینگەی کۆمەڵایەتی: ئەو کەشەیە کە ئەندامانی کۆمەڵگا لەژێر سایەیدا دەژین.
3– دانیشتوان: بریتییە لەو کۆمەڵە کەسەی کە وزەی مرۆڤانەی نێو کۆمەڵگا پێکدێنن.
4– پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان: ئەو کردەو کارلێکردنانەیە کە ئەنجامی کاڵێکردن‌و لێکخشانی تاکەکانە لەگەڵ ژینگەی سروشتی‌و کۆمەڵایەتیدا.
5– سیستەم‌و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان: بریتییە لەکۆی ئەو ئامرازانەی کە چالاکی کۆمەڵایەتی ئەنجامدەدەن‌و فرمانە کۆمەڵایەتییەکان بەدی دێنن.

## مەبەستەکانی کۆمەڵناسی

کۆمەڵناسی لەڕێگای توێژینەوەی لەکۆمەڵگاو دیاردەو کێشەکانی مەبەستییەتی دوو جۆرە ئامانج‌و مەبەست بەدیبێنێت، مەبەستی تیۆری، مەبەستی کردەیی. مەبەستە تیۆرییەکان ئەوانەی خوارەوەن:
1–توێژینەوە لەسروشتی ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ تێگەیشتن لەسەرهەڵدان‌و پرنسیپە گشتییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئەو ڕایەڵانەی پشتی پێدەبەستن.
2– توێژینەوە لەپێشڤەچوونی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان‌و جیاوازی جۆریان بەجیاوازی سەردەم‌و گەلانەوە.
3– توێژینەوە لەپێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو دیاردەکانی کۆمەڵگاوو ڕادەی کاریگەری ئەو دیاردانە لەسەر پێوەندی نێوان تاکەکان.
4– دۆزینەوەی ئەو فرمانە کۆمەڵایەتییانەی کە دیاردەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامیان دەدەن‌و ڕادەی گۆڕانیان لەگەڵ پێشڤەچوونی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا.
5– گەیشتن بەو یاسا کۆمەڵایەتییانەی کە دەچنە ژێر باری دیاردەکانی کۆمەڵگاوە.

## مەبەستە کردەییەکان

لەپاڵ ئەو مەبەستە تیۆرییانەدا چەندین مەبەستی کردەیی هەیە کە دەکرێ لەژێر ڕۆشناییاندا یاساکانیان دیاری بکرێت‌و کار لەژیانی کۆمەڵایەتی بکەن‌و بەرەو باشتری ببەن‌و کێشەی کۆمەڵگاکانی پێ چارەسەر بکرێت‌و بەگشتیش ئاستی ژیانی ڕەگەزی مرۆڤیشی پێ بەرزتر بکرێتەوە.

## گرنگی کۆمەڵناسی

هەرچەندەی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژین بەهۆی زۆری دانیشتووان‌و فراوانتر بوونی تایبەتمەندی ئاڵۆزتر بێت، هەرچەندەی شارەکان گەورەتر بن، ئەوە زیاتر پێویسیمان بەوەیە بەشێوەیەکی وردتر شارەزای سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی بین، بەتایبەتیش کە سەردەمی ئێمە مۆرکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی‌و کولتووری خێراو قووڵی پێوە دیارە. بۆیە دەشێت گرنگییەکانی کۆمەڵناسی لەو چەند خاڵەی خوارەوەدا کورت بکرێتەوە:

1–کۆمەڵناسی یارمەتییەکی گرنگ پێشکەش بەدەستنیشانکردنی ئەو ئامانجانە دەکات کە دەکرێت کۆك بین لەسەری، هەروەها دەتوانێت شێوازی دروستی گەیشتن پێیان دیاری بکات، ئەوەش بەڕوونی لەنێو ئەوەدا دەردەکەوێت کە سیاسەتی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگایەکدا کە بەردەوام لەگۆڕاندایە ناکرێت لەسەر بنەمای دابو نەریت یا سۆز دابڕێژرێت.

2–لەنێو کۆمەڵگای نوێی زێدە فراوانو گەرەدا، کەسانێکی کەم هەن شارەزایی تەواویان هەبێت لەبارەی شتەکان، بۆیە ژمارەیەکی زۆری خەڵك لەنێو کۆمەڵێکدا بەداخراویی دەمێننەوەو دەژینو دادەبڕێن لەئەندامانی تری کۆمەڵگا، ئەوەش تاوەکو خۆیان وەکو یەکەیەکی کۆمەڵایەتی ڕێکبخەنو سنووری خۆیان دیاری بکەن.

3– مارشاڵ جۆنز پێی وایە کۆمەڵگای خۆجێیەتی ـــ Communities بریتییە لەجۆرێکی دیاریکراو لەکۆمەڵ کە خاوەنی ئیکتیفای خودی خۆیان بن، چونکە هەر کۆمەڵێك ئەگەر توانی هەموو پێداویستی ئەندامەکانی دابین بکات بەبێ ئەوەی هانا بۆ دەرەوە ببات، بە کۆمەڵگا دادەنرێت.

4– یەکێك لەنیشانەکانی مرۆڤی ڕۆشنبیر ئەوەیە کە درك بەشتەکان بکاتو بتوانێت پێشبینی ئەو شتانە بکات کە کەسێکی سادە ناتوانێت بەدییان بکات. بۆیە کۆمەڵناسی لەلایەنی کەسیشەوە گرنگە، چونکە وا لەتاك دەکات زیاتر لەخۆیو خەڵکانی تر تێبگات.

5– فرمانی کۆمەڵناس ئەوەیە ڕاوێژ پێشکەش بکاتو یامەتیدەر بێت لەدەستنیشانکردنی سیاسەتی کۆمەڵایەتی لەنێو چوار چێوەی دەستەیەکی ڕێکخراودا.

## پێوەندی کۆمەڵناسی بەزانستەکانی تر

کۆمەڵناسی بەتوندی پەیوەستی کۆمەڵێك زانستی ترە، لێرەشدا بەکورتی هەندێك لەپێوەندییانە دەخەینە ڕوو:

**مێــژوو**: بریتییە لەتوێژینەوە لەڕابردووی کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان، بەتایبەتیش لەو سەردەمانەوە کە تێیدا دەستنووسی نووسراو بەجێماوە. مێژوو زانستێکی کۆمەڵایەتییە، چونکە هەوڵو کۆششێکی ڕێکخراوە بۆ زانینو لێکۆڵینەوە لەڕووداوەکانی ڕابردوو، کە هەموویان بەیەکەوە گرێدەداتو بەدوایاندا دەچێت بۆ دەرخستنی شێوازو چۆنییەتی پێکهاتنی شارەکان. ئەگەرچی مێژوو یامەتیمان نادات بۆ تێگەیشتنو زانینی ئایندە، بەڵام بەرچاو ڕوونیمان پێدەدات بۆ دۆزینەوە ڕووگە دیاریکراوەکانی پێشڤەچوونی کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان.

**ئابووری**: بریتییە لەتوێژینەوە لەو شێوازانەی مرۆڤ لەسایەیەوە پێداویستییەکانی ژیان دابین دەکات، یا بەمانایەکی وردتر، بریتییە لەتوێژینەوە لەو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەی لەسایەیەوە مرۆڤ پێداویستی مادیو کاڵاو خزمەتگوزارییەکانی پێ دابین دەکات. گرنگی ئابووری وەکو زانستێکی کۆمەڵایەتی لەو ڕاستییە دایە کە تێر کردنی پێداویستییە ئابوورییەکان گرنگترین کێشەیە ڕوو بەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە.

# کۆمەڵناسی

**سیاسەت:** ئەو زانستە بەفراوانترین شێوە چارەسەری پرسی حکومەت دەکاتو هەموو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە کە ڕەچاوی ئاشتیو نیزام دەکەن لەنێو کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا کە تاکە کانی ناچارن بەپێی شێوەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی هەڵسو کەوت بکەن، ئەوەش بنەمای کاری دەستە جەمعییە لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا. سیاسەتزانان بایەخ بەمەسەلە سیاسیو یاساییەکانو ئیدارەو ڕێکخستنو شێوازەکانی دەدەن بۆ جێبەجێکردنی یاساکان، ئەوە لەپاڵ گرنگیان بەپرسی تیۆرە سیاسییەکانو پێوەندییە نێو دەوڵەتییەکاندا.

**ئەنترۆپۆلۆژیا:** ئەو زانستەیە کە لەلایەنی ڕەفتارو بەرهەمەوە لەکۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان دەکۆڵێتەوە. ئەنترۆپۆلۆژیا بەفراوانترین زانستی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، چونکە هەر تەنیا خۆی بۆ توێژینەوە لەلایەنی ڕەفتارو بەرهەم تەرخان ناکات، بەڵکو بایەخ بەلایەنەکانی تری پێشڤەچوونی جەستەیی مرۆڤیش دەدات. بۆیە ئەنترۆپۆلۆژیا لەیەك کاتدا بەزانستێکی کۆمەڵایەتیو بایۆلۆژی دادەنرێت. لەو ڕوانگەیەشەوە دەتوانین ئەنترۆپۆلۆژیا بۆ دوو بەشی سەرەکی دابەش بکەین: ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووری، ئەنترۆپۆلۆژیای سروشتی.

**سایکۆلۆژیاو سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی:**

سایکۆلۆژیا چونکە چارەسەری عەقڵ و کەسایەتی تاك دەکات، بۆیە زۆرجار بەزانستێکی کۆمەڵایەتی دانانرێت، بەڵام مادام مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییەو کەسایەتییەکەشی تارادەیەکی زۆر لەڕێگای پەروەردەو ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە دروست دەبێتو بەرسڤەکانیشی پەیوەستە بەو کەشو هەوایەوە، بۆیە ئێمە پێمان وایە سایکۆلۆژیا تارادەیەکی زۆر پەیوەستە بەزانستە کۆمەڵایەتییەکان. هەرچی سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتییە، ئەوە ئەو کایەیە کە جێگای بایەخی هەر سێ لایەنی سایکۆلۆژیاو کۆمەڵناسیو ئەنترۆپۆلۆژیایە.

**جوگرافیا:** ئەو زانستە لەژینگەو کەشو هەواو ڕەوشی سروشتیو مادە خامو سەرەتاییەکانی سروشت دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ ڕادەی کاریگەرییان لەسەر چالاکی تاکەکانو رووگەی ئابوورییان. دیارە ڕەوشی سروشتیو کەشو ئاوو هەوا، کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر دابو نەریتو عورفەکانی کۆمەڵگاو ڕادەی زیندەداریو چالاکی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە. هەریەك لە ئیبن خەلدونو مۆنتسکیۆو ڕاتزلو میشلێ جەختی زۆریان کردۆتە سەر کاریگەری فاکتەرە جوگرافییەکان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا.

**سەرچاوە:**

علم اجتماع التربيه، د. عبدالله رشدان، 1999.

# پێکهاتەی کولتووری خەڵکی هەولێر

## توێژینەوەیەکی سوسیۆئەنترۆپۆلۆژییە.

ئا: ستار باقی کریم.

بێگومان مرۆڤ ئەگەر نەتوانێ دەربارەی خۆیو کۆمەڵگەکەی بەگشتی شت بزانێو زیاتر لەمەعریفەی دائمیو ناجێگیری خۆی بروانێو بەکارینەهێنێ بۆ باشتر رێکخستنی ژیانی خۆیو کۆمەڵگەکەی، ئەوا ئەم مەعریفە جا هەڕەمەکی یا زانستی بێت لەناو دەچێ. لێرەدا دەشێ بپرسین، ئایا لەو کاتە پێویستمان بەوە نییە کە سەراسیمای مەعریفەیەکی باشتربین لەوەی تیایدا ئەژین؟ بەد\ڵنیاییەوە بۆ نا، زۆرجار زانا کۆمەڵایەتییەکان دەڵێن کە بارودۆخی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بریتییە لەئامادەنەبوونی هەر ئامانجێکی خود– بەرژەوەندیگەراو پێشتر وێناکراو. بێگومان ئەمریش ئەرکی توێژەر گرانتر دەکات، وەك ئەوەی نەکارێ بەهیچ لایەك بشکێنێـەوە وەسەبجێکتیڤییەك پەیڕەو بکات، لێرەوە لە خودەوە دەبێت هەنگاو هەڵبرین بەرەو دنیایەکی گشتگر، لەڕێگەی گومانو پرسیارەکانی خۆی. هەروەها دەبێت هەوڵ بدرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەگەشەسەندنی ئاکاری مرۆڤایەتی لەم شارە خۆڵ بەسەر داپڕژاوە. لەمەش زیاتر پێویست دەکات کەکاریگەری پێشێلکردنی پێودانگە بنەڕەتییە ئاکارییەکان لەسەر تاکو لەسەر (کولتوور)یش بشکێندرێت؟ چونکە گشت مرۆڤێك یا کۆمەڵگەیەك لەمیانەی شێوازی ژیانییەوە گوزارشت لەچەندێـیو چۆنیەتی کولتوورو ئاستەکەی دەکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە سروشتی سیستمی دەوڵەتو شێوازی بەدیهێنانی بەڕادەیەکی دیارو بەرچاو کارلێکراو دەبن بە چەندێتیو چۆنیەتی ئاستی کولتووری باوی نێو کۆمەڵگە. ئەمە سەرەڕای کەسایەتی خودی مرۆڤەکانی کۆمەڵگە خۆیان کە هەڵهێنجراوی ئەو کولتوورەن کە خۆیان تیای ئەژین. واتە کولتوور پرۆسەی بەرهەمهاتووی نێوان جەدولیەتی مرۆڤ(بکەر)و واقیعە کۆمەڵایەتییەکەیەتی. یەکێك لەزانایانی کۆمەڵناسی دەڵێ (بروانە ئەو کەسانەی کە کۆمەڵگە ڕێزیان لێدەگرێت، ئەوسا دەزانی ئاڕاستەی شارستانییەت یاکولتووری ئەم کۆمەڵگەیە بەرەو کوێو چارەنووسیان چییە)[1]. لێرەشەوە دێمە سەر قسەکردن لەسەر کۆمەڵگە یا خەڵکێکی یا تەنانەت عەینەیەکی نیمچە داخراوی کۆمەڵگەی کوردەواری، وەکو

(هەولێر) کە ئەم توێژینەوەیە لەخۆیدا کارێکی ئاسان نییە.
لەگەڵ باوەڕی تەواوم، بەبوونی فاکتەرێکی وەکو کەلتوور لە شکەست یا سستیو خاوی کەسایەتی مرۆڤەکانی ئەم شارە، بەرامبەر هەر کەسێکی تری شارێکی تر؟ چونکە کۆمەڵگەو کولتوور کەسێتی پەیوەندییەکی وایان لەگەڵ یەکتردا هەیە، کەوادێتە بەرچاو کە توێژەرەکان توشی دوودڵیو هەڵە بکات لەو کاتەی هەوڵ ئەدەن لەیەکتریان جیا بکەنەوە یاخود بەجیا شرۆڤەیان بکەن. هەر لەبەر ئەوەشە (کولتوور چەند ئەرکێکی تایبەتی هەیە، کە بە ئەخلاقیاتی مرۆڤ ناوبراون).
کولتوور ئەوە دیاردەکات کە پێویستە خێزان چ پێکهاتەیەکی هەبێت، کولتوور هەندێ دیسپلین بەدی دەهێنێ لە پێناو بەکۆمەڵایەتی کردنو چاودێری کردنی مندالآن، پیاوێك دەتوانێ چەند ژن بهێنێتو ئایا پەیوەندی پێش هاوسەرگرتن قۆناغێکە بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ پێکهێنانی خێزانی یاخود کردەیەکی دژ بە ئاکار دادەنرێ(2) لەگەڵ ئەوەی من ڕێگە بەخۆم دەدەم بەشێوەیەکی جیاوازتر باسی کولتوور بکەم، لەچاو شێوە تەقلیدییە باوەکەی، لەهەمان کاتیش دەبێ ئەوە بڵێم کەتائێستا گێرو گازو مشتومڕی زۆر لەئارادایە لەنێوان هەردوو تێرمی (کولتوورو شارستانیەت)، بەمەبەستی ساغکردنەوەو لەیەکتر جیاکردنەوەیان(تێرمی کولتوور–culture) لەلایەنی کۆمەڵناسیو زانستە پەیوەندیدارەکان پێیەوە گرنگییەکی گەورەی هەیە، زۆر بەداخەوە هەندێ نووسەری عەرەب دەبینین کە

لە پاچڤەکردنی ئەم تێرمە بۆ زمانی عەرەبی لەیەك جیاوازن، هەندێ بۆ (کولتوور)و هەندێکیتر بۆ (شارستانییەت)یان پاچڤە کردووە. منیش بەلای پاچڤەکردنی بۆ (شارستانییەت) ناچم، هۆیەکەشی بەلای من لەبەرئەوەیە کە لەفزی (شارستانییەت) لەکۆندا لەزمانی عەرەبی بۆ واتای (مەدەنییەت) بەکاردەهات، تەنانەت (خەلدون)یش لەسەر دابەشکردنی خەڵك بۆ دوو فیئەی دژ بەیەکی (شارنشینو گوندنشین) ڕاهاتوون.
لەبەرئەوە من دەمەوێ پارێزگاری لەم تێرمە بەمانا کۆنەکەی (شارستانییەت) بکەم کە لەلای من واتای (مەدەنییەت) دەدات، بەڵام (ڕۆشنبیری) کە زۆر لە نووسەران لە میسرو وڵاتانی تر بەکاری دەهێنن بەواتای(culture)ە کە لێرەدا من کەنارگیری وان دەبم، ئەگەرچی ئەم تێرمەش لەم لایەنەبێ خەوش نییە، بەکارهێنانیشی بەبەربڵاوی بەواتای ئەبستمۆلۆژیاو پێگەیاندنی زانستیو خۆ ئامادەکردن دێ(3) لەگەڵ بوونی ئەم تەمو مژە لەنێوەندی بەکارهێنانو تایەتمەندانی ئەم بوارە، بەلأم دەشێ تێ"ەیشتنێك پێك بهێنین بۆ قوڵکردنەوەی واتای ئەم تێرمە لەلایەنی بەکارهێنانی بەشێوەیەکی سەبجێکتی.
چونکە دەشتوانین بۆ مەبەستی لەیەکتر جیاکردنەوە یادانانی ئاستێك بۆ ئەم مشتومڕو گێروگازەی نێوان ئەم دوو تێرمەی لەمەوبەر باسکرا واتای (کولتووری کۆمەڵایەتی) بەمانای (کولتوور) بەگشتی بەکاربهێنین.
بەر لەهەمو شتێك، واتایەك هەیە کە تیایدا کولتوور کەم تا زۆر ئاوەڵ واتای

(شارستانییەت)ە، وە لە داڕشتنێکی کۆنترو توندڕەوانەو هاودژیەکدا پێچەوانەی (بەربەریەت)ە. ئەمە ئەو واتایەیە کە لە ئینگلیزی کارایە، لە ئاوەڵناوی (culture)دا رۆشنبیر یا بە ئەدەب) بەکاردێ، زیاتر لەمیش هێردەر ئەڵێ (هیچ وشەیەك لەوشەی کولتوور دووڕدۆنکتر نییە وەهیچ شتێکیش لە پیادەکردنی بەسەر هەموو نەتەوەو زەمەنەکاندا چەواشەکەرتر نییە)[4].

لێرەوە ئەو ڕاستیەمان بۆ ئاشکرا دەبێ کە (هێردەر) پێی وایە کەلتوور لەگەڵ پێکهاتە ئاڵۆزەکەیشی ناشێ بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە زمان نەبەستێ، بە واتای سەیرکردنی وەکو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی ناجێگیرو بەردەوام، بۆ دەرخستنی ڕووی مەعریفەیەکی کۆمەڵایەتی، چونکە دەرکەوتووە کە بوونی وشەو گوزارشتی گونجاو یا تەنانەت نەگونجاویش کاریگەری لەسەر یادەوەریو ئیدراکی تاکەکان بەگشتی هەیە.

لەمیانەی لێکدانەوەیەکی تر کە بۆ کەلتوور **(culture)** کراوە ئەو واتای (کشتوکاڵو رواندن ئەدات، لەزمانی عەرەبیو ئەوانیتریش، ئەم تێرمە واتای هەموو ئەم شتانە ئەدات کە لەڕێگەی ئەبستمۆلۆژیای تیۆریو پراکتیکی کە لەڕێگەی چەندین هزرکردنو هەڵوێستی جیای ڕێگەکانی ژیان دەستی دەکەوێت، کۆمەڵناسەکانیش پێیان وایە (کولتوور) هەموو شتە پەیوەندیدارەکانە بە کۆمەڵگەی تاکو کۆمەڵگە یەلایەنی عەقیدیو هزریو ئاکاریو کۆمەلایەتی)[5].

من کاتێ قسە لەسەر خەڵکی (هەولێر) لەلایەنی (کولتوور)ەوە دەکەم ناشێ لە کۆمەڵگەی کوردەواری بەگشتی بەدووری بگرین، بەڵام (هەولێر) عەیینەیەکی ئەم کۆمەڵگەیەیە، چونکە هەولێرو خەڵکەکەی سەمەرەترین پێکهاتەی ئەم کۆمەڵگەیەن. بۆیەش خودان کولتوورێکی ئاڵۆزو فرەچەشنن، سەرەڕای ئەوەی بەواتا گشتگرە کۆمەڵایەتییەکەی پڕ سەرامەت نین. چونکە ئەم کولتوورە ئەگەر هیچ نەبێ دەبووایە ڕێگە نیشاندەر بێت بۆ فۆرمەلەکردنی ڕەگەزە سەرەکییەکانی میتۆدێ:ی نوێی بیکردنەوە بۆ خەڵکی ئەم شارە خۆیان، بێگومان دیارە کە ئەم خەڵکە لەم لایەنە بێ بەشن.

(کولتوور تەنیا کۆمەڵێکی کەلەپوورو دابو نەریتو شێوە جیاوازەکانی ژیان نییە، یەڵکو سیستمێکی ڕێکخراوە لە ڕەفتارەکانو یان بەشێوەیەکی گشتی ژیانی گروپێك یان چەند گروپێکە لەخەڵك. ڕەگەزەکانی کولتوورو دابو نەریتو بیروباوەڕەکان هەروەها بەهاو بیروباوەڕە هاوبەشەکان، مرۆڤەکان بەیەکەوە دەبەستێـەوەو ناسنامەی کۆمەڵایەتییان پێ دەدات)[6] ئەگەر بەشێوەی (کولتووری کۆمەڵایەتی) یا تەنانەت لایەنە ئایدیالییەکەی وەربگرین، ئەوا ئەم کاتە ئەم کەلتوورە وەها دەردەکەوێ کە لەخۆیدا پێکهاتەیەکی لێکدراوە نەوەکو کۆمەڵێك بەشی لەیەك دابڕاو، چونکە ئەمەیان لەخۆیدا خودان خەسڵەتێکی جیایە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی هەر بەشێك لەناویدا، لەکۆتاییدا بەگوێرەی ئەنسرۆپۆلۆژیکارەکان دەبێ بنووسین کە

کەلتوور (هەموو ئەو داب و نەریت و یاساو رەمزو تەمسیلانەی گروپێك دەگرێتەوە)[7] کولتوور بەشێوەیەکی تایبەتی پەیوەندی بەهەڵس و کەوتی مرۆڤایەتی بەگشتی و مرۆڤەکانی کۆمەڵگەیەك بەتایبەتی هەیە، چونکە زۆری لێکۆڵینەوەی ئەنسرۆپۆلۆژی پەیوەندی بەخەسڵەتی سیستماتیکییەوە هەیە، ئەمانەش وەك دیسپلینێکی زانستی ئەنسرۆپۆلۆژیا قسەی لێوە دەکرێت. بێگومان لەوکاتەی قسە لەسەر (هەولێر) دەکەین ئەوا وەك عەینەیەك وایە، بەڵام عەیینەیەکی پڕ سەیرترین سەمەرە، ئەمەشیان عەینەیەکی تایبەتە لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواری. جیا لەهەموو لایەنێکی فۆرمەلەکراوی کەسایەتی و دەروونی، تەنانەت جلو بەرگی تایبەتیش. ئەمەش لەگەڵ بوونی چەندان بەرژەوەندی دژبەیەك کەلەناو کولتووری کۆمەڵگەدا خۆیان دەردەخەن.

کێشەی خەڵکی (هەولێر) ناکرێ تەنها لەیەك رەهەندەوە بخوێنرێتەوە لەلایەنی ململانێی (دیار) ئەوەندە (مۆن) لەشتەکان دەڕوانێ تەنانەت جورئەتی سەیرکردنی بەرامبەرەکەیشی ناکات. بەمەش بەرەنگاری و دەمارگیری کە خەسڵەتێکی زۆربەی کولتووری کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکانە دەژمێردرێ لەم شارە (هەولێر) بەدی ناکرێ.

لەگەڵ ئەوەی ئەگەر واش دابنێین کولتووری کورد بەگشتی و هەولێر بەتایبەت سیستماتیزەکراوە بەم کولتووری ئایدیۆلۆژیای ئیسلامە. کە بە پرۆگرامبوونی سەپاندنی زۆرینەیە بەسەر تاکدا. لێرەشدا کورد رۆڵی (کەمینە)یەکی بەرامبەر زۆرینەیەکی کولتووری عەرەبی ئیسلامی پێدراوەو ئەویش وەك ترسێکی شاراوە لەناخی هەموو کەسێك بەرامبەر غەیبب ملکەچی ئەو ئایدیۆلۆژیا خۆسەپێنەرە بەرۆحانی کراوە بووە. ئەمە لەو سەردەمەی کەدەبووایە پرسیاری شوناسنامە لەنێو (کورد) بکرێ بەرامبەر (ئەویتر)ی عەرەب چونکە (ئەویتر لەسادەترین مانادا واتە جیاکردنەوەی دەرەوە لەخۆمان و لە هەمان کاتدا گەورەکردنی خۆمان لەسەر حیسابی بچووکردنەوەی ئەوانیتر، بەئەویتر کردن واتە بوارنەدان بەئەوانیتر تاوەك ئێمەین و لەئاست و پێگەی ئێمەدا نەبن، ئەمەش پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە مەسەلەی دروستکردنی (ناسنامە)وە، هەموو تاکێك یا گروپێك یاخود کۆمەڵگەیەك ناسنامەی خۆیان لەرێگەی پەراوێزکردنی ئەوانیترەوە بەدەست دەهێنن: من کێم؟[8] ئەمە دەبووایە پرسیاری هەموو کوردێك بەرامبەر ئەویترێکی عەرەب بووایە. ئەوانەی ئایدیۆلۆژیای ئایینیان کردە کڵاوێك و خستیانە سەری کورد، لەو کاتە من مەبەستم لە (هەولێر)و خەڵکەکەیەتی ئەوانەی لەگەڵ زۆرینەی رێژەیان لەنێو کولتوورێکی پڕ سەرامەتی عەقیدی و کۆمەڵایەتی شارەکەیان هەستی خۆبەکەم دیتنیش لە کولتوورەکەیان، کولتووری (چەپاندن، شەرم میانڕەوی و...هتد) پرسیاری ناسنامەی ناکەن بەرامبەر هەموو ئەویترێك، واتە هەستی هەست کردن بە خۆمانمان لەرێگەی ئەویتر نییە. لەو دۆزینەوانەی سۆسیۆلۆژی نوێ دانیان پێ<ادەنێت ئەوەیە کە (کەمینەکان) نەك

زۆرینەکان بەگشتی پرسیاری ناسنامە دەخەنەڕوو. ئاسایە کە زۆرکات مرۆڤ نەتوانێ بوونی هەست جا هەست بەهەر شتێك بێت دەرببڕێ یا تێرمێك بۆ پێشهاتەکان دابنابێت. وەك دەروونی گشت (کورد)، (هەولێر)یەکان بەردەوام گلەیی ئامێزن بێ ئەوەی هەست بەوە بکەن کە خۆیان (کەم دەبینن)و خۆیان بچووك دەکەنەوە. ناشێ ئەوە لەم ئایدیۆلۆژیا (ئایین)ەوە بەدەربگرین، کە بەردەوام خەسڵەتو کایەیەکی بچوکتری داوەتە خەڵکانی بەدەر لە (عەرەب) یا بە پلە (دوو)ی سەیر کردوون. کەسایەتی مرۆڤانی ئەم شارە لەم کولتوورە سەرچاوەی گرتووە، بۆیەش هەستی هەستکردن یا پرسیارکردن لە (من کێم؟!) یا (ناسنامە)ی لە ناخیاندا کوشتووە. چونکە کەمینەکان بەوە ناسراون کە نیگەرانن‌و پرسیاری ناسنامەش بۆ ئەوەیە کە پرسیارێکی چەسپاندنە، چونکە ناسنامە لە ئەنجامدا شتێ:ی ئەوتۆ نیە تەنیا ئەوەنەبێت داواکردنێکی (ئینتیما)و لەنگەرگرتنی تاکەکەسەکانە لەبەندەری تێکچڕژان‌و بەردەوامی‌و سەقامگیریدا، ئەمە بەگوێرەی پێناسی ئینسکلۆپیدیای فەڕەنسی لەمەڕ سایکۆلۆژیای سیاسی. جا ئەو کەمینانەی کە سۆسیۆلۆژیای نوێ قسەی لەبارەیانەوە هەیە تەنیا کەمینە ئایینی یا ئەنتیکیە ئاساییەکان نین، ڕەنگە لەبنەڕەتیشەوە کەمایەتی سیاسی‌و کۆمەلآیەتی‌و ڕۆشنبیرییەکانیش بن. یا بەواتایەکی تر کۆمەڵە هەڵبژاردنە دینامیکییەکان بەجیاکردنەوەیان لەوانی تر زۆرینە نەتەوەیی یا ئەو جەماوەرەی کە بە

گشتی زۆرینەیەکی کپ‌و بێ دەنگ‌و مات پێ: پێکدێنێت وەکو (کولتووری بێ دەنگی) لەلایەن خەڵکی (هەولێر)ەوە. ئەوە لەوکاتەی لەلایەن ئەم خەڵکە گومان‌و پرسیار لەحەقیقەت دەشێ لەسەرەتایەوە بێت، کەئەمەش بۆ ڕەواندنەوەی گومان‌و گەیاندنی حەقیقەت سەرەتاییترین توخمی پێگەیاندنە لەهەر کۆمەڵگەیەك واتە لەنەهاتنەدی‌و نەدیتنی خەون ماونەتەوە. ئەمەش پەیوەندی بەشکستی خود لەلایەنی پەیوەندی بەکولتوورەوە هەیە کە بۆیان بنیاتراوە، واتە لەسەر ڕابردوو وێ،او بیناکردنی داهاتوو دەکێشێ بەپشت بەستن بە مەرجەعیەتە تەقلیدییەی لەنێو کولتوور توکمە بەندکراوەو بواری وەئاگاهاتنەوە لەنێو دەرەوەی کولتوور بەکوفر یا لەڕێ لادەرو لاسار ناوزەد دەکرێ. ئالێرەوە هەستکردن بەکەمی لەلایەن خەڵکی (هەولێر) بەکەنارخستنی ئەم شارەی لەڕووە ئیداری‌و سیاسی‌و ژیارییەوە بەگشتی دروستکردووە. ئەگەرچی هەولێرییەکان خۆیان بەخودان مێژوویەکی پڕشنگدار ئەزانن کە لەڕاستیدا مێژوویەکی ئەرشیفکراوی نێو مۆزەخانەکانی قەلآو منارەو...هتدو بەس، نەوەکو مێژوویەك بۆ تێگەیشتن‌و کارکردن لەسەر نوێکردنەوەی بێت. ئەمەش مێژووی خەڵکێکی پاسیڤکراوە، کەوایکردووە لەم نێوەدا بێتە کەسی دووەم، (کرێکار لای وەستا)یەك کە چۆنی بوێت ئاوا کارمان بۆ خۆی پێدەکات.

کولتووری کورد لەزۆرینەیەکی ئایدیالی داتاشراو پێك هاتووە، خەڵکەکەی (هەولێر)یش وەکو کۆمەڵە خەڵکێکی مێژوو ئەرشیف کراو کار

لەنێو ئەرشیف هێشتنەوەو دانەتاشینی نوێتر لەچاو ئێستا دەکەن. ئەمەش وەك میکانیزمێك بۆ خۆپاراستنیان، بۆیەش پیرۆزی خۆیان لەوەدا دەبیننە. یەکێك لەخەسڵەتەکانی هەر (پیرۆز)یەك، کۆمەڵگە، خەڵك، شار، قسەنەکردنو ڕەخنەنەگرتنە لەهەر پێکهاتەیەك. ئەمە جگە لەو شکستەی دەم مێژووەی کورد کە لەساتەوەختی ونبوونی پەیوەندی رۆحیانەی نێوان کوردو خودا دەست پێدەکاتو ئەویش لەساتی خاپوورکردنی پەرستگا زەردەشتیو قودسیەتی زەردەشتییەکان. ئەمانە گورزی کەمەرشکێن بوون لەچەقی داینەمۆی بیرکردنەوەی کورد.

کولتووری خەڵکی (هەولێر)یش گەر لە ئەرشیف دەری بکەینو بیخوێنینەوە ئەوا هەستی (بێدەنگیو شەرمو ترسو...هتد) لەهەموو ئەوان بەدی دەکەین. چونکە لەم کۆمەڵگەیە بەردەوام خەسڵەتێکی کۆمەڵگە دواکەوتووەکانەو لەم (هەولێر)ە هەستو نەست تووشی سڕبوون بوونە. یەکێك لەهۆکارەکانی درێژەدان بەهەر ململانێیەکیش کە لە (کولتووری هەولێر) لەنێو خۆی خەڵکی ئەم شارە لەبەر دەستبەرداربوونی لە پێشینەیانە بۆ ئەم پرۆسەیە، کە دەبووایە ئەگەر هیچ نەبێ لەگەڵ دەروونو کەسایەتی خۆیان بەشێوەی میانڕەو لۆژیکانە پیادەیان بکردایە. بوونی نییە. ئەوە لاوازبوونی هەستە بەرامبەر درکاندنی بەنەست، بۆیە ئاستی زاڵ بوونی نەست زۆر زیاتر هەستی پێ دەکرێ بەرامبەر هەست.

جا نابێ ڕۆڵی نەست لەمێشك لەیاد بکەین، چونکە نەست لەخۆیدا ئەبێتە کاراو لۆژیکانە کار دەکات بۆئەوەی جێگەی میکانیزمی دینامیکی هەست بگرێتەوە. لەم شارەش نەوەکو سڕبوونی هەستو نەست بەم شێوە ئاساییە بێت، بەڵکو سەراپای خەڵك کەوتوونەتە ژێر کاریگەری (تنویمی خۆبەکەمزانیو چارەسەری قەدەری) ئالێرەش نەستو منی بالاّ بەردەوام (منو نەست)ی هەولێری دەخەنە ژێر سزایەکی قورس کەوادەکات ئێمەی (هەولێر)ی هەست بەشەرمەزاریو گوناهبارو خۆ بەکەم زانی بکەین. (هەولێر)یەکان خۆیان بەخاوەنی دوێنێ دەزانن کە هیچی لەبارەوە تێناگەن جگە لە بینینی چەند پاشماوەیەکی کولتووری مادی کە خۆی لە (قەلاّو منارەو...هتد) دەبینێەوە بۆیە لە ئەمڕۆ تێناگەنو بەیانیان داوەتە دەست قەدەر. ئەمەش بۆتە (کولتوور)و خۆی لەشێوەی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی نمایش دەکات کە ئەویش بریتییە لەو (کۆمەڵە ترادسیۆنو ڕێساو هزرانەی کاروباری ژیان دەگرێتەوە وەکو (ناسین، ڕەوشت، یاساو هونەرو پیشەو زمانو ئەفسانەو هیتر.)[9] ئەلێرەوە کەسایەتی مرۆڤەکان پێك دەهێنرێت، چونکە کەسایەتی وێنەیەکی بچوککراوەیی کولتووری کۆمەڵایەتی پێك دێنێ. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە خودی کۆمەڵگەی کوردەواری بەگشتیو (هەولێر) بەتایبەتی نوێنەرایەتی کۆمەڵگەیەکی نیمچە بەسەرخۆ داخراوی کوردەواری دەکات کەدووسیستمی تەواوکەر بەیەکتر (خێڵو ئایین) دەبیەن

بەرێوە، دەکەن، لەبەر ئەوە هەستی بوون بەکۆمەڵە یا مرۆڤ زۆر کەم بەخۆوەبینیوە.

کەسێتی تاکەکەسیش لەنێو کۆمەڵدا دەبنە نوێنەری کەسێتی ئەو شارستانییەتی تیایا ئەژی یا ئەو کولتوورەی دای ئەتاشێ، وەك چۆن شارستانێك بەهۆی کەسێتی تاك لەنێو هەر کۆمەڵگەیەکی بەشەریدا وێنەیەکی بچووك یا جەستەیەکی بچووك نوێنەرایەتی دەکا بۆ هەموو کۆمەڵگە خۆی یا بۆ ئەو سیستمەی داونلۆدی کردوون بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەی (شار)ێکی گشتگر، کەئەمە لە (هەولێر) بەدی ناکەین. چونکە کەسێتی تاکەکانی ئەم شارە لەبەر زۆرهۆ کە دواتر دێمە سەر باسکردنی تەواو کامڵ نەبووە. ئەرستۆ پێی وایە کە (ئەوکەسەی هیچی لەبار نییە، دەبێتە ئەندامی کۆمەڵ، وا هەست بەخۆی دەکات خۆی بۆ خۆی بژی، پێویستی بە هیچ نەبێ، ئەوا ئەو کەسە توخمی پێکهێنەری دەوڵەتی نییە، ئەم کەسەش یا دەبێ بوونەوەرێکی ئاژەڵی یا خودایی بێت)(10) ئەمە لەو کاتەدایە کە مرۆڤ خۆی خۆرسکێکی ئەفریدەیە، بەبوونی کۆمەڵایەتی خۆی چونکە مرۆڤەکان لە خۆیاندا بەشدارو پێکهێنەری مێژوون، ئەگەرچی لە (هەولێر)و لەلایەن خەڵکەکەی هیچ جۆرە ئەفراندنێك بەدی ناکرێ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کۆمەڵگەیەکی مشەخۆرن، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشی لەسەر بنەمایەکی داخراوی نێو سۆزی خوێنوۆ دەمارگیری عەشایەری یا ئایدیۆلۆژیای عاتیفی ئایینی بنیاتراوە..ئەوەی زانراویشە لەزۆربەی کولتوورەکان پەیوەندییە مرۆڤەیەتییەکان بەزۆری لەلایەن دەسەڵاتی ناعەقڵانییەوە دیاری دەکرێن. خەڵکی کۆمەڵگەی ئێمەش زیاتر مەبەستم (هەولێر)ە وەك خەڵکانی ناو کۆمەڵگەکانی تر کاردەکەن و بە (ئەرکەکانیان) هەڵدەستن، ئەویش بەخۆگونجاندنیان لەگەڵ رۆڵە کۆمەڵایەتییەکانیاندا لەسەر حیسابی وازهێنان لە (ئیرادە) کە ئەمەش تیلقائییەتی خۆیانەو لەهەولێر زۆر بەزەقی هەستی پێدەوکرێت. هەڵبەت ئەم کەنارگیرییە دواکەوتوویەی لایەنی مەعریفی خەڵکی هەولێر لەپێکهێنانی کەسایەتی مرۆڤەکانی ئەم شارە رەنگی داوەتەوە. بەشێوەیەك کە بێ ئاگابوونە لە بەئاگاهاتنەوەی خۆیان، دیارە لێرەدا مەبەستم لە هاوبەندبوونو گونجانی کۆمەڵایەتی نییە، بەقەد ئەوەی ئەبستمێکی سکولاری (عەقڵانی) لەم شارە بۆ بەرژەوەندی گشتی خەڵکی ئەم شارە بەدی ناکەم، واتێنەگەیشتەلەمێژووی (ژیان) لەلایەن خەڵکی ئەم شارە، چونکە هەموو هۆشیارییەك دەبێتە سایکۆلۆژیایەکی کۆمەڵایەتی مێژوویەك لەهۆشیاری بنیات دەنێت. لێرەدا هۆسیاری کۆمەڵایەتی دەبێتە گرنگی دانی تاکەکان بۆ ئاشنابوون بەرەوشتی کۆمەڵگەکەیانو بەشداریکردن بۆ لە ئەستۆگرتنی لێپرسراویەتی. کە ئەمەیان بەردەوام لە (هەولێر) ترسو دوودڵی بەرهەم دەهێنێت.

وەك لەمەوبەر باسم کرد کەسێتی تاکەکان لەنێو کۆمەڵگە دەبێتە نوێنەری کەسێتیو پێکهاتەی کولتوورەکان. بەڵام (مارگریت مید) زیاد لەمەمان پێ دەڵێ (کەسایەتی مرۆیی، لەتەنها خودێك پێك نایەت بەڵکو لەچەندێتی

ئەو کەسانەی کەتاك پەیوەندی پێیانەوە هەیە دیاری دەکرێ، بەلاّم ئەمەش ڕێگەی سەیرکردنمان لەتاك وەك یەکەیەکی یەکگرتوو لەنێو ئەو کۆمەڵگەی ئینتمای بۆ دەکات لە بارودۆخێکی تایبەت لێ ناگرێت)[11] کەسایەتی مرۆڤەکانی ئەم شارە بەو (تقلیدی)یەیان یەکتریان وون کردووە، چونکە هەستی نوێبوونەوەیان لە (تەقلیدی)یەتیان تێپەڕناکاتو نەزعەی فەردیان تیایا بەچەپێنراوی نەبێ ناشێ باسبکرێ، بۆیە وێڕای ئەم کولتوورە کۆکتێلەی لەم شارە هەیە بەلاّم زۆربەی کەسایەتییەکانی دیاریکراون لە بیرکردنەوەو داهێنان، کە ئەمەشیان خەسڵەتێ:ی گرنگی دینامیکییەتی هەر شارستانیەتو کولتوورێکەز لەمیانەی تیۆرە سۆسیۆلۆجییەکەی (تارد) پێمان دەڵێ (هەموو ڕەگەزە مۆدێرنەکانی شارستانییەت لەڕێگەی کەسانی ئەفرێنەر دائەهێنرێن، لەلایەن جەماوەریشەوە لاسایی دەکرێ،ەوە، بۆیەش دەرکەوتنی ئاکاری کۆمەلاّیەتی پێویست بەبوونی دوو پڕۆسە دەکات، ئەوانیش پرۆسەی داهێنانو ئەویتریش لاسایی کردنەوەیەتی لەلایەنی جەماوەر)[12]. لەگەڵ بوونی باوەڕی تەواوم بە کولتووری جیا لەلایەن کۆمەڵگەکەمانو بگرە تەنانەت شارەکانیش سەرەڕای بوونی پەیوەندییەکی ڕێژەیی لە (کرانەوە یا داخرانەوە)ی کۆمەڵگەکان. جیاوازی کولتووری هەر کۆمەڵگەیەك لەگەڵ ئەویتردا لەڕادەی کاراییان دایە لەبەرامبەر گۆڕانەکان کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆشاییە مەعریفییە کۆمەلاّیەتییەی لەنێوانیاندا هەیە. هەر ئەمەشە دەبێتە پێکهێنەری یا بەرهەمهێنەری دەروونیو کۆمەڵگە جیاجیاکان. بێگومان ئاستی خواستنی یا هەرسکردنی لە تاکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ، ئەمە سەرەڕای گۆڕأنی لە کۆمەڵگەیەك بۆ یەکێکی تر. لە (هەولێر)یش بەهەمان شێوە ناکرێ سەرجەم تاکەکان بخەینە یەك تای تەرازوو. دورکهایم ئەڵێ (مرۆڤ زیاتر بەرهەمی بارودۆخە کۆمەلاّیەتییەکەیەتی لەوەی بەرهەمی نەسەبی یاخود بۆماوەیی سروشتی بێت)(13). ئەم بۆچوونە ڕەهاییانە قسە لەسەر هەڵکەوتنی مرۆڤ وەك بەرهەمێکی کۆمەلاّیەتی ناکات، چونکە نابێ ئەوەمان لەیاد بچێ کە لەلایەنی سایکۆلۆژییەوە هۆکاری بۆماوەیی ڕۆڵێکی کاریگەر لەدروستکردنو پێکهاتنی دەروونو کەسایەتی مرۆڤ دەبینن، ئەو تا هەڵکەوتەی (قەلاّو منارە)و قەیسەری سەرەڕای ئەو هەموو مزگەوتو تەکیەو...هتد اردانەوەی دەروونییان لەسەر کەسایەتیمرۆڤی (هەولێر) دروست کردووە. (ابن خەلدون) پێی وایە کە (مرۆڤ ڕۆڵەی ژینگەکەیەتی هەر ئەویش دەیهۆنێتەوە، نەوەکو ڕۆڵەی سروشتو میزاجی خۆی بێت، ئەوەی دەستیشی دەکەوێت دەبێتە ڕەوشتو دابو نەریت)(14). ئەمە ئەو بارودۆخەیە کە (هەولێر)یەك تیایا گەورەبووەو بەردەوامە لەگەشە. لێرەوە (سەرخانی کۆمەلاّیەتی) ئەم شارەو خەڵکەکەی ڕەنگدانەوەی ئەو جوگرافیا شێواو فەرامۆش کراوەی دەم دەسەلاّتە کە نەیتوانیوە خەڵك ئامادەبکات بۆ هاوکاری بەرامبەر ئەوەی دیالەکتیکی شارودەسەلاّت تەواو دوورن لەیەك ئەمەش وەك لۆژیکێك کە

دەبێتە بەشێك لەلایەنی دەروونی واتە (هەست)ی مرۆڤەکان. لێرەشەوە (بافلۆف) هەست وەك پێشڕەوێك لەبەرامبەر (نەست)ی مرۆڤ دەبینێ. لەکاتی قسەکردن (هەولێر)یەکان خۆیان بەکۆمەڵگەی پیرۆز دەبینن بەبێ ئەوەی توانیبێتیان خۆیان لەگەڵ ئەم پیرۆزییە پیرۆز بکەن. ئەمەش خاڵێکی لاوازە سەرەڕای ئەوەی نەیانتوانیوە خۆیان لەتەنها ملکەچی بەدوور بگرن. دەشێ بپرسین ئایا خودی (هەولێرییەکان) توانیویانە درك بەکالاّی کولتووری خۆیان بکەن؟ دەشێ هەستیان پێکردبێت بەلاّم تائێستاش کاریان بۆ قۆزتنەوەی ئەم (کولتوورەو کالاّ)کەی نەکردووە، بەمەبەستی گۆڕینو سوود لێ وەرگرتنی. وەك لەمەوبەر ئاماژەم پێدا کە دەشێ ئەمەیان قسەی زۆر هەڵگرێ. کۆمەڵگەی کوردەواری بەهۆی سستیو لاوازی سەرخانو ژێرخانییەوە گۆشەیەکی تەواوی بەخۆوەنەدیوە تاوەك کۆمەڵگەیەك پێی بناسرێ.

چونکە بەهۆی زۆر هۆکارەوە کۆمەڵگەی کوردەواری بەتایبەت (هەولێر) لە کۆمەڵایەتی خۆی نامۆبووە. ئەمەش وایکردووە کە ئەم کۆمەڵگەیە لەزۆربەی هەرەزۆری لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی پێنەگاتو گەشەنەسێنێت، دەشێ بڵێم بە کۆمەڵگەیەکی سەرەتاییو چەق بەستووبمێنێتەوە. بێگومان ڕۆڵی (چەپاندن) کاریگەرە بەسەر دروست نەبوونی (هەولێریەتی) چونکە ئەمەی دواییان ڕێگە نادات نەست ببێتە (هەست).

هەر لەوکاتەی قسە لەسەر (هەولێر)و (هەولێر)یەکان دەکەم پێم باشە ئەم بۆچوونەی (خەلدون) بێنمەوە یاد کە دەڵێ (لە هەر شارێك ئەگەر هۆزی زۆری تیابوو یا کۆمەڵی جیاجیای لەخۆگرتبێ، زەحمەتە بتوانرێ دەوڵەتێکی بەهێزی جێگیر دروست بکرێت) بێگومان دیارە دەمارگیری ڕۆڵێکی بەرچاو لەم میانەیا دەگێڕێ.

هەولێر هەر لەسەرەتای دروست بوونییەوە کەبە نزیکەی (6000)هەزار ساڵ دائەنرێ، یەکێك بووە لەهەرەسەیرترین شارەکانی کوردستان لەهەموو لایەنەکانی (کۆمەڵایەتی، ئایینی، ئابووری...) هەڵبەت ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر پێکهاتەی کەسایەتی (هەولێر)یەکان پەیداکردووە. لەهەولێر سەرەتا قەلاّ بنیاتراوەو ئەمەو (تورکزمانەکان)ی ئەم شارە کە بە کوردەکان ئەڵێن (کرمانج) پێیان وایە کە ئەوان دروستکەرو یەکەم نیشتەجێبووی ئەم شارە بوونەو دواتر چەندین گەڕ'کی تر کە سیماو کەینوونەی کۆمەڵایەتیو ئایینیو ئابووری (کار)یان پێوەدیارە بنیاتراوە. ئەمە سەرەڕای دەمارگیریەکی تر لەلایەنی(هۆز یا ئایین یا تەنانەت نەتەوەش) بەدی ئەکەین وەکو گەڕەکەکانی (عەرەب، سورچی، مەنتك+ئاوا، مەلایان، کرێکاران، ماجید+ئاوا....) ئەمانە سەرجەمیان هزرو دەمارگیری هۆز یا خێڵ یا بنەماڵەیەکیان پێوەدیارە، جالێرەدا چۆن دەتوانرێ کەسایەتی دڵسۆز بۆ شار (هەولێر) پێکبهێنرێت کاتێ بزانی هەر لەگەڵ وەرگرتنی (پایە، دەسەڵات) لەلای هەرکەسێك لەم هۆزانە لەداین ئاستیشیان بێت دەگەڕێنەوە بۆ ڕەسەنیەتییانو بنەچەی هۆزایەتی خۆیانو

لەمەشیان خزمەتی گشتی خەڵکی شارەکە (هەولێر) ناکەن. بۆ نموونە گەڕەکێکی وەکو (کوران) کە لەم دواییانە کرا بە (ڕزگاری)و بەیەکێك لەهەرە کۆنترین گەڕەکەکانی 0هەولێر دائەنرێ هۆکاری ناولێنانیشی بە (کوران) دەگەڕێتەوە بۆ (کار–ئابووری)؟ چونکە زۆربەی دانیشتوانەکەی لە جاران (کورەچی) بوونەو (کەرپووچ)یان دروست کردووە. ئەمەش لەخۆیدا دابەشبوونی کار بەرتەسك کردۆتەوە کە بەفاکتەرێکی سەرەکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەژمێردرێ. بەلاّم لەحاڵی ئێستای هەولێر بەتایبەت دوای ڕماندنی (لادێ)کانی کوردستان لەساڵانی (1986) بەدواوە بووبە پاڵنەر بۆ دابەزینی خەڵکێکی زۆری (چیانشینو دەشت نشین) بەرەو (هەولێر) نیشتەجێبوون تیایدا، کە ئەمانەش لەخۆیاندا خاوەن چەندان بۆچوونو (کولتوور)ی جیابوون لەگەڵ ئەوەی کە لە (شار–هەولێر) هەبوو، لێرەوە ململانێی شارودێ یا ململانێی کولتووری نێوان دوو خەڵکی یەك نەتەوە دەستی پێکرد. دیارە هەردوو لایەنی (کۆچپێکراو) (دەشتو شاخ) بە کۆمەڵە خەڵکێکی کۆنسێرڤاتیزم لەڕووی کولتووریو عەقیدییەوە ناسراون. دیسانەوە دوای ڕاپەڕین شەپۆلێکی تری دەرکردنو ڕاگواستن لەلایەن حکومەتی بەعسو دوای شەڕی ناوخۆش لەلایەن هەردوو دەسەلاّتی کوردییەوە دژ بە زۆرێك لە خەڵك ئەنجام درا. ئەمە دیسان کاریگەری کردە سەر (هەولێر) کە زیاتر بەرەو ئاراستەیەکی نێگەتیڤیان برد، چونکە ئەمانە ناشێ دووبارە لەلایەنی کۆمەلاّیەتیو سایکۆلۆژیو...هتد

بنیاتبکرێنەوەو بەرامبەر ئەو شالاّوە زۆری ئەوانو (کەمینە)یەکی (هەولێر)ی (ئەوانەی خۆیان بۆ خزمەتی هەولێر دەبینن) کە تا ئەوسا لەچاوان کەمینەیەك بوون. چونکە ئەم خەڵکە ڕاگواستراو کۆچپێکراوە ئینتمایان بۆ هۆز، خێڵ، بنەماڵە، شێخ، سەید...هەیە. بۆیە زەحمەتە بتوانرێ وەك ئەوەی (خوێندنگەی ململانێی) بەتایبەت ڕادیکاڵەکان کە پێیان وایە گۆڕانەکان دەبێ ڕیشەییی بن لەم کۆمەڵە خەڵكو شارە جێ بەجێبکرێت. ئەمە ناشێ بەدوورمان بگرێ لە کۆمەڵێك لەم گۆڕانانەی (ڕووکەش)ی بەسەر ئەم شارە واتە لەلایەنی (مادی–جوگرافیا)یایەکەی داهات جگە لەم لایەنە، هەولێر کرا بە (گوند)ێکی گەورە لەلایەنی عەقڵییەوە، ئەمەش وەك بەرهەمێکی کۆچو شەڕی ناوخۆ کە فاکتەری گرنگی گۆڕانی پەیوەندی کۆمەلاّیەتیو کولتووری دائەنرێن (کاتێ شەڕ یا داگیرکردن لەنێوان دوو نەتەوە یا لایەن ڕووئەدات ئەوا دەبێە هۆکارێکی گرنگ بۆ گۆڕینەوەی کولتووریو ئاوێزانبوونی نێوانیان ئەمەش دەبێە هۆی گۆڕان)(15).

هەڵبەت ئەم گۆڕانانەی لە (هەولێر) کەوتەوە لەلایەنی (مادی) گرنگیو تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەلاّم کاردانەوەی خراپتری لێ کەوتەوە. ئەمە لەگەڵ بوونی هەستی بەرگری لە کۆنە پارێزی، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هیچ شتێك بێ گۆڕان نابێ (سروشتی مرۆڤەکان بە گشتی بەلایەنی بەرگریو کۆنسێرڤاتیزم دەشکێنەوە بەرامبەر ئەو گۆڕانانەی ڕووبەڕوویان دێ، ئەمەش لە زۆربەی هەرە زۆری تەنانەت کۆمەڵگە پێشکەوتوو باڵاکانیش بەرچاو

دەکەون، بەمەش دەڵێن بەردەوامیەتی کولتووری)[16]. بەردەوامکردنو درێژکردنەوەی لایەنی پاشڤەڕۆیی کولتوور، بەتایبەت دوای ڕاپەڕین زیاتر قاڵ بووەو هاتەوە سەر پێکانی خۆی، واتە گەڕاینەوە دواوە (سفر)، ئیبن خەلدون ئەڵێ (ئەگەر دەوڵەت لاوازبوو وە سێبەری دەسەڵات بەسەر زۆر لەبەشەکانی دەوڵەت نەما، ئەوا لەوکاتە لەسەر بنەمای دەمارگیری زۆر دەوڵەتی بچووك دروست دەبێ)[17]. ئەوەتا هەردوای ڕاپەڕین شوناسی نەتەوەییو کەسایەتیو خودسڕینەوەو جێیان بۆ ئەسڵی پێکهاتەی سیاسیو کۆمەڵایەتی سەرکردایەتی کورد دەربڕی، کاتێ گەڕانەوە سەر ئەسڵی خۆیانو شوناسنامە پراگماتیکەکەشیان بۆکاتی پێویست حەشاردا، ئەمەشیان پشتیان بە نفوژو دەسەڵاتی سەربازیو ئابووری بەست. تا کار گەیشتە ئەوەی لەدوای ناوی سەرکردایەتی (سیاسی) هەر بەرپرسێك کەبنوونە یا (لەقەب)ی شار، هۆز، لادێ...پێیانەوە بلکێندرێت، ئەمەشیان ڕێكو ڕاست هەستی (هەولێر)یەتی وەکو پێکهاتەی خەڵكو شار زۆر زۆر لاوازکردو هزری دووڕوویی (دووفاقی) تاکی کوردی پشت ڕاستکردەوە، بەتایبەت لەم شارە (هەولێر) کە شێوەیەك یاخود جۆرێك لە هەستی (ئەتنۆسەنتەریزم) لەئارادایە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی دەبێ بزانین وەك لەمەوبەر ئاماژەم بۆ کرد (هەولێر) لە جۆرەها خەڵكو کولتوورو چەندان ئایینی جیاواز لەیەك پێکهاتووە کە ئەمەش وایکردووە ئەم هەستە لە ئێستای زۆر زیاتر قووڵ بێتەوەو هەستی پێبکرێت، بۆ نموونە هەستی (تورکزمانێك) بەرامبەر (کورد)، یاخود موسڵمانێك بەرامبەر (مەسیحییەك) یا (ئیزیدییەك) یاتەنانەت (ئاشوری) بەرامبەر (کلدانێك). جا هەستی (ئەنتۆسێنتەریزم) لە خۆیدا بریتییە لەو (بیرکردنەوەیەی کە دابو نەریتی گروپی خود باشتر دەبینرێ لەدابو نەریتی گروپەکانی دیکە، بەم هۆیەشەوە بۆچوونی گروپەکانی دیکە خۆ بەخۆ بەکەم دەبینرێن)[18]. ئەمە لەوکاتەی هەموو ئامادەباشییەکی ئەتنیکیو ئایینیو کۆمەڵایەتی لەهەولێر بوونیان هەیە، لەوانە (کورد، تورکزمان، مەسیحی...).

ئەمەش بەتایبەت دوای ڕاپەڕین کە هزری خۆسەپاندنی ئەویتر (ئسلام) وەك لەمەوبەریش ڕاگەیەنرابوو، ئەمجارەش دووبارەکرایەوە بەسەر هەموو ئەتنیكو ئایینەکانی تر ڕاگەیەنرایەوە، ئەمە سەرەڕای ململانێی شاراوەی نێوان (کوردو تورکزمانەکان) لەلایەكو لەگەڵ (عەرەب) لەلایەکی تر هەموو ئەمانە لەو کاتە ڕووئەدەن کە گۆڕانێکی لەسەرخۆ لەلایەنی (ماد)ی کۆمەڵگەی کوردەواری ڕووئەدات. بێگومان ئەمانەش گۆڕانی بەناچارینو لەژێر گوشاریزۆرو بێ خواستی ئیدراکی لەپێشینەی خەڵکی هەولێر ڕووئەدەن، چونکە ئەم کۆمەڵگە خەڵکەی ئەم شارە لەحاڵەتێکی نیمچە ناهۆشیاری دائەژینو بگرە تەنانەت گەیشتوونەتە ئاستێك کە زۆر کار (بەزیانی) خۆیانو بەئاگاییەوە دەکەن. لێرەشەوە دەمەوێت زیاتر بەبابەتەکە قاڵ ببمەوەو ڕۆبچمە خوارێی بابەتەکە ئەویش سەرەکیترین پێکهاتەی کولتووری هەر

کۆمەڵگەیەکە بەتایبەت مەبەستم (هەولێر)ە کە دەمەوێ لێکدانەوەی لەسەر بکەم، ئەوانیش کاریگەرترین ڕۆڵی بەرچاویان لەسەر کەسایەتی خەڵکی ئەم شارە جێ هێشتووە، ئەویش هەردوو لایەنی (جوگرافیو ئایینی) کولتوورە.

1- ئایین/ تا ئێستا بوونی هیچ کۆمەڵگەیەك بەبێ ئایین بەدی ناکرێ، بەتایبەت لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان کە بەگشتی بە لانکەی ئایینەکان دائەنرێت. ئایینیش لایەنێکە لە پەیوەندی دەسەڵات لەناو مرۆڤ خۆیدا. پەیوەندییەك دەشێ مرۆڤ خۆی بکەرو دروستکەری بێت. جا بۆ هەر مەبەستێکی دەروونی، کۆمەڵایەتی بێت. ئایین بریتییە لە (هەموو ئەو بۆچوونو هەڵسو کەوتانەی کە مرۆڤ بەهۆیانەوە ئەوگیروگرفتانەی هەنو بەگرنگ دائەنرێن، بەلام بەهۆی ئەو تەکنەلۆژیایەی هەیانە، هەروەها ئەو شێوە ئۆرگانیکییەی هەیە ناتوانرێت ڕێگە چارەیان بۆ بدۆزێتەوە بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو بێ دەسەلاتییە، بۆیە مرۆڤ هەوڵ دەدات دەسەلاتی سەروو سروشت بەکار بهێنێتو بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە)[19]. جەدەلی واقیعو مرۆڤ، دەبێتە مۆتیڤو لێرەشەوە مرۆڤەکان بێ ئیرادەییانو لەرزۆکیو سستییان بەرامبەر چارەسەری دۆزەکانی خۆیانو کۆمەڵگەیان بەگشتی جۆرێك لە نڤارچی دەکەن، ئەمەش وەك ڕەنگدانەوەی ویستو ئارەزووەکانی نێو دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگەیە بەرامبەر تەنویم کردنی بەشێك لەئیرادەو گۆڕینەوەیەتی بەنەوایەکی سادەتر لەوەی لە ژیانی هەنووکەیی بەرچاوی دەکەوێت، چونکە ئایینبریتییە لەو (پەیوەندییە ڕۆحیو سۆزدارییەی نێوان مرۆڤو هێزە میتافیزیکیەکان، یا ئەوانەی قوربانیو سروتیان بۆ پیادە دەکرێ، وەك دروستکردنی پەیوەندی ئەمەش لەلایەن خۆیەوە دەبێتەبەردەوامی دەرێك کە لەنێو سیستمەکۆمەلایەتییەکان دائەپۆشرێ[20]. مرۆڤ دەزانێت سیستمێك هەیە سوودی بۆلایەنی دەروونیو دواتر کۆمەلایەتی هەیە، ئەمەش زۆر زیاترە لەوەی کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا دەبینێت. بەم شێوە هەوڵ ئەدات کەناڵێك یا چەندان کەناڵی پەیوەندی دروست بکات بۆ خۆنەوایکردنو ڕازی کردنی ئەوی تری نەبینراو. جا لەهەر ڕێگەیەکەوە بێت، لەوانە قوربانی کردن یاسازدانی سروتو مەراسیم بۆ بۆنە ئایینییەکان وەکو (نوێژ، خوێندنەوەی مەولود، زەکات، خێر....) دەشێ هەندێك لەم سروتانە گشتیو هەندێکی تریان (تاکگەرایی) بێت، لەوانە (نوێژ) کە تاك تەنها خۆی پێی هەڵدەستێ یا خوێ،دنەوەی (مەولود) کە دەشێ چەندان کەس بەشداری تێدا بکەن بۆیەك مەبەست. بێگومان مرۆڤ ناتوانێ بۆخۆی بەتەنها (ئایین)ێك لەنێو کۆمەڵگە پراکتیزە بکات چونکە یەکێك لە خەسڵەتەکانی (ئایین) وەکو دیاردەیەکی کۆمەلایەتی گشتگرە کە ئەمەش بە کۆڵەگەی ئایین دائەنرێ. زۆربەی کۆمەڵگە ڕۆژهەلاتییەکان بە پەروەردەیەکی ئایینی لەسەرەتا تەڵقین ئەدرێت بەتایبەت ئەم کۆمەڵگەی ئێمە (کورد) بەگشتیو (هەولێر) بەتایبەتی تەنانەت واچۆتە ئەقڵییان کەدەبێ لەگەڵ لەدایك بوونی (کۆرپە) بانگی ئیسلامی بەگوێیدا بدەن (بخوێنن). دواتر پرۆسەی بە

کۆمەڵایەتی بوون لەچوارچێوەی ئایین دەست پێ دەکات.

بەهۆی پەیوەندەی میکانیکی ئەم کۆمەڵگایانەش، تاك ناتوانێ‌و ناشێ بەتەنیاو مەعزول بژی بۆیە (مرۆڤ ناچارە هاوکاری لەگەڵ کەسانی تر بکات، وەکو بوونەوەر ناتوانێ بەتەنیا بژی، بۆیە کۆمەڵگە یارمەتی ئەداتو پەروەردەی دەکات بۆ دروستکردنی سروشتێکی مرۆیی)[21] بۆیەش (دۆرکهایم) لە پەرتوکەکەی (الصور الاولیە للحیاە الدینیە) ئەڵێ (ئایین پرسێکی کۆمەڵایەتییە نەوەکو پرسێکی تاکگەرایی)[22] بێ ئاگایی تاکەکان بەرامبەر بە (ئایین) زیاتر یا ئەودیوی ئەو جۆرێك لە هاوبەشی ئایدیالیو بێ ئیرادەیی کۆیان دەکاتەوە، لەو کاتە ئیرادەی تاکگەرایی بەرامبەر هەموو کەسێك واتە کۆمەڵگە دەچەپێنرێتو مرۆڤەکان لەکاتی جێبەجێکردنی مەراسیمو سروتە کۆمەڵایەتییەکان ئەوانەی دەستە جەمعین لەوانە (حەج یا نوێژی بە کۆمەڵ) هەست بەیەکگرتوویی‌و ڕەوینەوەی ترس دەکەن؟! چونکە ئایین لەخۆیدا (دیاردەیەکە هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، هەروەها عەقیدە هەرە کۆنەکانی مرۆڤ، یەکێك لە هەرە سەرەکیترین هۆکاری ئایینی بوون (باوەڕهێنان بە ئایین لەلایەك ترس لەمردنەو لەلایەکی تریش دۆش دامانی مرۆڤە لەبەرامبەر ئەو ڕووداوانەی ناتوانێ شرۆڤە بکرێن یاخود لێك بدرێنەوەو لە هۆکارەکەیان تێبگەن)[23] هەڵبەت کۆمەڵگە تەڵقینییە سۆزداریەکانی وەکو (کورد) سەرقافڵەی ئەو هەزرەن کە کۆمەڵگەیەکن خۆیان بە بەرهەمو بەرووبوومی ئایینی ئیسلامی دەزانن. یەکێك لە (کۆنترین دەقی نووسراو دەربارەی (هەولێر) دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مەلیك (شلوك)ی سۆمەری نزیکەی (2000 پ.ز) کە تیایا ناوی (هەولێر) بە (ئۆربیلم) هەروەها (ئەربلیم) هاتووە لەنێوان ئیمپراتۆریەتی ئوری سێیەم (3050–1950 پ.ز)، هەروەها بەشێ‌ی (ئەربا–ئیلو) هاتووە لەسەرچاوەی ئاشووری بابلیەکان کەمانای (چوارخودا) دەگەیەنێ)[24]. دیارە پیرۆزکردنی هەر شتێك تاسەرنابێ، بەڵام کتو پڕ لەدەستدانیشی یا لەڕێگەی هەرنووشوستییەکەوە بێت ئەوا مرۆڤەکانی ئەم دەڤەرە دەخاتە واری (نامۆبوون)، (هەولێر)یەکانیش دەشێ لەوسای خۆیان ناوەندێکی ئایینی ئەم ئیمپراتۆریەتانە بوونو لەوکاتەش بەم هۆیەوە دووچاری گرێی (نەرسیسیەت) بووبنەوە، ئەم ئاینی پەروەریو دۆستیەشیان نەوە بۆ نەوە جێهێشتبێت تاهاتنی سوپای ئیسلام، چونکە بەردەوام نزیك بوون لەپیرۆزیەتی بەتایبەت لە کائینێکی سەراسیمەکاری وەکو (خودا) مرۆڤەکان کۆجێك لەبیرکردنەوەی زات بەرامبەر خۆیان وەکو مرۆڤو ئیرادەی خۆیان بەرامبەر خودا ناهێڵێتەوەو بگرە دەشێ خۆیان بەهەناسە یا بگرە نەوەی (خودا)ش بزانن وەك ئەوەی لەلای کوردە مەسیحییەکان بەدی دەکرێت. دەشێ ڕۆژێك لەڕۆژان ئەم دەڤەرەو خەڵکەکەی تێکەڵیەکیان لەم (چوارخودا)یە پێکهێنابێ، بەڵام دوای هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ کوردستان لە (16–18)ك کوردستان بەسەرکردایەتی (عمری کوڕی خەتاب) ئایینی ئیسلامی

بەتەواوی تیا بڵاوبووەوە، هەولێریش وەك هەر بەشێكی تری كوردستان لەوكاتە لەژێر دەستی فارسەكان بوو، هەروەها لەڕووی ئایینیەوە زەردەشتی بوون)[25]. گرنگ لێرە بەنیسبەت (هەولێر) لەدەستدانی ئایینە كۆنەكەیان (زەردەشت)ی بوو، كەپێش ئیسلام پێی گۆش كرابوون. بەم لەدەست دانەش گەورەترین شكست بەسەر بێ ئیرادەیی كەسە (خودپارێزەكان) داهات تا ئەوكاتەی تەواو ملیان دایە دەست ئایینە نوێیەكەیان. لە (هەولێرو لە 336 پ.ز وە لەسەردەمی مەلیكی گەورە (داریوش) ئایینی ڕەسمی دەوڵەت لەهەموو ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی ئەم (میر)ە ئایینی زەردەشتی بوو)[26] پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بكەم كە (مێژوو ئەوەمان بۆ دەرئەخا كەیەكەم بڵێسەی شۆڕش لەدژی (عوسمانی عەفان) لە (كوفە) سەری هەڵدا؟ كاتێ بەرپرسی یا كاربەدەستی ئەوسای (كوفە) وتی (بن دەستەكان بەیەكو لەئەنجامدا بە (كوشتنی عوسمان) كۆتایی هات)[27]. بێگومان لەمەشیان (هەولێر)یەكان نەیانتوانی وەكو 0كوفە)یەكان ڕاپەڕن، بەڵكو وەك ئێستایان ملیان دایە ئاینە نوێیەكەیان، كەبەبەرچاویانەوە ئاتەشگەو شوێ،ە پیرۆزەكانیان ڕوخێنران‌و سوتێنران. دەبێ ئەوەش بڵێین كە هەر (دوای ئەوەی ئایینی مەسیحی بڵاوبووەوە زۆرێك لەسەركردەو پاشاو میرە كوردەكان ئایینی مەسیحیان وەرگرت، بەم شێوە هەولێر بوووە مەركەز (سەنتەری) میزاڤولێتی)[28]. دوای هەموو ئەمانە خەڵكی (هەولێر) بەبوونی تەنها ئەم (سێ) ئایینە سەرەكییە نەوەستان، بەڵكو (هەولێر) بوو بەلانكەی سەرەكی ئایینی (یەهودی) كە ئەمانەش لە زۆر گەڕەكی وەكو (تعجیل) هەروەها (لادێ)كانی دەوروبەری هەولێریش ژیانیان بەسەر دەبرد. ئێستاش پاشماوەكانیان لەم خەڵكانەی لەناوە ماون بە (بن جوو) ناو دەبرێن، وەك ئەوەی بە كوردە مەسیحییەكان ئەوانەی دواتر بوونە (موسڵمان) ئەڵێن (بن دیان). ناكرێ لە بەرامبەر ئەم بێ ئیرادەیی‌و نائاگاییەی، سەرەڕای دووفاقی خەڵكی (هەولێر) لەچوارچێوەی ئەم هەموو وەچەرخان‌و گۆڕان‌و شكەستانە خۆبپارێزین ئەمە سەرەڕای ئەوەی كە یەكێك لەخەسڵەتەكانی هەركۆمەڵگەیەكی مرۆڤایەتی دۆڕاو دوای شەڕ لاسایی كردنەوەی لایەنی سەركەوتووە كە بەنیسبەت (هەولێر) ئایینی ئیسلام بوو، وەكو ابن خەلدون بۆی دەچێ كاتێ دەڵێ (ژێركەوتوو زۆربەی كات ئارەزووی لاسایی كردنەوەی سەركەوتوو دەكات لەهەموو لایەنەكانی وەكو دروشم جل‌و بەرگ بارودۆخ‌و داهات)[29]. دیارە سەرەكیترین هێز كە بەردەوام ئایین‌و بگرە سیاسەتیش كردوویانەتە كۆڵەگەی دروستبوونیان هزری عەشایەری‌و هۆزو خێڵ‌و بنەماڵە بووە، كوردیش وەك كۆمەڵگەیەكی ڕۆژهەڵاتی گیرۆدەی ئەم دەردەیە. تا كار گەیشتۆتە ئەوەی هەستی نەتەوایەتی لە بۆتەقەی (ئایین) بتوێەوە بۆ مەبەستی داكۆكی كردن لە ئیسلام‌و بڵاوكردنەوەی بەسەر ئەوانەی یاوەرانی پێغەمبەرو خەلیفەكانی پێینەگەیشتوون، ئەوەتا دكتۆر عبدلرەحمان قاسملۆ ئەڵێ (ئەو

تێکۆشانە پڕ ئازایەتییەی کە صلاح الدین ئەیوبی بەرامبەر هێرشی خاچ پەرستەکان کردی، نەمرترین سەردەمە لە سەردەمەکانی مێژووی گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست)[30]. هەر چۆنێکی بێت ئەمە جۆرێك لەشانازی مرۆڤی کورد بەرامبەر (صلاح الدین)ێکی خاچ پەرست کوژی پێوە دیارە، ئەمەش ڕوونکردنەوەی خودو مێژووی گەلێکە بەرامبەر ئەویترێك کە دیارە تائێستا (موسڵمانیەتی) ئەو (کورد) ناناسن دیارە لە هزری بەرامبەر بە (ئەویتر) کردنێك هەر لەسەردەمی بڵاوبوونەوەی ئیسلام بەرامبەر (کورد) دروست بووە، کوردیش بۆ سەلماندنی ئەوەی کەدڵسۆزە بەرامبەر (ئەویتری عەرەب) کە خۆیان لە ئیسلام وێنە دەکەن، بەردەوام صلاح الدین وەك نموونەی پاڵەوانێکی کوردی دەست بەخوێن سووری خاچ پەرستەکان بە نموونە دەهێننەوە. ئەمە سەرەڕای چاندنی هەستو سۆز لەنێو دڵی (موسڵمانانی تر) بەوەی کورد بەشداربووە شان بەشانی عەرەب لەڕزگارکردنو شەڕی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام. ئەمانە چەند تایبەتمەندییەکی ئایینی (کورد) بەگشتیو (هەولێر)ە بەتایبەتی کە ئاوێزانی سیستەمی خێڵەکی کراوە. چونکە سەرەکیترین کۆڵەگەی ئایین هزری (هۆز، خێڵ، عەشایەرو هۆز پەرستییە) لەدوای ڕاپەڕین لەگەڵ نەمانی دەسەلاتی حکومەتی عێراقی، هزری ناوچەگەری جگە لە (هەولێر)یەتی لەنێو (هەولێر) زیاتر لەچاو جاران زەقتر بووەوە وەتەشەنەی کرد، ڕووی ڕاستی خەڵکەکە دەرکەوت. ئیبن خەلدون ئەڵێ ئەگەر (دەوڵەت لاواز بووو دەسەلاتی نەما، ئەوا خەڵکی لەپێناو پاراستنی سەروماڵو گیانیان پەنا دەبەنە بەر بەهای بەدەوی)[31] یەکێك لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی توندڕەوی ئیسلامی لە (هەولێر) ئەمەی سەرەوەبوو، خەڵکی (هەولێر) لەنێو شارەکانی تر بە وەناسراون کە کۆمەڵە خەڵکێکی لە (خوا) ترسو ئیماندارن. بێگومان ئەم باوەڕبوونە لەگەڵ ئەوەی زۆرێك لەهاندانی تیایە بۆ سووربوون یا زیاتر کارکردن لەم لایەنە لەلای خەڵکی (هەولێر) دروست کردووە، بەلام لەهەمان کاتیش جۆرێك لەبێ ئاگاییو دووفاقی بەخشیوەتە خەڵکی (هەولێر)، ئەگەر سەرنج بدەینە (هەولێر) وەکو شار هەموو (مزگەوت)ە بەپلەی یەکەم ڕەنگە ئایین نەبێ بەڵکو (ئابووری)یە چونکە دەستوری ڕژێمی بەعس لەبەرامبەر دروستکردنی هەر مزگەوتێك (باج)ی لەسەر دروستکەری مزگەوتەکە کەم دەکردەوە یالێی نەدەسەند. ئێستاش هەمان یاسا لەم شارە بۆ ئەم مەبەستە پیادە ئەکرێ. بێگومان یەکێك لە هۆکارەکانی بوونی مزگەوت یا نوێژکردن تیایدا ئەوەیە کە (نوێژکردن بەگروپ ڕۆحی تاکەکان بەهێز دەکات، باوەڕبەخۆبوونو ئاواتەکانیان زیاد دەکات لەبەرامبەر ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە ئەمە سەرەڕای ئەوەی ڕەفتاری دەستەجەمعی لەنێوان موسڵمانان لەمزگەوت یا پەرستگە پەیوەندیان لەگەڵ یەکتر پتەوتر بەهێزتر دەکات)[32].

دەشێ زۆر یەکترناسینی (کۆمەلایەتی) لەڕێگەی مزگەوتەوە سەر هەڵبدات، بەلام ئەمە وادەگەینێ لەدەورەی مزگەوت جۆرێك لە

(خۆپەرستی) لەئارادایە، کە بەم شێوە دەیانەوێت دەروونیان ئاودەن وێڕای ئەوەی هەولێر شاری (قەڵاومنارە)یە لەهەمان کاتیشدا شاری (مزگەوتو گازینۆ) شە، کە ئەمانە لەخۆیان مانای بێکاریو بێزاریو بێ ئومێدیو بەرتەسکی زەوی نیشتەجێبوون دەدەن. دیارە لایەنێکی تری دەرهاویشتەکانی ئەمانە بوونی کێشەی کۆمەڵایەتی نێو ماڵەکان یا نەبوونی شوێنی پەرستنو یاریو حەوانەوەیە. (هەولێر) لەم لایەنە پشکی شێری بەردەکەوێت، دەبێ ئەوەش بڵێین ڕێژەی مزگەوتەکانی ئەم شارە لەگەڕەکێك بۆیەکێکی تر جیایە. دیارە ئاستی رۆشنبیری رۆڵی بەرچاوی لەم دابەشبوونانە هەیە، کەلێرەدا تەنها بۆ نموونە هەندێ گەڕەكو ڕێژەی مزگەوت تیایاندا وێنە دەکێشم.

| | | | |
|---|---|---|---|
| 1- | کوران (رزگاری) | 12 | میللی |
| 2- | کوردستان | 7 | عەشایەری- |
| 3- | شـــــۆڕش | 5 | میللی |
| 4- | (سورچیان) | 7 | عەشایەری- |
| 5- | تەعجیل | 12 | میللی |
| 6- | باداوە | 16 | میللی |
| 7- | سێتاقان(هەردوو | 11 | عەشایەری- |
| | بەش) | | میللی |
| | تەیراوە | | عەشایەری- |
| | | | میللی |
| | | | عەشایەری- |
| | | | میللی |

ئەمە سەرەڕای چەندین مزگەوتو گەڕەکی تر. (کە کۆی گشتی مزگەوتەکانی (هەولێر) خۆی لە (216) مزگەوت (3) خانەقاو (25) تەکیە ئەدات، لەڕووی ڕووبەریشەوە ئەوا کۆی گشتی ڕووبەری مزگەوتەکانی هەولێر (210کم2)ە هەروەهاڕووبەری گشتی تەکیەکان 9کم2ە)[33]. دیارە وەکو لەمەوبەر ئاماژەم پێدا کە لەدوای ڕاپەڕین کورد بەگشتیو (هەولێر) بەتایبەتی گەڕانەوە سەر ئۆریگناڵی خۆیانو کەسایەتییە قەڵبەکەیان ئاشکراکرد. تەنها لەدوای(1991-1999) (43) مزگەوتو(4) تەکیە لەم شارە دروستکراون لەدوای (1999)ش بەتەنها (16) مزگەوت دروستکراوە، کە ئەمەش بەرزترین ڕێژەیە لەم شارە لەوەتەی ساڵی (1980) کە ئەوکات تەنها لەم ساڵە (14) مزگەوت دروستکرا)[34]. بێگومان من قسەم لەسەر باشیو خراپی مزگەوت نییە، چونکە ئەمە پەیوەستە بەچەندێتی ئاوەزو ئەبستمی ئەو خەڵکە ئەگەر درکیان بەبوونی ئەمە کردبێ یا ئەو ئەقڵییەتەی کار بەم شوێنانە دەکات. یەکێك لە هۆکارەکانی دروستکردنی مزگەوت لەعێراق بەگشتیو کوردستان بەتایبەت لەبەر (چاوپۆشین یا لێخۆشبوون) دەوڵەت بووە لە (باج). وەکو لەمەوبەر بەدرێژی باسمکرد کە بوونی مزگەوت بەهێزکردنی باوەڕبەخۆبوونو یەکگرتوویی ئیماندارەکان (ئاییندارەکان). ئەمە سەرەڕای کردنی بە دەزگایەك بۆ گەیاندنی پاکیو دڵسۆزی سەرەڕای نزاوپاڕانەوە بۆ خودا، هەروەها سەیرکردنی مزگەوت وەك قەڵایەکی پۆڵایینی سەخت بەرامبەر هەر کردە یا کارەساتێکی دەرەکی، بۆیە لەمیانەی چەندین کارەساتو شەڕ پەنا بۆ مزگەوت بردراوە،

ئەمەش بەمەبەستی پاراستنی رۆحی بکەرەکان یا بە ئیمانداریەتی مردنیان. ڕووداوەکانی (1991 تا 1995) ئەم ڕاستییەیان زیاتر سەلماند.

دیارە وێناکردنو بەسیمبول کردنی مزگەوت تەنها لە دۆگماو ئەقیدە تەقلیدییە باوەکەی نەوەستا، بەڵکو کاردانەوەی دەروونی بەهێزی (ئایین)ی لەسەر تاكو گروپو خێزانەکانیش وی‌ەکرد، دواتر ئەم ڕەنگدانەوە ئایینییە هاتەواری هەڵکۆلینو نەخشکردنی لەشێوەی زەخرەفە لەسەر خانوو بیناکان لەوانەش (هژا من فچل ربی، ماشاو الله، الله اکبر...هتد) هەموو ئەمانەش بەمزگەوت کردنی ماڵن بەلاّم ماڵێك تەنها بۆ خاوەنەکەیەتیو بەس، دەشیّ خودی ئەم خاوەن خانووەش نەپارەکەی حەلاَڵ بێت نەخۆشی نوێژ بکات، تەنانەت بگرە دەشیّ زەویەکیشی بەمزگەوت دەست کەوتبیّ. ئەمەش جۆرێك لەڕەنگدانەوەی ناواقیعی لەناخەوەی ئەم مرۆڤانە دروستکردووە، کاتیّ لەم مزگەوتانە شت ئەدزریّ (کەلو پەل یا پێلاّو...) یا ڕەوتە سەلەفییەکان بوونی هەموو ئەم مزگەوتانەیان قۆرتۆتەوەو کردوویانەتە خوێندنگەیەکی ئایینی لەسەر شێوەی (حوجرە)ی کۆن کە تیایا وانەکانی بۆ مەبەستی شەڕ ئەلێینەوە، هەڵبەت دیارە لەمەش هەست بەبوونی (پێگەیەکی ئارام بۆ یەکگرتنو یەکتر ناسینەوەی فەندەمەنتالیستەکان) بۆ بەرسڤی ئەوانیتر کراوە. ئەمەیان لە (هەولێر) زۆر زەقو بەرچاو بوو، دوای سەرهەڵدانی شەڕو پێکدادان لەنێو مزگەوتەکانو گۆڕانەکانی ئەمرۆی سەردەم

جۆرێك لەدوو (فاقی) لەکەسایەتی خەڵکی (هەولێر) بەتایبەت پراکتیزەکارانی ئەم میتۆدە ئایینییەی باسکرا خستەوە. دیارە ئەمەش دیاردەیەکی سەیر نیە لەم شارە، چونکە (هەولێر) سەیرترین شارە لەڕووی پێکهاتە ئایینیو ئەتنیکییەکەی، کە بێگومان دەستبەرداربوونو گۆڕانو پەیوەندی هاوسێیەتی لەنێوان مرۆڤەکانی ئەم ئایینانە بەردەوام هەبووە. ئەمەش خاڵێکی لاوازی پێداون بۆئەوەی لەداهاتوو بەئاسانی کارەکانی جیّ بهێڵێت یا سازشو گۆڕانی پێبخەن. بێگومان وەك تایبەتمەندییەکی بەردەوام، مرۆڤەکان حەز بە نمایشکردنی هەموو بوویەکی خۆیان لەهەموو لایەنەکانی ژیان وەکو (ئابووری، جوانی، تەنانەت خودا پەرستیش، هەروەها لەخوداترسانیش....) بۆیە زۆرینەی خەڵکی ئەم شارە بەتایبەت دەوڵەمەندەکانی بەشێوەیەکی ڕووکەشو دنیای کار بۆ (ئایین) دەکەنو لەبۆنەو مەراسیم سرووتە ئایینییەکان دەستپێشخەری دەکەنو برا موسڵمانەکانیان کۆدەکەنەوەو (شیرینی یا گۆشت)یان بەسەردا ئەبەخشنەوە. ئەمەش وەك ترسیّ:ە لەمردنو دووپاتکردنەوەی ترسو هەستی ئیمانداریە بەرامبەر خودا، سەرەڕای ڕاگەیاندنی ئاستی ئیمانی(خود) بەرامبەر ئەوێکی (هەژار) لەهەموو لایەنەکان کە لەئەویتر (بەخشەر) بوونی نییە. بەهۆی بچووکی یاسای پۆزەتیڤیزم لەڕووی دەسەلاّتەوە لەبەرامبەر یاسا تەقلیدییەکانی (عورفی) ئەوا تائێستاش لەم شارە مەراسیمی ژن خوازی لەڕێی (مەلا)ەوە بەڕێوەدەچیّ، کە ئەمەش کزیو نێگەتیڤیەتی یاسای

پۆزەتیڤیزمە. چونکە ئەمە جۆرێك لەدووفاقی لەنێو خەڵکی ئەم شارە ناوەتەوە، کە ئامادەیە لەبەردەم دادوەر یا (قاچی) سوێند بخوات بەوەی کەلەمەوبەر لەڕێگە (مەلا)وە ژنی مارەنەبڕیوە. ئەم درۆکردنەش ڕێگە خۆشکەرە بۆ بەردەوام بوون لەداهاتوو. چونکە (ئەمانە لەئایینەکەیان تەنها لایەنی عەقیدیو خوداپەرستیان گرتووە، بەڵام لایەنە کۆمەڵایەتییەکە، ئەوەی پێغەمبەر بۆی تێدەکۆشا، چی بۆ زیادناکەنو ناچنە ناویەوە، بەڵکو هەر بەتۆمارکراوەیی دەمێنێتەوەو خەڵك بێ ئەوەی کاری پێ بکات بۆی دەخوێنرێتەوە)[35].

هەڵبەت دەکرێ ئایین لەگەڵ واقیع بگونجێندرێت، ئەمەش بەهۆی ئەو فرە ڕەهەندییەی دەشێ تیایا بیدۆزیتەوە، وەلێ ئەوەی لای گوتار خویێ،و خەڵکە قەدەریو موتیعەکە باوە، تەنها بریتییە لەجێبەجێکردنی کۆلەکە سەرەکییەکانی وەکو (نوێژ، حەج...هتد) کەچی ئەمانە بەگشتی بەتەنگ بەرژەوەندی تاکەوەن، کەی لەمیانەی گوتارە ئایینییەکان باس لە درۆکانی بەردەوامی ڕۆژانەی ئەو خەڵکە یا تەنانەت بەرتیلو کۆششی ژنانو هەراسانکردی هاوسێو...چەندان بابەتی تری پەیوەست بەژیانی سەردەم کراوە. ئەم دیاردە پیادەکردنەی سەرەوە هۆکارێ:ی گرنگی خستنەوەی تۆوی دووفاقیە لە کەسایەتی مرۆڤەکانی ئەم شارە. (کێشەی خەڵکی شار ئەوەیە کە ئەوان ڕێز لە گوتارە ئایینییەکان دەگرن، بەڵام لەهەمان کاتدا ناتوانن باوەڕو

نموونە بالأکانی جێبەجێبکەن)[36]. وەك ئامـاژەم پێدا، هەموو ئەمانە جۆرێك لە کاردانەوەی نێگەتیڤی لەلای خەڵکی (هەولێر) دروست کردووە هەروەها ئەم دیاردەی دووفاقییەش لە کەسایەتیان بەئاسانی بەدی دەکرێت. دەتوانین خودی ئەم دیاردەی دووفاقییەش زۆر بەئاسانی لە مانگی (ڕەمەزان) بەدی بکەین. کاتێ هەر ئەم موسڵمانانە سوێند لەسەر فرۆشتنو کڕینی شتەکان دەخۆن. سەرەڕای ئەوەی هەر لەم مانگە نرخی کەلو پەلەکان زیاد لەپێویست بەرز دەکەنەوە. هەردوو توێژەر (ماکیفرو بیج) باس لە دیاردەی دووفاقی دەکەنو ناوی دەنێن (دوالیزمی کولتووری)، کە تیایا ئەڵێن (کاتێ تاك ڕووبەڕووی کولتووری کۆمەڵایەتی ناوچەیەك دەبێتەوە، لەقۆناغی یەکەمی گەشەی ناتوانێ کەسایەتییەکی کامڵ لەدەروونی خۆی پێك بهێنێ، تاك بێ پسانەوە هەوڵ ئەدات هاوسەنگسەك لەنێوان ئەم داواکارییە ناچوونیەکان دابنێ، لەبەرئەوە کەم تازۆر کەسایەتیەکی دووفاقی لێ دەرئەکەوێ)[37] (لەهەندێ کۆمەڵگاکان دووسیستمی ناچوونیەکی بەهاکان بەدی دەکرێ: یەکێکیان واقیعییەو بەپراکتیزە ڕێزی کەسەکان دەگیردرێت، ئەویتریشیان نموونەیی (میسالی)یە کە خەڵك لەڕێگەی گوتارو پلەکانی وەریان دەگرێ. لەمیانەی ئەم (دووفاقی کەسایەتی) دروست دەبێ، لەو کاتە خەڵك بەقسەی بریقەدارو نموونەی بالأ ئەدوێ بەڵام بەکردەوە دژی ئەوە دەڕۆن)[38].

بەردەوام مرۆڤەکانی ئێمە نوستالیژیانە ژیان دەگوزەرێننو حەزی لێکچوونیان بەڕادەیەکە بیر لەو جیاوازیانە ناکەنەوە کە بەشێوەیەکی دیفاکتۆ خۆی دەسەپێنێ، چونکە ئەمانە دەستەمۆکراوی دەم ئەم لێکچوونانەن کە ئایین داوای بەدواداچوونو پراکتیزەکاریان لێ دەکات.

بێگومان هەزری ئایدیالیستی لەخۆیدا نزیکە لەدنیای میتافیزیکدا لێرەشدا واری جێبەجێکردن دەکەوێتە ژێر پرسیارو گومانکردن لە چەندێتی ڕاستیو دروستی ئەو پراکتیزەکردنە، ئەوەی لە ئایینە ئاسمانییەکان هاتووە، بەدڵنیاییەوە جۆرێك لە سەرامەتو وشکیو زبر کاریان تیایە، بۆنموونە لە ئایینی (مەسیحی) چوونی (دەوڵەمەند) بۆ بەهەشت مەحاڵە؟! کەوابێ دەبێت (مەسیحییەکان) واز لە غەریزەی موڵکییەت بهێنن، کە ئایا ئەوە دەکرێت، یا لەلای موسڵمانان کاتێ باس لەدادوەریو ڕاستگۆییو یەکسانی (پێغەمبەرو یاوەرەکانی) دەکەن، ئەوا موسڵمانان ئومێدی گەیشتنو لەیەکچوون بە کەسایەتیو تایبەتمەندیەکانی ئەوان دەکەن، کە ئەمەش پێکهێنەری سەری ویستی خودایەو لەقورئان ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە لێرەدا موسڵمانان خۆیان بێ ئیرادەو توانا دەکەن بەرامبەر ئەو داوایانەی لە ئایینەکەیان هاتووە.

لێرەشدا بۆیان ناکرێو بۆیان جێبەجێ نابێت، ناچار مل ئەدەن بە بەشێك لەداوا ئایینییەکان لەمەشیان بەرژەوەندی تەنها خۆیان بێ ڕەچاوکردنی بەرامبەرکەیان کەئەمە پێچەوانەی باوەڕە ئایینییەکەیان پیادەدەکەن. بۆیەش لێرەوە دووفاقی لە کەسایەتیان سەر هەڵدەدات، نوێژکردنیش دەبێتە عادەتو لە عیبادەت دەرئەچێ، بۆیەش ئەمانە بەردەوام ئایین ئەکەنە پاساوو پەرژین بۆخۆیان وەك ئەم گوتەزایەی کە لەنێو کوردان زۆر باوە کە ئەڵێ (بەقسەم بکە بەکردەم مەکە)، ئەمەش ڕاستی دووفاقی مرۆڤی کورد زیاتر دەسەلمێنێ.

گومانی ناوێ ڕێژەی مزگەوت لە(هەولێر) زۆرە، تەنانەت (یەکەم مزگەوت لەم شارە لەساڵی 1719 لەسەر قەلا بەڕووبەری 1250م2 بنیاتنراوە)[39]. سەرەڕای ژمارەی ئەم مزگەوتانە بەلام دیارە بەکۆمەڵایەتی نەکردنی پێکهاتە بەربلاوەکەی خودی ئایین هۆکارێکی سەرەکی دروست بوونی ئەم کەسایەتیەیە کەلە (هەولێر) بەدی دەکەین، کە بەلای منەوە دەبووایە لەبری هەندێ مزگەوت چەند نەخۆشخانەیەك بۆ ساغ کردنەوەی عەقڵو دڵی ئەم خەڵکە دروستبکرابووایە، خەڵکی (هەولێر) زانستیانە کارناکاتو ژیانی نابات بەڕێوە. دیارە ئەمەش لەبەر دەستبەردارنەبوونی میتۆدە تەقلیدیو کۆنەکانییەتی کە دەشێ ژیان پێویستی بەهەندێك لەم میتۆدانە نەمابێت.

لە(هەولێر یەکەم خوێندنگە لەساڵی 1926 دروستکرا)[40] واتە دوای (207) ساڵ لە دەسەلاتی مزگەوتو حوجرەو تەکیە توانرا یەکەم خوێندنگە دروستبکرێت. وەك لەمەوبەر ئاماژەم بەبوونی ئەو چەندین (تەکیەو حوجرانە) دا ئەوا ئەوە دەردەخات کە لەم میانەیا خوێ،دن ئایینی بووە، بەلام سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەوەی بەدی دەکرێت چەند کەسێکی بەنمرە زۆرکەم نەبێت کەس لەم

حوجرەو تەکییانە نەبوون بە نووسەری ناودار، یا شاعیر، یا بوێر...بەپێچەوانەی دەشتی شارەزوور کە چەندین شاعیرو نووسەری لەم ڕێگەیەوە لێ هەڵکەوت.

لەم شارە بەهۆی بوونی چەندین گۆڕستانی گەورە کە زۆربەیان لەناو چەقی شارن، ئەوا پەرچەکرداری ترس لە مردن بۆتە پاڵنەرێکی بەهێز بۆ دەستگرتن‌و نمایشکردنی خود لە مرۆڤێکی ئایین پەروەرو ئایین دۆست، کە ئەمەش زۆرکات هەولێرییەکانی پێ وەسف دەکرێت. بێگومان خودی مردوو دواتر گۆڕستانیش پێویست بەسازدانی سەمفۆنیاو سرووتی گونجاو دەکات بۆ مەبەستی وەبیرهێ،انەوەو خۆبەدوور گرتن لەو بەلاَیانەی کەی دەشێ (بەس ئەوان) کەسی مردوو هۆکاری سەرەکی بێت بۆ ئەم گرفتانە، چونکە مردوو سەرەڕای ترس لەمردن خۆی پانتاییەکی گەورە لە یادەوەری مرۆڤەکان جێ دێڵێ. بۆ ئەم ڕەواندنەوەی ترس‌و پیشاندانی نییەت پاکی‌و ئایین پەروەری (هەولێر) یەکان بەزۆری ڕۆژانی (پێنج شەمو هەینی)یان، سەرەڕای ڕۆژانی بەتایبەت (یەکەم)ی جەژن سەردانی گۆڕی مردووەکان دەکەن ئەمەش جۆرێك لە (نەشازی کۆمەلاَیەتی) لەنێو کردەو گوفتاری خەڵکی ئەم شارە پێکهێناوە، نەشازی کۆمەلاَیەتیش بریتییە لە (دابڕان‌و ناچوونیەکی کۆمەلاَیەتی لەنێوان هۆکاری مادی‌و مەعنەوی لەسروشتی شێوازو ڕەفتارو ئامانج)[41]. ئەم دیاردەیە لەئەمڕۆ زیاتر بەرچاو دەکەوێ، لەبەرامبەر هەڕەشەی گۆڕانی لایەنی (ئایدیالی) لەبەرامبەر گۆڕانی لایەنی (مادی)، بەتایبەت کاتێ دروستکردنی مزگەوت لەبەر مەرامێکی (سەرمایە یا مادی) بێتە بنیاتنان، ئیتر ئەو باوەڕانەی زۆر پتەوو مکومن بەتایبەت لەنێو کۆمەڵە خەڵکێکی وا ساویلکەو نزم ئاستی ڕۆشنبیری گەرنەشگۆڕین لەنێو ئەم کۆمەڵگە خۆش باوەڕەی (هەولێر) ئەوا بەدڵنیاییەوە درزی تێدەکەوێت. ئەوەتا لەم شارە بەهۆی ئامادەبوونی ڕۆحی مردوو لەجەستەی هەموو تاکەکانیان بەهۆی پاکانە ئایینییەی دەیکەن لەڕێگەی (نوێژو، دروستکردنی مزگەوت، نزیك ناشتنی مردووەکانیان) لەم گۆڕستانەی کە بەشێك لەهەولێر پێك دێنن، بۆتە هۆی دروستکردن‌و پێکهێنانی نائاگایی‌و مت کردنیان ئەوا گۆڕی کچێکی وەکو (ئەمیرە یەزدان دۆخت) کە لەسەردەمی (قەرەداخ)ی سەرکردەی مەسیحی ژیاوە، ئەم کچە بەئایین‌و ڕەچەڵەك (مەسیحی بووە)، بەلاَم موسڵمانەکانی هەولێر پێی ئەڵێن (ست ئیمامی)[42] موسڵمانەکانی ئەم شارە بەهی خۆیانی دەزانن‌و زۆربەی لایان پیرۆزەو زۆرکات داوای بەزەیی‌و ڕەحمەتیشی لێ دەکەن، بەتایبەت لەڕۆژانی چوارشەمو پێنج شەموان. کەبوونی ئەم چەندین مەزارگەو گۆڕستان‌و مزگەوتە بێ شومارانە هۆکارێکی سەرەکی پێکهێنانی ئەم شارەن لەڕووی رووخسارەوە. فیستیل دی کولا ئەڵێ (لەکۆندا ئایین فاکتەرێکی جەوهەری دروست بوون‌و گەشەسەندنی شاربوو)(43) وێڕای هۆکاری تری ئابووری، سیاسی....ئەوا ئایین دۆستی‌و زۆری مزگەوت‌و مەزارگەی پیاوانی ئایینی وەکو (سوڵتان موزەفەر، شێخ محمد خوراسانی، ست ئیمام...) وەچەندان

تەریقەتو شێخی تری بەناوبانگ هۆکارێکی سەرەکی کۆچی خەڵکی (غەیرە هەولێری) بووە بۆ ئەم شارەو تیایا نیشتەجێبوون بێگومان ئەمەش یەکێ:ە لە کوکتێل بوونو هەمەڕەگەزبوونی خەڵکی (هەولێر)و قۆستنەوەی لەلایەن کەسانی تر، بەبیانووی ئایین دۆستی ئەم شارە کە بۆ مەبەستی قۆستنەوەی لەلایەنی ئایینییەوە لەهەموو ئانو زەمانێك لەلایەن دەسەلآتی سیاسیو کۆمەلآیەتییەوە بۆتە خاڵێکی لاواز، بۆیەش ئیبن خەلدون ڕاستی گووتوە کاتێ ئەڵێ (هەر شارێك هۆزی زۆری تیا بێت یان کۆمەڵی جیاجیای لەخۆ گرتبێت، ئەوا زەحمەتە دەوڵەتی بەهێزو جێگیری تیا دروست بکرێت) چۆن دەکرێ مرۆڤ واز لە غەیری موڵکییەتی تایبەت بهێنێ، بەتایبەت کاتێ ڕادەگوازرێ یا کۆچ دەکات بەرەو شارێکی وەکو (هەولێر) ئەم مرۆڤە دەشێ مزگەوت بەماڵی موسڵمان (خۆی) بزانێو بیپارێزێ، ئەمە لەڕوانگەیەکی ئایینییەوە، بەلآم چۆن دەتوانین غەریزەی بەشارکردنی(هەولێر) بۆ خۆت بچێنیت، کە زەحمەتە لەلای کۆچەرێك یا ڕاگوێزراوێك ئەمە بەدی بکەیت. بێگومان هەموو ئەمانە لەڕێی گۆڕانەوە چی دەکرێت کە بریتییە لە داهێنانو لاسایی کردنەوە. بەلآم لە (هەولێر) بەترسێکەوە ئەم پرۆسەیە پیادە ئەکرێ، خۆئەگەر بشکرێت ئەوا دەستبەرداری پاشڤەڕۆیی نابن، واتە تەنها لایەنی (مادی) دەگۆڕێت، سەرەڕای پێکنەهێنانو دروست نەبوونی هزری خۆشەویستی بۆشارو خزمەتکردنی کە ئەمەیان لەلای خەڵکی (هەولێر) بوونی نییە. چونکە وەك خەسڵەتێ:ی بەردەوامی خەڵکی ئەوا بەدەم گریان لەدایك دەبنو بەدەم هاتو هاواریش دەمرن. چونکە ئەمە شارێکی کۆکتێلی گازینۆو مزگەوتو گۆڕستانە.

2- جوگرافیا/ کاتێ سەیری هەولێر دەکەین، ئەوا ناکرێ بارودۆخی جوگرافی یا بەگشتی (ئیکۆلۆجیا) لەیاد بکەین. چونکە کاریگەرییەکی پتەوی بەسەر (کولتوور)و ئەویش بەسەر کەسایەتی مرۆڤەکانی ئەم هەرێمە هەیە. لەڕووی جوگرافییەوە هەولێر لەدەشتێ:ی پانو بەرین هەڵکەوتووە، ئەمە وێڕای چیای سەفین کەکەوتۆتە پشتییەوە.

کاتێ سەیری (هەولێر) دەکەین، دەبینین بەشێوەیەکی بازنەیی (داخراو) هەڵکەوتووە، دیارە ئەم بازنەیی هەڵکەوتنەش شێوەکارتێکردنێکی دەروونی لەسەر خەڵکی ئەم شارە جێهێشتووە. چونکە لەهەر خاڵێکی بازنەیی دەست پێ بکەین، ئەوا لەو شوێنە کۆتایی پێ دێ، واتە پرۆسەیەکی داخراوی ژیان وێنە دەکات.

بازنەیی هەڵکەوتەی (هەولێر) لە (قەلآ)وە دەست پێ دەکات، دواتر ڕێگەی(30)م یو دواتر (60م)یو دواتر (40م)ی دوایـیش (100م) کە هەر هەموویان عەقڵیەتێکی داخراویان داوەتە بواری هزرییو عەقڵی خەڵکی ئەم شارە، وەك بڵێی لێرەوە ژیان دەست پێ بکاتو هەر لێرەوەش کۆتایی پێ دێت.

وەك لەمەوبەر ئاماژەم پێدا (هەولێر) لەچەندین هۆزو خێڵو بنەماڵەو دەرکراوی جۆرە ماشارو ناوچەی تر پێك هاتووە، کە

هەریەکەیان جۆرێك لە کولتوورو دابو نەریتو ئەبستمۆلۆژیای عەشایەریو ئایینییان هەڵگرتووە. بێگومان فراوانبوونی هەولێر لەدوای ساڵی (1987)ەوە دەستی پێکرد، بەتایبەت دوای ئەم شەپۆلی ڕاگواستنەی دەشتی هەولێری گرتەوە، دواتر ڕاگوێزانی لادێیەکانی پشت چیای (سەفین). لەئەنجامی هەموو ئەمانەدا بێگومان ڕووبەڕووبوونەوە پاشان بەیەکداکەوتنو نەشاز گونجانی کولتووری لێ دەکەوێتەوە ئەگەرچی کورد بەردەوام ئۆریگناڵی خۆی دەگەڕێنێتەوە سەر (هۆز، بنەماڵە، یاتەنانەت دێ...) کورد بەگشتی شانازی بە هۆز یا خێڵەکەی خۆیەوە دەکات هەر لەم بارەیەوە های Hay دەڵێ (زۆربەی کورد چی جا شارنشین بێ یان دێ نشین بنەچەی خۆی دەگەڕێنێتەوە سەر هۆز بەمەش دەیەوێت بڵێ کە پەیڕەوی عورفی عەشایەریو دابو نەریتەکان دەکاتو هیوادەخوازێ کە کەسانی تریش بەم شێوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن)(44) ئەمەیان تایبەتمەندییەکی سەرەکی هزری جیبوفیکری کوردانە. لازاریف دەڵێ (بەرچاوترین خسوسیەت کە لەسیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی بەدی دەکرێت هێشتا مانەوەی پەیوەندی خێڵەکییە، کەسیستەمی دەرەبەگایەتی لەژێر خۆی حەشارداوە، هەروەها ڕێو شوێنی پەنجەکانی بە ئاشکرا لەسەر ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری دیارە، سەر بەعەشیرەت بوون بۆ کورد شانازییە، واتە هەستی خێڵەکی لەپێشەوە دێت، وە لەپێشەوەی هۆشیاری ئایینیو نەتەوەییەوە دێت). ئەمە سەرەکیترین خاڵی پێکهێنەری کەسایەتی مرۆڤی کوردە بەگشتیو خەڵکی (هەولێر)و ئەم شارە (هەولێر) بەتایبەت. کە ئەمەشیان داخراوەیی عەقڵی کورد دەگەیەنێ.

بێگومان ئەمە ڕەنگدانەوەی بەسەر پێکهاتەی یا دروست بوونی شاری هەولێر دیارە.

ئەم ڕاگواستنەو کۆچە بەزۆرەملێو دەرکردنانە دووفاقی کەسایەتی خەڵکی ئەم شارەی قووڵ تر کردووە. لەدوای ڕاپەڕینیش گەڕانەوە بۆ ئەسڵو نەسەب بوو بە بەردی بناغەی سیاسەتو کۆمەڵگەی کورد. بێگومان ئەم ئۆریگناڵ'ی کە بەردەوام تاكو کۆمەڵگەی کوردەواری پێی دەناسرێتەوە کریکەریەکی جەدەلی نێوان ئەم هزرانەو جوگرافیاکەی (هەولێر) دروست کردووە.

لە جوگرافیای (هەولێر) چەندین گەڕەك بەم ناوە عەشایەرییانە بەدی دەکرێت، کە هەموو ئەمانەش لەمیانەی دابەشبوونی جوگرافیو ژینگەییەکانەوە دروست بوونە. بۆیە لێرەدا پێویست دەکات باس لەشێوە دابەشبوونی جوگرافی هەندێ گەڕەك لەڕووی دابەشبوونی دانیشتوانو پێکهاتەی هزریانو کاریگەری بەسەر دابەشبوونیان لەڕووی گەڕەكو جوگرافیای ژینگەییان بکەین.

مەبەست لەم هێلکارییەی سەرەوە پیشاندانی پێکهاتنو هەڵکەوتنی جوگرافیو کاریگەری دەروونی ئەم شوێنانەیە بەسەر هەندێ گەڕەکی (هەولێر) کە تەنانەت کاری کردۆتە سەر چێژو میزاجو هزمری خێڵ، بنەماڵەی دانیشتوانی گەڕەکەکان. کە بەم شێوەی خوارەوە دابەشیان دەکەم:

1- گەڕەکەکانی ڕێگای مەخمورو ئەوانەی لێیانەوە نزیکن/ وەکو گەڕەکەکانی (رزگاری- کوران)، ماجیداوە، کرێکاران...
گەڕەکی (کوران) یەکێکە لە گەڕەکە میللیو هەرە کۆنەکانی هەولێرو لەسەر بنەمای (کار) دامەزراوە، چونکە لەکۆندا شوێنی سوورکردنەوەی کەرپووچ بوو لە ڕێگەی ئەو (کورە) جۆراوجۆرانەی لەجێی ئەم گەڕەکە هەبوو دواتر کرێکارەکانیشی لەم شوێنەی نزیك کارەکانیان بۆخۆیان دەستیان کرد بە دروستکردنی خانوو. ئەمە سەرەڕای گەڕەکی 0کوردستان)و شەهیدانو (نەسیج)، زۆرترین ئەگەر هەمووشی نەبێت ئەوا لەبنەچەدا دانیشتووی (دەشتی هەولێر) بوونو ئێستاش ئینتیمایان بۆ (دێو هۆزی گوند) هەیە. کەسایەتی عەشایەریو ئایدیۆلۆژیای ئایینی زاڵە بەسەریان. تەنها لەهەرسێ گەڕەکی (کوران، کرێکاران، کوردستان...) (22) مزگەوتو (4) تەکیە هەیە. خەڵکی ئەم گەڕەکانە وێڕای ئەوەی بەشێوەیەکی گوندیانە ئەژین، ئەوا لەهەمان کاتیشدا لەنێو (هەولێر) گوندی بچوکیان پێکهێناوەو بەئەقڵو کردەی تەقلیدی. تەنانەت ئێستاش لە نزیك ماڵەکانیان ئاژەڵ یاخود پەلەوەر بەخێودەکەنو زۆربەی زۆریان خاوەن دوو خانوو ماڵن یەکێکیان دێ نشینو کشتوکاڵو بیستانی تیادەکەن ئەویتریشیان لە (شار)ە کەکاری تری تیا دەکەن. ئەمەش دووفاقی دەروونیو کۆمەڵایەتی هەروەها کولتووری پێکهاتەی کەسایەتی ئەم گەڕەکەو خەڵکەکەی دەردەخات، خەڵکی ئەم گەڕەکانە گەر بۆ مەبەستی تیا بەخێوکردنی پەلەوەرو ئاژەڵ نەبێ حەز بەباخچە دروستکردنو پەروەردەکردنی ناکەن میزاتجیان خۆڵییە، بەڵام بەهۆی زاڵ بوونی کاری کشتوکاڵیو شوانکارەیەوە ئەوا پەیوەندی نێو خێزانەکانیان بەهێزەو زۆربەیان لەخێزانی درێژکراوە ژیان بەسەر دەبەن. سەرەڕای زۆری ژمارەی مزگەوت لەم گەڕەکانە بەتایبەت لەگەڕەکی (کوران) کە بەتەنها (16) مزگەوتی تیایە، ئەوا ڕێژەی ئەم دوکانەش گەلێك زۆرە کە بەناوی (یاریدەدەری پزیشکی)یەوە دروستکراون، هۆی ئەوەش وێڕای عەقڵ نەخۆشی خەڵکی ئەم گەڕەکانە ئەوا بریتییە لە پیسی ژینگەیی ئەم گەڕەکانەو زۆرتری ئاستی ڕۆشنبیری زۆرینەی خەڵکەکەیتی. بەڵام کاتێ سەیری گەڕەکی (ماجیداوە) دەکەین کە لەسەر بنەمای ئەتنیکی (بندیان) کە لەبنەچە ئەمانە (مەسیحی) بوونە دواتر بوونەتە موسڵمانو پاشان (بندیان)یان وەك عەشیرەت بەکارهێناوە زۆربەی هەرە زۆریشیان (بندیانن)، لەلادێکانی وەکو (دێمەکارو قورشاغلو)[45] هاتوونەتە هەولێرو پەیوەندی کۆمەڵایەتییان بەهێزەو لەسەر بنەمای خوێنو دەمارگیرییە. ئەم خەڵکە لەڕووی روخساریشەوە وەك عەقڵیان دێ نشینن، ئەگەرچی لە کۆمەڵێ خانوی کۆنکرێت نیشتەجێنو ئامێری مۆدێرنی تەکنەلۆجی بەکاردەهێنن.
هەروەها کاتێ سەیری گەڕەکەکانی ڕێگەی (کەرکوك) دەکەین بەتایبەت گەڕەکێکی وەکو (مەنتکاوە) دەکەین کە دیارە ئەوەشیان هۆزی یا عەشیرەتی (مەنتك+ئاوا) ئاوەدانیان

کردۆتەوە ئەمانەش لە (زورگەکانی قوشتەپەو تەق تەق)(46) هاتوونە. بەهۆی زاڵ بوونی هزری خێڵەکیو عەقڵو جوگرافیای گەڕەکەکە حەزو ویستیان بەلای ژیانی دێ ئەچێو پەیوەندی خومایەتیان لەڕێگەی خوێنو دەمارگیرییەوە دروستکردووە. دەبووایە دانیشتوانی ئەم گەڕەکە بەهۆی نزیکیان لەدامو دەزگا ڕەسمییە زانکۆییەکان هۆشیارتر بوونایە لەگەڵ ژیانی مەدەنیەت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هاموشۆی زۆربەی شارەکانی تری لەسەرە کاتێ دێیتە سەر باسکردنی ئەو گەڕەکانەی دەکەونە سەر ڕێگەی (عینکاوە–موسڵ) ئەوا زۆربەی پێکهاتەی خەڵکی ئەم گەڕەکانە دانیشتووی دۆڵی (بەڕانەتی)نە یاخود (گۆڕانو گەردیو فەقێ مەلکی) بوونە. ئاستی هۆشیاری ئەمانەش پشت بە مەرجەعیەتەکەیان دەبەستێ کەخۆی لە ئینتما بۆ خێڵو هۆزو دواتر ئایین دەبینێتەوە.

هەولێرو خەڵکەکەی بەم پێکهاتە 0کولتوورە سەیرو کۆکتێلەیان هزرێکو ئەبستمۆلۆژیایەکی عەقیدیو هەمە چەشنیان پێکهێناوە.

دەکرێ ئەمانە هەموویان هۆیەك بن بۆ خودپارێزیو کۆنسێرڤاتیزمیەتی پتر لەنیوەی خەڵکی (هەولێر) کە لەدوودڵیو نیگەرانی بەردەوام بەرامبەر ئەویتری خاوەن گۆڕان هەنگاو دەنێت بوونەتە جۆرێك لەخەڵکانی سەیرو دووفاقی لەکەسێتی.

گومانی ناوێ لەئێستا دەگەینە ئەو باوەڕەی کە زۆربەی خەڵکی (هەولێر) دێ نشین بوونەو ئێستاش بەبەردەوامی لەشێوەی 0گەرمیانو کوێستان) لەنێو شار ژیان بەسەر دەبەن، ئەمەش لەخۆیدا باوەڕنەبوونو بێ متمانەیی بە (شوێن) دەبەخشێ، ئەمەش کاردانەوەی ئەوپرۆسە دیالەکتیکیەی نێوان خەڵکی (هەولێر) خۆیو پێکهاتە سەیرەکەیەتی. جالێرەدا ئەم دیاردەیە دەتوانرێ لەلای (دێ) نشینەکانی دەرەوەی (هەولێر) وەکو (دەشت نشین یا چیا نشینەکان) بەدی بکەین، بەتایبەت لەلای خەڵکە دەشت نشینەکان ئەوانەی دەتوانم بڵێم لەژێر گوشار هاتوونەتە (هەولێر)و تیایا نیشتەجێبوونە، جالێرەدا ململانێی نێوان بەها (کۆنو نوێیەکان) سەریهەڵداوە. گومانی ناوێ لەم دواییانە هەولێرو خەڵکەکەی لەڕووی (مادی)یەوەو بیناکارییەوە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بەڵام دیسانەوە ململانێی کۆنو نوێ لەبەردەوامی دایەو دڵنیاشم ناپسێتەوە. ئاساییە گەر لەنێو کوردبەگشتیو (هەولێر) بەتایبەتی کەسێکت بەرچاو بکەوێ کە خودانی نوێترین مۆدێلی خانوو تەکنەلۆجیا بێت، بەڵام خاوەن ئاوەڕێکی پاشڤەڕۆیی ڕۆژهەڵاتییە، لێرە ڕێك تییۆرەکەی (اوگیبێرن) کە دەسەپێتە سەر ئەم جۆرە کۆمەڵگەیانە کاتێ ئەڵێ (هۆکاری دواکەوتنی کولتووری کۆمەڵگەیەك بریتییە لە پێشکەوتنی لایەنی ماددی بەرامبەر دواکەوتوویی لایەنی ئایدیالی لەبەرامبەر پرۆسەی گۆڕان)(47) ئەمە لایەنێکی دۆڕانە لەهزری تەقلیدی خەڵکی ئەم شارەکە جارانێکی پڕ لە سەڕامەتو کۆنسێرڤاتیزمانە بەرگریان لەئەقیدەو کولتوورە تەلقینییە تەقلیدییەکانیان لێ دەکرد، دیارە گۆڕانی ترسیشی دێە شوێن. دەکرێ بڵێین ئەمانە

گۆڕانی ڕووکەشن. بێگومان ئەم گۆڕانە بەدەر لەپیشەییە کاریگەری نەکردۆتە سەر پێکهاتەی شوناسی تاکی (هەولێر) یا بگرە گروپە دەستە جەمعیە کاربەدەستەکان بۆ مەبەستی دروستکردنەوەی وەکو شار نەوەکو شارێکی ناوەڕۆك لادێیی. دیارە ئەم ئاستە هزرییەی لەم گۆڕانە دێـە ئاراوە ئەوا هزری پێکهێنەری ئەقڵیەتی هەولێریەکانە کە زمانو دیالەکتیکی جوگرافیو خەڵکی ساویلکەی ئەم دەڤەرەن کە لایەنی ئەقڵیەتی تەقلیدی پێوە دیارە. بێگومان ئەم ڕەوشە ئەقڵیەی نێو ئەم شارە بە (دێ) کراوە ڕەنگدانەوەی تەواوی کۆمەڵگەی گوردە کەخۆی لەسەنتەر بوونی زۆربەی هەرە زۆری عەقڵی تاکەکان لەلایەنی عەشایەریو هزری خێڵو بنەماڵەو هۆز دەبینێتەوە، ئەمەش سەرەکیترین بکوژی شوناسنامەی خودو شار پێك دێنێ. هەر ئەم تایبەتمەندییەش بەسەر تەواوی هەرەسی شۆڕشەکانی کورد دیاربووە. (زۆر بزاڤی کوردی سەریان هەڵداوە لەمێژوودا، بەڵام نەیانتوانی ئامانجەکانیان بەدەست بهێنن، چونکە سەرکردایەتی ئەم بزاڤانە بەدەست سەرۆك هۆزەکان بوون)(48). بێگومان لەلایەنی جوگرافییەوە نیشتەجێبوونی ئەمانە لەخۆیاندا هەمان ئەقڵیەتی هۆز یا عەشایەری بنیاتنەری یا هێزی زۆرەملێو ڕاگواستنی خەڵكو پەیوەستبوون بەسۆز یا نوستالیژیا بۆ دوێنێو گەڕانەوە بۆ بنیاتنانی هەمان هۆزی مونتەمی بوونیان بۆی، بەڵام لەفەزاو جوگرافیایەکی جیا لەوەی جاران هەمان هۆز یاخێڵ یا دەسەڵاتی ڕۆحی شێخ یا سەید یا هەر یەکێکی تر بەڵام لەگەڕەکێك لەسەنتەری

شار لەنزیکترین دەوروبەری. دیارە لەمەشیان یەکێك لەسەرەکیترین پێکهێنەرەکانی هەر شارێك جیاواز نییە، جیاوازی لەهەموو پێکهێنەرەکانی وەکو (ئابووری، پیشە، سیاسەت، ئیدارە، هزر...) بەڵام لەنێو، ئەم ئارە جیاوازییەکی زۆر کەم یا ڕێژەیی زۆر کەم هەیە بەتایبەت لەلایەنی عەقڵی، کە لەم شارەو لەم کۆمەڵگەیە تاکە دوو مەرجەعییەت لەم نێوەندانە هەردوو مەرجەعییەتی (ئایینیو عەشایەرییە) کە ئەم دووانەش تەواوکەری یەکترن تەنانەت ئەم چونیەکەش لەپێکهاتنو دروستکردنی خانووبەرەش زۆر بەزەقی دیارە لەحاڵی ئێستا، لەهەولێر زۆربەئاسانی دەتوانین هەست بەشێوازی دروستکردنی بیناو خانووەکانی ئەم شارە بکەین، کە زۆربەی خانوو بیناکانی ئەم شارە لە جۆری (ئاسۆیین) ئەمەش مانای نەبوون یا بیرکردنەوە لە جیاوازیو پێناسکردنێکی جیاواز بۆ خود، دیارە مەبەستیشم ئەم یەك دوو ساڵەی دوایی نییە، کە لەژێر گوشاری تەکنەلۆژیاو ئابووری خەریکە جوگرافیای تەقلیدیو سواوەکەی هەولێر دەگۆڕێت. بێگومان ئەم دیاردەیەی خانووبەرە لەهەولێر لەسەرجەم ئەم چەندین گەڕ'کەی هەولێر لەمەوبەر باسم کرد بەدی دەکرێ، بەهۆی زاڵ بوونی ئەم هزری عەشایەریە کە بریتییە لە ویستی یا حەزی لەیەکچوونو نمایشکردنی شوناسنامەی (ئەویتر) کە دەشێ شێخ یا سەید یا مەلا وەکو مەرجەعێکی ئایینی یا وەکو هۆز، خێڵ، بنەماڵە وەکو مەرجەعێکی عەشایەری. لێرەدا ئەم هزرە وایکردووە خەڵکی ئەم شارە

بەگشتیو لەو گەڕەکانەی لەمەوبەرو بگرە زیاتریش کە باسم نەکردوون، جۆرێک لەوێکچوون پیادە بکەنەوە وەك ئەوەی لە(دێ یا گوند) زۆر زۆر بەکەمی یا هەر جیاوازیان تەنانەت لەشێوازی ژیانیشیان بەدی نەدەکرد. بۆیە ئەمانە ئێستاش شێوازی ژیانیان لەگەڵ بەکارهێنانی هەموو ئامێرە تەکنەلۆجییەنوێکانی سەردەم هەر تەقلیدییەو نازانن چۆن یا بۆچی یاخود کەی هەست ئەکەن ئەژین؟!؟؟ بۆیە لەنێو ئاریش ئەمانە دووچاری یاڕووبەڕووی دووفاقی زیاتر لەچاو کەسانی تر یا توێژو چینەکانی تری کۆمەڵگە دەبنەوە، چونکە لەگەڵ ئەوەی لەشارن بەڵام زۆربەیان پەلەوەر یاوەك لەمەوبەر ووتم ئاژەڵ بەخێو دەکەن یا لە (دێ بێستانو کشتوکاڵ) دەکەن کەلەوکاتە خانوێك یامالێکیان لەشارەو ئەویتریش لەدێ هەیە. کەچی بەپێچەوانەوە، دانیشتوانی ڕێگەی کۆیە زیاتر ئەم گەڕەکانەی لەم چەندانساڵانەی دوایی دروستکران زۆربەیان دانیشتوانی دەشتەکانی (کۆیە، قەڵادزە، رانیە) بوونە جگە لەخەڵکی سێتاقان کە زۆربەی هەرەزۆریان (بیرێژی یا خۆشناون) دیارە ئەمانەش بەوە ناسراون کە وەلائیسەرسەختیان بۆ هۆزو خێڵەکانیان هەیە. ئاستی رۆشنبیری ئەم گەڕەکانە جگە لە سێتاقان تا ئاستێك باشترە لەچاو گەڕەکەکانی (کوران، کرێکاران، کوردستان...هتد) خەڵکی گەڕەکەکانی ڕێگەی کۆیە زیاتر حەز بەبوونی باخچەو پاكو خاوێنی دەکەن سەرەڕای گرنگی دان بەپاكوو خاوێنی گەڕەکەکەیان کە دیارە ئەمەش ڕەنگدانەوەی ژیانی لەمەوبەریان بووە کە زۆربەیان خاوەنی (ڕەز یا باغ) بوونە.

کاتێ دێینە سەر گەڕەکەکانی تربەتایبەت ئەوانەی کەوتوونەتە سەر ڕێگەی (شەقلاوە) بێگومان هەست بەجۆرێکی تر لەعەقڵییەتو سیستمی عەشایەری کورد ئەکەین کاتێ زۆربەی خەڵکی ئەم گەڕەکانە خۆیاتن لە عەشایەرەکانی وەکو (سورچی، خۆشناو، باڵەکی...) دەبیننەوە بێگومان ئەوانە لەڕووی ئایینییەوە کەمتر بەتەنگ ئەوەوەن بەڵکو زیاتر عەشایەریو ئینجا نەتەوەیی یا بێلایەنن. بەهۆی زۆربەی ڕێگەی هاتووچۆ بۆ گەیشت هەروەها ئەم ناوچانەی ئەوانە لێوەی هاتوون وەکو (ڕواندز، چۆمان، شەقلاوە، مەسیف...) ئەوا خاوەن رۆشنبیری لاوەکی زیاترو ئاستی هۆشیاریەکی کۆمەلأیەتی جیاوازن یا بەرزترن، ئەوەتا بە هەموو گەڕ’کی شۆڕش تەنها (5 مزگەوت هەیە) هەروەها زۆر بەتەنگ باخچەو جوانیو هێمنیو دیاریکردنی ڕێژەی منداڵو پەروەردەکردنیانن، هەروەها زۆربەشیان پارەو موڵکدارن، سەرەڕای بوونی بڕوانامە لەلایان. هەروەها زۆربەشیان فەرمانبەری دەوڵ’تن.

بەگشتی خەڵکی ئەم شارە لەناخیان ژیانی دێ یا ژینگەیی (دێ)یان لەنەستیان بیناکردووە، دیارە ئەمەش لەمیانەی ئەو پرۆسە بەردەوامەی چەپاندن بووە لەکۆمەڵگەی کوردەواری کەتاکی کوردی لە زۆربەی لایەنەکانی دووچارکردۆتەوە. ئەمەش وایکردووە نەتوانرێ نەست بکرێە هەست. دیارە ڕاگواستن لە زێدی بابو باپیران خەیاڵێك یا وێناکردنێکی بەردەوامی گەڕانەوە بۆ شوێنی

ئۆریگنالی جارانی ژیانیان لەدێ یا گرتنە بەری ڕێگەی دروستکردنو پێکهێنانی ژینگەیەك کەڕێك یا نیمچە وێکچوونێك بەژیانو ژینگەی دێ پێك بهێنێ دروست کردووە.
وەك لەسەرەتا ئاماژەم بۆ کرد بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی (هەولێر) کە دەشتاییە ئەوا ئەم تایبەتمەندییە زیاتر وای کردووە کە ئەم خەڵکە قەدەریو چاوەڕ،انیکارانە بژینو لەنێو شار ژینگەی گوندیو لەبواری پیادەکردنیش لەدەوروبەریان پەلەوەر یا مالآت بنیاد بکەن یا بەخێو بکەن، ئەمەش بۆتە هۆکارێکی پێکهێنانی کەسایەتی دووفاقیو بەرژەوەند چییەتی، چونکە یەکێك لەم خەسڵەتانە لەکارکردنی کشتوکاڵ دەکەوێتەوە بریتییە لە (قەدەری بوونو ئاسمان دۆستی، هەروەها پێکهێنانو گەڕان بەشوێن بەرژەوەندی تاکەکەس یا خێزانێك بەتەنها) بۆیە ئیسماعیل بێشکچی ڕاست بۆچووە کاتێ ئەڵێ (بەهۆی باری ئابووریو بەرهەمی ئاژەڵداریەوە، هەستی پێکهاتنو پێکەوە ژیانو هەستی نەتەوەییو بیرکردنەوە لەسەربەستی گەل نەهاتۆتە ئاراوە). بێگومان هەستی بەرژەوەندچێتی بۆ بەرژەوەندی تاك خۆی خەسڵەتێکی دەروونیو غەریزییە، بەلآم لەم شارە زۆر لە ئاستی ئاسایی تۆڵەسەندنەوەیان لەئەوی تریش لە (خوا) داوا دەکەن بەمەیش بۆچوونەکەی لەمەوبەر دەسەلمێنن، چونکە کەمینەیەکی زۆر کەم کە نەبێ کەس بەتەنگ بەرژەوەندی گشتیو شار (هەولێر)ەوە نییە، دیارە دروستکردنی گەڕەکەکانیش بەناوی (کارو، هۆزو بنەماڵەو...)ڕاستی نزمی ئاستی

هۆشیاریو نەتەوەیی دەسەلمێنێ. بێگومان دەشێ یەکێك لە هۆکارەکانی نزمی ئاستی هۆشیاری خەڵکی ئەم شارە بوونی زۆرینەیەکی جوتیارو کشتوکاڵ کار بێ کەبەردەوام کەمتر گرنگی بە خوێندن دەدەنو بەکارێکی لاوەکی لەبەرامبەر کشتوکاڵ سەیری دەکەن، ئەمە سەرەڕای ئەو ئیلتیزاماتە چڕوپڕەی (ئایین) کە خەڵکی ئەم شارە پێی ئەناسرێتەوەو دەیەوێت جێبەجێی بکات، بەلآم لێرەدا دووچاری دووفاقی دەبینەوە بەهۆی داخوازییە مادییەکانی ژیانو داوامیساللییەکانی ئایین. جا یەکێك لە پێکهێنەرەکانی دووفاقی کەسایەتی وەکو فاکتەر (درۆکردن)ە، بەلآم بۆ ئەمەشیان پاڵنەری (ترس) هەیە. بۆنموونە دکتۆر عەلی وەردی باسی لەوە دەکاتو ئەڵێ (سەرەکیترینو ترسناکترین کار بەلای ژیانی جوتیارانی عێراق بریتییە لە ترس یان لەفەرمانبەرانو سەنەوەرگرانی دەوڵەت لەبەرامبەر مەرومالآتو داهاتە کشتوکاڵییەکانیان بەمەبەستی دانانو سەپاندنی باج لەسەریان، ئەمانە (جوتیارەکان) هەوڵ ئەدەن ڕابکەن لەدەستیان یا بۆئەوەی لێیان رازی بنو خۆیان بەدوور بگرن لێیان ئەوا درۆیان لەگەڵ دەکەن)(48)، لێرەوە بەرژەوەندی تاك یا خێزان گرنگتر دەبینرێ لەبەرامبەر یاسای دەوڵەتو خزمەتی گشتی، دەشێ ئەمەیان هۆکارێکی پاڵنەر بێت بە جوتیارانی هەولێر کە کەمتر گرنگی بەخوێندن بدەن، ئەمە لەگەڵ ئەوەی هەر لە ساڵی (1926)ەوە یەکەمین قوتابخانە لەم شارە کراوەتەوە، بەلآم دیارە تێگەیشتنێکی

زانستیانە بەدی نەکراوە بۆ قوتابخانەو یاسای پۆزەتیڤیزمی دەوڵەت. هەموو ئەمانەی کە باسکران خاڵێکی تری ئەم چەندان گەڕەکانەی لەسەرەتا باسکران دێننەواری زێدەکاری چونکە لەم گەڕەکانە زۆرترین ڕێژەی خانووی نایاسایی بەدی دەکرێت، ئەمەش واتای کارکردن ئەدات بەیاسای عورفیو نزمی ئاستی هەر هۆشیارییەکی بەدەر لە عاتیفەی ئایینیو عورفی عەشایەرگە لەم شارە.


سەرچاوەکان

1- الوردی، د. علی الوردي، دراسة في طبيعة المجتمع العراقی، ص323.

2- موحسینی، مەنوچێهیر، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و-کۆمەڵێك وەرگێر ص604.

3- هەمان سەرچاوەی (1) ص35.

4- گۆڤاری سەردەم، ژ 29، لا3، ساڵی 2003.

5- الناطور، د-شمادة الناطور و د-احمد عوداث و اخرون، مدخل الى تاريخ الحضارة، ص14.

6- هەمان سەرچاوەی (2) لا 103.

7- کلۆس، پیتەر، کلۆس، ئەنسرۆپۆلۆژیای کولتووری. و-خلیل محمد شلّماش، لا61.

8- سیوەیلی، ڕێبوار، قەفەسی ئاسنین، لا85.

9- Ruth benddict (Patterns of culture) p. 42.43.

10- گ. مەدەنیەت، ژ80، ساڵی 2000.

11- الحسن، د. احسان محمد الحسن، النظريات الاجتماعية، ص259.

12- هەمان سەرچاوەی (11) لا 222.

13- Henrry Barnes (History of Soalogy). P206.

14- خلدون، ابن خلدون، المقدمة ص125.

15- هەمان سەرچاوەی (5) لا 82.

16- Dawson and Caettys. (Anintroduction to Soaology) p583-585.

17- هەمان سەرچاوەی (14) ص 378-377.

18- کلۆس، پیتەر کلۆس، و-خلیل محمد شەڵماشی لا85.

19- هەمان سەرچاوەی (18) لا 174.

20- سلمان، عبد علی سلمان، الانثروبولوجيا الاجتماعية، ص69.

21- هەمان سەرچاوەی (1) لا 327.

22- هەمان سەرچاوەی (20).

23- هەمان سەرچاوەی (5) لا 133.

24- باقر، طه باقر و فوأد سقر، المرشد الى موطن الاثار و الحضارة، الرحلة الخامسة ص3.

25- یوسف ئەحمەد دەرگەڵەیی، مێژووی شاری هەولێر. ص29.

26- هەمان سەرچاوەی (25) لا 30.

27- هەمان سەرچاوەی (1) لا 364.

28- هەمان سەرچاوەی (25) لا 34.

29- هەمان سەرچاوەی (14) لا 147.

30- شريف، عبدالقادر طاهر شريف، المجتمع الكردي، ص38.

31- هەمان سەرچاوەی (1) لا 6.

32- الحسن، د. احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، ص32.

33- بەرزنجی، عمر لەتیف بەرزنجی، مزگەوتو تەکیەکانی هەولێر ص398-401.

34- هەمان سەرچاوەی (33) ص 401.

35- هەمان سەرچاوەی (1) لا 325.

36- هەمان سەرچاوەی (1) لا 294.

37- mAciever and Page (Socity) p580.

38- هەمان سەرچاوەی (1) لا 286.

39- هەمان سەرچاوەی (33) لا 13.

40- هەمان سەرچاوەی (25).

41- هەمان سەرچاوەی (32) لا 171.

42- هەمان سەرچاوەی (25) لا 28.

43- هەمان سەرچاوەی (32) لا 423.

44- هەمان سەرچاوەی (30) لا 34.

45- هەمان سەرچاوەی (30) لا 167.

46- هەمان سەرچاوەی (30) لا 167.

47- النوري، د. قيس النوري، د. عبدالمنعم الحسن، النظريات الاجتماعية ص 238.

48- هەمان سەرچاوەی (30) ص73.

# حکومەتو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

**نووسینی: برتراند رسل**
**وەرگێڕانی: ئەژین عبدالخالق**

لەزۆربەی هۆزە سەرەتاییەکاندا پێوەندی کۆمەڵایەتی لەلای تاك، تائێستاش لەسەر بنەمای فاکتەرە دەروونییەکان بونیادنراوە، بەبێ ئەوەی پێویست بەبوونی دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی بکات لەدەرەوەی تاك. گومان لەوەدا نییە کە هەندێك دابو نەریتی هۆزگەرایی هەن کە تاکەکانی ناو هۆز ملکەچی دەبن، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئێمە پێمان وایە ئەنجامەکەی نەبوونی پاڵنەری دەروونییە کە پاڵپشتیکەری کەسە بۆ ملنەدانەبەر، لەبەرئەوە پێویستیمان بەبوونی هێزێکی پۆلیسی نییە بۆ پارێزگاری کردن لەم پێوەندییە کۆمەڵایەتییەی نێو خەڵك. لەچاخی بەردینی یەکەمدا، هۆزەکان لەنێو ڕەوشێکدا دەژیان دەتوانین پێیان بڵێین ئاژاوەگەرایی بووە، بەڵام لەکۆمەڵگای نوێدا فاکتەری کۆمەڵایەتی باڵا دەستەو ڕێنیشاندرەی ڕەفتاری تاکە وەکو ڕێنیشاندەرێکی کۆمەڵایەتی کار دەکات، بەڵام لەچاخی بەردینی دووەمدا خەڵك بەجۆرێك ژیاون جیاواز لەگەڵ ژیانی سەردەمانی پێش خۆیان، چونکە حکومەتیان خاوەن دەسەڵات بووە بەسەر خەڵك، هەروەها کاری کردووە بۆ بڵاوبوونەوەی هاوکاری لەنێوانیاندا، ئەو دیاردیەش بە پشکنینو تەماشاکردنی پاشماوەی کۆن ڕوونتر دەبێتەوە، بۆ نموونە ئەگەر هاوکاریو دەسەڵاتی حکومەت نەبووایە، هەرەمەکان لەمیسر بونیاد نەدەنران، بەڵام لەلایەنێکی تریشەوە دەتوانین بڵێین کە یەکەی کۆمەڵایەتی لەلای ئەم هێزانە لەئەنجامی جەنگ بەرهەمهاتووە. مادام وایە جەنگی سەردەمانی کۆن لەسەر داماویو بەکۆیلە بوون بونیاد نراوە، چونکە لایەنی براوە دەیتوانی سنوورەکانی فراوانتر بکاتو ژمارەی تاکەکانی زۆرتر بکات لەسەر حیسابی لایەنی دۆڕاوی شەڕەکەدا.

جەنگ بەم شێوەیە فاکتەرێك بووە لەفاکتەرەکانی هاوپەیمانێتی لەنێوان دوو هۆز یان زیاتر لەدژی یەك دوژمنی هاوبەش، ئەم هاوپەیمانێتییەش ڕۆڵی هەبووە لەدروستبوونی هاوپەیمانییەتێکی فراوانترو گەورەتر لەدانانی پلانو نەخشەکێشاندا، لەئەنجامدا بووە هۆی سەرهەڵدانی هێزێکی باڵا دەست کە چەندین

هــۆز ملکەچــی دەســەڵاتەکەی بــوونو نــاوی حکومەت بوو.
بەســەرهەڵدانی دەســەڵاتی حکومــەت، هەنــدێك کەس لەهەندێکی تــر زۆرتــر دەســەڵاتدار بــوون، هێزی ئەو خەڵکانەش پــشتی دەبەســتا بــەزۆری ژمارەی ئــەو کەســانەی کــە حوکمیــان دەکــەن. خۆشەویــستی دەســەڵات، حــەزو ئــارەزووی جەنگی ورووژاند، ئــەوەی زیــاتریش هــانی ئــەم حەزو ئارەزووەی دەدا، بــەکارهێنانی دۆڕاو بــوو لەخزمــەتی بەرژەوەنــدی ســەرکەوتەوان، واتــا کۆیلەکان لەبری ئەوەی بکوژرا بووان، دەبوونــە هێــزی کــار، چــونکە پێــشووتر چارەنووســیان مردن بوو، بەم شێوەیە ئــەم کۆمەڵانــە ســەریان هەڵدا کە هێزی حکومەت پاڵپشتی لێدەکردن.
حکومەت کە هەوڵیدا فاکتەرەکانی ڕقو کێشەی نــاوخۆیی لــەناو ببــاتو ڕۆحــی هاوکــاری لــەنێو تاکــەکانی کۆمــەڵگا بڵاوبکاتــەوە بــۆ ئــەوەی بتــوانێ بــەرەنگاری دوژمنــانی ببێتــەوە. بــەم جۆرە دەسەڵاتی پاشاو میرەکــان فــراوان بــوو. بــۆ نموونــە لەمیــسری کۆنــدا مــیر دەســەڵاتێکی فراوانــی هــەبوو، بەشــێوەیەك هــیچ دەســەڵاتێك نەیــدەتوانی خــۆی لەقــەرەی بــدات، تــەنیا دەســـەڵاتی کاهینـــەکان نـــەبێت، ئـــەوانیش کەسانێك بوون تایبەت بەکاری ئاینی. میرەکــان خــەڵکیان بــۆ بەرژەوەنــدی تایبــەتی خۆیــان بەکاردەهێنا، بۆ نموونــە دروســتکردنی کۆشــكو هەرەمــەکان، کەواتــە کەمایــەتی بــاوبوو لــەم کۆمەڵگایانــەدا. کەمایــەتی ئــەوکات، پێکهــاتبوو لــەمیرو دەســتو پێوەنــدەکانیو کاهینــەکان، دەسەڵاتەکانیـــشیان لەســـــەر گوێڕایـــــەڵی وەســتابوو، زۆر لــەو خەڵکانــەی لــەم جــۆرە

بارودۆخـــە ژیـــاون ژیـــانێکی پـــڕ ســـەختیان چەشتووە، بەڵام بەختەوەریش بوونی هــەبووە، بەتایبەتی لەکاتی خۆشگوزەرانیدا. لای خەڵکی ئەو کات وا باوبوو خۆیــان لــەپێناو وڵات بــەخت بکــەن، ئــەم دیــاردەش لــەو شــوێنە بــاوبوو کــە ئێــستا ئێمــە بەخۆرهــەڵاتی ناوەڕاســت نــاوی دەبــەین. یــەکێتی نــاوخۆیی پــشتی بــەئاینو دەسەڵاتی ڕەهای میر دەبەستا. ملکــەچ نــەبوو بۆ بڕیارەکانی میر، بەدەرچوون لەئاین دادەنراو دەبووە هۆی تووڕەبــوونی خواوەنــدەکان. مــادام دەسەڵاتدارەکان بڕوایــەکی ڕاستگۆیانەیان بــەم مەســەلانە هــەبوو، بۆیــە هەوڵیانــدا خــەڵکانی تریش بڕوای پێبێنن، بۆیە هاتن فێریــان کــردن، وەکو چۆن ئاژەڵی مــاڵی فێــری هەنــدێك کــاری سادە دەکرێت.
زۆرجـــار ســـەرکەوتنی ســـەربازی دۆڕاوەکـــان ملکەچی براوەکــان دەکــات، ئــەوە لەســەردەمی ڕۆمان لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست ڕوویدا. ئینــگلترا ئەکاتــە یــەکێتی نــاوخۆیی بەدەســتهێنا، کاتێــك یەکێك لەدەسەڵاتدارە بیانییەکان هێرشی کــردە ســەرو پــەلاماریــدا، هــەمان شــت بــۆ ئیــسپانیاو فەرەنــساش ڕاســتە. جێگــری ئــەمنو ئاســایش لەزۆر لەوڵاتە کۆنــەکان نــەبووە، جگــە لەمیــسر نەبێت کە لەهەنــدێك ســەردەمدا بــاری ئاســایش تــەواو جــێگیر بــووە، هــۆی نــەبوونی جێگــریــی ئـــەمنو ئاســایـــشیش پەیوەســـتبوو بەپـــــەرە نەســـەندنی ئـــامێرە میکانیکییـــەکانو لاوازیو نەبوونی تەکنیك. ئەسـپ خێراتـرین شـتبوو بـۆ گواســـــتنەوە، ئاشکراشـــــە گواســـــتنەوەی ســـەربازیش لەشــوێنێکەوە بــۆ شــوێنێکی تــر مەسەلەیەکی زەحمەتــە، بۆیــە زەحمــەت بــووە

بتوانرێت ئەم شۆڕشانە لەناوببرێت کە لەهەندێك ناوچەو شوێنی دوور دەستی وڵاتەکە روویاندەدا، ئەوەش بووە هۆی سەرهەڵدانی هەندێك میرو پاشای تری ناوچەیی‌و دابەشبوونی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر هەندێك هەرێمدا، لەئەنجامدا دەسەڵاتی ناوەندی هەڵوەشایەوە، ئەو ناوچانەش سەربەخۆیی خۆیان وەرگرت. هەریەکێك لەسەرکردە جەنگییەکانی وەکو هۆلاکۆو ئەسکەندەرو جەنگیزخان حوکمی ئیمپراتۆرییەتێکی فراوانیان کردووە، بەڵام ئەو ئمپراتۆرییەتانە هەر لەدوای مردنی ئەو سەرکردانە هەڵوەشاوەتەوە، چونکە راستەوخۆ کۆتایی هاتووەو درێژەی نەکێشاوە، بەشێوەیەکی گشتی ئەو دەوڵەتانە پەیوەستی هێزو ناوداری سەرکردەکان بوون. لەم جۆرە ئیمپراتۆرییەتانە هیچ جۆرە یەکێتییەکی دەروونی بوونی نییە، بەڵکو تەنیا پشتی دەبەستا بەیەکێتی سەربازی، واتا یەکێتی لەژێر سایەی زەبرو زەنگدا، بەڵام لەرۆما بارودۆخەکە جیاوازتر بوو، شارستانییەتی رۆمانی ـ یۆنانی لەسەر بنەمای رۆشنبیرکردنی تاکەکانیان بونیاد نرابوو، نەوەکو تەنیا ملکەچ پێکردنیان بەزەبری هێز.

لەو کاتەی کە شێوازی نوێی تەکنیکی داهێنراوە، مومکین نەبووە بتوانرێت پارێزگاری لەئیمپراتۆرییەتە گەورەو فراوانەکان بکرێت بەبێ هانا بردنە بەر چینە بەرزەکانی کۆمەڵگاو خۆشویستنیان لەلای خەڵك بۆ مسۆگەرکردنی لایەنگران. بنەمای دەروونی پێوەندی کۆمەڵایەتی لەلایەنگیری بۆ دەوڵەت پەیوەستە بەوەی خەڵك ملکەچی دەسەڵاتی گەورەکانیان بنو رێزیان بگرنو خۆشیان بووێن. بەڵام فراوانی ئیمپراتۆرییەتەکانو چڕبوونەوەی هۆزەکانو نەگونجانیان بەیەکەوەو سەختی جوڵاندنەوەی سەرباز لەنێو ئەو خاکە فراوانەی دەوڵەت، بووە هۆی ئەوەی ئیمپراتۆرییەتەکان بەرەو هەڵوەشاندنەوە بچن.

لەبەرئەوەی سانا نەبوو حکومەتی ناوەندی بتوانێت شۆڕشە ناوخۆییەکان لەهەرێمە جیا جیاکاندا لەناو ببات. ئەم دیاردانە لەچاخی نوێشدا دووبارە بوونەوە، زەحمەتی جوڵانەوەی سەرباز هۆی سەرەکی لەدەستدانی ئیسپانیاو پوتوگالو ئینگلترا بوو بۆ کۆلۆنییەکانیان لەئەمریکا. بەڵام ئەو وڵاتانە هەوڵیاندا لایەنگرییەکی قووڵتر لای ئەو کەسانە دروست بکەن کە سەربەخۆیان بوونو لەنێو کۆلۆنیالەکاندا دەژیان، ئەویش لەرێگای بەکارهێنانی شێوازە جیهانییە تازەو نوێیەکاندا.

زانستی نوێ بەتەنیا لێکنزیکی کۆمەڵایەتی لەنێو خەڵك دروست نەکرد، بەڵکو وایکرد گروپو کۆمەڵە گەورەکانی خەڵك لەهەردوو لایەنی ئابووری‌و سەربازییەوە پێویستییەکی گەورەش بن. بەم شێوەیە سوودەکانی بەرهەمهێنان ئەوەندە فراوانو زیاد بوو، بەشێوەیەك پێویست ناکات لێرەدا باسی بکەم. هەمووشمان گرنگی بەدەستهێنانی سوودەکانی بەرهەمهێنان لەبەدیهێنانی یەکێتی نەتەوەیی لەئەورووپای خۆرئاوا دەزانین. لەسەردەمانی کۆندا، رووباری نیل بووە هۆی دروستکردنی یەکێتی لەنێو میسرییەکاندا، سوودەکانی دۆڵی

تینسی‌و بەرزاییەکانی رووباری سنت لورنس‌و ئـەو هـەموو پێـشکەوتنە پیـشەسازی‌و کۆمەڵایەتییانەی لەگەڵ خۆیان هێنایان، دیارو بەرچـاوە. چـونکە لـەوێوە وزەی کارەبـایی سەری هەڵداو گەیشتە چەندین ناوچەو شوێنی جیا جیا، بەوەش لەڕووی مادی‌و مەعنەوییـەوە سوودی زۆری هەبوو، جگە لەوەی سـوودەکانی ناوچەیەکی گەورەتریشی گرتەوە. ئەگـەر مـرۆڤ بتوانێت هێزی ئەتۆمی بۆ مەبەستی مرۆڤایـەتی بـەکاربێنێت، ئـەوە سـوودێکی گـەلێك زۆری هەیـە، چـونکە ئـەو هێزانـەی لـە بەکارهێنانـدا سـنووردارن، بـەڵام پڕلەمەترسـین، ئەگـەر بـۆ مەبەستی مرۆڤانە بـەکاربێت، سـوودیان گـەلێك زۆرە، بـەجۆرێك ڕەنگـە ئەگـەر بەشـێوەیەکی بـاش‌و زانستییانە بـەکاربهێنرێت، سـوودەکانی لەژماردن نایەت.

هەوڵـدەدەم ئـەوەی لـەم بەشـەدا ماوەتـەوە، بـــەخێرایی چارەســـەرێکی پێـــشڤەچوونی حکومـــەت بخەمـــە ڕوو. کـۆنترۆڵی حکومـەت لەسەر ژیانی خەڵك بەتێپەڕینی کات گۆڕانی زۆر جیـــاوازی بەســـەرداهاتووە، بەشـــێوەیەك دەسەڵاتی حکومەت هەر تەنیا وەکو دەسـەڵات زیاتر نەبووە، بـەڵکو ڕادەی دەست تێـوەردانی حکومـــەتیش لـــەژیانی خـــەڵك زیـــاتر بـــووە. لەســـەردەمانی کۆنـــدا شارســـتانییەت لـــەنێو گـەلانی میـسرو بابـل‌و هاوسـەردەمەکانیانداو گەلانی ئێستاوە بـڵاو بۆتـەوە، چـینی سـەرووی کۆمـــەڵگا، واتـــا مـــیرو کاهینـــەکانی نێـــو ئـــەو ئیمپراتۆرییەتانـــە چـــالاکییەکی سیاســـی دیاریکراوو هەستپێکراویان هـەبووە، بـەڵام ئـەو جۆرە چالاکییە لەنێو چینەکانی تـری کۆمـەڵگا بـــوونی نـــەبووە. بۆیـــە کاهینـــەکان توانیـــان بەڕادەیـەکی زۆر دەسـت بخەنـە نێـو ژیـانی خەڵکەوە. میرەکان دەسەڵاتی ڕەهایـان بەسـەر هەموو شـتێکدا هـەبوو، تـەنیا کاروبـاری ئـاینی نـەبێت. دەیـانتوانی خـەڵك بـەرەو مـاڵوێرانی‌و جەنگ ببەن. لەنێو میسری کۆندا پـیرۆزی پلـەو پایـەی پیـاوانی ئـاینی‌و دەسـەڵاتی مـیر بـووە هۆی ئەوەی کۆمەڵگایەکی جێگیر سەرهەڵبدات، بـەڵام ئـەو جـۆرە لـەجێگیری‌و ئـەمن ئاسایـشە لەسـەر حیسابی چەوساندنەوەی خـەڵك بـوو. کەچی لەکۆمەڵگاکانی تـری ئەوکاتـەدا، جۆرێـك لەچەقبەسـتن هـەبوو بەشـێوەیەك لەگەڵیـدا دروستبوونی ململانێ‌و بـەرەنگاری کـارێکی زۆر زەحمەت بـوو، وەکـو ئـەوەی لەجـەنگی نێـوان گریك‌و فارسەکاندا دەردەکەوێت.

گریکـەکان شارسـتانییەتێکیان بونیادنـا کـە پێـشتر ڕەگـەزو ڕایەڵـەکانی لەلایـەن بـاوو باپیرانیانەوە جێگیر کرابوو، ئەو شارستانییەتە لەســـەر بنـــەمای دەوڵـــەتی بـــچووك بـــچووك بونیـــادنرابوو کـــە پـــشتیان بـــەبازرگانی‌و بـەکارهێنانی دەریـا دەبەسـتا، بـەڵام دەوڵەتـە شـارەکانی گریـك لـەنێو خۆیانـدا لـەبارەی ئـەو ئازادییـەی دەبێـت بـەهاوڵاتی بـدرێت نـاکۆك‌و ناتـەبا بـوون. ئەگـەر ئەسـبارتە بـەلاوە بنـێین، دەبیـــنین ئـــازادی هاوڵاتیـــان تاڕادەیـــەکی زۆر مـسۆگەر کرابـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا، زۆر لـەو دەوڵەت‌و شارانە لەهەندێك کاتدا دەکەوتنە ژێـر دەسـەڵاتی ڕەهـای پاشـاکانیانەوە. شۆڕشـیش لـەو وڵاتـە بـچووکانەدا ئاسـان بـوو، بـەجۆرێك شۆڕشـگێڕان بەئاسـانی دەیـانتوانی سـنووری وڵاتەکەی خۆیان ببەزێنن‌و بچنە نێـو سـنووری

ولاّتانی دەوربەر، تەنانەت زۆرجار ئەو ولاّتانە خۆیان لەپشت ئەو شۆڕشانە بوونو هانیان دەدا.

لەسەردەمی حوکمی گریکیدا ئاژاوەیەکی سیاسی گەورە هەبوو کە عەقڵی سیاسی نوێی ئێستاش ناتوانێت قبوولّی بکات، بەلاّم دانیشتوانی یۆنان ـ تەنانەت شۆڕشگێڕانیشیان ـ لەسەر لایەنگیری ولاّتو خۆشەویستی ولاّتدا ڕاهاتبوون، بەجۆرێك ئەگەرچی لەنێو خۆشیاندا ناکۆك بوون، بەلاّم ناکۆکیان لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی ولاّت بوو. مەزنی یۆنانییەکان لەلایەنی بەرهەمی هونەرییەوە ڕەنگە بەهۆی لاوازیان بوو بێت لەلایەنی سیاسییەوە، چونکە ئەوان هێندەی بایەخیان ئەهونەرو ئێستاتیکا دەدا، ئەوەندە بایەخیان بەسیاسەت نەدەدا.

ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی کاتێك فراوان بوو، بەشێکی زۆری هەستی لایەنگیریو ئینتیمای لەنێو هۆزەکانی خۆیدا دروستدەکرد، بەلاّم ڕەفتاری هەندێك لەم ئیمپراتۆرانە هەندێك خەڵکی بێزار کرد، بەوەش ئەو لایەنگیرییەی کە هەبوو، درزی تێکەوتو چەند پارچەیەکی ئیمپراتۆرییەتەکەی لێ جیابووە، ئەوەی ئەو درزەشی زیاترو گەورەتر کرد، سەپاندنی باجی زۆر بوو بەسەر خەڵك کە بووە هۆی بێزاریو تووڕەییان.

ڕۆما لەبەرئەوە نەیتوانی یەکێتی جیهانی لەنێو نەتەوە شارستانییەکانی ئەو کاتدا دروست بکات، چونکە لەبەشێکی زۆری خۆی نامۆو دوور دەستبوو. نەشیدەتوانی لەلایەنی دەروونییەوە خەڵك ئامادە بکات کە بتوانن بالاّ دەستی ئەو قبوولّبکەن، بۆیە تووڕەییو بێزاری بەشێکی زۆری ئیمپراتۆرییەتەکەی گرتەوە، بەهۆی بلاّوبوونەوەی مەسیحییەتیش خەڵکێکی زۆریش گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ئەو جیهانەی ئەوان تێیدا دەژین، جیهانێکە کۆتایی دێتو بەرەو لەناوچوون دەڕوات، بەلاّم ژیانی ڕاستەقینە ئەو ژیانەیە کە لەدوای مردنەوە دێت. بەداڕمانی ڕۆما، جیهانی خۆرئاوا دووچاری گۆڕانێکی گەورە بوو، بازرگانی زۆر کەم بۆوەو ڕێگاکان پڕ بوون لەمەترسیو میرو پاشاکانیش پەلاماری یەکتریاندا، بەشێوەیەك هەرێمەکانیان بچووك بۆوەو ژمارەشیان کەمتر بۆوە. کۆیلایەتی لەناو چوو، لەبری ئەویش کۆیلایەتی زەوی شوێنی گرتەوە. هەرێمە بچووکەکان لەلایەنی ئابوورییەوە پشتیان بەخۆیان دەبەستا، بۆیە لەلایەنی پێوەندییەوە زۆر لاواز بوون، بەنەمانی هێزی ڕۆما وەك ناوەندی دەسەلاّت، ئەوانیش هێزیان نەما، بەشێوەیەك ژیان ئەوەندە زەحمەت بوو کە بەرگەی نەدەگیرا بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی بالاّدەستیو مەزنی ڕۆما. دەرچوونو پێشێلکردنی یاساکانیش ببوە کارێکی باو. ئەوەش هەندێك لەبیرمەندانی ناچار کرد کار بکەن لەپێناو دۆزینەوەی یاسای نوێو سەرلەنوێ بونیادنانەوەی شارستانییەت.

لەسەدەی پازدەیەمەوە تاوەکو ئێستاش بە بەردەوامی هێزی دەوڵەت زیاد دەکاتو هێزی تاك لەلاواز بووندایە. لەسەرەتاشدا داهێنانی بارود یەکێك بوو لەهۆکارەکانی بەهێز بوونی دەوڵەتو فراوانبوونی شوێنی جەگرافی. بەهێزی دەوڵەتو جێگیری باری ئاسایش بووە هۆی ئەوەی کەسانێکی زۆر بانگەشەی بلاّو

بوونەوەی ئازادی تاکە کەسی بکەن، بەپێچەوانەی ئەو کۆمەڵگایانەی لەکاتی بڵاوبوونەوەی ئاژاوەدا بەهیوای دەسەڵاتو هێزی دەوڵەت بوون تاوەکو بیانپارێزێتو ژیانیان مسۆگەر بکات. لەسەدەی هەژدەو نۆزدیەمدا هێزی دەوڵەت بەڕادەیەکی زۆر زیادی کرد تا ئەو ئاستەی توانی یاساو سیستەم بپارێزێتو باری ئاسایش جێگیر بکات، لەهەمان کاتیشدا ئازادی تاکە کەسی کەمتر دەبۆوە، بەتایبەتیش لەلای ئەو چینو توێژانەی لەئاستێکی نزمی کۆمەڵایەتیدا بوون. چاکسازە کۆمەڵایەتییەکان ئەگەرچی مەسەلەی ئازادیان فەرامۆش نەکردبووە، بەڵام بەرەو ئەوە چوون پێداویستی یەکسانی کۆمەڵایەتیو چینایەتی ڕوونبکەنەوە، بەهۆی سەرهەڵدانو دورستبوونی چینێکی نوێ لەدەوڵەمەندو سەرمایەداران کە بەهۆی شۆڕشی پیشەسازی سەریان هەڵدابوو. هەروەها پێداویستی ئامادەکاری بۆ جەنگی بەکۆمەڵ، هەموو کەسێکی گەیاندبووە ئەو باوەڕەی کە پێویستە یەکێتی نەتەوەیی دروست بێت بۆ ئەوەی بتوانێت کیانی نەتەوە لەهەڕەشە دەرەکییەکان بپارێزێت. بۆچوونێکیش بڵاوبووە کە هاوشێوەی بۆچوونی میسرییە کۆنەکان بوو لەبارەی پیرۆزی پاشاو پیاوانی ئاینی. ئەم بۆچوونانە ئەگەرچی لەخۆرهەڵات سەریان هەڵداوە، بەڵام لەوکاتانەدا لەخۆرئاواش خاوەن هێزبوون. حکومەتو کۆمپانیا پیشەسازیو بازرگانییەکان تاڕادەیەکی زۆر سنوورو شێوەی ئازادی تاکیان دیاریکردبوو، ئەوەش ببووە هۆی لاوازی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، ئەم دیاردەیەش هەمان دیاردەیە کە پێشتر هەڕەشەی لەڕۆمای کۆن کردبوو، هەڕەشەشە لەسەر چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان.

من بەردەوام هەندێك نامەم لەکەسانێکەوە پێدەگات دەنووسن کە جیهان بەرەو فەنابوون دەڕواتو تاکیش ناتوانێت ڕێگا لەو کارە بگرێتو هەڕەشەکان لاببات. نووسەری ئەم نامانە دەیانگووت ژیانو موڵکدارێتی وەکو دوو واقیع کەوتوونەتە ژێرکۆنتڕۆڵی چەند کەسانێك، تەنیا ئەو کەسانەن کە بڕیاری جەنگو ئاشتیان بەدەستەوەیە. چالاکی هەرە گەورەی ئابووریش بەدەستی ئەو کەسانەوەیە کە حکومەتو کۆمپانیا مەزنەکان بەڕێوە دەبەن، تاکیش تەنانەت لەو وڵاتانەی کە بەدیموکراسیش ناودەبرێن، گرنگییەکی ئەو تۆو ڕۆڵێکی بینراوی نییە لەسیاسەتی باڵای وڵاتدا. دواتریش ئەو نووسەرانە دەنگەنە ئەو ئەنجامەی کە لەم حاڵەتەدا کاری تاك تەنیا ئەوەیە خۆی پەیوەست نەکات بە بەرژەوەندی گشتیو بەپێی دەرفەت سەرقاڵی کارو چێژی تایبەتی خۆی بێت. ئاسان نییە مرۆڤ وەڵامی ئەو جۆرە نامانە بداتەوە. ئەو ڕەوشە گشتیو کەمەڵایەتییەی ئێستای دەوڵەتە پاڵ بە هەندێك کەسەوە دەنێت ئەو جۆرە نامانە بنووسن.

هەموو ئەوانە ئاماژەن بۆئەو درزە گەورەی لەنێوان دەسەڵاتو خەڵکدا هەیە، ئەم حاڵەتە کۆمەڵێك کێشە لەگەڵ خۆیدا دێنێت کە من خۆم پێم وانییە بتوانم چارەسەرێکی سەرکەوتووی بۆ بدۆزمەوە، بەڵام پێم وایە هەنگاوی یەکەم بۆ بەدەستهێنانی ئەم چارەسەرییە، بریتییە لەدەستنیشانکردنی

نەخۆشییەکە، دواتریش هەوڵبدرێت شێوازەکانی چارەسەی بگیرێتە بەر تاوەك باشتر بکرێتو چارەسەر بێت.

بنەمای پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ــ وەکو ئەوەی ئاماژەمان بۆ کرد ــ لەسەر لایەنگیری بۆ هۆز بونیاد نراوە، ئەو هۆزەی ژمارەی تاکەکانی سنوردارەو هەموویان یەکتری دەناسن. دیاردەی یەکتر ناسینی کۆمەڵایەتی، دیاردەیەکی ئاڵۆزە لەنێو دەوڵەتدا لەبەرگەورەیی ڕووبەرەکەیو زۆری دانیشتوانی. شێوە لایەنگیری کۆن بۆ هۆز، ئێستا وەکو پێشتر ئەکتیڤ نییەو لەئەنجامی شێوازی ڕێکخستنی نوێدا خەریکە دەپووکێتەوە، ئەو شێوازە لەڕێکخستن کە پێداویستی ژیان دروستیکردووە. خەڵکی ئینگلیزیو ئوسکوتلەندی دەتوانێت هەست بەو سۆزو لایەنگیرییە بکات بۆ بەریتانیا، ئەو شتانەیان لەبیرە کە شکسپێر لەبارەی وڵاتەوە گوتوویەتی، ئەوەش دەزانن کە دوورگەیەکە بەهۆی باری سروشتییەوە بەکۆمەڵێك بەربەستی سروشتی لەوڵاتە دراوسێکانی جیا دەبێتەوە، جگە لەوەی کە ئینگلیزو ئوسکوتلەندییەکان مێژووی بەریتانیا شارەزان، بەتایبەتیش مێژووی جەنگو پێشکەوتنی پیشەسازیو زانستی، هەروەها دەزانن کە دانیشتوانی کیشوەری ئەوروپا بەزمانی بێگانە دەدوێن، بەڵام ئەگەر بمانەوێت لایەنگیری بۆ ئەوروپای خۆرئاوا جێگای لایەنگیری بۆ بەریتانیا بگرێتەوە، ئەوە دەبێت ئینگلیزیو ئوسکوتلەندییەکان هەست بەوە بکەن کە پێویستە کولتووری خۆرئاوا بەشێوەیەکی وا بپارێزرێت چونکە شتێکە لەخودی خۆیدا لەسەرووی سنوورە نیشتیمانییەکانەوەیە. ئەگەر نەمانتوانی ئەو وشیارییە دروست بکەین، ئەوە هیچمان بۆ نامێنێتەوە تەنیا یەك پاڵنەر نەبێت کە بۆ ئەو مەبەستە گونجاوە، ئەویش ترسە لەبوونی هەڕەشەو دوژمنی دەرەکی، بەڵام ترس پاڵنەرێکی نێگەتیڤە، لەکاتی سەرکەوتندا دەپووکێتەوە.

هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە، دەوڵەت دوو فرمانی هەبووە: یەکێکیان پۆزەتیڤەو ئەویتریان نێگەتیڤە. فرمانی

نێگەتیڤ بریتی بوو لەڕێگاگرتن لەتاکەکانی نێو دەوڵەت لەوەی دەستدرێژی بکەنە سەریەکتریو دەوڵەتیش لەدەستدرێژی دەرەکی بپارێزێت. دواتر هەوڵدان بۆ پاراستنی ژیانی تاکەکانو موڵكوماڵاتیانو سزادانی تاوانباران بەپێی سزا یاساییەکان. کەچی لایەنی پۆزەتیڤ بریتی بوو لەوەی دەوڵەت ببێتە نێوەندی ساناکردنی پێوەندی عەقڵیو سۆزداری لەنێوان تاکەکانیدا، ئەوەش بۆ دروستکردنی هەستێکی گشتی کە بریتییە لەهەستی ئینتیمای نیشتیمانی بۆ دەوڵەت.

ئەوەی لەواقیعدا ڕوویداوە ئەوەیە حکومەت بەردەوام لەزۆربەی کاتەکاندا سەرقاڵی خۆ ئامادەکردن بووە بۆ جەنگ، بۆیە حکومەت هاوڵاتیانی خۆی فێری ئەوە دەکرد کە لەناوبردنی دوژمن بەمانای داگیرکردنی خاكو زەوی ئەو دوژمنە دێتو دواتریش بەکارهێنانی لەپێناو بەرژەوەندی خۆیان.

لەکاتی ئێستادا، فرمانەکانی دەوڵەت گەلێك زیاتر بوون، بەتایبەتیش لایەنی پۆزەتیڤی

فرمانەکان، بۆیە زیاتر بایەخ بەپەروەردە کردن دەدرێـــتو زانـــستو زانیـــاری بنـــەرەتیان پێـدەدرێتو ئـەو عەقیـدەو ئایـدۆلۆژیاو بنـەما سیاسییانەیان پێدەدرێت کە بەلای دەوڵەتـەوە گرنگە بۆ مانەوە، پیاوانی ئاینیش دژایەتی ئـەو جـۆرە بۆچـوونانەی دەوڵـەت ناکـەن. ئـەوەی زیاتریش پاڵپشتی بوو لـەو کارانـە، رێکخستنی پیشەسازیو یاسا حکومییـەکان بـوو لـەبارەی کرێکـارو خـاوەن پیـشەکان، حکومـەتیش، تەنانەت لەولایەتە یـەکگرتووەکانی ئەمریکاشدا کــە ئــازادی تاکــە کــەس تێیــدا فراوانــە، بەرپرسیارێتی زۆری لەسەرشانە بۆ رێکخستنی پیشەسازیو کۆمپانیاکان. لەگـەڵ ئەوەشدا بـۆ رێکخستنی پێوەندی نێـوان تاکـەکانی، هـەرگیز حکومـەت دەستەوەسـتان ناوەسـتێت لەئاسـت کۆمپانیاکاندا، بۆیـە هاریکاری نێـوان هـەردوولا بۆتـە مەسـەلەیەکی پێویـستو هـانی کۆمپانیـا گەورەکان دەدات بۆ ئەوەی لەسەر کارەکانیـان بەردەوام بن.

لـــەکاتی ئێـــستادا بیرکردنـــەوەی سیاســـی لەحوکمکردنـدا بـەرەو ناوەندگـەرایی دەچـێت، ئـەوەش مەسـەلەیەکی پـڕ لەمەترسـییە، ئـەو جۆرە بیرکردنەوەیە بوو لەسـەدەی پازدەیەمـدا بـووە هـۆی دارمـانی سیـستەمو بڵاوبونـەوەی ئاژاوەگـــەریو هـــەژاری، هیـــوادارم لەرەوشـــی ئێـستاشدا شـتێکی وەهـا دووبـارە نەبێتـەوە، بۆخـۆ لادان لەرەوشـێکی وا دەبێـت بـەوردی لەئێـــستا بکۆڵێنـــەوەو هـــەنگاوی پێویـــست بهاوێژین بۆ چاککردنی.

کاتێـك باسـی پێوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکانمان کرد لـەڕابردوودا، ئاماژەمـان بـۆ ئـەوە کرد کـە خولیایـەکی دوو ڕوو بـوونی هـەبوو، لەلایـەکیان گەشەکردنێکی سەرەتاییانەی ناڕێکخراو هەبوو، دواتر گۆڕا شـێوەیەکی ڕێکخـراوی وەرگرتـووە، حکومـــەتیش ڕۆڵـــی لـــەو ڕێکخـــستنەدا هـــەبوو بەشـێوەیەك ناوچـەیەکی گـەورەتری گرتـووەو خـــەڵکێکی زۆریـــش لێـــی ســـوودمەند بـــوون. ڕووەکەی تری ئەو حاڵەتە زۆر بوونێکی خێـرای سامان بوو، ئەو زۆر بوونـە لەسـامان ئەگەرچـی بەیـەکجاری نـەیتوانی ناخۆشـییەکانی ڕابـردوو لـــەناو بـــەرێت، بـــەڵام بـــووە هـــۆی ئـــەوەی پێشکەوتنێکی گەورە لەشارستانییەتدا بێنیتـە دی. لەلایـــەکی تـــردا شارســـتانییەتی نـــوێ دووچـــــــاری چەقبەســـــــتوویی هـــــــاتو دەسـەڵاتدارانیش تـەنیا لەخـەمی بەرژەوەنـدی خۆیاندا بـوون، بۆیـە ئـاژاوە لـەنێوان تاکەکانـدا بڵاوبـۆوەو کۆمـەڵگاش نـەیتوانی بەشـێوەیەکی پێویـــست پێـــشبکەوێت. ئـــەوەش بـــەڕوونی لەچـینو هینـدو میزوپۆتامیـاو میـسرو یۆنـانو ڕۆمانی کۆندا دەر دەکـەوێت. نەتـەوە کۆنـەکان ئەگەر جـۆری چـەكو چـۆنییەتی بـەکارهێنانیو شـــێوازی جـــەنگی دوژمنـــەکانی خۆیـــان بزانیبووایـــە، دەیـــانتوانی بـــەرگری لـــەخۆیان بکـەن، شکـستی نەتـەوە کۆنـەکان لەبەرانبـەر هێرشی داگیرکەراندا بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە شـــارەزای شـــێوازی جـــەنگو جـــۆری چـــەکی دوژمنەکانیان نەبوون. ڕەنگە سەیر بێت کاتێك دەزانین ئەو نەتەوانـەی کـە هێرشـیان دەکردە سـەر نەتـەوەکانی تـر لەلایـەنی پێـشکەوتنەوە گـەلێك دوا کـەتوو تربـوون لەوانـەی هێرشـیان دەکرایـە سـەر، لەبەرئـەوەش بـوو هێرشـبەران نەیانـدەتوانی پارێزگـاری لـەم ئیمپراتۆرییەتـە

گەورانە بکەن کە دەستیان بەسەردا دەگرت، چونکە نەیاندەتوانی ڕێگاکانی گەیاندنو پێوەندی بپارێزن، ئەنجامیش کەمکردنەوەی یەکە ئیدارییەکان بوو، لەگەڵ جەختکردنە سەر ئیدارە.

جگە لەوانەی تازە باسمانکرد، هەندێك دیاردەی تریش هەبوو وەکو زیاتر بوونی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی حکومەت بەسەرتاکەکاندا کە هاوشانی کەمبوونەوەی ناوچەکانی ئیمپراتۆرییەت بوو. ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی زۆر لەئیمپراتۆرییەتی بابلیو میسری گەورەتر بوو، بەڵام ئیمپراتۆرییاتی نوێ لەئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیش گەورەترن، بۆیە ئیمپراتۆرییەتە کۆنەکان لەوانە گەورەتر بوون کە دواتر هاتن، بەڵام ئیمپراتۆرییەتە تازەکان لەوانیش فراوانترن، چونکە شێوازەکانی پێوەندی ساناتر بووە. لەڕابردوودا دەوڵەتێکی وا گەورەی وەکو یەکێتی شوورەوی بوونی نەبووە کە بتوانێت بەو شێوەیە ئەو هەموو خاکە گەورەو فراوانەو ئەو ڕێژە زۆرەی خەڵك بەڕێوە ببات، یا تەنانەت ئەو شێوەیەی کە تێیدا بەریتانیا حوکمی گەلانی خۆی پێدەکات. مادام زەوی سنوورێکی دیاریکراوی هەیە، ئەوە مومکینە ئێستا یەك دەوڵەتی جیهانی گەورە دروست بێت، بەڵام هەستکردن بەیەکێتی ئەو دەوڵەتە وا دەخوازێت بیر لەسەرهەڵدانی دوژمنێکی دەرەکی بکەینەوە کە هەرەشەی لەناوبردنی کیانەکەی دەکات، مادام بوونی ئەو دوژمنەش شتێکی چاوەڕوانکراو نییە، بۆیە زەحمەتە غەریزەی ترس لەنێو خەڵکدا بووروژێنێت، بەوەش سایکۆلۆژیای کۆن ناتوانێت ئەم یەکێتییە بەدیبێنێت.

کەواتە دروستکردنی لایەنگیری بۆ حکومەتێکی جیهانی کارێکی زەحمەتە. بۆ ئەوەی ئەو جۆرە لایەنگیرییە دروست بێت دەبێت هانی بەرژەوەندی خودیو دادپەروەری کۆمەڵایەتی بدەینو پشت بکەینە فاکتەری ترسو پشتی پێ نەبەستین. بەڵام ئایا ئەوە کارێکە دێتە دی؟ ئەگەر هاتە دی، دەبێتە هۆی پێشکەوتن؟ بێگومان وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە کارێکی سانا نییە.

**سەرچاوە:** برتراند رسل، السلطة والفرد، ترجمة: نوری جعفر.

# تیوری کۆمەڵایەتی


**نووسینی : ئیان کریب**

**و: ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل**


### بیرکردنەوە لەتیۆر
### خەوشەکانی تیۆر
### بۆچی بەردەوام پێویستیمان بە تیۆر هەیە؟

**دەسپێك :**

وا پێدەچێت وشەی (تیۆر) هەندێکجار زەندەقی خەڵکی ببات، ئەوەش مەسەلەیەکە پاساوی خۆی هەیە. زۆر لە تیۆرە کۆمەڵایەتییە تازەکان، زەحمەتە خەڵك تێیان بگات، یا پڕو پووچن، یا بێمانان. خوێنەر

هەست ناكات شتێكی نوێیان لێ فێر دەبێت، یا بگرە هیچ شتێكیان لێ فێر ببێت. بێگومان لەم حاڵەتەشدا چێژ وەرناگرێت. تیۆر تەنانەت لەلایەن تایبەتمەندانو قوتابیانو مامۆستایانی كۆمەڵناسیشەوە پێویستی بەهەوڵو كۆششێكی زۆر هەیە بۆ بەدەستهێنانی تێگەیشتنێكی سادە. ئەو كەسانەش چەندە دیاریكراوو كەمن كە لەگەڵ تیۆر دەگونجێن، یا بەشێوەیەكی بەپیت بەكاری دێنن.

كاتێك چاپی یەكەمی ئەم كتێبەم ئامادە دەكرد، كۆمەڵێك كاری تیۆری لەكۆمەڵناسیدا هەبوون، ئێستاش زۆر لەوانە پاشەكشەیان كردووە، بەڵام تیۆر بەردەوام بوونی هەیە. ڕەنگە هەندێك كەس وابزانن كە بوونی تیۆر تەرەفێكی فیكرییەو تەنیا كۆمەڵگا پێشكەوتووەكان پێی دەوەستن، ئەو كۆمەڵگایانەی ڕێگا بە تاكەكانیان دەدەن لە سایەی پراكسیسكردنی وازی ئاڵۆز داهاتی بەرز بەدەست بێنن. بەڵام ئەوە ڕووی نەدەدا ئەگەر هەندێك بابەتو مەسەلەی ڕاستەقینە بونیان نەبوایەو پاڵ بە مرۆڤ نەنێن هانا بباتە بەر تیۆر. لەڕاستیدا ئەو بابەتو مەسەلانەی مرۆڤ ناچار دەكەن هانا وەبەر تیۆر ببات، بەتەنیا پەیوەست نییە بەلێكۆڵینەوەی كۆمەڵایەتی، بەڵكو ئەوانە مەسەلەیەكن ئێمە هەموومان ڕۆژانە ڕوو بەڕوویان دەبینەوە، وەكو هەوڵو كۆششمان بۆ تێگەیشتن لەدەوروبەری خۆمانو خەڵكانی تریش، یا ئەوانەی هەڵقوڵاوی خەیاراتی ئەخلاقیو سیاسین.

بۆیە هۆكاری ڕاستەقینەی سەرەكی هەیە كە پاڵ بەمرۆڤەوە دەنێت كاری تیۆری بەرهەم بێنن، بێگومان دیارە هۆكاری تریش هەن كە دەبنە هۆی ئەوەی وابكەن زۆرجار ئەنجامی ئەم تیۆرانە سودبەخش نەبێت. گەشتی نێوان كێشەو ئەنجامەكان گەشتێكە بەنێو ئەو مادانەی خوێندندا دەیكەین كە تایبەتن بە تیۆری كۆمەڵایەتیو دانانو داڕشتنی تیۆرەكان، ئەوەش گەشتێكی پڕ مەترسییە.

بەهەرحاڵ دەست پێكردنمان بە فێركردنی تیۆر بەهیچ شێوەیەك ئەم گەشتە ساناتر ناكات، چونكە سروشتی كۆمەڵناسی بەم جۆرە نییە كە ڕێگامان پێبدات ڕاستەوخۆ ڕووبكەینە توێژینەوەی كردارەكیانەی پڕ لەزانیاری لەبارەی ژیانی كۆمەڵایەتییەوە بۆ تیۆری كۆمەڵایەتی. چونكە سروشتی تیۆری كۆمەڵایەتی وایە گشتگیرەو بانگەشەی ئەوە دەكات گوایە پێوەندی بەهەموو بوارو كایە سەربەخۆكان هەیە كە كۆمەڵناسان باسی لێوە دەكەن. بۆ نموونە، ئێمەش ناتوانین ڕاستەوخۆ لەلێكۆڵینەوە لەبۆچوونەكانی كرێكارانەوە بچینە سەر تیۆرێكی دیاریكراو، چونكە هەر تیۆرێك كە خاوەنی بەهایەكی زانستی بێت، دەبێت مەسەلەی وا چارەسەر بكات كە زۆر لەبۆچوونی كرێكاران زیاتر بێت. ئێمە پێویستە لەسەرمان هەردوو شێوازی كاركردن بەیەكەوە كۆبكەینەوەو گرێیان بدەین، بۆیە دەبێت توێژینەوەكانمان لەبارەی واقیع بەو سیفەتەی كە مادەی خامی تیۆرە بەكاربێنینو تیۆرەكەشمان بۆ ئەوە بەكاربێنین تاوەكو یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتن لەئەنجامی توێژینەوەكانمان لەواقیع. بەڵام كاتێك فێری تێۆرەكە دەبین، ئەوە دەبێت لە خودی

تیۆرەکەوە دەست پێبکەین، ئەوەش مەسەلەکە قورس دەکات.

لەگەڵ ئەوەشدا فاکتەری تر هەیە کارەکە قورستر دەکات. کولتووری ئێمە کولتوورێك نییە تیۆر بەسانایی وەربگرێت. زۆربەی هەرە زۆرمان بەشێوەیەکی هەست پێنەکراو فێری ئەوە دەبین بڕوا بەتیۆر نەکەین‌و لێی دوو دڵ بین، یا بگەینە ئەو بڕوایەی تێور لەئیدراکی ئێمە تێپەڕ دەکات. تیۆری کۆمەڵایەتیش حەساسیەتی تایبەت بەخۆی ئافرێدە دەکات. بەشی هەرە زۆرمان تەنیا شتێکی کەم لەبارەی زانستە سروشتییەکان دەزانین، لەگەڵ ئەوەشدا پێمان وایە سروشتزانی تیۆری شتێکی باشە، چونکە وا دیارە ئەم زانستە ئەنجامی کردارەکیانەی هەیە، تەنانەت ئەگەر لەوەش دڵنیابووین کە ئێمە ناتوانین فێری ئەم زانستە بین، بەڵام ئەو کەسانە هان دەدەین کە دەتوانن فێری بن. لەبەرانبەردا، تیۆری کۆمەڵایەتی وا دەردەکەوێت وەکو ئەوەی هیچ ئەنجامێکی کردارەکی نەبێت. لەوەش خراپتر ئەوەیە کەباسی هەندێك بابەت دەکات کە زۆر لێی شارەزاین، ئەویش ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەیەو چۆن گۆڕاوەو بۆتە پووچیەك کە کەس تێی ناگات.

ئەوەی مەسەلەکەش قورستر دەکات، ئەوەیە کە توێژینەوە لەتێوری کۆمەڵایەتی‌و گوتنەوەی ئەم وانەیە لەنێو کەش‌و هەوایەکدا بەڕێوە دەچێت کە تەموو مژاوییە، ئەوان خۆیشیان یارمەتیدەرن لەدروستکردنی ئەو کەش‌و هەوایە، ئەوەش دەبێتە هۆی دروستکردنی ژینگەیەکی نەگونجاو بۆ خوێندن‌و توێژینەوە.

بۆ نموونە، ئەو مامۆستایەی کە مامۆستای تیۆرەو بایەخ بەوانەی تیۆر دەدات، بەردەوام جۆرێك لەڕێزی هەیە کە تێکەڵاوە لەگەڵ ئیرەیی‌و ڕق‌و کینەیەکی زۆر. لەو بەشە زانستیانەشدا کە ئەو کەسانە بۆ خۆی کێش دەکات کە بایەخ بەلێکۆڵینەوەی مەیدانی‌و بارودۆخی تایبەت بەلێکۆڵینەوەی زانستی دەدەن‌و لەڕێگای ئەم لێکۆڵینەوانەشەوە ناوبانگ بەدەست دێنن، تیۆریست بەشتێکی زیادە دادەنرێت کە پێویست ناکات‌و بارگرانی دەخاتە سەر هاوڕێکانی. بۆیە لەکۆتاییدا تیۆریست پلەو پایەیەکی نزمتری پێدەدرێت بە بەراورد لەگەڵ هاوڕێکانیدا. وەکو پەرچەکردارێکیش لەبەرانبەر ئەوەدا، زۆر لەوانەی خۆیان بە تیۆریست دەزانن بەکبریائەوە دەڕواننە خەڵك، ئەوانە پاشەکشە لەکارەکانی خۆیان ناکەن‌و زیاتریش ڕۆدەچنە نێو تەموو مژی‌و ئاڵۆزی. زۆرتریش ئەم کارە لەناو قوتابیانی خوێندنی باڵاوە دەست پێدەکات‌و دەبێتە هۆی ئەوەی بۆشایی سروشتی نێوان مامۆستاو قوتابی فراوانترو گەورەتر بکات. لەنێو خودی قوتابیانیشدا، ئەو قوتابییەی بتوانێت سەرەدەری لەتیۆر دەربکات، خۆی لەئەوانیتر بەگەورە ترو بەبایەختر دەزانێت‌و وا تەماشا دەکرێت گوایە زیرەکترە. گومان لەوە ناکەم کە زۆر لەقوتابی‌و مامۆستایان بە ئەنقەست شانازی بەوە دەکەن‌و پێشبڕکێیانە لەسەر بەکارهێنانی نوێترین وەرگێڕدراوەکانی ئەورووپاو پەڕوباڵی تیۆری خۆیان لەبەرچاوی خەڵك فش دەکەنەوە. هەموو ئەو ئاستەنگانە لەسەرە ڕێگای یەکەمدا

تووشمان دێت. پـێم وایـە زۆربـەی زۆری خـەڵك تیـۆر وەکـو وانەیـەك وەردەگـرن، چـونکە هـیچ ڕێگایەکی تریان لەبەردەمدا نییە، چـونکە تیـۆر یەکێکـە لەوانـە ئیلزامییـەکانی ژیـانی قوتـابی. بۆیە ناچارە بیخوێنێت. کەواتـە چـۆن دەکرێـت بـەم حاڵـەوە مامەڵـە لەگـەڵ تیـۆر بکرێـت؟ سودبەخش نییـە وا خۆمـان پێشان بـدەین کـە دەتوانین تیۆر سانا بکەین، بەڵام دەتـوانین وای لێبکەین لەوە ساناتر بێت کە هەیە.

## "بیرکردنەوەی تیۆری"

یەکــەم هــەنگاو بــۆ ســاناترکردن تــا لــەتیۆر تێبگــەین، ئەوەیــە چــاو بــەو شــێوازەدا بخــشێنینەوە کــە لەســایەیەوە ئــەو بابەتــە دەخەینە بەر باس. مـادام ئێمـە کاتێك لـەتیۆر دەکۆڵینەوە بە ئەنجامەکان دەست پێدەکـەین، ئـەوە چـەند سـانایە کـە قوتـابیو مامۆسـتاکان وابزانن سەرجەم مەسەلەکە بریتییە لەفێربوونی ئـەو شـتانەی ئـەو تیۆریـستە یـا یـەکێکی تـر باسیان لێوە دەکات، واتا فێربوونی تیۆرەکان. ڕەنگە ئـەوە ڕاسـت بێـت، بـەڵام ئـەوە ڕوویێکـی کارەکەیـەو کـەمتریش بایەخـدارە. دەشـێتو زۆریش سانایە مرۆڤ فێری وشە درێژەکان بێتو بزانێت بۆ نموونە تالکوت بارسۆنز چی گووتوە، ئـەم قـسانەی ئـەویش بەشـێوەیەکی گونجـاو لــــەنێو وتارێـــك یـــا لەســـەر دەفتـــەری تاقیکردنەوەکان دابڕێژێتەوە، بەڵام جگە لـەوە، واتا پەڕینەوە لەتاقیکردنەوەکان هیچ سـودێکی تری نییە. تیـۆر بەسـوودە ئەگـەر بتـوانین لێـی فێربین، لێشی فێرنابین تەنیا ئـەو کاتـە نـەبێت کە بزانین چۆن بەکاری دێنین.

دەتوانین ئەم مەسەلەیە بە شـێوەیەکی تـرییش دابڕێژینەوە، ئەویش ئەوەیە تێگەیـشتن لـەتیۆر مەســـەلەیەکە پەیوەســـتە بـــە فێربـــوونی بیرکردنـەوەی تیـۆری زیـاتر لـەوەی فێربـوونی خودی تیۆرەکان بێت.

دەتـــوانین ئـــەم شـــێوازەش لـــەفێربوون، بـــەفێربوونی زمـــانێکی نـــوێ بـــچوێنین بەشـێوەیەکی زەحمـەت، واتـا لـەڕێگای هێـدی هێـدی فێربـوونی وشـەکانەوە نـەبێتو فێـری ڕێزمانی زمانەکە نـەبین، بـەڵکو تـەنیا لـەڕێگای گوێبیـستی ئــەم زمانــەوە بێــت، ئــەوەش مەسەلەیەکی زۆر قورسە، وەکو ئەوە وایە مرۆڤ خۆی لەنێو کۆمەڵگایـەکی نـامۆ بدۆزێتـەوە، بـۆ نموونـە لەیـەکێك لەگونـدەکانی غینیـای نـوێ، چونکە هـەموو شـتەکان تـازەنو ناچـار دەبێـت تـەنیا لـەڕێگای بیـستنەوە فێـری زمانەکـەیان بێت. ئەم پرۆسەی فێربوونـەش ساناتر دەبێـت ئەگـەر کەسـەکە شـارەزایی لـەبارەی شـێوازی بیرکردنـەوەو مەبەسـتی خـەڵك هـەبێت. ئـەو کێــشانەی مــرۆڤ بــەرەو تیــۆر پاڵــدەدەن، کێـشەیەکن ڕۆژانــە لەژیانمانــدا ڕوو بــەڕوویان دەبینـەوە. بەڕاسـتیش مـن پـێم وایـە ئێمـە هـــەمووماان بەشـــێوەیەکی وا تیـــۆری بـــیر دەکەینەوە کە زۆرجار هەستی پێناکەین. بـەڵام ئـــەوەی لێـــی ڕانـــەهاتووین ئەوەیـــە کـــە بەشــێوەیەکی ڕێکخــراوو تیۆرییانــە بــەپێی پێویـست بـەوردی بـیر دەکەینـەوە، کـاتێکیش ئەم جۆرە لەبیرکردنەوەی سیستماتیکی بـەدی دەکەین، یەکەمجار سەیر دێتە بەرچاومان.

کەواتــە: ئــەو کێـشانە چـین کـە هــەمووماان لەسـایەی وەڵامدانەوەیانـدا بـەبێ ئـەوەی پێـی

بزانین بەشێوەیەکی تیۆرییانە بیردەکەینەوە؟ زۆربەمان بەشێوەیەك لەشێوەکان دەکەوینە ژێر کاریگەری ئەو ڕووداوانەی کە لەدەرەوەی ویستی ئێمەدانو هۆکارەکانیان زۆر ڕوونو ئاشکرانین، هەندێکیان لەناکاو ڕوو دەدەنو هەندێکی تریشیان هێدیو لەسەرەخۆنو سەرەتاکانیان سەرنجڕاکێش نین، وەکو ئەوەی یەکێك لەئەندامانی خێزانەکەی خۆمان کاری ڕۆژانەی خۆی لەدەست بدات، یا لە زانکۆ وەرنەگیرێت، یا لەو کۆلێژە وەرنەگیرێت کە خۆی پێشبینی دەکردو حەزی پێیەتی، یا لەبەر مانگرتنێك هەندێك خزمەتگوزاری بوەستێتو .. تاد. ئێمە لەئاست ئەم ڕووداوانە هەوڵدەدەین وا ڕەفتار بکەین کە بتوانین زەرەرو زیانەکانیان کەمتر بکەینەوە، بەڵام ڕووداونیان مەسەلەیەکی مسۆگەرە، جا حەزمان پێی بێت یا نەبێت، جگە لەوەی کە هۆکاری ڕووداوەکانیان نادیارە. ڕووداوی تری لەم جۆرەش هەیە، بەڵام دەست لەژیانی تایبەتی کەسایەتیمان وەردەدات، وەکو ئەو گۆڕانکارییەی کە لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگاردا بەسەر پێوەندی نێوان دایكو باوكو منداڵەکانیان دا دێت، یا بەسەر پێوەندی خۆشەویستی ژنو پیاوێکدا دێت. ئەم جۆرە گۆڕانانە گۆڕانی وان کەس حەز بە ڕوودانیان ناکات، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەر ڕوو دەدەن. ڕەنگە لەناکاو هاوڕێیەکم ببینم بەبێ هۆیەکی ڕوونو ئاشکراو دیار بۆتە دوژمنم. هەر لەسەر ئاستی کەسایەتی خۆمدا، ڕەنگە لەناکاو بکەومە داوی خۆشەویستی کچێکەوە لەکاتێکی زۆر نەگونجاودا، یا خۆم دەبینمەوە بوومەتە دیلی هەستو نەستێکی زۆر توندو تیژ کە ڕاستەوخۆ ژیانم ئاراستە دەکات، بەبێ ئەوەی سەرچاوەی ئەو هەستە بناسمو بزانم، یا ڕەنگە دووچاری نەخۆشییەکی جەستەییو دەروونی بەیەکەوە بێم، وەکو کزی سێکسی.

ئێمە هەوڵدەدەین ڕاڤەیەك بۆ هەموو ئەو حاڵەتانە بدۆزینەوە، زۆرجاریش ئەم شێوە ڕاڤەکردنانە دەبێتە هۆی ئەوەی مەسەلەکە بخەینە ئەستۆی کەسێك یا شتێك، ئەوەش زۆرجار تۆمەتبارکردنێکی ڕاست نییە. وەکو ئەوەی بڵێم: لەبەرئەوە بێکار بووم، چونکە ئەم هەموو ڕەش پێستەی دێنە ناو ئەو وڵاتە کارەکان وەردەگرن. من بۆیە حاڵم خراپە، چونکە دایکم کۆنترۆڵم دەکاتو ئاراستەم دەکات. بۆیە دووچاری کزی سێکسی هاتووم، چونکە خێزانەکەم ساردە. هەندێکجاریش تۆمەتبارکردنەکە لەپێکانی ئامانجەکە نزیك دەبێتەوە. وەکو ئەوەی بڵێم: من بۆیە پێکاربووم بەهۆی ئەم وەزعە ئابوورییە نالەبارەی کە ئەنجامی سیاسەتەکانی حکومەتە. من لەسەر لێواری دارمانی دەروونیدام، چونکە ئەوە ڕەتدەکەمەوە دان بەهەندێك هەستەوە بنێم کە لەناوەوەمدان. من لەبەرئەوە دووچاری کزی سێکسی هاتووم، چونکە ژن یا ژنێکی دیاریکراو دووچاری شۆکی کردووم. بەڵام هەندێکجاریش ڕاڤەکارییەکان وردترن.

ئەوەی من گەرەکمە بیڵێم، ئەوەیە هەر کاتێك ئێمە دەست بە بیرکردنەوە دەکەین لەشتێك کەبەسەرمان هاتووەو هەوڵدەدەین ڕاڤەی بکەین، شتێك توانامان بەسەریدا ناشکێتو

ناتوانین کۆنترۆڵی بکەین، ئەوە ئەوکاتە ئێمە دەستمان بە بیرکردنەوەی تیۆری کردووە. بەڵام ئەگەر شتێك ڕوویداو ئێمە دەمانتوانی کۆنترۆڵی بکەین، ئەوە پێویست بەڕاڤەکردن ناکات، چونکە ئەو شتە بۆیە ڕوویداوە من حەزم کردووە ڕووبداتو هەوڵمداوە تاوەکو ڕووبدات ـ یاهەوڵم نەداوە بیوەستێنم ئەگەرچی دەمتوانی. دەتوانین ئەوانەی گوتمان بەشێوەیەك ڕوونیان بکەینەوە بەجۆرێك زیاتر نزیکمان بکاتەوە لەتێگەیشتنی (تیۆر).

تیۆر بریتییە لەهەوڵدان بۆ ڕاڤەکردنی شارەزایی ڕۆژانەی خۆمان لەژیاندا، ئەو شارەزاییەی پێمانەوە نووساوە بەهەرجۆرو شێوەیەك بێت. هەندێکجاریش ــ ئەوەش زۆر زەحمەتترە ــ ڕاڤەکردنەکە لەسەر بنەمایەك دەبێت کە ئێمە شارەزاییمان لێی نییە، ئەو کاتەش تیۆر شتێکی نوێمان لەبارەی ژیانەوە پێشکەش دەکات.

ڕەنگە مەسەلەکە زۆرتر ئاشکراو ڕوونتر بێت ئەگەر کەمێك قووڵتر بچینە نێو ئەم جۆرە لەبیرکردنەوەی تیۆری ڕۆژانە. نموونەی کزی سێکسی وەردەگرینو دەڵێم ڕەنگە لەناکاو بەبێ پێشینە دووچاری ئەم نەخۆشییە بێم، ڕەنگە ماوەیەکیش دان بەوەدا نەنێم کێشەیەکی وام هەیە، بەڵام لەکۆتاییدا دانی پێدا دەنێمو بیر لەمەسەلەکە دەکەمەوە. ئەو کاتە دەشێت بگەڕێمەوە سەر حاڵەتێکی تری لەم جۆرە کە پێشوتر ماوەیەك لەلام ڕوویدا بوو، یا دەچمە لای هاوڕێیەکم کە ماوەیەك هەمان کێشەی هەبوو، دێم لەخاڵە هاوبەشەکانی ئەم وەزعە دەکۆڵمەوە. ڕەنگە بەهۆی پاڵەپەستۆو ماندووبونی کارەوە بێت، یا ئەو کاتە دووچاری دەبم کە خێزانەکەم سەرکەوتنێك لەکارەکەیدا بەدەست دێنێت، وەکو ئەوەی مووچەکەی زیاتر بێت، ئەگەر زیاتریش ترس دایگرتمو پێویستم بەوە بوو مەسەلەکە بخەمە ئەستۆی کەسێکی ترەوە، ئەوە دێم دەیخەمە ئەستۆی خێزانەکەم، بەوەی لەکاتی جووتبوندا هەندێك ڕەفتاری دیاریکراو دەکات کە دەبێتە هۆی ئەوەی دووچاری کزی سێکسی بێم. سەرچاوەیەکی تریش هەیە بۆ ڕاڤەکردنی حاڵەتەکەمو دەشێت بەکاری بێنم، بەتایبەتیش کاتێك شارەزاییەکی زۆرم لەبارەی کزی سێکسیەوە نەبێت، دەتوانم بەهەندێك بیرۆکەی گشتی ڕۆژانەی ژیانی خۆمانی ببەستم. بۆ نموونە، نێرایەتی یەکێکە لەپێکهاتە سەرەکییەکانی پیاوەتی، کزی من واتا لەدەستدانی پیاوەتی، بۆیە من بەپیاو دانانرێم. ئەم شارەزاییە ئەنجامی شارەزایی ڕۆژانەی خۆم نییە، چونکە شارەزایی حاڵەتی سێکسی پیاوان نیم، بەشێوەیەکی ڕاستەخۆش فێری ئەم بیرۆکەیەش نەبووم، ئەگەرچی دەشێت ئاماژە بۆ هەندێك هەڵوێست بکەم کە لەسایەیانەوە فێری ئەم بابەتە بووم بەبێ ئەوەی بەخۆشم بزانم. بیرۆکەی جەوهەری لێرەدا ئەوەیە من لەمیانەی هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەواقیع، پشتم بەهەندێك بیرۆکەو شارەزایی لەبارەی ژیانەوە بەستاوە کە بەهیچ شێوەیەك پێوەندی ڕاستەخۆیان بەژیانی منەوە نییە. ئالێرەدا شارەزاییو بیرۆکە یەکدەگرن. ترسو شەرم لە لەدەستدانی

پیاوەتی وام لێدەکەن بەدوای شتێکدا بگەڕێم لەخێزانەکەم تاوەکو بیخەمە ئەستۆی ئەو.

تیۆری کۆمەڵایەتیش بۆ هەمان مەبەست بەکاردێت، بۆ ڕاڤەکردنی شارەزاییەکو تێگەیشتن لێی لەسەر بنەمای شارەزاییو بیرۆکەی گشتی ترەوە لەبارەی ژیان. بەپێی ئەو بنەمایە دەکرێت بڕوانینە هەندێك لەو جیاوازییانەی نێوان بیرکردنەوەی تیۆری بەشێوەی ڕۆژانەیو تیۆری کۆمەڵایەتی.

یەکەم: تیۆری کۆمەڵایەتی دەیەوێت لەتێڕوانینی بۆ بیرۆکەو شارەزاییەکان بەیەکەوە زیاتر ڕێکخراوو پتەوتر بێت. لەنێو سۆسیۆلۆژیاشدا زۆرجار ڕێکخستنی کردەییانەی شارەزایی دوور لەتیۆر ئەنجام دەدرێت.

وتووێژی زۆریش لەبارەی ئەوەوە هەیە ئایا دەستپێکردن بەبێ بوونی تیۆر کارێکی باشە یان نا، پێم وایە ئێستا ڕایەکە واجێگیر بووە کە ئەستەمە بگەینە بابەتگەراییەکی پەتی یا بگەینە ڕێکخستنی ڕووداوەکان دوور لە ڕاوبۆچوونو حەزی خۆمان، بەهەرحاڵ هەوڵو کۆششی ڕێکخراوو بەردەوام بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی شارەزایی مرۆڤ، خۆی لەخۆیدا دەتوانێت مەعریفەیەك بەهەرم بێنێت کە لەیەکەم تەماشاکردندا سەیر دێتە بەرچاو.

ئەگەر من دوو دڵی خۆم لەبارەی کزی سێکسی فروانتر بکەمو دەستبکەم بەتوێژینەوە لەژیانی سێکسی لای پیاوان، تەنانەت ئەگەر تەنیا لەبارەی پیاوانی کۆمەڵگاکەی خۆشمەوە بێت، ئەوەم بۆ دەردەکەوێت کە کزی سێکسی بارودۆخێکی ئاساییەو زۆرینەی پیاوان لەکاتێك لەکاتە جیا جیاکانی ژیانیاندا دووچاری دێن، بێگومان ئەوەشم بۆ دەردەکەوێت کە هەموو ئەو جۆرە ڕەفتارانەی من بەڕەفتاری پیاوانەیان نازانم، هەندێك پیاوی تر هەن ئەنجامی دەدەن. لەلایەکی ترەوە، کردەی ڕێکخستنی بیرۆکە دەچێتە ژێر باری حوکمی لۆژیك، بیرۆکەکانی نێو تیۆر دەبێت یەك لەدوای یەکەوە بێن، نەوەکو دژکارو ناکۆکی یەکتری بن، یا بەلایەنی کەم دەبێت پێوەندی نێوانیان ڕوونو ئاشکرا بێت. گرنگە ئەوەش بزانین کە ئەم کردەیە لەسەر دووئاستدا هەرگیز یەکلاییکەرەوە نییە، چونکە ئێمە بەردەوام دەتوانین شتی زیاتر لەبارەی جیهان کۆ بکەینەوە، ئەو شتانەش بەشێوازی جیا جیا بەیەکەوەو بەپێی بنەما جیا جیاکان ڕێکبخەین. ئەم خاڵە بەرەو جیاوازی دووەممان دەبات.

لای ئێمە لەکردەی بونیادنانی سەمتە تیۆرییەکاندا شتێك دەردەکەوێت کە من ناوی دەنێم کێشە پلە دووەکان second order، ئەوانەش ئەو کێشانەن کە پەیوەستن بەباشترین شێواز بۆ ئەنجامدانی کردەی بونیادنانی سەمتەکان، ئەوەش کردەیەکە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پەیوەستە بەڕاڤەکردنی شارەزاییمان، نموونەی ئەوەش ئەو وتووێژەیە لەبارەی ئەوەی مەبەستمان چییە لەڕاڤەکردن، کەی ڕاڤەکردن بەسەو کەی نابێت؟ بەڵام جیاوازی سێیەم ئەوە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە، چونکە دەشێت ئەم کردە جیا جیایانەی ڕێکخستن بەرەو ئەنجامی ئەوەمان ببات کە هەندێك دیاردە لەژیاندا هەیە بە هیچ شێوەیەك شارەزایی ڕاستەوخۆمان

لەبارەیانەوە نییە، هەندێکجاریش ئەم دیاردانە تەواو پێچەوانەی ئەو شتانەن کە لەشارەزایی ڕۆژانەماندا پێشبینیان دەکەین. ڕەنگە قبوولکردنی ئەوە لەواقیعی کۆمەڵایەتیدا قورستریش بێت، کەچی لەواقیعماندا قبووڵی دەکەین، ئەوەش وامان لێدەکات بەلایەنی کەم لەلایەنی زەینییەوە کراوەتر بین، لەبەرئەوەی ئەگەر تەنیا بڕوامان بەو شتانە کرد کە چاوەکانمان دەیانبینن، ئەوە کەسمان بڕوا بەوە ناکات زەوی خڕ بێت یا لەدەروی خۆردا بسوڕێتەو، ئەوەش شتێکە لەبەشی هەرەزۆری مێژووماندا ڕەتمانکردۆتەوەو بڕوامان پێی نەبووە. با بگەڕێینەوە سەر نموونەکەی خۆمان لەبارەی کزی سێکسی، دەشێت کردە ڕێکخراوە جیا جیاکانمان بەرەو ئەو ئەنجامەمان بەرن کە لەزۆر کۆمەڵگادا پیاو حوکم لەژیانی سێکسی ئافرەت دەکەن‌و پیاوانیش ڕایان لەسەر خۆیان هەر چییەك بێت، بەڵام ئافرەتان دووچاری لۆمەو سەرزەنشتکردن دێن، ئەگەر ئەم بیرو باوەڕانە دووچاری هەژان هاتن، ئەوکاتە ڕەنگە دووچاری سەرسورمان بێین لەو لێکچوونەی نێوان ئەم بۆچوونەو هەندێك بیروباوەڕی ئەپستراکت کە مارکس لەبارەی پێوەندی چینە کۆمەڵایەتییەکاندا خستویەتییە ڕوو، بۆیە دێین بیروبۆچوونەکان ڕێکدەخەینەوە تاوەکو یارمەتیمان بدات لەتێگەیشتن لەپێوەندی نێوان پیاو و ژن. ئەگەر لەوەش دورتر بڕۆین‌و خۆمان بەهەندێك بیروباوەڕی گشتی ببەستینەوە کە لەفرۆیدەوە وەرگیراوە، دەگەینە تیۆرەیەك ناوی باوك سالارییە. ئەوەش نموونەی ئەو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەیە کە تێیدا ئافرەت لەلایەن پیاوەوە دەچەوسێنرێتەوە. ئەم ئەنجامە پێچەوانەی ئەزموونەکەی خۆمە لەبارەی کزی سێکسی، ئەزموون‌و کاردانەوەی من لەبەرانبەری ئەوەیە کە خێزانەکەم باڵا دەستە بەسەرم‌و لەشتێکی دیاریکراو بێبەشم دەکات‌و ژیانی لێکردوومەتە دۆزەخ. تیۆری باوکسالاری وام لێدەکات بتوانم سەرلەنوێ ئەم کاردانەوەیە ڕاڤەبکەمەوە. ئەوەی بەڕاستی ڕوودەدات ئەوەیە خێزانەکەم هەڕەشە لەدەسەڵاتی من دەکات، دەشێت لەبەرئەوە بێت کە زیاد لەپێویست ئازادە، یا بەو چەکانەی بە دەستیەوەیەو شەڕم لەگەڵ دەکات. کاتێکیش بەرپرسیاریەتییەکە دەخەمە ئەستۆی ئەو، هەوڵدەدەم بڕوای پێبهێنم کە بەرپرسیارێتییەکە هەڵبگرێت، لەهەمان کاتیشدا هەوڵدەدەم دەسەڵاتی خۆمی بەسەردا بسەپێنمەوە.

تۆ بەم ڕاڤەکردنە ڕازی بیت یا ڕازی نەبیت ــ چونکە لێرەدا بواری وتووێژ هەیە ــ ئەوە هەموو ئەو تیۆرە کۆمەڵایەتییانەی ئەم کتێبە باسیان لێوە دەکات، هەندێك گریمانە دەخەنە ڕوو کە لەگەڵ شارەزایی ڕۆژانەی ژیانمان‌و بیرو باوەڕەکانمان نایەتەوە، لەواقیعدا بەم شێوەیە لەتیۆر فێر دەبین. ئافرەتی سۆزانی پێی وایە ئەو بەسەر دەسەڵات‌و کولتووری باوکیدا هەڵگەڕاوەتەوە، لەکاتێکدا تیۆری فرمانگەرایی پێی وایە ئەم ئافرەتە لەسایەیی ئەم ڕەفتارەیدا کۆمەڵێك شێوازی گونجاندن دەچەسپێنێت‌و لەسایەیەوە ئەم کولتوورو کۆمەڵگایە بەشێوەیەکی کراوەتر لەپێشتر

دەگوزەرێن. ڕەنگە کرێکارێك لەو باوەڕەدا بێت ڕۆژانەکەی پارەیەکی باشە، بەڵام ئەم کرێکارە لای مارکس بەردەوام بەشێوەیەکی ڕێکخراو ئیستیغلال دەکرێت. کاتێك قوتابییەك لەتاقیکردنەوە ساقیت دەکەم، پێم وایە من پێوەرەکانی خوێندنو تاقیکردنەوە پێڕەو دەکەمو پارێزگاری لەئاستی ئەکادیمیو زانستی دەکەم، چونکە ئەم قوتابییە نەیتوانیوە بگاتە ئاستێکی دیاریکراو لەزانینی بابەتێکدا، ئەوە لێرەدا بەم شێوەیە حوکمی دەکەم وەکو ئەوەی حوکمی پارچەدارێك دەکەم بەوەی کورتترە لەوەی من دەمەوێت.

لایەنگرانی تیۆری کارلێکردنی سیمبوڵی symbolic interactionists ، یا بەمانایەکی تر، لایەنگرانی ئیتنۆمیتۆدۆلۆژی ـ میتۆگەرایی سیستەمی کۆمەلایەتی، من وا وەسف دەکەن کە بوومەتە هۆی دروستکردنی حاڵەتی فەشەل. ئەگەر بێت بەڕاستی لەگەڵ خۆماندا ڕاستگۆبین، دەبێت دان بەوە دابنێین کە لەزۆر حاڵەتەدا کاری وامان کردووە کە تەواو پێچەوانەی ئەوە بووە کە دەمانەوێت، هەر ئەوەش خۆی بەسە بۆ قبووڵکردنی ئەو سەیرو سەمەرەیە بەرچاوەی تیۆری کۆمەلایەتی. گوتم دەتوانین وا لەتیۆر بکەین ساناتر بێت، بەڵام ناتوانین وای لێبکەین سانا بێت. بۆیە ئەستەمە بەدوای ڕەگو ڕیشەی ئەو تیۆرانەدا بچین کە لەم کتێبەدا خراونەتە ڕوو و بۆ کێشەی ڕۆژانەیان بگێڕینەوە، چونکە ئەم کێشانە پێشتر بۆ چەندین سەدە لەژێر بیرکردنەوەی فەلسەفیدا بوون، خرابوونە ژێر پێشڤەچوونی مەعریفە بەرلەوەی ئەو تیۆرە سەرهەڵبدات کە بە شێوەیەکی ئەپستراکتانە قسەی لەسەر بکات. لەگەڵ ئەوەشدا دەشێت وا بڕوانرێتە ئەم تیۆرانە گوایە پرسیاری ماقووڵ لەبارەی ژیان دەخەنە ڕوو، ئەگەرچی وەڵامەکان بەردەوام بەم شێوەیە نین. ڕەنگە باشترین شێواز بۆ فێربوونی بیرکردنەوەی تیۆری تەنیا لەخوێندنەوەو تێگەیشتن لەتیۆر نەبێت، بەڵکو لەخستنە ڕووی پرسیار بێت لەسەر تیۆرو کارەکانی عەقڵ لەوەڵامە دەستگیرکراوەکاندا. ئەوەش ئەو شێوازەیە کەلەم کتێبەدا پێڕەوی دەکەینو هەوڵدەدەین بزانین: ئەو پرسیارانە چین کە تیۆر دەیانخاتە ڕوو؟ ئەو پرسیارانە چین کە ئێمە دەتوانین لەتیۆری بکەین؟ بەرلەهەموو شتێکیش، دەبێت کتێب وەکو وازییەك دەستپێبکاتو خەیاڵی خۆمان ئازاد بکەین؟ بۆ نموونە، ئێمە مادام شارەزایی هەندێك لەبۆچوونەکانی بارسۆنزین، ئایا دەتوانین هەڵبژادنی حکومەت لای خۆمان بەپێی ئەم بۆچوونانە ڕاڤەبکەین؟ ئایا دەتوانین بارسۆنز بۆ ئەوە بەکاربێنین تاوەکو لەزیادبوونی ڕێژەی تەڵاق یا گۆڕانی ئاستی تاوانو سروشتی تاوان بەکاربێنین؟ بەردەوام هەنگاوی یەکەم بەتێڕامان دەست پێدەکات تاوەکو بتوانین وەڵام دابهێنین. بەلێڕاهاتن لەسەر لۆژیكو ڕووداوەکان دواتر دێن. ئەگەر ئێمە توانیمان تیۆر بەشێوەیەکی ڕاست بەکاربێنین، ئەوە کاریگەری لەسەرمان دیار دەبێت، چونکە کاریگەری دەکاتە سەر کارو چالاکیمانو دەبێتە پاڵپشتمان لەدەستپێکردنو ئازادبووناندا. دەشێت هەموو ئەوانەی خستمە ڕوو وا بخوێنرێنەوە گوایە بەرگریکردنە لەتیۆر

یـــا پاســـاو هێنانەوەیـــە بـــۆ ئـــاڵۆزیو زەحمەتییەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا، لەسەرەتادا گووتم کە زۆربـەی هـەرە زۆری تیـۆرە تازەکـان ئاڵۆزو ئاست نزمو پـڕ لەقـسەی قـۆڕن. لـەکاتی کردەی بیرکردنەوەی تیۆریشدا ڕوو بەڕووی پـێ خزینی بەردەوام دێین.

"داوی تیۆر"

داوی یەکەم دەکەوێتە بەرلـە خـودی تیۆرەکـە. هەندێك کات هەبوو وەکو کاتی ئێستا (1992) کە خەریکبووە سۆسیۆلۆژستەکان بکەونـە ئـەم داوەوە، ئەم داوەش داوو تەڵەی سۆسیۆلۆژیای ئەمریکییـەو تێیـدا لێکۆڵینـەوەی کۆمەڵایـەتی دەگۆڕێت بۆ کردەی کۆکردنـەوەی بـەیانات. یا چـوونە نێـو وتووێـژ لـەبارەی تیـۆرو پێوەنـدی ســەرژمێری، یــا پێڕەوکردنــی ئــەم شــێوازە ئەمریکییـــە بـــۆ دۆزینـــەوەی واقیعـــی پـــشت میتۆلۆژیایـــەکی بـــاو. بـــۆ نموونـــە، بڕوانـــە کتێبەکـــــەی جـــــۆردن مارشـــــاڵ بـــــەناوی "لەستایشکردنی سیۆسیۆلۆژیادا" کـە لەسـاڵی (1990) بڵاوکراوەتەوە، تێیدا باس لەکۆمەڵێك توێژینەوەی گرنگ دەکات کـە هەنـدێك لەسـیما بنــچینەییەکانی کۆمــەڵگای بــەریتانی ئاشــکرا کردووە، بـەڵام هـیچ شـتێکیان لـەبارەی تیـۆر تێدا نییـە. فرمـانی سـەرەکی تیـۆر ڕاڤـەکردنی هەموو ئەو شتانەیە کە دەتوانین بیاندۆزینـەوە، ئــەوەشمان بــۆ دەردەکــەوێت کــە لەهەنــدێك حاڵەتدا پێویستیمان بـەتیۆر هەیـە بـۆ ئـەوەی پێمان بڵێت ئەم ڕووداوانە مانایان چییە. هەموو ئــەو توێژینەوانــەی مارشــاڵ قــسەیان لەســەر دەکات پشت بـەتیۆر دەبەسـتن، ئەگەرچـی بـە شـێوەیەکی نـا ئاشـکراش بێـت، وکـو ئـەوەی یــەکێك لەوانــەی بــەم کتێبــەدا چــۆتەوە دەڵێــت:"سۆســیۆلۆژیا وەکــو شــێوازێکی ئــەمبریقی دەمێنێتــەوە بــۆ یارمەتیــدانی زانستەکانی تر، ئەگەر هەوڵو کۆشـش نـەکرێت بۆ گەیشتن بەچوارچێوەیەکی تیۆری گشتی".

یەکەم داوی ڕاستەقینەی تیۆر ناو دەنێم "داوی وشەی یەکتربڕ". ئەوەی جێگـای سەرسـوڕمانە ئەوەیــە کــە گــرنگترینو کاریگــەرترین کتێــب لــەبارەی کۆمەڵناســی لــەماوەی (30) ســاڵی ڕابردوودا هەرگیز لەبارەی کۆمەڵناسی نـەبووە، بەڵکو لەبارەی مێـژووی زانستە سروشـتییەکان بـوو، مەبەسـتم کتێبەکـەی تۆمـان کـۆهن ـــ ە بەناوی "بونیادی شۆڕشە زانستییەکان" کۆهن جیاکاری دەکات لـەنێوان ئـەوەی نـاوی دەنێـت زانــستی (شۆڕشــگێڕی)و زانــستی (ئاســایی)، زانــستی ئاســاییش گرنگــە بــۆ ئــەوەی مــن دەیخەمە ڕوو.

زانـستی ئاسـایی ئـەو زانـستە بـاوە دووبـارە بووەیـە کـە هەیـە. زانـا لـەو زانـستە ئاسـاییەدا زانیارییــەکی تیــۆری باشــی هەیــەو شــارەزایی لەبارەی ئەزموونە باوەکاندا هەیـە، ئـەوە جگـە لەناســینی ئــەو ئامرازانــەی بــۆ ســازدانی ئەزموونــەکان پێویــستن. کــۆهن نــاو لــەم توخمانەو هەندێك توخمی تـر دەنێـت پـارادیگم (النمـوذج الارشـادی) لێـرەدا چـالاکی زانـستی بریتییــە لەهەوڵــدان بــۆ چارەســەرکردنی چــەند دیاردەیــەکی دیــاریکراوی جیهــانی سروشــتی بــەوەی بــە شــێوەیەکی گونجــاو لەچــەند بــارودۆخێکی ئەزمونیــدا دابڕێنــدرێن تــاوەکو نموونـەی ڕێنماکـار (پـارادیگم) پراکتیـك بێـت. وەکو چۆن وشەی یەکتربڕ چوارچێوەو کلیلمـان

پێدەدات تاوەکو مەسەلەکە حەل بکەین، ئەوە نموونەی ڕێنماکار چوارچێوەیەکی گشتیو هەندێك ئاماژەمان پێدەدات کە دەلالەت لەسەر ئەوە دەکەن کە دەبێت شێوەی ئەم واقیعە چۆن بێت، زاناش دێت ئەم چوارگۆشانە بە وردەکارییەکان پڕدەکاتەوە. پێم وایە کۆمەڵێك هۆکار هەیە کە دەبێت ڕێگا لەسۆسیۆلۆژست بگرێت بەم شێوەیە تیۆر پراکتیك بکات ئەگەر چی لەبواری زانستە سروشتییەکانیشدا کاریگەر بووە، ئەوەش بابەتێکە تەنانەت لەنێو ئەم زانستانەشدا وتووێژی لەبارەیەوە دەکرێت.

ئالۆزی بابەتی کۆمەڵناسیو ئەستەمی دابڕاندنی چەند لایەنێکی گرنگ لەژیانی کۆمەڵایەتی بۆ ئەزموونو تاقیکردنەوە، لەبەرئەوەش کە چالاکی مرۆڤانە کردەیەکە پشت بە وشیاری خودیو تێڕامان دەبەستێت، هەموو ئەو فاکتەرانە بەیەکەوە وا لەم شێوازە دەکات کە لەشێوازی پڕکردنەوەی وشەی یەکتربڕ بچێت، ببێتە شێواندنی واقیع یا کورتکردنەوەی واقیع بۆ ئەم حاڵەتانە، هەندێك کەسیش دەڵێن:" واقیعی ڕاستەقینەی ئاڵۆز کورت دەکاتەوە بۆ کۆمەڵێك چەمکی تیۆری".

بۆ نموونە، شتی زۆر لەو کاردانەوانەی من لەئاست کزی سێکسی فێر نابین کاتێك مەسەلەکە بۆ باوکسالاری دەگێڕینەوە، چونکە پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە چۆن سروشتی باوکسالاری دەستنیشانی کزی کاردانەوەی من دەکات، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە ئەوە ڕوون بکەینەوە کەچۆن ئەم کردانە لەگەڵ کردەی تردا کارلێك دەکەن ـــ بۆ نموونە گۆڕانی بازاڕی کار کە دەرفەتی زۆرتری بە ئافرەت داوە ببنە خاوەنی وەزیفەی تایبەت بەخۆیان ـــ ئەوەش تاوەکو بەشێوەیەکی باشتر بەهەموو ئاڵۆزییەکەوە لەهەڵوێستەکە تێبگەین. بەبێ ئەوە بەردەوام شتێك دەمێنێتەوە کە تەواو نییە. بۆیە پێویستیمان بەوەیە هەموو شێوەکانی پێوەندی بخەینە نێو حیساباتی خۆمانەوە، ئەوەی تیۆر پێمان دەڵێتو ئەو واقیعە یا ڕووداوەی کە هەوڵدەدەین تێیبگەین.

داوی دووەم ناو دەنێم "داوی مەتەڵە زەحمەتەکان". باسی ئەوەم کرد کە ئێمە کاتێك بیرو بۆچوونی خۆمان لەبارەی ژیان ڕێکدەخەین، کۆمەڵێك کێشەمان بۆ دەردەکەوێت لەکێشە پلە دووەکان، ئەوانەش کێشەی وان ڕاستەوخۆ پێوەندیان بەڕاڤەکردنی شتێکی واوە نییەو نموونەی ئەوەشم هێنایەوە کە مەبەستمان لەڕاڤەکردن چییە. زۆربەی ئەم کێشانە گرنگن، بێگومان زۆریشیان لەسیاقی ئەم کتێبەدا دەردەکەون. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لەم کێشانە چارەسەریان نییە، یا پێوەندیان لاوازە بەوەی گەرەکمانە، دەزانم مامەڵە کردن لەگەڵیان چێژی زۆری تێدایە، وەکو ئەو چێژەی کەپڕ کردنەوەی وشە یەکتربڕە زەحمەتەکانی ڕۆژنامەکان.

پێم وایە ئەم چالاکییەش ڕەخساوە مادام زانراوە بەوردی بۆچی دەستنیشانکراوە، بەڵام کاتێك نێوان ئەم چالاکییەو نێوان پڕۆژەی تیۆری وەکو هەمەکییەك تێکەڵاوی یەکتر دەبن، ئەوە تیۆر بەهای خۆی لەدەستدەدات. نموونەیەکی باش لەم بارەیەوە ئەو وتووێژە ئیستیراد کراوەیە لەفەلسەفەی شیکاری

بەریتانییەوە بۆ نێو سۆسیۆلۆژیا، بەوەی ئایا دەشێت ئەو پاساوانەی کەسێك بۆ کارەکانی خۆی دێنێتەوە، بەهۆکاری کارەکانی دابنرێت. ئالێرەدا مەسەلەیەك هەیە پێوەندی بە سروشتی زانستە کۆمەڵایەتییەکانو توانای بوونیان هەیە، لەم چوارچێوەیەدا مەرجەکانی وتووێژ زۆر تەسکەو زۆر لەسیماکانی کردەی مرۆڤ بەلاوە دەنێت، بەشێوەیەك وا دێتە بەرچاوم وەکو ئەوەی کێشەی سەرەکی ونکرا بێت. پێم وایە دەشێت بگەینە چارەسەری وا بۆ هەردوولا شیاو بێت، هیچ لایەکیان سودێکی بەرچاویان لەشیکردنەوەی کۆمەڵایەتی نەبووە، جگە لەوەی چارەسەری یەکلاکەرەوەش نین.

سێیەمیان داوی لۆژیکە، ڕەنگە ئەوەش سەیر بێت، چونکە پێشتر ئاماژەم بەوەدا کە ڕوخساری سەرەکی بیرکردنەوەی تیۆری هەوڵدانییەتی بۆ بەدیهێنانی پەیوەستێکی لۆژیکی لەنێوان سەرجەم بەشەکانی تیۆر. مەبەستیش لێرەدا ئەوەیە کە ئەم هەوڵدانە بەرەو بەیەکەوە پەیوەستکردنی لۆژیکی بەشەکانی تیۆر ڕەنگە شێوەیەکی زێدەڕۆیانە وەربگرێت. لەلاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا هەندێك نموونە دەخرێنە ڕوو لەسەر ئەو شێوازەی کە لەسەر بنچینەیەکی تەواو لۆژیکی دەشێت تیۆرێك پوچەڵبکرێتەوە، ئەوەش مانای تیۆرەکە لەبنچینەدا دەسڕێتەوە ئەگەر ئەم بنچینە لۆژیکییە بەشێوەیەکی توندڕەوانە بەکار بێت. ئەوەش مانای وایە لەکاتێکدا تیۆر دەبێت هەوڵبدات بەشەکانی بەیەکەوە پەیوەست بکاتو ببەستێتەوە بەرەو تەریبکردنێکی لۆژیکی، ئەوە خودی زانا خۆی زۆرجار لۆژیکی نییە، یا لۆژیکییە بەڵام بەشێوەیەکی تری جیا لەتیۆرەکە، بەوەش تیۆر دەبێت لەتوانایدا بێت دان بەو جیاوازیو ناکۆکییە دابنێت. لەڕاستیدا کۆمەڵێك نموونەی تیۆری هەیە کە ڕۆچوونەتە نێو ئەم وتووێژە لۆژیکییەو لە دوای خۆیەوە هەموو بایەخدانێکی بەڕاڤەکردنی واقیعی کۆمەڵایەتی ژیانو تێگەیشتنی ئەم واقیعەی فەرامۆشکردووە.

لەکۆتاییشدا داوی وەسف هەیە. جیاوازی نێوان ڕاڤەکردنو وەسفکردن لەبەشی دووەمدا قسەی لەسەر دەکرێت، بەڵام ئێستا هەر ئەوەندە دەڵێین کە ڕاڤەکردن باسی شتێکمان بۆ دەکات کە پێشتر نەماندەزانی یا توانای ئەوەمان نەبوو بە تێڕامانی خۆمان بیدۆزینەوە. لەکاتێکدا وەسف باسی شتێکمان بۆ دەکات ڕەنگە خۆمان دەتوانین بەتێڕامان بیدۆزینەوەو بەدی بکەین. پێم وایە بەشێکی زۆری تیۆرە تازەکان تەنیا وەسفی شتەکان دەکەن، زۆرجاریش ئەم شتە لای خۆشمان بە باشی ناسراوە، بەچەند وشەیەکی تیۆری ئەپستراکت وەسفی دەکاتو بانگەشەی ئەوەش دەکات گوایە ئەوە ڕاڤەکردنە. ڕەنگە ئەوە زۆرتر بووبێتە هۆی شێواندنی ناوی تیۆر: لاپەڕەی بێکۆتایی لەوشەی زۆرو درێژ کە دەبینین ئەگەر لێکیبدەینەوە باسی شتێکمان بۆ دەکات دەیزانین. ئەوەش دەبینین کە بەتایبەتی تالکۆت پارسۆنز دووچاری ئەم کێشەیە هاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لەپۆست مۆدێرنەکانیش وشەی زۆر دەنووسنو شتێکی کەمیش دەخەنە سەر زانیارییەکان، یا هەر هیچ شتێکمان بۆ زیاد ناکەن.

بەم شێوەیە هەوڵمداوە باسی هۆی گرنگی تیۆر بکەمو باسی هەندێك لەو تەڵەزگانە بکەم کە دەشێت لەکاتی بەکارهێنانیدا تێیبکەوین. لەگەڵ ئەوەشدا تیۆری کۆمەڵایەتی لەبەر شتێکی تریش هۆی مەترسییە: ئەویش ئەوەیە کە زۆری لەبارەیەوە نووسراوەو قوتابخانەکانیشی فرەو جیاوازن.

ئەوەی ئێستا گەرەکمە ئەوەیە هەندێك کات لەو تیۆرانە رابمێنم کە سۆسیۆلۆژستەکانی ئێستا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەنو بەکاریان دەهێننو بزانین چۆن دەکرێت ئەم تیۆرانە بە شێوەیەك رێکبخرێن کە ساناترین بۆ تێگەیشتن.

## کردنەوەی رێگایەك بەنێو دارستاندا رەهەندەکانی تیۆرو هۆی ئاڵۆزی

ئەم کتێبە بڕوای وایە تیۆر سوودمەندەو پێویستە، بەڵام دوو خەوشی تێدایە کە دوو تایبەتمەندی تیۆرن، ئەوانیش ئاڵۆزیو پارچە پارچەبوونو دابەشبوونیەتی. ئەوەش بۆ سروشتی کۆمەڵناسی دەگەڕێتەوە کە رێگای پێنادات تیۆرێکی سەرتاپاگیرو تۆتالیتار پێشقەببات بە شێوەیەك هەموو پارچەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە مەعریفییە بەیەکەوە کۆبکاتەوەو گرێبدات. ئالێرەدا واچاکە وابیر لەتیۆری کۆمەڵایەتی بکرێتەوە بەوەی بەلانی کەم چوار رەهەندی جیاوازی هەیە، تیۆریستانیش لەیەك کاتدا چوار کاری جیاواز ئەنجام دەدەن.

لەبەشی یەکەمدا لەبارەی تیۆرەوە گووتم کە وەسیلەیەکە بۆ بونیادنانی مەعریفە لەبارەی جیهانی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوەش ئەو رەهەندە مەعریفییەیە کە لەبەشی هەرە زۆری ئەم کتێبەدا سەرقاڵمان دەکات. لەمیانەی جەختکردنە سەر ئەم رەهەندەوە دەتوانین بەدوای ئەو درزە مەعریفیانەوە بچین کە لەنێو تیۆری کۆمەڵایەتیدا بوونیان هەیە، ئەوەش رێگامان پێدەدات لەکردەی پەرتیو دابەشبوونی بگەین کە تێیدا دەژی. لەدوا تەوەرەی ئەم بەشەدا دەگەڕێینەوە سەر ئەم خاڵە، بەڵام ئێستا جەخت دەکەمە سەر سێ رەهەندەکەی تر.

سۆسیۆلۆژیست پەیوەستە بەو کێشەیەی هەوڵدەدات تیۆریستی لەبارەیەوە بکات، لەبەرئەوەنا کە کۆمەڵناسە، بەڵکو لەبەرئەوەش کە مرۆڤە. رایەك هەیە دەڵێت ئەزموونی خودی تیۆریستی کۆمەڵایەتی لەژیاندا بەنهێنی و بەبێئاگایی دەخزێتە نێو تیۆرەکەی، جا هەر شێوەیەك بێت، رێگای پێنادات هەندێك لایەن بەدی بکات یا کار لەشێوازی مامەڵە کردنی لەگەڵ کێشەکە دەکات. لێرەدا دەشێت ئەو شێوازەی من بۆ قسەکردن لەبری مێینە هەڵە بێت، چونکە روونترین نموونەی ئەو شێوازەیە کە کارمەندانی کایەی کۆمەڵناسی کە زۆربەیان پیاون، باروددۆخی ئافرەت لەکۆمەڵگاکەمان پشتگوێ دەخەن، یا خراپ دەستنیشانی دەکەن. بۆ نموونە، وابـاوبوو کۆمەڵناسان خێزان بەپێی پیشەو ئیشو کاری پیاو بخەنە نێو پلەو پێگەی کۆمەڵایەتی، کەچی پلەوپێگەی رەگەزی تاوەکو ئەم دواییانەش هەر بایەخێکی کەمی پێدەدرا، تەنیا لەکارەکانی بارسۆنزدا نەبێت لەبارەی خێزان کە زۆر کەم رۆڵی تەقلیدییانەی ئافرەتی خستۆتە ژێر پرسیار. جگە لەوەش، هەندێك

مەترسیو هیواو ئاواتی شاراوەی نێو ناخی تاکەکەس لەو کارانەدا بەرجەستە دەبێت.
ئەلان دۆ بەشوێن پێی کۆمەڵناسی ئەمریکی ئەلڤین گۆڵدنەردا چوو و هەندێك كاری تیۆری بەنوێژکردن بەواردکرد. ئەوەش ڕەهەندی دووەمی ڕەهەندەکانی تیۆرە کە ڕەهەندی سۆزدارییە، چونکە تیۆر شارەزایی هەستو نەستی تیۆریست بەرجەستە دەکات، هەر وتووێژێکی تیۆریش زیاتر لەپاساوێکی عەقڵانی تێدایە، ئارەزووی مەعریفەو ڕاستی مەعریفەکەی تێدایە، دەشێت ئەم دوو ئارەزووەش بەڵگەکانی واقیعی بابەتی بشارنەوە. ڕەهەندی سۆزداری نێو تیۆر ئاوەکە لێڵ دەکات، چونکە بەشدارە لەئاڵۆزکردنی هزرەکانو هەندێکجاریش دەبێتە هۆی زێدە ڕۆییکردن لەجەختکردنە سەر خاڵە جیاکارەکان.
ڕەهەندی سێیەم ناودەنێم ڕەهەندی تێڕامان. مەبەستیشم ئەوەیە کۆمەڵناسی تیۆری کۆمەڵایەتی بەشێکن لەژیان، هەروەها شێوازێکن بۆ تێگەیشتن لەژیان، بۆیە دەبێت ئەو شتانە ئاوەژوور بکەنەوە کە لەوێ لەدەرەوەدا ڕوو دەدەنو بەسەریشت دێن. لەدەیەی ڕابردوودا ئەم ڕەهەندە بایەخی زیاتر پێدراوەو پەیوەستە بەوەی کۆمەڵناسان پێی دەڵێن سروشتی جیهانی هاوچەرخ یا هەندێکی تر ناوی دەنێن سروشتی جیهانی پۆست مۆدێرن. یەکێك لەسیماکانی کۆمەڵگای ئەمڕۆی خۆرئاوایی خێرایی ئاستی گۆڕانە بەتایبەتیش گۆڕانی تەکنیکی، ئەوەش کار دەکاتە سەر کردەی بزاڤی جوگرافیو کۆمەڵایەتیو کار لەبونیادی پیشەکانیش دەکات، چونکە ئێمە لەسەر بنەمای هەندێك تواناکاریو شارەزایی لە کارێك دادەمەزرێین. بەڵام بەرلەوەی نیوەی ماوەی توانای کارکردنمان بەسەر بڕوات، تواناکەمان لەدەستداوەو ئامێر جێگامان دەگرێتەوە، ئەوە جگە لەفرەیی ڕۆڵ کە دەبێت بەخێرایی بەپێی گۆڕانی ڕۆڵەکان ئەنجامی بدەین. ئەوەش دەکرێت وا گوزارشت لێبکەین کە ژیانمان پڕو پڕتر بووەو کۆمەڵگاکەشمان ئاڵۆزتر بووەو لەدەرەوەی کۆنترۆڵی ئێمەدایە. تیۆری کۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەی هەندێك لەم واقیعە فرەو ئاڵۆزەیە، ئەوەش لەمیانەی دابەشبوونو پەرتبوون بەسەر چەندین ڕەوتو قوتابخانەدا.
ڕەهەندی چوارەم ڕەهەندی پێوەرییە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کاریگەری ڕەهەندی سێیەم زیاتر بکات. هەر تیۆرێك کە دێت واقیع وەسف دەکات دەبێت لەناوەخۆیدا بەڕاشکاوی بێت یا بەناڕاستەوخۆ هەندێك گریمانە بخاتە ڕوو لەبارەی ئەوەی دەبێت شێوەی ئەم واقیعە چۆن بێت. ئەلڤین گۆڵدنەر ئەم گریمانەی ناونابوو "گریمانەی بوار"، بەپێی ئەم گریمانەیەش بەردەوام تیۆر تێڕوانینێکی تێدایە بۆ کردەی سیاسیو شێوە کردە مومکینو ئارەزوو پێکراوەکان.
ئەوەش مانای وایە تیۆری کۆمەڵایەتی تەنیا قسە لەبارەی کردەو ململانێو کێشە کۆمەڵایەتییەکان ناکات، بەڵکو ئەو خۆی بەشێکە لەو کردەو کێشەو ململانێیانە. پێم وایە ئەوەش کارێکی خراپ نییە، بەڕاستیش ئەو گریمانانە دەبێت تا دەکرێت بەڕاشکاوی

ڕابگەیەنرێن، چونکە ئەگەر بەشێوەیەکی عەقڵانیو لەچوارچێوەیەکی ئەکادیمییەوە نەبێت، ئەوە هەرگیز لەهیچ شوێنێکی تردا باسیان لێوە ناکرێت. ئەم کردەوەیەش لایەنێکی گرنگی تیۆر دەردەخات، ئەویش ئەرموونیانی تیۆرە. خودی تیۆر ڕەنگە بۆ بەرگریکردن لەتێروانینی جیا جیاو بەشێوەی جواروجۆر لەهەندێك بابەتی جیاواز بەکاربێت.

ڕێڕەوی ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو وەرچەرخانە باوەکان پاڵ بەزۆربەی تیۆرەکانەوە دەنێت ڕوگەی تر بگرنە بەر جیا لەڕووگەی ئەسڵی خۆیان. ڕەنگە مارکسیزم باشترین بەڵگە بێت لەسەر ئەوە، زۆربەی ئەو تیۆرانەی باسیان دەکەین بوونەتە مادەی وتووێژی وا کە زۆر لەمەبەستو ئامانجە ئەسڵییەکانی تیۆرەکە لەڕەهەندی مەعریفی ڕەتیانداوە، بەردەوام ململانێ کۆمەڵایەتیو نێو دەوڵەتییەکان ڕێگای خۆیان بەرەو تیۆر دەدۆزنەوە، زۆرجاریش بەشێوەیەکی شاراوەیە، هەندێکجاریش تەواو بەسەردووبەش دابەشی دەکات. لێکۆڵینەوەی زیاتر لەوە بەرەو ئەوەمان دەبات لێکۆڵینەوەیەك لەبارەی سۆسیۆلۆژیای سیاسی بنووسین، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە جەخت بکەمە سەر ڕەهەندی مەعریفی تیۆر، ئەوەش پێویستی بەچاوخشاندنێکی بەپەلە هەیە بەفەلسەفەی زانستەکان.

### "تیۆرەکان چی ڕاڤە دەکەن"

ڕەنگە بۆ یەکەم تێڕامان زاراوەی فەلسەفەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ترسێکی زیاتر لەتیۆری کۆمەڵایەتی بوروژێنێت. لەکاتێکدا وشەی تیۆر هەندێکجار وا تێیدەڕوانرێت کە دەشێت تێیبگەین، ئەوە وشەی فەلسەفە خۆی لەخۆیدا ئەستەمە بۆ تێگەیشتن، باشە ئەگەر تیۆر لەم حاڵە خراپەدا بێت؟ فەلسەفە حاڵی زۆر لەوە خراپتر نییە؟ وەڵامەکە زۆر بەسادەیی ئەوەیە، نەخێر، باشترین شێواز بۆ تێڕامان لەفەلسەفە ڕەنگە لەوەدا بێت وا تەماشای بکەین کە جۆرێکە لەتیۆری تیۆرو هەندێك مەسەلەش تێیدا بەشێوەیەکی سادەو ساکارتر دەردەکەون، لەبەرئەوەی ئەبستراکترن. بێگومان ئەوەی ناوم نابوو داوی وشەی یەکتربڕ، لێرەدا باشترو ڕوونتر دەردەکەوێت، هەرچەندەی وتووێژی فەلسەفی زاراوەی تایبەتی تری بەکارهێنا، ئەوەندە مەسەلەکەش مەترسیدارتر دەبێت. نامەوێت خۆم بخەمە نێو باسی ئەو وتووێژە تەنیا لەسنوری بەخشینی هەندێك باکگراوندی گشتییەوە نەبێت. بەڕاستیش خۆم لەبەشی هەرە زۆری لادەدەم. لەبری ئەوە دەمەوێت جەخت بکەمە سەر یەکێك لەم پێشڤەچوونانە، ئەویش پێشڤەچوونێکی تازەیە لەم بوارەدا.

فەلسەفەی کۆمەڵناسی خۆی بەدوو پرس سەرقاڵ دەکات، یەکەم سروشتی جیهانە: مەوجوداتەکانی جیهان چ جۆرێکن؟ شێوەی ئەم وجودەیان چۆنە؟ ئایا مرۆڤ بەهەمان شێوەی جەماد بوونیان هەیە؟ ئەگەر وەڵامەکە نەخێرە، ئەی باشە جیاوازی نێوانیان چییە؟ دەتوانین کۆمەڵێك پرسیاری تری لەم جۆرە وا پۆلێن بکەین کە پرسیاری ئەنتۆلۆژین. ڕەنگە تۆ بڕوات وابێت، لەوەشدا تاڕادەیەك لەسەر

حەقیت، کە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی تازە لای هەموو مرۆڤێك كارێكی سانایە، تەنیا لای فەلسەفەكار نەبێت.
دووەم، فەلسەفەی زانستەكان خۆی بەناسینی سروشتی ڕاڤەكردن سەرقاڵ دەكات: دەبێت چ میتۆدێك بگرینە بەر بۆ ئەوەی بگەینە ڕاڤەكردن؟ ئەو بونیادە لۆژیكییە كامەیە دەبێت ڕاڤەكردنی لەسەر بێت؟ بەڵگە پێویستەكان چین؟ ئەوانە پرسیاری ئەپستمۆلۆژین، پرسیارێك پەیوەستە بەو شێوازەی دەكرێت لەسایەیەوە درك بەمەعریفەی خۆمان بكەینو بزانین ئایا مەعریفەیەكی ڕاستە.
لەم مەسەلانەم كۆڵیوەتەوە، بەتایبەتیش لەبارەی زانستە كۆمەڵایەتییەكانو كۆمەڵناسی، ئەوەش لەمیانەی ئەو وتووێژەی لەئارادایە لەبارەی ئەوەی ئایا زانستە كۆمەڵایەتییەكانو زانستە سروشتییەكان هاوشێوەن، واتا دەكرێت زانستە كۆمەڵایەتییەكان هەمان میتۆدی لێكۆڵینەوەی بەكارهێنراوی زانستە سروشتییەكان بەكاربێنن. بۆماوەیەكی دوورو درێژیش تەنیا دوو خەیارمان لەبەر دەستدا بوو، بەڵێو نەخێر، دواتر لەگەڵ ئەو كارەی تۆماس كۆهن كە ئاماژەمان بۆكرد، ئەوە دەركەوت كە زانستە سروشتییەكان خۆیان لەوە قورسترو ئاڵۆزترن كە تا ئەوكاتە تەماشا دەكران، ئەم بوارە خەیارێكی تری لەبەردەمدا كردینەوە، ئەویش ئەوەبوو: بەڵێ نەخێر، كە پشت بەوە دەبەستێت زانستە كۆمەڵایەتییەكان لەهەندێك لایەنەوە هاوشێوەی زانستە سروشتییەكانن‌و لەهەندێك لایەنی تریشەوە جیاوازن.
بێگومان تا ئێستاش وتووێژ بەردەوامە، بەڵام گەرەكمە جەخت بكەمە سەر یەكێك لەو پێشڤەچوونە هزرییە گرنگانەی دوایی كە بەگشتی بەڕیالیزم ناسراوە، بەوردیش وەكو ئەوەی لەنێو كارەكانی ڕۆی باسكر پێشڤە بردراوە كە پێم وایە بەشێوەیەك ڕۆشنایی دەخاتە سەر مەسەلەی دابەشبوونی تیۆری كۆمەڵایەتی كە پێشتر كاری لەو شێوەیە نەكراوە. باسكەر هەوڵدەدات ئەوە ڕوون بكاتەوە كە پرسیارە ئەنتۆلۆژی‌و ئەپستمۆلۆژییەكان پێوەندییەكی هاوبەشیان هەیە، بەمانای ئەوەی ئەو شێوازەی لەسایەیەوە مەعریفە لەبارەی واقیع پەیدا دەكەی‌و ئەوەی لای ئێمە ڕاڤەكردنێكی تەواوە، پشت بەجۆری ئەو موجوداتە دەبەستن كە لەواقیعدا هەیە، واتا ئەو بابەتەی توێژینەوەی تێدا دەكەین دەستنیشانی ئەو مەعریفەیە دەكات كە دەتوانین بەدەستی بێنین، ئەوەش خاڵێكە دوای كەمێكی تر ڕوون دەبێتەوە.
یەكێك لەڕێگا كلاسیكییەكانی دابەشكردنی تیۆرە كۆمەڵایەتییەكان بریتی بوو لەجیاوازی نێوان تیۆرە هەمەكییەكان‌و تیۆرە تاكە كەسییەكان. یەكەمیان بەكۆی كۆمەڵگا دەست پێدەكات‌و بەشتێكی دادەنێت لەكۆی ئەو كەسانە گەورەترە كەپێكیان هێناوە، بۆیە پێی وایە كردەی تاكەكانی كردەیەكە ئەو كۆمەڵگایە دەستنیشانی دەكات كە بەشێكی پێكدەهێنن. دووەمیان بە تاكە كەسەكان دەست پێدەكات‌و پێی وایە كۆمەڵگا بەرهەمی كردەی ئەوانە.

هەندێك كەسیش هەبوو پێی وابوو هەردوو ڕەوتەكە بەیەكەوە هەنگاو دەنێن: واتا تاكەكان كۆمەڵگا پێكدەهێننو كۆمەڵگاش تاك. باسكەر پێی وایە ئەم سێ دابەشكردنە هەڵەیە، چونكە كۆمەڵگاو تاك بەیەكەوە واتەماشا دەكات وەكو ئەوەی یەك جۆرە بوونەوەر بن، كەواتە یەكێكیان دەتوانێت ببێتە مەرجێكی ئەویتریان، كەچی كۆمەڵگاو كەسەكان دوو جۆرە بوونەوەری تەواو جیاوازن، سیماو تایبەتمەندییەكانیان جیاوازە، هەنگاوی دووەم بەدواداچوونی ئەم تایبەتمەندییە جیاوازانەیە.
با لە كۆمەڵگاكانەوە دەست پێبكەین. دەشێت واقسە لەسەر كۆمەڵگا بكەین بەو سیفەتەی شتێكە لەو كەسانە مەزنترە كە پێكی دەهێنن. كۆمەڵگا خۆی بوونێكی سەربەخۆی هەیەو دۆركایم ماوەیەكی زۆر بەر لەئێستا بەرگری لەم بیرۆكەیە كردووە، ئەوەش كاتێك باس لەپێداویستیمان دەكات بۆ زانستێكی وەكو كۆمەڵناسی تاوەكو لەكۆمەڵگاكان بكۆڵێتەوەو جەختی كردە سەر ئەوەی كە وجودی كۆمەڵایەتی چەند تایبەتمەندییەكی دیاریكراوی هەیە پێویستە تاك تێیدا بتوێتەوەو دەكەوێتە بەر لەدایكبوونی تاكیشو دوای ئەویش بۆ ماوەیەكی زۆر هەر بەردەوام دەبێت.
با ئێمە زمان وەكو نموونەیەك وەربگرین. زمانی ئینگلیزی ماوەیەكی زۆر بەر لە لەدایكبوونی من سەری هەڵداوەو ماوەیەكی زۆریش دوای مردنی من هەر بەردەوام دەبێتو دەمێنێت. ئەگەر مەبەستمە بەردەوام بم لەگەڵ تاكەكانی كۆمەڵگاكەم، ئەوە دەبێت فێری ئەو زمانە بم. ئەم وەزعەش بەمن ناگۆڕێت، چونكە زمان خاوەنی بوونێكی سەربەخۆی خۆیەتی. دواتر ئەوەش دەبینین كەچۆن كۆمەڵگاو كەسەكان پشت بەیەكتری دەبەستن بەبێ ئەوەی هیچ یەكێكیان مەرجی بوونی یا دروستكەری ئەویتریان بێت.
یەكێك لەتایبەتمەندییەكانی كۆمەڵگاكان پێوەندارییە. كۆمەڵگا لەپێوەندی بەردەوامی نێوان كەسەكان پێكدێت، لەنێوان خۆیانو شتە مادییەكان كە بوونەتە بەشێك لەپێكهاتەی كۆمەڵایەتییان. دەبێت ئەوەشمان بیربێت كە پێوەندییە كۆمەڵایەتییەكان لەخودی ئەو كەسانەی دروستیان دەكەن زیاتر بەردەوام دەبنو دەمێنن، بۆیە وا باشترە قسە لەبارەی پێوەندی نێوان شوێنگەی زیاتر نوێو كەسەكان بكەین. دەشێت واتەماشای خێزان بكەین بەو وەسفەی پێوەندی بەردەوامی نێوان سێ شوێنە، دایكو باوكو منداڵەكان. ئاستێكی دیاریكراو هەیە ئەم پێوەندییانەی تێدا دەوەستێت بەبێ ڕەچاوكردنی ئەو كەسانەی كە ئەم شوێنانە داگیردەكەن. هەروەها هەندێك سیمای بنچینەیی هەیە لەپێوەندیم لەگەڵ قوتابیاندا، هەموو ساڵێك هەر وەكو خۆیەتی، ئەگەر چی ساڵانەش قوتابییەكانم دەگۆڕێن.
تایبەتمەندی دووەمی كۆمەڵگاكان بریتییە لەوەی باسكەر ناوی دەنێت قوڵایی ئەنتۆلۆژی، لەژێر ئەو ڕووەی بەدەرەوەیە چەندین ئاستی وجودی تر هەیە كە بەچاو نابینرێن، ئەم ئاستە ژێرەوەییانە گرنگیەكی تایبەتیان هەیە، چونكە دەتوانن ئەو شتانەمان بۆ ڕاڤەبكەن كە لەبەرچاومان دیارن. ماركس قسەیەكی هەیە زۆرجار خەڵك بەكاری دەهێننەوەو دەڵێت:"

ئـەو کاتـەی ڕوخـساری دەرەکـیو جەوهـەری شتەکان هاوشێوە دەبن، پێویستیمان بەزانست نامێنێت". بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەوقسەیەش تەماشای ئەو مێـزەی بـەردەمی خـۆم دەکـەمو لەڕوخساری دەرەکیدا هیچ شـتێك بـەدی ناکـەم ئـەوە پێـشان بـدات لەملیۆنـەها بەشـی بـچووك پێکدێت کەبەردەوام بەریەك دەکەون، ئـالێرەوە پێم وایە پرنسیپی هۆکارێتی لەکۆمەڵگادا بەدوو شـێوەو وێنـەی ئاشـکرا بەرجەسـتە دەبێـت: یەکـەمیان، دەکرێـت وا بڕوانرێتـە کۆمـەڵێکی دیاریکراو لەپێوەندی نادیار، یا ئەوەی بونیـادی کۆمەڵایەتی ژێرەوە پێکدێنێت، ئـەو سـیفەتەی هۆکاری کۆمەڵێك پێوەندی دیارو بەرچـاوە. بـۆ نموونە، ڕەنگـە مارکسیـستێك وابزانێـت هـەموو ئـەو شـتانەی ڕۆژانـە لەهەواڵـە سیاسـییەکاندا باسـیان لێـوە دەکرێـت هۆکـاری پێوەنـدی ئابووریـیـان هەیـە لـەژێرەوەدا، ئەگەرچـی بەڕاشکاویش شتەکان پێوەندییان بەئابوریـیەوە نەبێت. دووەم، بونیادی نادیار دەشـێت یاسـای تایبەتی خۆی هەبێت، یا ڕووگەی تایبەتی خۆی هـەبێت لەپێـشڤەچووندا. ڕەنگـە هەنـدێك میکـانیزم لەپێوەنـدی ژێـر بـەژێری کۆمـەڵگای سـەرمایەداریدا هـەبێت مـاوە ئـەم کۆمەڵگایە دووچاری قەیرانی ئابووری بکات، یـا پێویست بکات دەوڵەت دەست لەکاری ئـابووری وەربدات.

ئەگەر بچینە سەر کەسەکان، دەبینین باسکەر پێی وایە کردەی مرۆڤ کۆمەڵگا دروست ناکـات، بەڵام ئەم کردەیە یا ئەوەتا کۆمـەڵگا دەگۆڕێـت یـا بەشـێوەیەك لەشـێوەکان وەکـو خـۆی دەهێڵێتەوە، ئەوەش مەبەسـتی ئێمەیـە کاتێـك دەڵێین کۆمەڵگاو تاك لەیـەکتری جیـا نابنـەوە. کۆمـەڵگا کەسـەکان ئاراسـتە ناکـات، بـەڵام لەسایەی کاری ئەوانـەوە دەگۆڕێـتو بـەردەوام دەبێت لەوجود.

باسـکەر پێـی وایـە کـردەی مـرۆڤ کردەیـەکی تەحویلییە، کۆمەڵگاکان مادەی خام پێـشکەش دەکـەنو بوونـەوەرە مرۆڤایەتییـەکانیش کـار لەسەر ئەم مادانە دەکەن و لـەم سـەر کۆمـەڵگا دەردەچـێت. تایبەتمەنـدی جەوهـەری کـردەی مـرۆڤ لێـرەدا ئەوەیـە کارەکـەی کـارێکی مەبەستگەرایانەیەو مەبەستییەتی شتێك ئەنجام بدات.

باسـکەریش هـەمان خـاڵ دەخاتـە ڕوو، بـەڵام بەشـێوەیەکی تـر. مـرۆڤ بەتـەنیا چـاودێری کارەکانی خۆی ناکـات بـۆ ئـەوەی بزانێـت چـی دەکـات، بـەڵکو چـاودێری هـەموو ئـەو شـتانە دەکـات کـە دەتوانێـت چـاودێریان بکـات، واتـا دەتوانێت بیر لەو شتانە بکاتـەوە کـە دەزانێـت ئـەنجامیان بـداتو هەڵیاندەبـژێرێتو ڕاسـتە ڕێگایـان دەکـات. لەملایەنـەوە مـرۆڤ لەکۆمـەڵگاکان جیـاوازە کـە بـریتین لـەبونیادێك لەپێوەندی کۆمەڵایەتی.

خـاڵی گـرنگ لێـرەدا ئەوەیـە پێوەنـدی ڕاستەوخۆو سـادە لـەنێوان کـاری تاکـە کـەسو مەبەستی کارەکـەی لەگـەڵ کاریگـەری لەسـەر کۆمەڵگا یا پێوەنـدی دیـاریکراوی کۆمەڵایەتیـدا نییـە. ئـەو نموونەیـەی زۆرجـار بـاس دەکرێـت، ئەوەیـە دەشـێت یـەکێك بۆیـە زەواج بکـات، چونکە کەسێکی خـۆش دەوێـت، یـا دەیـەوێت دایكو باوکی ڕازی بکات، یا بەشێوەیەکی ڕێكو پێك حەزوو ئارەزووی سێکسی خۆی تێر بکات.

کاریگــەری ئــەم کــارە دووبــارە بوونــەوەی پێوەنــدی کۆمەڵایــەتی خێزانــی نەوەوییــە. لەولاشەوە نموونەیەکی پێچەوانە هەیـە، ڕەنگـە لەبەرئــەوە خێزانەکــەم تــەڵاق بــدەم، چــونکە ئێــستا خۆشــم ناوێــت، یــا گەرەکمــە لەگــەڵ ئافرەتێکی تردا بژیم کە پێوەنـدیمان هەیـە، یـا لەبەرئەوەیە چیتر نـاتوانم بەرگـەی ئـەو بگـرمو ئــەویش بەرگــەم ناگرێــت. کاریگــەری ئــەوەش لەسەر کۆمەڵگا ئەوەیە ئـەم جـۆرە لەپێوەنـدی جۆرێــك لەخزمایــەتی تــازە دروســت دەكــات، بەشێوەیەك خێزانەکەم لـەبری ئـەوەی خێزانـی نــەوەوی بێــت، دەبێتــە خێزانــی خــاوەن یــەك سەرپەرشتیار، ئـەوەش وەکـو خێزانـی نـەوەی ئێستا دیاردەیەکی بەربڵاوە.

تەنانــەت کاتێــك کارەکــانی مــن ڕاســتەوخۆ مەبەســـتییەتی هەنـــدێك لایـــەنی بونیـــادی کۆمەڵایــەتی بگۆڕێــت یــا پارێزگــاری لێبکــات، ئـەوە ئەنجامەکـە ڕاسـتەخۆو بەپەلـە نییـە. بـۆ نموونــە، حکومــەت بڕیــار دەدات مەســروفاتی گشتی کەم بکاتـەوە بـە تایبـەتیش ئـەوەی بـۆ بیمــەی کۆمەڵایــەتی دیــاریکراوەو پــارە بداتــە کەرتی تایبــەت، چـونکە وا گریمـان دەکـات کـە بوژانەوەی ئەم کەرتە دەبێتـە هـۆی بوژانـەوەی وەزعــی مەعیــشی هــەموو ئەنــدامانی کۆمــەڵگا. ڕەنگە ئـەو پـارە کەمییـەی دووچـاری تاکـەکان دێــت لەبەرئــەم بڕیــارە، ببێتــە هــۆی ئــەوەی نـــەتوانن بەرهەمـــە پیـــشەسازییەکان بکـــڕن، بــەوەش کەســادی ئــابوری بــڵاو دەبێتــەوەو پرۆژەکـانی کـەرتی تایبـەت دادەرمـێن. کەواتـە جیهــانی کۆمەڵایــەتی لــەدوو شــێوەی جیــاواز لەمــەوجودات پێکـدێت، کۆمــەڵگاو کەســەکان، گووتم پرسیارە ئەپستمۆلۆژییەکان لای باسکەر پــشت بەپرســیارە ئەنتۆلۆژییــەکان دەبەســتن، ئەوەش لەنێو کایـەی تیـۆردا دەلالـەتی خۆیـان هەیە.

## "تیۆرەکان چۆن بەکردەی ڕاڤەکردن هەڵدەستن"

ڕەنگە لەماوەی ڕابـردوودا ئـەو تێڕوانینـەی مـن ڕوون بــوو بێتــەوە کــەپێم وایــە تیــۆر پارچــە پارچـــەن. بـــەمانای ئـــەوەی پێویـــستیمان بەکۆمەڵێك شێوە تیۆری جیاواز هەیە بۆئـەوەی دیاردەی جیاوازیان پێ ڕاڤە بکەین. بەوەش من ئـەو شـتە دەبـەزێنم کـە باسـکەر خستویەتییە ڕوو، بگـــرە دەشـــێت بیروبۆچـــوونەکانی بـــە شێوەیەك ئاراستە بکـەم کـە خـۆی لێیـان ڕازی نـەبێت. لەگـەڵ ئەوەشـدا پـێم وایـە بـە پـشت بەستن بە پاساوەکەی خۆی دەشێت ئاماژە بـۆ ئــەوە بکــەین کــە ڕاڤــەکردنی تایبەتمەنــدی بونیادی کۆمەڵایـەتیو ڕاڤـەکردنی تایبەتمەنـدی کردەی مرۆڤ، دوو شێوەی جیاوازی ڕاڤەکردنن، ئەوەی منیش گەرەکمـە ئێـستا بیکـەم ئەوەیـە دەستنیشانی شێوە جیاجیاکانی ئەم ڕاڤەکردنە بکەم. لەڕاستیدا ئـەوەی دەیکـەم قووڵبونـەوەو فراوانکردنی بیرۆکـەی سروشـتی تیـۆرە، وەکـو ئــەوەی لەبەشــی یەکەمــدا خــستومەتە ڕوو، تاوەکو شرۆڤەی هەندێك کـردەی بیرکردنـەوەی تیۆری بکەم. تیۆر لەشیکردنەوەیدا بۆ کۆمەڵگا دەستنیــشانی بونیــادی بنــچینەی پێوەندییــە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، هـەنگاوی یەکـەمیش بـەرەو ئـەم کـارەی بـەکارهێنانی لێکـچوواندنو مــەجازە. کۆمــەڵگا لەشــتێکی تــر دەچــێتو دەتوانین زنجیرەیەك لێکچوونو خوازە لەهەموو

جـۆرە تیـۆرە کۆمەڵایەتییـەکان بدۆزینـەوە. مارکسیزم بونیـاد بـۆ ئـەوە دەخوازێـت تـاوەکو پێکهاتـەی کۆمـەڵگا ڕوون بکاتـەوە، بۆیـە وا وێنای دەکات کە لەژێرخانو سەرخان پێکدێت. کـارلێکردنی ڕەمـزیش کۆمـەڵگا بـەئاخاوتن دەچووێنێت. ئەم قۆناغە لەهـەموو قۆناغـەکانی تر زیاتر پشت بـە خـەیاڵ فراوانـی دەبەسـتێت، لەگـەڵ ئەوەشـدا پێویـستی بەوردبوونـەوەی زیاترە. تەنیا لێکچوونی نێوان دیاردەکان گرنگ نییـە، بـەڵکو جیاوازیـشیان هـەر گرنگـە. هەرچەندەی تیۆر پیشڤەبچێت، هەنـدێك چـەمك سـەرهەڵدەدەن کـەمتر پێوەنـدیان بـە خـوازەی ئەسڵییەوە هەیـە. مەسـەلەکە لێـرەدا تـەنیا لـە دەستنیـشانکردنی بونیـادی بنـچینەییدا نییـە، بـەڵکو لەوەشـدایە کـە تیـۆر پێویـستە هەنـدێك ڕاڤەکاری دیاریکراو پێشکەش بکات، ئەوەش وا دەخوازێـت کـە خاوەنـدارێتی چـەمکێك بکـات لەبارەی هۆکارەوە.

لێـرەدا پـێم وایـە زێـدەڕۆییکردن لەباسـکردنی بیرۆکەی هۆکار مەسەلەیەکی پێویستە، چـونکە ئێمە لەژیانی ڕۆژانەماندا مـەیلی ئـەوەمان هەیـە زاراوەکـە وا بـەکاربێنین وەکـو ئـەوەی هـیچ ئیشکالییەتێکی تێدا نـەبێت: قاچـە شکاوەکەم بە هۆی ڕوودانی سـەریارەیە، شکستم لـەزەواج بـەهۆی پێوەندیمـە لەگـەڵ سـکرتێرەکەمدا، هەڵاوسان هۆی بەرزبوونـەوەی کرێیـەو ... بـەم شـێوەیە. هـەر ڕاڤـەکردنێك لەوانـە کردەیـەکی تەواو جیـاواز لەخۆیـەوە وەدەگرێـت، جیـاوازی لەنێو هەردوو شـێوەی تیـۆردا (تیـۆری بونیـادو تیـۆری کـردە) لەشـێوەی ڕاڤـەکردنی ئـەو هۆکارەدایە کە هەریەکێکیان دەیخاتە ڕوو. هەر

ئەوەنـدەش بـەس نییـە تیـۆر بێـت شـتێك یـا شتێکی تر پێشنیار بکات، بـەڵکو دەبێـت ئـەوە ڕوون بکاتەوە کە چۆن ئەم کردەیەی هۆکارێتی ڕوودەدات. ئەگـــەر دەزگایـــەکی بازرگـــانی کرێیەکی زۆر بدات، ئەوە دەبێت کاڵاکانی خـۆی گرانتر بکات، یا بتوانێت پارەی مەسروفاتەکانی خـــۆی بێنێتـــەوە، ئـــەوەش دەبێتـــە هـــۆی هەڵاوسان، پـێم وانییـە ئـەم ڕاکردنـەش ڕاست بێت، بەڵام لێرەدا بۆ ڕوونکردنـەوەی نموونەکـە باشە.

لەحاڵەتی کۆمـەڵگادا، وێنـاکردنێکی بونیادیانـە بۆ بیرۆکەی هۆکـاربوونی هەیـە، چـونکە هۆکـار لەڕووداوێك یا شتێکی دیـاریکراودا نییـە، بـەڵکو لەتەریبکردنێکی دیاریکراوی پێوەندییەکاندایـە. دەشـێت وا بڕواندرێتـە ئـەم پێوەندیانـە وەکـو ئەوەی چوارچێوەیەك یـا پێکهاتەیـەك بێـت بـۆ (میکانیزمی هۆکارێتی) یا وەکو پلاکی گلۆپێـك وایـە ئەگـەر بجوڵێنرێـت ئـەنجامی دیـاریکراوی لێدەکەوێتەوە.

لەسەر تیۆر پێویستە دەستنیشانی جـۆری ئـەو بارودۆخەش بکات کەوا لـەم میکانیزمـە دەکـات کاربکات، یا ئەگەر ئەم میکانیزمـە بـەهۆی ئـەو پێوەندییانـەی کـە ئـەم میکانیزمـە پێکـدێنن کاربکـات. ئـەوەش بیرۆکەیەکـە زەحمەتـە بـۆ تێگەیشتن بەشێوەیەکی ئەبستراکت ـ لەبەشـی سـێیەمی ئـەم کتێبـەدا کۆمـەڵێك نموونـە لـەم بارەیـەوە خراونەتـە ڕوو. نمایـشکردنی ئـەم بیرۆکەیـە بەشـێوەیەکی جـوان وا دەخوازێـت سـەرجەم تیۆرەکـە نمـایش بکرێـت، ئـەوەش کارێکە حەزناکەم لەم قۆناغەدا ئەنجامی بـدەم، لـــەبری ئـــەوە دوو نموونـــە دێنمـــەوە کـــە

پێوەندییەکی توونددوتۆڵیان بەبونیادی کۆمەڵایەتییەوە نییە، بەڵام بەگشتی بیرۆکەکە ڕوون دەکەنەوە.

نموونەی یەکەم لەبارەی مۆسیقاوەیە. ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش پێشڤەچوونی سیستەمی نۆتەی مۆسیقیمان لەیاد کرد کە دوازدە نۆتەیە، ئەوە هەر هەموو مۆسیقا میللیو کلاسیکییەکانی کە لەخۆرئاوا گوێمان لێدەبێت لەسەر چەند نۆتەیەك دامەزراوە کە دەکرێت بەماوەیەکی کەمو بەشێوەیەکی ئەپستراك فێریان بین. هەموو مۆسیقایەك هەر لەهەمان ئەو نۆتانە پێکدێت، ئەوەی پارچە مۆسیقایەك لەیەکێکی تر جیادەکاتەوە، بەدوایەکدا هاتنی ئەو نۆتانەیە.

نموونەکەی تریش ئەوەیە کە زۆربەمان لەکاتێك لەکاتەکانی ژیانماندا پێوەندییەکی گەرمو گوڕو توندو تۆڵمان لەگەڵ یەکێك هەبووە دواتر بڕا بێت، جا ئەو کەسە دایكو باوك، یا هاوڕێیەکمان، یا خۆشەویستێکمان بێت. ئێمە دەتوانین ڕووی دەرەوەی ئەم پێوەندییانە بەدی بکەین، قسەی ناخۆش، ساردبوونەوەی پێوەندییەکە، هەستکردن بە بێزاری. کەچی ماوەیەك پاش ئەوە، دوای ئەوەی هێمن دەبینەوە، ئەوە ئەگەر توانیمان هێمن ببینەوە، دەتوانین دان بەوە دابنێین کە هەڵەی کەسمان نەبووە، بەڵکو هەڵەکە لەپێوەندییەکەدایە، ڕەنگە هۆیەکەی ئەوە بووبێت هاوسەنگی لە پێوەندییەکەدا نەبووە، یا پێوەندی بەوەوە هەبێت کە هەندێك هەڵە لەهەردوولادا هەیە. بۆ نموونە، ڕەنگە میکانیزمی هۆکارێتی نێو ئەو پێوەندیو ئەو دڵەڕاوکێیەی لەبەرانبەر نێرینەیی خۆمو تورەیی خێزانەکەمدایە، لەکاتێکی دیاریکراودا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شەڕ لەبارەی ئەوەی کە کامەمان پشیلەکە نان دەدەین. ئێستاش دەچینە سەر شێوەکەی تری ڕاڤەکردن کە باس لەڕاڤەکردنی کردەی کەسەکان دەکات.

ڕاڤەکردنی تیۆرییانە لەبارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی کاری کەسەکانو هۆی ئەم کارانە، بونیادێکی تەواو جیاوازی هەیە لەئاست ئەو بونیادەی پێوەندییەکان کە تازە باسمانکرد. با ئەوەمان بیربێت کە کەسەکان لەکارەکانی خۆیان ڕادەمێننو بەپێی حیساباتێکی دیاریکراو بڕیار دەدەنو مەبەستی خۆیان هەیە. کاتێکیش باس لەهۆکاری کردەیەکی ڕۆژانە دەکەین، ئەوە ئاماژە بۆ کۆمەڵێك شت دەکەین کە توخمی جیاکەرەوە تێیاندا مەبەستی کەسەکەیە کە کارەکەی ئەنجانداوە، ئەو بارودۆخەی دەیەوێت مەسەلەکەی لەسەر بێت یا چی دەوێت. زاراوەی هونەری بەکارهێنراو لێرەدا ڕاڤەکردنێکی مەبەستدارە، خاڵی کۆتایی واتا ئەنجام هەر لەپێشەوەدا لێرە لەسەر شێوەی ئارەزوویێك کە دەبێت جێبەجێ بکرێت ئامادەیە. کردەکەش لێرەدا ڕاڤەی ئەنجامە کۆتاییەکە دەکات، واتە ئەنجام هۆکارەکەیە. وتووێژێکی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی ئایا ئەم شێوازە شێوازێکی ڕاستە لەڕاڤەکردنی کردەکاندا، یا دەکرێت هەندێك ڕاڤەکاری تر بەپێی شێوازە ناسراوەکان دابنرێت، لێرەشدا ناتوانرێت هەموو پاساوەکان بخرێنە ڕوو.

پێم وایە ڕاڤەکردنی مەبەستدار لەسەر ئاستی مۆمارەسەدا لەنێو هەموو شێوەکانی تیۆری کۆمەڵایەتیدایە کە قسە لەبارەی کردە دەکات، پێشم وایە مەسەلەکە ناشێت بە پێچەوانەوە بێت. هەر تەنیا ئەوە تاکە جیاوازی نێوان هەردوو شێوەی ڕاڤەکردن نییە، بۆ تێگەیشتنی ڕاست لەهەر کردەیەک، دەبێت لەشێوەکانی بیرکردنەوە تێبگەین، لەپێوەندی ئەو مانایە شاراوانە تێبگەین کە لەنێو سەری ئەو خەڵکانەدایە کە لێیان دەکۆڵینەوە. واتا ئەم تێگەیشتنە کردەیەکی تەئویلی وا لەخۆیەوە دەگرێت کە بیرۆکەی لەشێوەی هۆکارێتی بونیادی یا میکانیزمی هۆکارێتی هیچ ڕۆڵێکی تێدا ناگێڕن. بۆنموونە، ئەگەر بمانەوێت لەدەقێکی دیاریکراوی کتێبێک تێبگەین، ئەوە ئەم دوو بیرۆکەیەی هۆکارێتی بونیادیو میکانیزمی هۆکارێتی بەهیچ شێوەیەک سوودمان پێناگەیەنن.

ئەوەی دەمێنێتەوە ئەو پرسیارەیە کە دەڵێت: چۆن دەتوانین ئەوە بزانین ئایا تیۆرێک ڕاستە یا هەڵەیە ـ ئەوەش پرسیارێکی ئەپستمۆلۆژی گرنگە ـ وەڵامێکی یەکلاکەرەوەشی نییە، بەڵام دەتوانین ڕاڤەکردنەکان لەیەکتری جیابکەینەوە، ئەو تیۆرە ڕاڤەکردنێکی باشمان پێدەداتو ئەوەیان نادات. ئەم لەیەکتر جیاکردنەوەیەش کارێکی ئاسان نییە، چونکە کۆمەڵێک لایەن لەخۆیەوە دەگرێت کە لەشێوەیەکی تیۆری بۆ یەکێکی تر جیاوازن، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بەردەوام ئەوەمان بیر بێت کە ئێمە لەجیهانێکدا دەژین وەڵامی کۆتاییو یەکلاییکەرەوەمان پێنادات. چۆن ئەم جیهانە دەگۆڕێتو دەبێتە شوێنێکی جیاواز لەوەی پێشووتر هەبوو، ئاوا تیۆریش دەگۆڕێت کە شێوازی ئێمەیە بۆ تێگەیشتن لەم جیهانە.

کۆمەڵێك پێوەر هەیە دەتوانین لەسەر بنچینەیانەوە حوکم لەم تیۆرانە بکەین کە قسە لەبارەی کۆمەڵگا دەکەنو خرانە ڕوو. باشترین تیۆر ئەوەیە کە دەتوانێت بە شێوەیەکی زیاتر ورد دەستنیشانی کارە هۆکارگەراو کاریگەرو ئەو هەڵوێستانە بکات کە ئەم میکانیزمە هۆکارێتیانە کاری تێدا دەکەن. دواتر پێم وایە پتەوی لۆژیکی گرنگە ـ لەپاڵ ئەوەی لەبەشی کۆتاییدا ناوم ناوە بیرۆکە گشتییەکان. ئەو تیۆرەی کە بەردەوام لەگەڵ خۆیدا ناکۆك دەردەچێت دەبێت بەچاوی گومانەوە تەماشا بکرێت. لەلایەنی ئەزموونەوە تیۆر دەبێت بەپێی ئەو بەڵگانەی پێشکەشیان دەکات بپێورێت. پێشم وایە یەکێك لەسیماکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ئەو پێوەرەیە کە ناشێت بە شێوەیەکی توندو ڕێکخراو پراکتیك بکرێت، بەڵام بەردەوام دەتوانین ئەو تایبەتمەندییانەی ئەزموون بدۆزینەوە کە پێشبینی ئەوەمان بۆ دەکەن ئایا تیۆر پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە یا پێویست دەکات بگۆردرێت بەتیۆرێکی تر. ڕەنگە یەکێك لەتیۆرەکان ئاماژە بۆ ئەوە بکات کە شتێك دەشێت ڕووبدات، ئەو شتەش ڕوونادات. بەشێکی زۆری تیۆری مارکسیزمی نوێ بۆ پێداچوونەوە بە سیستەمی هزری ئەسڵیدا تەرخانکرا بە مەبەستی ئەوەی هەڵنەگیرسانی شۆرشی سۆسیالیزمی لەئەمریکای باکورو خۆرئاوای ئەوروپا ڕاڤە بکات. لەبەرانبەردا، تیۆرێك پێشبینی ئەوە

دەکات شتێکی دیاریکراو روونەدات، کەچی روودەدات. زۆر دەگمەنە تیۆرێک بەتەواوی رەتبکرێتەوە، بەردەوام مەسەلەکە شێوەی پاککردنەوەو پێداچوونەوە لەخۆ دەگرێت، یا رەنگە چوارچێوەکەی تەسکتر بکرێتەوەو راڤەکردنی زیاتر لەخۆبگرێت. هەموو ئەو تیۆرانەی لەم کتێبەدا دەیانخوێنین، شتێکمان لەبارەی جیهان پێدەڵێن، بەڵگەی تەواویش لەبەردەستدایە کە یەکێك لەم تیۆرانە لەبوارێك یا لەکایەك لەیەکێکی تر باشترە، لەگەڵ ئەوەشدا کەموو کورپی تیۆر هەرچییەك بێت، بەلام هەر هەموویان ئاستێکی دیاریکراویان هەیە بۆ جێبەجێکردن.

زۆربەی ئەو قسانەی گووتمان بەسەر راڤەکردنی تیۆری کردەشدا دەسەپێت. بیرۆکەی مـن لەبارەی پەتەوی لۆژیکیو گرنگی بەڵگە دەشێت بە دەستنیشانکردنێکی وردو دوورو درێژی کردەی تەئویلکردنی کردەی کەسەکان جێگای بگرێتەوە. تاکە پێوەری زێدەکراو ئەوەیە کە راڤەکردنی لەم شێوەیەو لەم ئاستە بەردەوام هەڵقولاوی شارەزایی کەسەکانە، لەکاتێکدا راڤەکردنە تیۆرییەکانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەشێت ناکۆك بێت لەگەڵ شارەزایی کردەییو چەمکی وا بەکار دێنێت کە لەبەر دەستی خودی کەسەکانیشدا نییە.

"بۆچی تیۆرەکان پارچەو دابەشکراون ؟"

گووتم تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی ئەو رووگانە دابەش دەبن کەباسمانکرد ـ یا رەنگە رووگەی تر بگرنە بەرو پاش کەمێکی تر دێینە سەریان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە لەخودی خۆیدا شێوازێکمان پێنادات تاوەکو لەسایەیەوە لەو ئالۆزییە تێبگەین. ناکرێت تیۆری دیاریکراو بۆ هەندێك بابەت تەرخان بکەین، وەکو ئەوەی هەندێکیان بۆ لێکۆڵینەوە لەکۆمەڵگا تەرخان بکەینو هەندێکی تریشیان بۆ لێکۆڵینەوە لەکەسەکان. ئەم جۆرە لەدابەشکردن سەرکەوتنێکی لەوە گەورەتر بەدەست ناهێنێت کە پێشتر لەمێژووی ئەم لقە لەمەعریفەدا کراوە. رەنگە پێویست بێت ئەگەر دابەشکردنێکی وا ئەنجام دەین، ئەگەر توانیمان وابکەین، ئەوە سنووری مەعریفەی تیۆری بەکێشەی گواستنەوە لەجۆرێك بۆ جۆرێکی تر راڤەکردن دەستنیشان دەکرێت، بە کێشەی دانانی وێنادن لەبارەی سروشتی پێوەندی نێوان تاكو کۆمەڵگا. کەچی ئەوە واقیع نییە، ئەم شێوە پۆلێنکردنانەش رێگایەکی ناراستەوخۆمان نیشاندەدەن بۆ تێگەیشتن لەو ئاژاوەیەی ئێستا لەنێو جیهانی تیۆردا هەیە.

هەر لەسەرەتاوە ئەم دابەشکردنانە ئاماژەن بۆ تەڵەزگەیەك، چونکە کۆمەڵگاو کەسەکان دوو شێوەی جیاوازی وجودنو پێویستیان بەدوو شێوەی جیاواز لەشێوەکانی راڤەکردن یا تێگەیشتن هەیە. بەلام ئێمە بۆ ئەوەی لەواقیعی کۆمەڵایەتی تێبگەین، ئەوە دەبێت لەهەردووکیان تێبگەین. کۆمەڵگاکان بەبێ بوونی کەسەکان ناتوانن لەوجود بەردەوام بن، پێچەوانەش هەر راستە. پێدەچێت رۆی باسکەر هەوڵبدات خۆی لەم مەسەلەیە لابدات، بەوەی بابەتی دیاریکراو بۆ هەریەکێك لەوانە تەرخان بکات، کۆمەڵناسی بۆ لێکۆڵینەوە لەکۆمەڵگا، سایکۆلۆژیا بۆ لێکۆڵینەوە لەکەسەکان،

پێوەنــــدی نێـــــوان هـــــەردوولاش بابــــەتی لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتییە.
پێم وایە ئەم دابەشکردنە هەڵەیە، چونکە هـەر زانستێکی سـەربەخۆ پێویستی بەزانستەکانی تـرە تـاوەکو مانایـەکی هـەبێت، وەکـو چـۆن بابـەتی ئـەم زانستانە پێویستیان بەیـەکتری هەیـە بـۆ ئـەوەی بـەم شـێوەیە دەرکـەون کـە هــەن. پــێم وایــە تیــۆری گــشتگیرو تۆتالیتــار بیرۆکەیەکــــــە لـــــــەناوەوەی پـــــــرۆژەی کۆمەڵناسـیدایە، لەگـەڵ ئەوەشـدا بیرۆکەیەکـە نایەتەدی. سەرەڕای ئەوەش زۆر لەو تیۆرانـەی باسیان دەکەین بانگەشەی ئەوە دەکـەن گوایـە تیۆری تۆتالیتـارن، ئـەوەش ئـەوەمان بـۆ ڕاڤـە دەکــات کــە بۆچــی ئــەم دابەشــبوونانە ڕوو دەدەن، یا بۆچی هەر لەسەرەتاوە ئەم تیۆرانـە دووچــاری دابەشــبوون هــاتن. لەواقیعــدا ئــەم تیۆرانە هەوڵیاندا تیۆرێك بەگشتی بکەن لەگـەڵ یەك شـێوە لەبابەتـەکانی جیهـانی کۆمەڵایـەتی بگونجێــتو بەســەر هــەموو شــێوەی بابەتــە کۆمەڵایەتییەکانیش پراکتیك بکات. ئەم هـەوڵو کۆششانەش بوونە هۆی شکستی ڕوونو ئاشکرا لەمامەڵەکردن یا لەگەڵ کۆمەڵگا یا لەگەڵ تاکـە کـەس، یـانیش لەگـەڵ هـەردووکیان بەیەکـەوە. ئــــەم هەوڵــــە گــشتگیرانەو ئەنجامەکانیــشیان بابەتێکی سەرەکی ئەم کتێبەیە.
جگە لەوەش دەشێت وێنای ئاستی تری وجـود لەجیهانی کۆمەڵایەتیدا بکرێت، ئەگەرچـی پـێم وایە ئەوە تا ئێستاش جێگیر نەبووەو لـەزەینی خۆمــدا ســێ تواناکــاریم دەستنیــشانکردووە. یەکــــەم پەیوەســــتە بــــەبونیادی پێوەندییــــە کۆمەڵایەتییــەکان لەســەر ئاســتی ڕوخــساری دەرەوە لەبەرانبــەر ئــەو بونیــادە شــاراوانەی ژێــــرەوەدا. ئـــــەوەش بریتیـــــە لـــــەوەی زۆر لەکۆمەڵناسان ناوی دەنێن دامـو دەزگاکـان کـە پێدەچێت تایبەتمەندێتی کەسی کـاراو بونیـادی کۆمەڵایەتی بەیەکەوە کۆبکاتـەوە. بـۆ نموونـە، حزبـی سیاسـی وەکـو دامو دەزگایـەك چـەندین مەبەســتی هەیــە، بەرنامەیــەکی هەیــە ئەگــەر بگاتە دەسەڵات جێبـە جێـی دەکـات، لەهـەمان کاتیـشدا، هەنـدێك تایبەتمەنـدی هەیـە کـە بـۆ بونیادی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە، لەنێو حیزبدا کۆمــەڵێك پێوەنـدی بــەردەوام هەیــە، دەشــێت دەستنیشانی بونیادی ژێرەوەی بکرێت.
نموونــــەی دووەمــــیش پەیوەســــتە بــــە کەسەکاراکان. دەتوانین قووڵاییەکی ئـەنتۆلۆژی بـۆ کەسـەکان دیـاری بکـەین، ئـەویش نەسـتە. ئەگەر قسەکانی فرۆید بە جدی وەرگرین، ئـەوە دیـارە ئـەم نەسـتە بەهـەمان شـێوەی هەسـت کارناکات. بۆیـە دەبێـت شـێوەی ئـەو تیـۆرەی لەهـــەردوو حاڵەتــدا بــەکاریان دێــنین لەگــەڵ شێوازی دانانی ڕاڤەکردنی تیۆری جیـاواز بێـت. سـێیەم ئـەوەش لەبەشـەکانی داهـاتووی ئـەم کتێبەدا دەردەکەوێت. ئاماژە بـۆ ئـەوە دەکـات کـە دەشـێت دەستنیـشانی ئاسـتی ئـەو شـتە بکرێـت کـە نـاوی دەنـێم "مانـا گـشتییەکان" ئەوانەش ئەو هزرانـەن کـە لـەوجوودی خۆیانـدا تاکـەکان دەبـەزێنن، وەکـو زمـان کـە لەسـەری پــەروەردە کـراوین، لەگـەڵ ئەوەشـدا جیـاوازە وەکــــو ئــــەوەی واقیعێکــــی مــــەوجوودە لەکۆمەڵگادا. لەو بەشەی تایبەتە بەبونیادگەری باسی ئەم ئاستە دەکەین.

وتووێژ لەبارەی ڕاڤەکردنی تیۆری پەیوەست بەکۆمەڵگا ئاماژە بۆ شێوەیەکی تری ئەم دابەشبوونانە دەکات کە من لەبەشی ڕابردوودا ناوم نابوو داوی وەسفکردن. ڕاڤەکردن دەبێت زۆر بەڕوونی دەستنیشانی کردارە هۆکارییەکانو میکانیزمە ناوخۆییەکانی ئەم کردانە بکات، کەچی وەسفکاری واناکات. هەموو تیۆرێکیش مامەڵە لەگەڵ بەگشتگیرکردنو شیکردنەوەی ئەپستراك دەکات. شیکردنەوەی ئەپستراك بریتییە لەدەستنیشانکردنی تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی ئەو بابەتانەی توانیمان لەیەك پۆل دایانبنێین، بەبێ ڕەچاوکردنی هەر جیاوازییەکی تر، ئەو پۆلێنکردنەی ئەنجامی ئەوەشە، بریتییە لەبەگشتگیرکردن. بۆ نموونە، ئێمە دەتوانین هەموو ئەو ڕێکخراوانەی کالآ بەرهەم دێننو لەبازار دەیفرۆشنەوە، بەڕێکخراوی ئابووری دابنێین، بەم شێوەیەش ڕێکخراوە ئابوورییەکان دەبنە جۆرێك لەدەزگاکان. ئەگەر تەماشای لایەنێکی هەمان دەزگا بکەین، ڕەنگە بتوانین وا پۆلێنی بکەین کە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی یا کولتورییە. تیۆری وەسفی بایەخ بەدانانی ئەم جۆرە پۆلێنکارییە گشتییانە دەدات، نەوەکو دەستنیشانکردنی میکانیزمە هۆکارێتییەکانی. تیۆری بونیادیانەی فەرمانگەرایی بارسۆنزیش باشترین نموونەیە لەسەر ئەوە، وەکو ئەوەی دواتر کاتێك لەبەشی ئایندەدا دێینە سەری ڕووندەبێتەوە. ئەوەندە بەسە ئێستا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین بەبێ ڕوونکردنەوەی کردە هۆکاریو میکانیزمەکانیان، ئەوە دەشێت وایدابنێین کە جۆرێك لەجۆرەکان بەیابەخترە لەجۆرەکانی تر بەبێ پێشاندانی هیچ هۆکارێك. دەشێت سیستەمێکی تریش بۆ پۆلێنکردنی دابنرێت بۆ ڕوونکردنەوەی هەر شتێك کە کەسێك پێشنیاری دەکات. مەسەلەکە هەر وەکو وێنەیەکی پارچە پارچە کراوە کە دەکرێت پارچەکان بە هەر شێوەیەك دابنرێن بەوەی برگەیەکی بخرێتە سەر یا لاببرێت، بەبێ ئەوەی وێنەی کۆتایی تەواو بێت. توانای تیۆر لەسەر دەستنیشانکردنی کردەی هۆکارێتیو پێشاندانی بایەخی وا لەو تیۆرە دەکات فاعلییەتێکی ڕاڤەکارییانە بە دەست بێنێتو گونجانی پێبدات.

سروشتی سەردەم خۆی بەسەر تیۆری کۆمەڵایەتیدا دەسەپێنێتو خاڵی جیاوازیو دابەشبوونی زیاتر قوڵ دەکاتەوە. پێم وایە دابەشبوونی شارەزاییمان خۆی لەخۆیدا بۆتە هۆی گومانێکی گشتی لەبارەی بەدیهێنانی ڕاڤەکردندا، هەروەها بۆتە هۆی گومانکردن لەتوانای گەیشتن بەتیۆرێکی گشتگیر، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی تیۆر خۆی بەوەسف سەرقاڵ بکات. پێم وایە تیۆری پێکهاتەی گیدینز نوێترین نموونەیە لەم بارەیەوە، ئەگەرچی ئەم حوکمە بەسەر تیۆری پۆست مۆدیرنەو ڕەوتی نوێ لەتیۆری فەرمانگەرایی کە بەفرمانگەرایی نوێ ناودەبرێتو بەسەر کارلێکردنی ڕەمزیش بسەپێت. جگە لەوە پێم وایە لەکاتێکدا کۆمەڵگاو دامەزراوەکان بەشێوەیەك پێشڤەچوون وەکو ئەوەی لەدەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤدا بن، بەڵام کاردانەوەی ئێمە لەسەر ئاستی تیۆریو لەژیانی ڕۆژانەدا بریتییە

لەوەی بڕوا بەخۆمان بێنین گوایە دەسەڵاتی زیاترمان بەسەر ژیانی ڕۆژانەماندا هەیە، ڕەنگە نەتوانین کۆمەڵگایەکی دادپەروەر دابمەزرێنین، بەڵام دەتوانین بایەخ بەتەندروستی خۆمان بدەینو خەیاڵی ئەوە بکەین تاهەتایێ دەژین.
گەشەکردنی تیۆری کۆمەڵایەتی تیۆرەکان کردەی کۆمەڵایەتی گرتۆتەوە کە خەڵك پێی وایە ئەوان دروستکەری کۆمەڵگاکانیانن نەوەکو کۆمەڵگا دروستکەری ئەوان بێت. هەروەها تیۆری گۆتاریش کە قۆناغی پۆست بونیادگەرایی لەگەڵ خۆیدا هێنای. ئەو تیۆرانەی دەڵێن ئێمە جیهانی خۆمان لەواقیعدا بەشێوەیەك دروست دەکەین لەڕێگای بیرکردنەوەو شێوازی قسەکردنمانە لەبارەیەوە. تێۆرەکانی کۆمەڵگا گۆڕاوە، ئەو تێۆرانەی لەبارەی بونیادی کۆمەڵایەتینو سنووریان تەسکتربۆتەوە.

## "نەخشەی کتێبەکە"

هەندێك ڕێگا هەیە بۆ زێدە ڕۆییکردن لەسادەکردنەوەی پێشڤەچوونی تیۆری کۆمەڵایەتیو بانگەشەکردنی ئەوەی کە سەرەڕای فرەیی، بەڵام ڕادەیەکی جێگیری لەپێشڤەچوونی هەمەلایەنەو گونجاوی بەخۆیەوە بینیوە. کەچی پێم وایە ئەوە ڕاست نییە، پێم وایە ئێمە دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی بەدوای یەك جۆر لەپێشڤەچووندا بچین، بەڵام ئەم پێشڤەچوونە زیاتر پەیوەستە بەو شتانەی لەجیهانی دەوروبەرمان ڕوودەدەن، زیاتر لەوەی پەیوەست بێت بەهەر پێشکەوتنێکی گونجاوی لۆژیکی کۆمەڵناسیو پێشڤەچوونەکەی. بۆیە دەشێت بگوترێت لەجەنگی دووەمی جیهانییەوە سێ قۆناغ هەیە لەپێشڤەچوونی تیۆری کۆمەڵایەتیدا، لەیەکەمیاندا لەئەمریکا تاوەکو شەستەکانیش تیۆری بونیادی فرمانگەرایی باڵا دەستبوو کە بارسۆنز داینابوو، ئەگەرچی کارلێکردنی ڕەمزیو ڕەوتی سی ڕایت میلزی ڕەخنەیش دوو ئەلتەرناتیڤ بوون، ئەگەرچی بارسۆنز هاتبوو کارلێکردنی ڕەمزی ئاوێتەی تیۆرەکەی خۆی کردبوو، بەوەش گونجاوێکی تیۆری نوێی داهێنا. لەبەریتانیاش تیۆری ململانێ ئەلتەرناتیڤێکی تر بوو، ئەو تیۆرەی کە زۆر توخمی لەتیۆری بونیادی فەرمانگەرایی وەرگرتبوو. دەبوایە تیۆری کۆمەڵایەتی دابەش ببێتە سەر تیۆری (کۆ)و تیۆری (ململانێ) بەڵام ئەوەش ڕوون نەبوو کە چ تیمێك سەربەم تیۆرەیە یا سەر بەتیۆرەکەی ترە.
قۆناغی یەکەم ڕێکەوتی ئەو جێگیریو گەشەسەندنەبوو کە کۆمەڵگای خۆرئاوایی تێدابوو، بەڵام تەقینەوەی ململانێ سیاسیو ئەو گۆڕانکارییانەی لەشەستەکاندا دەستیپێکردوو هاوکات بوو لەگەڵ تەقینەوەیەکی هاوشێوە لەتیۆرە کۆمەڵایەتییەکان، هەندێك قوتابخانەی تر لەئەمریکا سەریان هەڵدا کە جەختیان دەکردە سەر تێگەیشتنی جیهانی کۆمەڵایەتی لەمیانەی چاوی کەسەکانو چالاکییەکانیان.
میتۆدگەرایی سیستەمی کۆمەڵایەتی ئەوەی سەلماند کە لەهەموو تیۆرەکانیتر زیاتر بەردەوام دەبێت، ئەگەرچی ئەم ماوەیە زیاتر بایەخ بەفەلسەفەی وجودیو فینۆمینۆلۆژی

ئەورووپیو فەلسەفەی شیکاری بەریتانیش دەدرا، هەروەها مارکسیزمیش سەرلەنوێ لەنێو ژیانی ئەکادیمی ئەنگلۆساکسۆنیدا زیندوو ببۆوە، چونکە بەردەوام ڕەوتێکی مارکسی ناوخۆیی هەبوو، ئەم تیۆرەش بەشێوەی جیا جیا لەژێر بارودۆخێکی سیاسی جیاوازدا پێشڤەچوو.

ڕەوتی تیۆری کۆمەڵایەتی سەرەکی نووسراو بەزمانی ئینگلیزی، بەچوار یا پێنج شێوە سوودی لەهزری مارکسی بینیوە، بەتایبەتیش لەڕەوتی مارکسیزمی فەرەنسیو ئەڵمانی. زیندووکردنەوەی مارکسیزم لەبەریتانیا لەڕێگای وەرگێڕانی کارەکانی فەلسەفەکاری فەرەنسی لویس ئەلتۆسێردا بوو بۆ سەر زمانی ئینگلیزی، گرنگیدان بەکارەکانی ئەلتۆسێرو قوتابیانی، بووە هۆی بایەخدان بەتەقلیدێکی هزری کە بەبونیادگەری ناسراوە، بونیادگەری بەردەوام جێگای وتووێژێکی وروژێنەر بوو، لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگاردا زۆر لەگریمانە ئەسڵییەکانی پێشڤەچوونو ئێستا بەپۆست بونیادگەرایی، یا پۆست مۆدێرنە ناوزەد دەکرێت. دابو نەریتی مارکسیزمی ئەڵمانی لەئەمریکادا شوێن پێی خۆی کردەوە، ئەم مارکسییەتە هەندێکجار بەقوتابخانەی فرانکفۆرتو هەندێکجاری تریش بەتیۆری ڕەخنەیی ناودەبرێت، ئەوە قوتابخانەیەکی هزرییەو لەگەڵ هێگڵ سەری هەڵداوە، هێگڵ کە کاریگەری زۆر گەورەی لەسەر خودی مارکس هەبووە. لەسەرەتادا ئەم قوتابخانەیە بایەخێکی زۆری بەکارەکانی هێگڵ دەدا، بەڵام دواتر پێشڤەچوونی گرنگی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتیش لەگەڵ کارەکانی یۆرگن هابرماس ـ دا، چونکە هابرماس شتێکی تازەی هێنایە نێو هزری کۆمەڵایەتی، ئەویش هێرمینیۆتیکا بوو کە سەرەتا لەوتووێژ لەبارەی چۆنیەتی تەئولیکردنی دەقە ئاینییە پیرۆزەکان سەری هەڵداو ئێستاش بۆتە تیۆرێکی گشتی لەڕاڤەکردندا.

تا ئێستاش هەست بەو تەقینەوەیەی شەستەکان دەکەین، چونکە سنووری تیۆرەکانی سۆسیۆلۆژیستو قووڵیان زۆر لەوە زیاترو گەورەتر کە لەپەنجاو شەستەکاندا هەبوو. باکگراوندی چاپی یەکەمی ئەم کتێبە کۆمەڵێك وتووێژی تووندبوو، بەڵام ئەم وتووێژە ئێستا هێمن بۆتەوە، چونکە ململانێی سیاسیش لەئەمریکاو ئەورووپا هێمن بۆتەوەو حکومەتە ڕاسترەوەکان هاتنەوە سەر دەسەڵاتو کۆمەڵگا شیوعییەکانیش لەم ساڵانەی دواییدا داڕمان. مارکسیزم یەکێك بوو لەو تەقلیدە کۆمەڵایەتییە گەورانەی کە زۆر لەژێر کاریگەری ئەم گۆڕانەدا بوو. لەگەڵ کپبوونەوەی ململانێیەکان، توانای سەرهەڵدانی لێکدراوێکی تیۆری نوێ لەسەر دەستی گیدنز سەری هەڵدا کاتێك تیۆری پێکهاتنی پێشڤەبرد. من پێم وایە ئەم تیۆرەی گیدنز لێدوانێکی تیۆری نییە، ئەگەر واش بێت، ئەوە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش فشوو فۆڵە، چونکە بوار بەزۆر لەو تەقلیدانە دەدات کە ئەم کتێبە باسیان دەکات بچنە نێو پێکهاتەکەیو بەهەمان شێوەی ئەسڵی خۆی تەنیا فرمانگەرایی نەبێت کەڕیزپەڕە.

بەڕاستی نەمویستووە هەموو تیۆرەکانی ئێستای کۆمەڵناسی نمایش بکەم، بەڵکو تەنیا

هەڵمداوە تێڕوانینێکی سەرەتایی لەبارەی ئەو تێۆرانە بخەمە ڕوو کە زۆرتر بەربلاوو کاریگەرن. ئەم کتێبە وتووێژ لەبارەی قوتابخانەو ڕەوتە تیۆرییە جیاجیاکان دەکات. ڕەوتی سەرەکی نێو تیۆری کۆمەڵایەتیش بریتییە لەتیۆری فەرمانگەرایی بونیادی، تیۆری هەڵبژاردنی عەقلانی، کارلێکردنی ڕەمزی، میتۆدگەرایی سیستەمی کۆمەڵایەتی. هەموو ئەوانەش تیۆری شیکاریو وەسفینو لەیەک گریمانەی بنچینەییدا هاوبەشن کە بریتییە لەوەی گونجاوترین بابەت بۆ کۆمەڵناسی بریتییە لەتوێژینەوە لەکردەی کۆمەڵایەتی، بەم شێوەیەش ڕووەو ئەوە دەچێت سیماکانی کردەی کۆمەڵایەتی بەسەر سیماکانی بونیادی کۆمەڵایەتیدا بەگشتی بکات. بەڵام بونیادگەری، وەکو ئەوەی لەناوەکەیدا دیارە، بەپێچەوانەوە کار دەکات، ئەو ڕاڤەکردنی بونیادە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی دەکاتو دەیگوازێتەوە بۆ ئەوەی کەسەکان پێی هەڵدەستن، ئا لەوەشدا کێشەی ڕاستەقینەی بونیادگەرایی دەردەکەوێت.

لەکۆتاییدا تیۆری ڕەخنەیی یا هێرمینیۆتیکی بەرەو ئەوە دەچێت ئەو شتانە بکات کە تیۆری کردە ئەنجامیان دەدات، بەڵام تاڕادەیەک پارێزگاری لەبیرۆکەی بوونی بونیادی کۆمەڵایەتی دەکات بۆ ئەوەی سەربەخۆ بێت لەتاکەکان. ئەوانە هەردوو ڕووگەیان بەیەکەوە کۆکردۆتەوە، تاوەکو جارێکی تریش لەیەکتر جیا ببنەوە.

**سەرچاوە:**

**النظرية الأجتماعية من بارسونز الى هابرماس، تأليف: ايان كريب، ترجمة: د. محمد حسين غلوم، مراجعة: د. محمد عصفور، 1999، الكويت**

# ئامێزانکردنی روانینی رۆمانسیو وێنەی تراژیدی

**ماجید نووری**

لەناو کۆمەڵگەی نیوپەتریارکییەتدا زۆر سەیرکردنی ئاوێنە بەمەبەستنی دیتنی -خود- ە، نەك ناسینی -خود-، چونکە کەسی خود شەیدا لەپێناوی بینینی خودی خۆیدا، هەموو دەرگاو پەنجەرەکان لەخۆی دادەخاتو خودی ئەوانیدیکە رەتدەکاتەوە، پێیوایە خودەکانیتر هەڵگری سنو کیسەڵەنوخەلەو خەرمانی خودی ئەم دەشێوێنن، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش نەك تەنیا خۆپەرستی هاندەرێتی بەڵکو هەموو هەوڵێکی رەتکردنەوەی خودی ئەوانیدیکە لەچەمکی نەناسینی خودی تاکە کەسەوە دێت، بەتایبەت ئەو خود شەیدایەی کە لەئاوێنەوە سەیری خۆی دەکات، هەربۆیە لەم کۆمەڵگانەدا بەردەوام قەیرانێ هەیە بۆ لەیەکدی نەگەیشتن، مەرج ئەوەیە ئەو نوخبە رۆشنگەرەی کە دەکەونە ناو پێشهاتەکانو چینو توێژەکانی ئەم کۆمەڵگانەوە ئاوێنەی تایبەت بەناسینی خۆیان هەبێت، نەك بچن بەتوانای هونەریو ئەدەبییەوە لەرێی ئاوێنەی دەروێشو سۆفیو

کەسانی حیزبییەوە خۆیانو خەونەکانی ئازادیو عەدالەتو گۆڕان بناسێنن، نەهامەتی لەوەدایە کاتیَ تاکێکی ناو نوخبەی ڕۆشنبیران بە نوقسانی لەئاوێنەیەکی کەسی بەرامبەریدا خۆی نمایش دەکات، بەمەش بیَتوانایی خۆی لەبینیندا بشکێنێتەوە بەسەر ئەوانیتر داوبەکورتبینیو بیَ توانایی خەتاباریان بکات، چونکە ڕۆشنبیر لەناو کۆمەڵگەی نیو پەتریارکیەتدا نە هەڵگری فانۆسی ئەفسوناویەو نە ئیبلیس گرەو نە هەللاجە، کوڕی هەللاجیش نییە بە وەرەسە بۆی مابێتەوە مێشکی خەڵکانیتر لەکەوان بدات، بەتایبەتی مێشکی کاربەدەستانی سیاسیو حوکمداران کە مەحاڵە لەلایەن ڕۆشنبیرانەوە بتوانرێت مێشکیان لەکەوان بدرێت..

کەسی ڕۆشنبیر گەر لەئاوێنەکەی خۆیدا خۆی ناسیبیَ، دەتوانیَ لەواتای خۆناسیدا سەرپشك بیَو هەیمەنەیەکی گرامشیانە بکاتە سەر ئایدۆلۆژیاو بیگۆڕێت بەکایەی فیکری ئازاد، چونکە ئایدۆلۆژیا لەناو هەڵگرانی پێکهاتەو فیکری نیو پەتریارکیەتدا تەنیا لەناو سنوری جوگرافیای سیاسیدایەو ناپەڕێتەوە بۆ فەزای کۆمەڵایەتیو فیکری، دوورتر بڵێین دەتوانیَ ئازادانە فیکری خۆی بۆ پراکتیزەی زانستە کرۆییەکان قاڵ بکاتەوە، بەو مەرجەی ئازادی ئەوانیدی نەخاتە بەر مەترسی لەناوچونەوە، بەڵکو بۆ ڕێکخستنی بوارەکانی ژیانو دیالۆگو دەرکەوتن بەروخساری ئینسانیەوە ئەو فیکرەیە وەگەڕبخات، هەستو شعورو سۆزیش بۆ گوزارشتکردن لەقەناعەتو راوبۆچوونی خۆی لەو بوارانەدا تەرخان بکات، بەلاَم ئەگەر ڕۆشنبیر واتای خۆناسینی بە پەراوێزکردبێت، لەئاکامدا دەکەوێتە ژێر فەرمانەکانی کاریزماو مامۆستایانی ئایینو سیاسەتگێڕانی حیزبەوە، یان ئەوەتا ئاییدۆلۆژیایەکی بەرتەسك بەبڕیاری پێشوەختە-ئاوێنەکەی - لیَ کۆنترۆڵ دەکات..هەڵبەتە ئەوەی دیدو تێڕوانینی ڕۆشنبیر لەکەسانیتری پیشەگەرو سیاسیو ئیدارەی پۆلیسیو خانەقای ئایینی جیادەکاتەوە ئەوەیە کە بەرلەکارکردنی بۆ وەدەستهێنانی سەرمایەی ماددیو ئابووری یان بەر لەجەمسەرگرتنی لەخاڵی دەسەلاَتتدا، فیکری مەشغوڵە بە خۆ دەوڵەمەندکردن بەسەرمایەیەکی رەمزی، بۆیە هەوڵدەدات گەشە بەزەمینەیەکی بەرفراوان بدات کەتێیدا کۆمەڵگەی نیو پەتریارکیەتدا فرە کولتوری تێدا قبولَ بکرێت..

نوخبەی ڕۆشنگەر ئەو توێژەن کە پێکهاتەی کۆمەڵگە نیو پەتریاركو قەیرانو گرفتە مۆلَ خواردووەکانی ناو کۆمەلَ بەخەڵکی دەناسێنیَ، زەحمەتە دەوڵەتێکی پۆست کۆلۆنیالی یان حیزبێکی سەردەستە یان دەزگایەکی ئۆرگانیزەکراو بتوانیَ ئەو ناساندنە لەزەیینیەتی تاکەکاندا بسڕێتەوە، تەئویلکردنەوەی ئەو بوێریەی پێکهاتەکە دەناسێنیَ هەمدیسان ئیرادەیەکی ڕۆشنبیریانەی وای گەرەکە کە لەتوانایدابیَ مەجرای حاڵەتە هەڵچووە سیاسیەکانو بیرکردنەوە تەعەسوفیە خێڵەکیەکان بەرەو دۆخێکی ئارامی وابەرێت کە تێیدا وشەی زەبرو

توندۆتیژی لەچەمکی جیاوازبوون دووربخاتەوە، چونکە هەرێمی باشووری کوردستان وەك هەرێمێکی بچوکی فرە وەلائەتو هەمە ستراتیژو مۆزائیك وادەخوازێ کە بەزەرووەت لەروحیەتی گونجانو هێورکردنەوەی کەفوکوڵی ئەتنیدا پرۆسەکانی مۆبیلیزەکردنی کەسانو مۆدێرنەکردنی فۆرمی پەیوەندیە کۆمەلآیەتیەکانی پێ بەرێوەبچێت..

هەن هەمیشە پێکهاتەی ئیداری سیاسی سەنترالیانەی کوردی بە "دیۆنیسۆسیەت" دەچوێنن "دیارە دیۆنیسۆس وەك هێمایەکە بۆ یاخیبوونو ئاژاوەو ململانێ لەپێناوی مانەوەدا" لەکاتێکدا واقیعی پراکتیکیو ستراتیژی نەتەوەییو خەونی بەدەوڵەت بوون وادەخوازێ بەرۆحیەتێکی ئەپۆلۆیانەوە فۆرم بۆ ژیان دارێژینەوە "دیارە ئەپۆلۆ رەمزێکە بۆ گونجانو تەباییو سیمبولێکە بۆ پێکەوە ژیان بەئارامی لەگەڵ یەکتردا.."

پێشتر لە زۆر وتاریترمدا باسم لەلاوازی دەسەلآتی نوخبەی رۆشنگەر کردووە لەوەی ناتوانن ئەو پرۆژانە بەرهەمبهێنن کە پرسیارو فرە تەئویل لە زەیینی خەڵکیدا دەوروژێنن، هەر بۆ نموونە کاتێ باس لەژیاننامەی جەنگاوەرێ یان کەسێکی یاخیبوو دەکەین، کۆمەڵگە بەسەرتاپای توێژو چینەکانیەوە تا رادەی پەرستن دەبنە کۆیلەی باسەکە، چونکی رۆژانە ئەو خەڵکە لەناو خێزانو هۆزو عەشیرەتو دواتر لەناو کۆمەڵێ دەزگای ئۆرگانیزەکراوی بەناو مەدەنیدا بیرو وتەو دەستیان فێرە زەبرو توندوتیژی دەبێ، لێرەوە تەنیا وارسکێ کە کۆ ئیعجابی خەڵکی ئێمە دەجووڵێنێ، وارسکێکە ئامادەیە لەبینینی توندوتیژی چێژ وەربگرێ لەکاتێکدا ئەوە لێکنادرێتەوە کە هەموو کۆنسیپتو چارەسەرێکی یاخیگەرانە ناچنە ناو پرۆسەی سیایی مۆبیلەزەکراوی بە مەعریفەوە، بەڵکە زۆربەی یاخیبوونەکان هاوبارگەدەبن بەمەعمەعاتی تۆڵەسەندنەوەو دڵەڕاوکێو نائومێدی، هەیانە خۆڵەمێش هەڵدەداتەوە بۆ دەرخستنی چزیلکی گڕی رقو کینەو دوژمنایەتی ئەمەش بەخواستی عاتیفەی رووتەوە نەك بەخواستی ئیرادەی بان- شەخسیەوە، هەموو یاخیبوونێ کە لەخواستی سۆزەوە چەکەرەی گرتبێ یاخیبوونە بەخەیاڵی گەیشتن بەقارەمانێتی وەهمی، هەموو خواستی سۆزێ چەند قەبارەی کەسو رووداوەکان گەورەبکاتەوە هێندەش بەپێچەوانەوە جارێکیترو لەکاتێکیتردا بچکۆلەیان دەکاتەوە، لێرەدا ئەدیبانو هونەرمەندان ناتوانن وێنەی واقیع لەئاوێنەیەکدا وەك خۆی بەقاڵبی هونەریو ئەدەبی بپێونو بەدیدو هزری خەڵکی بناسێنن، بەڵکە بەو شێوەیە هێڵە ئالۆسکاوەکانی رووی حەقیقەت ئالۆزتر دەکەنو لەبەرامبەری دەکەنە تەونی جاڵجاڵۆکە. یان کاتێ حەکایەتی هەزارویەك شەوەی ئەو کوردە گوناحو زوڵم لێکراوە لە نووسینەکانمان دووپاتو دەپات دەبێتەوە کە بۆتە کۆیلەو چارەنووسی بەردەوام هەر لەمەترسی لەناوچووندایە، تۆنی ئەم رۆمانسیەتەی نووسین هەردەم خولقێنەری تراژیدیاو زەبرێکیترە لەناو کۆمەڵدا، تۆنێکە مشەخۆری سەر جەستەی کارەساتەکانە،

لەسوورانەوەی ئەم بازنەیەداو لەدەرەوەی ئەم تۆنە، رەنگێکی ئاڵ نی‌یە کە سیمبۆڵی بێ بۆ فەلسەفەو مەنتیق‌و زانست‌و هونەرو جوانی‌و موغامەرەو کاری مرۆڤدۆستانە..

ئەم تۆنە موغامەرەیەکی بێ موژدەیە بۆ رەمزاندنی کارەساتەکان، هەر بەم تۆنەشەوە مەرگی مۆتیڤی خۆناسین تۆماردەکەین، ئەم تۆنە قردێلە کردنەوەیە لەپرچی ئاڵووالای ئیرۆس‌و بەستنەوەیەتی لەپەیکەرە ئێسکی تاناتۆس، لەبەستنەوەی قردێلەکەشدا "تاکەکەس" گۆڕانکاری پێ ئەنجام نادرێت، بەڵکو توانایەکی ئیفلیجی کۆ لەگەڕدایە بۆ ئامانجە قەدەری‌و غەیبیانیەکان کە ئاکام هەموو تاکێ دەگۆڕێ بۆ هۆکار یان قوربانی‌و لەناومەیدانی دژایەتی‌و قەیرانەکاندا وابەستەیی رەهاوە لافیتەی شەهیدبونیان بۆ هەڵدەواسێت..

هەر کاریگەربوونێ بەزەبرو توندوتیژی دەستە جەمعی لە مونتەڵەقی کەینونەیی زاتیی تاکو حەقیقەتی کۆمەڵایەتیەوە نایەت بەڵکو لەو شێواندنانەوە دروست دەبێ کە فۆڕمێکی تۆتالیتێریانە یان هێزێکی پشت بەستوو بە میتافیزیکیەت بیەوێ لایەنە لوغز ئامێزەکانی کەسێتی‌و کارەکتەری مرۆڤی کارا بەخودی مرۆڤ و عەقڵیەتی مرۆڤانە بناسێنی‌و بەزۆر لەقاڵبی بدات، لێرەوە کەسێك نامێنێتەوە کە بەئاڕاستەی ستراتیژ کاربکات، ستراتیژێ کە هەوڵ بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی راستەقینەو عەدالەتی بێ غەل‌وغەش بدات‌و بەمانایەکی مرۆڤدۆستانەوە و بەپراکتیکی هەوڵەکان بێنێتە سەر شەقامی خەبات‌و تێکۆشان، بەکورتی کەسێك شك نابەیت ئەو مانایانە بکاتە چەقێك‌و کاری بۆ بکات، ئەمانە وادەکەن هەستی رۆشنگەری لەناو کۆمەڵگەی نیو پەتریارك دەربخەن کە هەستێکی لاوازەو لە دۆخی ئازامیشدا پرۆژەی مەعریفی گەورەیان بۆ بەڕێوە نەچێت، با ئەو خەتەرە گەورەیەشمان لەیادنەچێت کە چەمکی بەهاوولاتی بوون‌و شوناسی نەتەوەیی پێ فڕێدەدرێتە کونجی فەرامۆشیەوە ئەویش دابەشبوونی عەقڵیەتی کوردە لەناوخۆیدا بۆ چەند بەشێك، کە هەر بەشە لەناوچەو شارێکدا ئیمپراتۆریەتی وەهمی بۆخۆی دامەزراندووەو ئەوپەڕی ئامادەیی تێدا دروست بووە موڵکیەت‌و شتە پیرۆزەکان‌و ڕەمزەکانی ئەوبەشەی تر کۆنترۆڵ‌و زەوت‌و بەنەفرەت بکات، خۆئەگەر هەر دەستیان نەگاتە یەکتر، ڕیسوایی بۆ یەکتر دەنێرن، ئەو نوخبە ڕۆشنگەرەی لەناو ئەم بەشانەدا دەژین، دەسەڵاتێکی مەعریفی‌و جەسارەتێکی وایان نییە تا ڕووبەڕووی دەسەڵاتداران‌و ڕووداوەکان ببنەوە، وامان دانا ئەمە ئەرکی ئەو نوخبەیە نییەو شەڕێکی عەقڵانی گەورەتری دەوێت، بەڵام خۆ دامەزراندنی کاراکتەری مرۆڤی کورد لەئەرکە هەنووکەییەکانی نوخبەی ڕۆشنبیرییە..

ڕۆشنبیرانی کوردیش لە گرووهی ڕۆشنبیرانی سەر بە میللەتە پەنهانکراوەکانی دنیای دواکەوتووی فکرو نیمچە پێشکەوتووی تەکنیکن، کارگەلێکی دیلن‌و کەرتە ئاوێنەی بەرباخەڵیان لەناو ئاوێنە وردو خاشکراوەکانی چین‌و توێژە بێ دەسەڵاتەکانی تری کۆمەڵەوە هەڵگرتووە، ئەمەش باشترین بەڵگەیە لەسەر

ئەوەی کە تەنیا بەرپێی خۆیان بینیوەو فریای ئەوە نەکەوتوون ئاوڕێ لەو بەرهەمە فیکریو فەلسەفیانەی خۆرئاواو گەلانی تری پێشکەوتوو بدەنەوە کە بە کەنارەکانی ئەفراندنیان دەگەیەنێ، لەناو کۆمەڵگایەکی کوردی نیوپەترياركتدا ڕۆشنبیر لەتاو فەرامۆش بوونی لەلایەن خەڵکێکی بێ ئیرادەوە ناچارە خەنجەری بەرپشتێنی خۆی دابنێو باس لە تێکۆشانێك نەکات کە زاتو جەسارەتی تێدا دەسەلمێ،ئەرکی ڕۆژانەی دەچێتە ئەو ئەستێلکانەوە کە دەسەڵاتداریێتی لۆکاڵی کوردی تێدا هەموو کەمو کوڕییەکان پەردەپۆش دەکەنو بەپڕۆپاگەندە دنیا ڕەنگاڵەیی نیشان دەدەن ((دەسەڵاتێ بەبێ گومان کردن لە هەمو شتێ دەدوێ))، ئەگەر ڕۆشنبیرێ بێ گومان بێ لەو دنیا پڕ لەدرۆو ناعەدالەتی کۆمەڵایەتیو کێشەی فەسادی ئیداریو حزبیەی کە لە کوردستاندا هەیە، سیاسەتی لەبیر خۆ بردنەوەی لەلایەن هەموانەوە لەدژ بەکاردێ، سیستمی تایەفەگەرییانەی ڕاگەیاندنەکانیش وشەی گومانیان پێ هەرس ناکرێت، چونکە هەمیشە گومانو بیرکردنەوەی ئازادانە تەئویلو پرسیارکردنی سەربەخۆیانەی بەدوادادێت کە ئەمەش زیان بە بڕوای نەگۆڕی شەخسی دەسەڵاتدارانو ئایدیۆلۆژیا ناشەفافو چەسپاوەکانیان دەگەیەنێ، لەسەرەتای بابەتەکەوە کە باسم لە ناسین کرد لە ڕێی ئاوێنەوە، دیارە مەبەستم لەو ناسینە نییە کە لە ڕێگەی ناسنامەی باری کەسێتیو ڕەگەزنامەی شارستانیەوەیە، بەڵکو ناسین لێرەدا خستنەڕووی باری کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو سیاسی نەتەوەیەکی پەنهانکراوە لەلایەن ڕۆشنبیرەوە تالە خەڵکی تێبگەیەنێ ئەم نەتەوەیەش وەك نەتەوەکانی تری دەوروبەری خاوەنی تێڕوانینو کلتووری تایبەتی خۆیەتیو بەمافی خۆی دەزانێ دیموکراسی بێت بە پێی بنەماکانی مەدەنیەت، ئەگەرچی زەبری ڕوواوەکانی مێژوویەکی سووری پڕ لە خوێن ڕژانو کوشتن کاریگەری خراپی بەسەر جەستەی کوردییەوە جێهێشتووە، بەلاَم ڕاکێشانی سۆزو ڕای گشتی جیهانیش بۆ جەستەیەکی زامدار لەوەدەستهێنانی دەسکەوتی سیاسیدا کیفات نییە بۆ بەمەدەنی بوونو دامەزراندنی دەوڵەتو شتی تر، ((بەڵکو لەدوای ڕاپەڕین بینینمان کە دەرئەنجامی ئەو جۆرە سۆزانە تەنیا چەند بارهەڵگرێ دەرمانو ئازووقەو تەخەدار بوو تا گەرمو تێر بین پێیو بەس، ئەو مەترسیانەش کە لەسەر بوونی کورد هەبوون بەو سۆزانە لانەچوون، بەڵکو تا کورد کارنەکات بۆ بەرهەمهێنانی کلتوورێکی پلۆرالیو پێکەوەژیانی تازەی کۆمەڵایەتی، تا بەچاوی ڕەخنەوە ڕابردووی پڕ شکستو هەڵەو نووچدان نەخوێنێتەوە کێشەکەی کورد بە سیاسی ناکرێتو هەر کونجە فەرامۆشبووەکانی دنیادا بەپەراوێز دەبێ)) نکۆڵی لەوە ناکرێت کە کیمیابارنی هەڵەبجەو کۆڕەو ئەو ساتەوەختانە بوون کە کورد توانی لەئاوێنەی خەڵکیەوە بە مەزڵوم دەربکەوێو فرمێسك بخاتە سەر گۆنای خەڵکانێکی بەویژدان ئەو دنیایەو ئەوانیش فشار بخەنە سەر ئەو کەسانەی جڵەوی

جیهانیان لەزۆر ڕووەوە بەدەستەوەیە و ((کە لەبەزەیی زیاتر)) نەهاتن چارەسەرێکی ستراتیژیو بنەڕەتی بۆ سەندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی کورد دابنێن، بەڵکو سیاسەتمەدارانی سەر بەدنیای کۆلۆنیالیزمو گلۆبالیزیشن کە لەسەدەی تازەدا بە کۆمەڵێ ماسکی ئینسانی ڕوخسارە دزێوەکانیان پێ دەشاردەوە ((هەندێ ڕێکخراوی مرۆڤدۆستی لێ دەربچێت)) زۆربەی جار هەڵسوڕێنەری گەمەیەکی گەورە بوون لەتەوەرەدا کە چەندین گەمەی بچکۆلەی لەکەنارەکاندا لێ بەردەبۆوە، هەروەك چۆن پێشتریش لەگەمەیەکی هاوشێوەدا نەخشەی ئیداریو سیاسییان بۆ خۆرهەڵاتی ناوەند کێشاو چەندین هێڵیان وەك سنوور لەنێوان نەتەوەو وڵاتەکانی ژێردەستیان دروست کرد، هەربۆ نموونە ناکرێ ئەوە لەیاد بکەین کە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا بەهۆی تەرتیباتێکی نێو دەوڵەتیو جیۆستراتیژی ئینگلیزەوەو لە پەیمانی لۆزاندا ئەم بەشەی کوردستانیان بەویلایەتی بەغداوە بەستەوە، بەمەرجێ تا ساڵی (1920) لە هەموو دنیادا بستەخاکێ نەبوو بەناوی عێراقەوە جگە لەویلایەتەکانی شارەزوورو موسڵو کوردستانو بەغداو وادی ڕافیدەینو بەسرە، لەکاتێکدا لە ژێر فەرمانڕەوایی شێخ مەحموود ئاڵای سەربەخۆیی کوردستان هەڵکرابوو کە لە هەموو ئاسیای ناوەندو گەورەدا ژمارەی دەوڵەتان لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێ نەدەپەڕین..

دوای لەناوبردنی ئەو ئەزموونەش هەموجارێ بۆ ئەو شکستانەی کورد کە بەدرێژایی مێژوو لێی چەند بارە بۆتەوە بارودۆخو دەروبەرمان خەتاباردەکرد، چەمکە ئابووریو سیاسییەکانی خۆمانو دنیاش نەیانتوانی کۆسپەکان لەبەردەم گەیشتن بەئامانجەکاندا تەخت بکەن، هیچ نەبێ لەبەشێکی نیشتمانی کورداندا کەدەکرا لەماوەی سیازدە ساڵی ڕابردوودا دەرفەتو هەلومەرجی باش بقۆزرایەتەوەو بەهۆیەوە کورد بەرهەمی ئەدەبیو فەرهەنگیو هونەری خۆی بەدنیا بناساندایەو لەو گرێی هەست بەکەممسەری کردنە تاکەکانی خۆی دەرکردایە بۆ دنیای نوێی بسەلماندایە کە تەنیا جەنگاوەرێ نییە بۆ خۆی بجەنگێ، بەڵکو هونەرمەندو ئەدیبو زانایەکیشەو دەتوانێ لەپرۆسەی مۆدێرنە کردنی خودی شارستانێتی کوردی بەشدار بێتو کۆمەڵگەش بە قۆناغێکی گەشەو تازەکردنەوەی ڕاستەقینەدا تێپەڕێنێو لەپرۆسە عەقڵیو لۆژیکیەکانی دنیای تازەشدا ڕۆڵێکی ئەکتیڤی هەبێ، لەکارگەو لابۆرەکاندا بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی خەریکی تەکنیك بێت، کەواتە مەرج نییە بەتەنیا جەستەیەکی داڕزاوی لۆکاڵیانەی سیاسی بێتو لە ئاوێنەکاندا بە تراژیدیانە دەربکەوێ، بەڵکو مەرجە ئامادەگی ئیرادەگەرییانەی لەناوچەقی گۆڕانکارییەکاندا هەبێ، ئەو گۆڕانکارییانەی بۆ مرۆڤایەتی پێویستو ستراتیژی داهاتوون، چونکە یادەوەری تراژیدی بەتەنیا بەس نییە بۆ گەشەکردن لەناو ئەو سیستەمە جیهانیەدا کە پرەنسیپی بەرژەوەندی بەلایانەوە پێوەرە بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی گەلان، ئەگەر کاری حزبەکانی کوردی تا ئەمڕۆ لە ناسینی کوردا

نمایشکردنی ئەو یادەوەرییە مەرگەساتاویانە بووبێ، ئەوە کاری کەناڵەکانی تری مەعریفەو زانین لەمانە زیاترن، پێش هەر شتێ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری خەڵکییە تا ئەو رأدەیەی تێبگەن لەوەی کەناسینی بەرانبەر وابەستەیە بە ناسینی زاتیی کورد خۆیەوە لەدوای ناسین تەوەرەی دیالۆگ دێە ئاراوە تا بەهۆی فیلمێکی سینەمایی یان بەهۆی سیمبولی چامەیەکی کاریگەر یان بەهۆی ڕووداوی ناو ڕۆمانێکی ناوێزە خاڵە پۆزەتیڤە ئەتنیکیەکان بۆ دیالۆگ لەنێوان شارستانیەتەکانو نەتەوەکان دروست بکرێت، بەواتا ڕۆشنبیر دێت لەچەند دەلاقەو دەروازەی ترەوە شوناسو کەسێتی کوردی دەناسێنێو ویژدانی بەرانبەری پێ دەجووڵێنێ، تا لە دیالۆگدا تێگەیشتن پێك بێت ئەوسا دەوترێ ئەگەر کورد بە تێکۆشانی چەکداری دژ بەنەخشەکانی فەناکردن جەنگابێت ئەوەتا ئێستا بەچەند ڕەگەزێکی کولتووریو فەرهەنگیو پێ بەپێی ڕەوڕەوەی شارستانیی جیهانی نوێ بەرەو پێشەوە دەڕوات، ئەوەتا هەوڵ دەدات تا لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمی نوێدا هاوشان بێ...

# کۆمەڵناسی

## لەنێوان دیالیکتیکی ئایینو سیاسەتدا

د. عقیل نوری محمد

و. لەعەرەبییەوە:


ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

دیارترین ئەو کێشانەی کۆمەڵناسی ڕەخنەیی سەرکێش بەدەستیەوە تلاوەتەوە، ئەوەیە کە ناتوانرێت لەلایەنی سیاسیو ئایینیو هەندێکجار یاساییشەوە لەخۆ بگیرێتو قبووڵبکرێت. بۆیە کۆمەڵناسی ڕەخنەگر، بەتایبەتیش لەنێو کولتووری کۆمەڵگاکانی جیهانیسێیەمدا گەمارۆو کۆتو بەندکراوە، چونکە ئەم زانستە بوونێکی ڕاستەقینەی نابێت، لەبەر ئەوەی کۆمەڵناسی ڕەخنەگر لەنێو ئەو کۆمەڵگایانەداو بەهۆی باڵادەستی دیکتاتۆریانەی دەسەڵاتی سیاسیو زێدەڕۆیی ئایین، ناچارە کەسێکی پاساوخوازو پۆزشکار بێت، تەنانەت ئەگەر زانایەکی ڕەخنەگریش بوونی هەبوو، ئەوە بازدانێکی کاریگەر نابێت تەنیا لەنێوەندێکی سنووردارەوە نەبێت کە بەردەوام نێوەندی ڕۆشنبیرییە.

# کۆمەڵناسی

باشە، نهێنی ئەو نەگونجانەی نێوان سیاسەتمەدارو پیاوی ئایینی لەلایەك، لەگەڵ کۆمەڵناس بە گشتیو کۆمەڵناسی ڕەخنەگر بەتایبەتی لەچیدایە؟ ئایا کێشەکە لەخودی کۆمەڵناسیدایە یا لە ئایینو سیاسەتە؟ لەدەسپێکدا پێویستە ئێمە لە ماهییەتی کۆمەڵناسی ڕەخنەیی تێبگەین، تاوەکو بتوانین لەکێشەو ناکۆکییەکانی نێوانی لەگەڵ سیاسەتو ئایین تێبگەین.

کۆمەڵناسی ڕەخنەیی لە ڕوانگەیەکی مارکسیانەوە دەڕوانێتە شتەکانو هەوڵدەدات سەرلەنوێ کۆمەڵناسییەك دابڕێژێتەوە خاوەنی چەمكو میتۆدی خۆی بێتو بتوانێت ڕووبەڕووی ڕەوتی پۆزەتیڤیزمی فرمانگەرایی کۆنسێرڤاتیڤانە بووەستێت، بۆیە پێی وایە فرمانی تیۆری ڕەخنەیی بڕینی جیهانی شتەکانە بەهیوای ئەوەی پێوەندییە



شاراوەکانی دواوەی ئاشکرا بکات، بەو شێوەیەش دەتوانێت دەستنیشانی شوێنی خەلەلەکان بکاتو چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە. لەو ڕوانگەیەوە، کۆمەڵناسی ڕەخنەیی وا تەماشای کۆمەڵناسی دەکات وەکو ئەوەی چاکسازێکی کۆمەلایەتی بێت، چاکسازێکی تایبەت، چونکە پشت بەو توێژینەوە مەیدانیانە دەبەستێت کە لەبارەی واقیعی کۆمەڵگاوە ئەنجامدراونو بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگاله خودی ئەو کۆمەڵگایەوە دەست پێدەکات. بەوەش خۆی لەوە بەدووردەگرێت بکەوێتە نێو داوی چاکسازی ئایدیالی وەکو ئەوەی چاکسازی ئایینی یا تەنانەت هەندێکجار چاکسازی سیاسیش گەرەکیەتی.ئەوە وادەکات ڕەخنەگر لەڕاوبۆچوونەکانیاندا لە بۆچوونی پیاوانی ئایینو سیاسەت واقیعیو کردەیی تر بێت، لەبەرئەوەی ئایین لەسەر بنچینەی ئایدیالییەوە خەڵك ئاراستە دەکاتو بەردەوام ئاماژە بۆ ئەوشتانە دەکات کە دەبێت وابن، نەوەکو بۆ ئەو شتانەی کەوان، ئەوەش شتێکی بەرچاوە لەنێو هەموو ئایینەکاندا، جا ئایینی ئاسمانی بن یادانراو، ئەگەر جۆرێك لەواقیعیەتیش هەبێت، ئەوە لە ئاستێکی زۆر سنووردارادایە.

دەبێت دان بەوە دابنێین کە پیاوانی ئایینی زیاتر لە کۆمەڵناسان یا تەنانەت سەرکردەی سیاسیش کار لەکۆمەڵگا دەکەن، بەتایبەتیش لەنێو کۆمەڵگا دواکەوتووە خاوەن سیستەمە کولتوورییە تەقلیدیەکاندا کە دەشێت وا وەسف بکرێن خاوەنی کولتوورێکی باوکسالارانەی زاڵو بالادەستن، بەتایبەتیش لەنێو ڕیزی چینە فەرامۆشکراوو چەوساوەکانی خوارەوەی هەرەمی کۆمەلایەتیدا، چونکە لای ئەوانە ئایین مانای ئەو هاوسەنگبوونە دەبەخشێت کە بەدوایەوە وێڵن. لەبەرئەوە دەبینین بیرۆکەی کەسی وەلیو ئیمام زیاتر لەنێو خەیاڵدانی نێوەندی میللیو گوندنشینی کۆمەڵگادا بوونی

هەیە، چونکە ئەو چینە چەوساوەو هەژارانە بڕوایان بەو بیرۆکەیە هەیەو زیاتریش لەگەڵ خەیاڵی میللیو پڕئەندێشەیان دەگونجێت، خەیاڵی گۆشکراو بە بیرۆکەی سەرهەڵدانی کەسێکی ڕزگارکەرو بەدیهێنەری دادپەروەری کۆمەڵایەتیو ئابووری. پیاوی ئایینی ئەگەر خۆیشی وەکو وەلیو ئیمامو ڕابەر پیشان نەدات، بەڵام دیسان هەر ئاوەژوو بوونەوەیەکی ئەو بیرۆکەیەیە، ئەوەش چونکە ئایین شوێنێکی گەورە لەنێو ژیانی خەڵك داگیر دەکات، بۆیە پیاوی ئایینی دەتوانێت شەقامەکان ببزوێنێت، بەتایبەتیش ئەگەر بایی ئەوەندە ئازادی پێدرابوو و توانی خۆی لەو خەفەکردنە سیاسیە دەربازبکات کە سیاسەتمەداران لەنێو کۆمەڵگا دیکتاتۆرییەکاندا پراکسیسی دەکەن تاوەکو کۆنترۆڵی وزەو توانای پیاوانی ئایینی پێبکەن، ئەوە لەحاڵەتێکدا ئەگەر پیاوی ئایینی بڕیاریدا سەرکێشو ڕەخنەگربێت.

پیاوی ئایینی جا ئەگەر پۆزشکار بێت یا ڕەخنەگر، بەڵام بۆچوونەکانی هەر بۆچوونی ئایدیالیانەن، چونکە گەرەکیەتی ئەو چاکسازییە ئایدیالییە بەدیبهێنێت کە ئایین دەیەوێت. ڕەنگە ئەوەش بێ سوود نەبێت مادام ئەو هەوڵەی بۆ جێگیرکردنی بیرۆکەی ئایدیالی یارمەتیدەدات تاوەکو پلەوپێگەی کۆمەڵایەتی خۆی پێ بەهێز بکات وەکو پیاوێك کە خاوەنداریێتی کلیلەکانی وازی کۆمەڵایەتی دەکات.ڕەخنەگر هەندێك کێشە بۆ پیاوی ئایینی دروست دەکات، چونکە ئەو بیرۆکەیەی بۆ چاکسازی، بیرۆکەیەکی واقیعییەو خەڵك لەسەرقاڵبوون بەهزرو بۆچوونی ئایدیالی دووردەخاتەوە، بەتایبەتیش لەڕووگەی پاساوخوازانەی پیاوی ئایینەوە کە بەردەوام ناکۆکیو دژکارییەکانی واقیع وەکو مەیدانێکی ئیلاهییانە پیشاندەدات بۆ تاقیکردنەوەی مرۆڤ بۆیە بەردەوام هانی خەڵك دەدات سەبرو تەحەمولیان هەبێتو زیاتر خەریکی تەقوا بنو ڕازی بن بەو هەژارییەی تێیدا دەژینو ڕێزی دەسەڵاتدارانو گەورە پیاوان بگرن، چونکە ڕێزگرتن لەگەورە ڕێزگرتنە لە سیستەمی ئایین. بێگومان ئەو جۆرە هەڵوێستە دەبێتە هۆی درووستبوونی هاوپەیمانێتی ستراتیژی لەنێوان پیاوی ئایینی پاساوخوازو دیکتاتۆریەتدا کە بەزەبری هێز دەسەڵاتەکانی خۆی دەسەپێنێتو گەمە لەسەر هەردوو ژێی یاساو ئایین دەکات، ئەگەر ئەو گەمەیەش نەچووە سەر زەبرو زەنگ شێوازێکی تری جێگیرکردنی دەسەڵاتو کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگایە.کۆمەڵناسی ڕەخنەیی بزمارێکە ئایدیالیزمی ڕەخنەیی لەلای پیاوی ئایینی دەکوتێت، پیاوی ئایینی کە هەوڵدەدات لەڕێگای میتۆلۆژیاو موعجیزەوە، یا لەڕێگای هەندێك چارەسەری تری وەکو بازدان بەسەر کێشەکان، یا تەکریس کردنی حاڵەتی مەزلومییەتە گۆڕانکاری ئەنجام بدات، کاتێك بەناچاری لەبەردەم خەڵك دەوەستێتو ناتوانێت خەڵك بەو هەموو قوربانیانە ڕازی بکات کە لەپێناویاندا دەیدات، ڕەنگە بەڕاستیش ئەو قوربانیانە بداتو بیرۆکەی شەهیدبوونیش تەکریس بکات، بەوەش یا دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشێکی گەورەو


ئەنجامدانی گۆڕانی کردەیی، یا دەبێتە هۆی زیاتر تەکریس کردنی بیرۆکەی مەزلۆمییەتو شەهیدبوون کە بەچەندین شێوە لە سرووتی خەمناکیو شینو ڕۆ ڕۆو ئازاردانی خودو شێوەیەك لە شێوەکانی ماسۆشییەت لەلای زۆرینەدا دەردەکەوێت.

بەگشتی، پیاوی ئایینی ڕەخنەگر ئەگەر توانی بونیادی کۆمەڵایەتیو سیاسی کۆمەڵگا بهەژێنێت یا بگۆڕێت، ئەوە دەگۆڕێت بۆ کەسێکی پاساوخوازو کۆنسێرڤاتیڤ. بەو شێوەیەش جارێکیتر لەنێو کۆنترۆڵو باڵادەستی سیاسیو خەفەکردنی ئازادییەکاندا نقووم دەبێت. ئەو دوو مەسەلەیە هەردووکیان لەنێو کۆمەڵناسی ڕەخنەییدا جێگایان نابێتەوە، چونکە ئەو ڕەخنەیەی لەسەر واقیع بونیادنراوە هەرگیز کۆتایی نایەت، لەکاتێکدا ڕەخنە ئایدیالییەکانی ئایین لەنێو سنووری ئایدیالیزمدا دەخولێنەوە، چونکە پێی وایە بنچینەی چارەسەرکردنی کێشەکانی واقیعە. بەڵام سیاسەتمەدار لەبەر ئەوە ڕقی لە کۆمەڵناسی ڕەخنەگرە، چونکە سیاسەتمەدار بەردەوام لەهەوڵدایە بۆ جێگیرکردنو چەسپاندنی سیستەمەکەی خۆی بەبێ ئەوەی گوێ بەکەمو کوڕییەکان بدات، لەباشترین حاڵەتیشدا هەوڵدەدات ئەو کەمو کوڕییانە بشارێتەوە، تاوێك بەزەبری هێزو تاوێکیش لە ڕێگای پاساوەوە. ڕەنگە سیاسەتمەدار هەوڵی زۆر بدات تاوەکو سیستەمی کۆمەڵایەتیو ئەمنو ئاسایش بەرقەرار بکات، لەبەرئەوەنا چونکە پێداویستییەکی کۆمەڵایەتین، بەڵکو لەبەر ئەوەی پێداویستیەکی سیاسین بۆ بەردەوامبوون، ئالێرەدا بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ خواستو ئارەزووەکانی سیاسەتمەدار بەیەك دەگەن لە جێگیرکردنی ئەمنو ئاسایشی پێویست بۆ بەردەوامبوونی هەردوو سیستەمی کۆمەڵایەتیو سیاسی، ئەوە ئەگەر گریمانی ئەوەمان کرد کە پەراوێزێك لەنێوانیاندا هەیە.

خواستو ئارەزووەکانی سیاسەتمەدار ڕێگای پێنادات واقیعی کۆمەڵایەتی بەشێوە ڕاستەقینەکەی خۆی ببینێت، چونکە گەمەکردن لەسەر ناکۆکیو دژکارییەکانی نێو واقیع لای ئەو پەساپۆرتی تێپەڕینە بەرەو دەسەڵات، ئەوە لەحاڵەتێکدا ئەگەر گریمانی دەستاودەستی ئاشتیانەی دەسەڵاتمان کرد، کێشەکە گەورەتر دەبێت کاتێك سیاسەتمەدار بیر لە بەکارهێنانی توندوتیژی دەکاتەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی دەیەوێتو هیوادارە دەسکەوتی سیاسی بەدەست بێنێت، یا ئەوەتا ئەو بەڕاستی پێی وایە چاکسازی بەو شێوەیە نەبێت نایەتەدیو سیاسەتی ئەمری واقیع پیادە دەکات. ڕەنگە هەندێکجار مەرامو مەبەستەکانی سیاسەتمەدار پاكو بێگەرد بن، بەڵام شێوازەکەی شێوازێکی میکاڤیلیانەیە، ئالێرەدا بازدان بەسەر واقیع بۆ سەپاندنی بەزەبری هێز دەست پێدەکاتو پشت بەو گریمانە هۆبزییە دەبەستێت کەپێی وایە مرۆڤ بەزەبری هێز نەبێت کۆنترۆڵ ناکرێت. بێگومان ئەو جۆرە ڕێگاو شوێنانە هیچ دەروازەیەك لەنێو کۆمەڵناسی ڕەخنەیی شارستانیدا نادۆزنەوە، لەبەرئەوەی چاکسازی دەبێت لەواقیعی کۆمەڵایەتی هەڵبهێنجرێت، نەوەکو لەڕێگای بەڵێنی هەڵمەتی هەڵبژاردنەوە بێت، بەوەش کۆمەڵگا، یا چەند توێژێکی کۆمەڵایەتی بەو بەڵێنانە هەڵبخەڵەتێنرێن کە هاوشێوەی بەهەشتی ونبوون، یا گەمە لەسەر

ئەو ژێیانە دەکات کە ئەو توێژانە حەزی پێدەکەن‌و هەست‌و سۆزیان دەبزوێنێت. چاکسازی لەڕێگای سەپاندنی سیاسەتی ئەمری واقیعەوە نایەتەدی، چونکە سەپاندنی سیاسەتی ئەمری واقیع گەلێك کێشەی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی لێ دەکەوێتەوە.ئاشکراکردن‌و ڕووتکردنەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەبەردەم کۆمەڵگا بەگشتی مەسەلەیەکی سانا نییە، لەبەر ئەوەی پێویستی بەتوێژینەوەی زانستی ئەپستراکت‌و چارەسەری واقیعی هەیە بۆ ڕەهەندەکانی. ئەوەش مەسەلەیەکە سیاسەتمەدارو پیاوی ئایینی‌و تەنانەت کۆمەڵگاش بێزار دەکات، مەبەستم لەکۆمەڵگا چین‌و توێژی خوارەوەیە، چونکە ئەوانە حەز بەوشێوازە ناکەن، ئەو شێوازە خاوەنی ڕەهەندێکی حەماسی نییە، هەروەها لەڕێگای بیرۆکەی پاڵەوانی ڕزگارکەرەوە پاڵپشتی نەکراوە کە لەنێو خەیاڵدانی میللی عاشق بە ئەفسانەدا بوونی هەیە. ئەو شێوازە چارەسەرییەکی کردەییەو دەستنیشانی خاڵە لاوازەکانی سەرجەم کۆمەڵگا دەکات، هەربۆیەش ڕەتدەکرێتەوە، لەبەرئەوەی خاوەن ڕایەکەی بە شێوازێکی حەماسیانەی هاوشێوەی سیاسەتمەدار تێزەکانی خۆی ناخاتەڕوو، وەکو پیاوانی ئایینیش کارتی لێخۆشبوون‌و چوونە بەهەشت بەسەر خەڵکدا دابەش ناکات.دەشێت چارەسەری‌و تێزەکانی کۆمەڵناس لەنێو نێوەندە کولتووری‌و هزرییەکاندا شوێنێك بدۆزێتەوە، لای ئەوکەسانەی بڕوایان بەچارەسەری واقیعیانە هەیە، بەڵام ئەو نێوەندە کولتووریانەش بەدەست نەزانی‌و جەهالەتی بەشێکی کۆمەڵگاوە دەناڵێنن، ئەو بەشەی ڕاستەوخۆ بەدوای سۆزی سیاسی کەوتووەو ڕۆچووەتە نێو سەرکوتکردنی سیاسییەوە، بۆیە پراکتیك کردنی

چارەسەرییەکانی کۆمەڵناسی پێویست بە وشیاری کۆمەڵایەتی‌و ئارەزووێکی ڕاستەقینە دەکات بۆ چاککردنی واقیع بەپێی پێدراوەکانی خودی واقیع خۆیەوە، کەواتە لەسەر سیاسەتمەدارو پیاوانی ئایینی پێویستە گوێ لەڕاوبۆچوون‌و تێزەکانی کۆمەڵناسان بگرن، چونکە تاکە شێوازە بۆ چارەسەرکردنی واقیعی کۆمەڵایەتی‌و پێشڤەبردنی.هەریەك لە سیاسەتمەدارو پیاوانی ئایینی پێویستە لەسەریان لە کۆمەڵناسی بکۆڵنەوەو هەوڵبدەن گوێ لە شارەزایان‌و زانایان بگرن بۆ ئەنجامدانی حاڵەتێك لە هاوسەنگی‌و تەواوکاری کە خۆیان خاوەنداریێتی ناکەن ئەگەر بچنە نێو وازی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی بەبێ ئەوەی ڕەچاوی واقیع بکەن، یا سەرگەرمی حەماسەت بن وەکو ئەوەی کەسی سادەی سەرشەقام حەزی پێیەتی، چونکە سانایە وازی بەهەست‌و سۆزی مرۆڤە سادەکانی سەرشەقام بکرێت لەڕێگای گوتاری حەماسی‌و قسەی گەورە گەورەو بەڵێنی درۆزنانەوە.



# هەڵویستی کۆمەڵناسی لە دیاردەی ئایین پەرستی.

ن: حەسەن موحسن خوخو

و: هاشم زێباری

ئاین بە پێی تێڕوانینی (ماکس ڤیبەر)ئەرکەکەی تەنیا خۆی لە بە دەست خستنی خۆگونجانی کۆمەلآیەتی نابینێتەوە، هەروەکو چۆن ئەركوو‌زیفەکە بۆی دەخوازێت، بەڵکو فاکتەرێکە توانای بەرهەم هێنانی نوێبوونەوەو گۆڕانی کۆمەلآیەتی هەیە.

بە کردەوەش ئایین توانیویەتی بنچینەیەکی راستەقینە بۆ پێوەرە کۆمەلآیەتیەکان لە ولاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا پێکبێنێت. ( هەروەها مەنزومەیەکی بەرەنگار لە لای ئەو گۆمەڵگایانەی کە هەڕەشەی لێدەکرێت لە لایەن مۆدێرنەتی ژیانەوە پێکهێناوە وەکو داگیرکردنێکی شارستانی( گۆمەڵگا ئیسلامیەکان بۆ نموونە). وە دەتوانێت ئەو زەحمەتە ئەبستیمۆلۆژیە کورتی کەینەوە کە ئەگەر لەبەردەم دیراسەکیدنی عەقلانیو ئاین. ئەویش لەو پرسیارەی خوارەوە:–

چۆن دەتوانین کە ئاین وەکو دیاردەیەکی پیرۆز (مقدس) بیکەینە بابەتێك بۆ دیراسەکردنی عەقلانی؟ ئایا پرۆسەی دیراسەتکردنەکەی خۆی لە هەڵوەشاندنەوەی تایبەتمەندیەتی ئاینی وەك دیاردەیەکی مقدس نابینێتەوە؟ بەو پێیەی کە دیراسەتو



لێکۆلینەوەی عەقلانی ناتوانێت بە ڕۆڵی خۆی هەڵسێت تەنیا پاش (تەدنیس) کردنی بابەتەکانی نەبێت لەسەر گۆڕەپانی مێژوودا؟ بەو ڕامانەی کە چۆن دەتوانین بابەتی ئاینی باس بکەین، کە لەسەر بنیاتێکی غەیرە دونیوی دامەزراوە یان سەریهەڵداوە؟ ئایا پرۆسەی گواستنەوەی لە بواری پیرۆزەوە بۆ بواری مودنس ڕامانی هەڵوەشاندنەوەکەی ناگەیەنێت، وەك دیاردەیەکی تایبەتو بەرچاو، دیاریکردنی لێکۆڵینەوە لە بابەتەکەی؟ ئەم ئەگەرەیە لێکۆڵینەوە لەسەر ئاین بو بەهۆی یا نزیك کردنەوەی بە شێوەیەکی هزر بۆ کراو یان پێشبینی کراو. کە باشترین ئەنجامەکانی بریتین لە پێبەخشینی زیتر لە قەداسەتو تەمومژاوی لەسەر دیاردەی ئاینی. یان بو بەهۆی پاش گوێ خستنی ئاینو دورخستنەوەی پۆشە پێکردنو حساب بۆ

کردنی وەك شتێکی وەهمی پێویستە لابدرێت، یان شتێکی( عصبی– تەعەسوب) لە رووی دەروونیەوە کە مرۆڤ پێوەی دەناڵێنیت( marx, freud) بەلام گرنگترین دەروازە بۆ خۆڕزگارکردن لەو تەگەرەیە لە بەردەم دیراسەتکردنی ئاین بە شێوەیەکی عەقلانی لەگەڵ پەیدابوونی زانستی کۆمەڵناسی بووە دەستپێکی یان سەرەتای چاوخشاندنەوە بە کێشەکانی کۆمەڵگاومێژووو پێچەوانەی بۆچوونی هاودژبوونەوەی رابردوو، بە میکانیزمەکانی مەعریفیو مەنهەجی نزیك لە گەرمای ژیانی واقیعی مرۆڤایەتی. گرینگترین پێوەر بۆ ئەم سەرەتایە، ئەوەیە کە ئایین وەکو دیاردەکانی رەوشتیو سلوکی دەخوێندرێتەوە، پەیوەستە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاکە کەس لەناو چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا. بەم شێوەیە بابەتەکی گۆستەوە لە دیراسەتکردنی ئایین بۆ دیراسەتکردنی دیاردەی ئاین پەرستی. ئەوەی بەلای زانایانی کۆمەڵناسیەوە گرنگە نەك ئاینە وەك باوەڕی رۆحی تاکە کەسو گروپ، وە بیرو باوەڕەکانی وەلام لەسەر مرۆڤ دەدەنەوە لە بەرامبەر جیهانو چارەنووسی بوونەوەری(وجودی)، بەڵکو ئەوە گرنگە شێوەکەی کۆمەڵایەتی رۆشنبیرییەکە ئەم باوەڕەیە هەڵدەگرێت، لەسەر ئاستی ژیانی گشتی کۆمەڵگا، بەرجەستەکردنی(تجسید) دەزگای رێکخستن کە ئەم بیروباوەڕانە وەردەگرێت یان تەرجومە دەکات بۆ ڕامانەکانی مێژوویی و دەستەڵاتی دونیوی.

لەسەر ئەساسی ئەم گواستنەوەیە لە تێڕوانینی مەنهەجیانە بۆ ئاین هەرچەندە گواستنەوەیەك بێت تاکە پالٚپێوەنانێك نەهاتووە. زانستی کۆمەڵناسی هەر لە سەرەتاوە گرنگی دانێکی گەورە ئاین پەرستی دەرخستووە هەموو بیرمەندە سەرەکیەکانی ئەم زانستە خۆیان بەم دیادەیەوە خەریك کردبوو بۆ دیارخستنی رامانی ئاینو کارەکەی لە ناخی گۆمەڵگا مرۆڤایەتیەکان دا. لەبەر ئەمە دەبینین هەریەکە لە( کۆنتو دوکهایمو ماکس فیبر) کتێبە سەرەکیەکانیان یان بەشە گرینگەکانی ئەم کتێبانە بۆ بابەتی ئاین تەرخان کردوون. ئەگەر بڵێین زانستی کۆمەڵناسی دەرئەنجامی کاریگەری دوو شۆرشی سەرەکی هاتووە کە ئەورووپای رۆژئاوا بە خۆیانەوە بینیوە. شۆرشی پیشەسازی پاشان شۆرشی فەرەنسا. ئەم هەردوو شۆرشە کە گۆڕانکاری بنەڕەتی( ریشەیی) لەناو تەواوی سیستەمە مێژووییەکانی کۆمەڵگای ئەورووپی دروست کرد، ئەم دوو شۆرشە بە هەلسوکەوت لە خلافێکی بۆرژوازیانەی نوێ هاتوون. وە رێگەکانی نوێ بەرهەم هێنان وە بە بنەما کۆمەڵایەتیەکانی دەوڵەت وە بە رێکخستنەکان کە کۆمەڵگای ئەورووپی پێش ئەم قۆناغە بە خۆیەوە نەبینیبو،ئەگەرزانستی کۆمەڵناسی کوری شەرعی ئەم گۆرانکاریانە بێت هەر لە سەرەتاوە کار بۆ پێشکەش کردنی وەلامێك لەسەر پرسیاری خوارەوە کردوە:– چونکە کۆمەڵگایەك وەکو کۆمەڵگای ئەورووپی کە لەسەر بەهای تاکرەوی بنیات نراوە دەتوانێت بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە؟ چونکە سیستەمی

کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگایەك دا کە لەسەر بنیاتی فراوانکردنی بەها تاکەکان بنیاتنرابێت خۆراگربێتو بەرخودان بکات ئەوەی ئەم بەرژەوەندیانە ببنە هۆی وێانکردنی کۆمەڵگا؟ لەسەر ئەساسی ئەم پرسیارە: ئەم لێکۆڵینەوەیە لە شێوە راستەقینەکانی رازیکردنی کۆمەلآیەتی دەست پێکردووە کە یەکگرتنەوەی کۆمەڵگا پێك دێنێت و ڕێ بە کەمترین ڕاددە لە خۆ گونجاندن دەدرێت کە بە هۆی ئەمەوە حەزەکانو گۆڕانکاریەکان بەرهەم دێنێت، پێش ئەوەی ئەزیەتی کۆمەڵگا بدات، یەك لەو شێوە سەرەکیانە بریتیەیە لە (ئاین).

## ئۆگس کۆنتو عیلمانییەت

ئارمانجی سەرەکی ئوگس کۆنت بریتی بوو لە دەست نیشانکردنی بنیاتی تیۆری بۆ فیزیائی کۆمەلآیەتی. زانستی کۆمەڵناسی بەو ئیعتیبارە کە زانستێکی نوێیە، لە توانایدا هەیە کە ئەو یاسایانە بدۆزێتەوە کە کۆنترۆڵ بە کارکردنو پێشخستنی کۆمەڵگا دەکات، وەك دەستپێکردن لە جۆرە سادەکان، تا شێوەی پڕ پرسگرێك بە رێکخستنی ژیانی کۆمەلآیەتی. لە لێکۆڵینەوەکەیدا توانی بگاتە بڕیاردان لەسەر هەبوونی سێ قۆناغی سەرەکی کە تەحەکوم بە پێشخستنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکەن، لەهەر قۆناغێك دا، شێوەیەك لە ژیان دەست نیشان دەکات. لە قۆناغی یەکەمدا: کە لاهوتیە، کونت پێی وایە کە مرۆڤ لەم قۆناغەدا ئیعتیماد دەکاتە سەر نێرینو پرەنسیپی ئاینی بۆ شرۆڤەکردنی جیهانە کۆمەلآیەتیەکەی. بە واتای ئەمەی دوایی ڕامانی خۆی لە جیهانێکی سەرڕۆی کۆمەلآیەتیەکەیدا دەبێتەوە واتە(خودایی).

قۆناغی دووەم: قۆناغی میتافیزیقایە، کونت پێی وایە کە مرۆڤ لەم قۆناغەدا لەو قۆناغی یەکەم پێشکەوتو ترە. کە ئیعتماد دەکاتە سەر پرەنسیپی فەلسەفەو تەجرید بۆ ڕزگار کردن لە ئەگەرەکانی ژیانی کۆمەلآیەتی کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرز دەکات. مرۆڤ لێکۆڵینەوە لەسەر سژۆڤەکردنی مەسەلەی بوون (وجودیەت) دەگرت کە بەدەر نیە لە بوون(وجود) خۆیەتی. بەلآم دەستپێکردن لە فاکتەری سادە لە سروشتدا، لێرەدا وا لە سیستەمی کۆمەلآیەتی تێدەگەهێنن کە لەسەر سیستەمی سروشتی بنیاتنراوە.

قۆناغی کۆتایی: قۆناغی وەچعیەت، کە زانست کۆنترۆڵی بەسەردا دەکات. کونت پێی وایە کە مرۆڤ لەم قۆناغەدا گەیشتە قۆناغی شرۆڤەکردنی زانستی( واتە تێبینی کردنی ڕاستیە زانستیەکانو شرۆڤەکردنیان بە رێگای یاساکان کە ڕێکیان دەخات) بریتیەیە لە شرۆڤەکردنی یەکەم بۆ جیهان چ کۆمەلآیەتی بێت یان سروشتی.

بە ڕێگای ئەم قۆناغەوە، تێدەگەین کە ئاین لای کونت تەنها دیراسەتی ئەوەی نەکردووە بەو ئیعتیبارەی مەرجەعیەتە بۆ شرۆڤەکردنی جیهان کە مرۆڤەکان بەکاریان هێنابوو وەك یەك لە قۆناغەکانی گەشەکردنی فیکری کۆمەلآیەتی. ئایین بەم ڕامانەوە ستراتیژیەتێکی کۆمەلآیەتیە لە پێناو دروستکردنی جۆرە ڕازیکردنێك. هەر کۆمەڵگایەك، هەر رێکخستنێك بە دوای

هاوسەنگیدا دەگەڕێت بە ڕێگای بەهای هاوبەش، و تێڕوانینی بۆ جیهان هەریەکە ئاین لای کونت، هەروەها لای (ئەمیل دورکهایم) هەروەکو دەبینین، بریتیە لە پڕکردنی پێویستی قوڵ لای مرۆڤ، پێویستیەك لە جۆری مەعریفیو ڕەوشتی، یارمەتی دەدات بۆ بە دەست خستنی گونجانێکی پێویست بۆ مانەوەی ژیان، و لە قۆناغێکی دەستنیشان نەکراو لە پێشکەوتنی ژیان، ئەم تێگەیشتنە زانستیە بۆ ئاین ئەمەیە بو بە هۆی کە کونت لە دوایین ساڵانی ژیانی خۆیدا بانگ بۆ ئاینێکی نوێ بکات، کە هەموو کۆمەڵگای ئەوروپی کۆبکاتەوە کە ئەو کاتی تووشی بەرێکی هەڵوەشانەوە، ئەم ئاینە (بە بۆچونی کونت) بنەمایەکی زانستی هەبێت.

**دورکهایم و فرمانگەرایی**

هەر لە دەرچونی کتێبی (خۆکوشتن– الانتحار 1897) دورکهایم دۆزییەوە کە ئاین بەرێگای ئەو ڕۆڵەی کە دەگێڕێت لەژیانو هەڵوێستەکانو ڕەوشتی تاکەکانو گروپەکاندا. لەبەر ئەمە دەبینین کە لەساڵی (1912)دا لێکۆڵینەوەیەکی گرنگ سەبارەت ئەم بابەتە دەنووسێت بەناونیشانی (شێوە سەرەتاییەکانی ژیانی ئایینی fromes elementaires de la vie les religieuse) دورکهایم لەم کتێبەدا ئایین پێناسە دەکاتو دەڵێت: (ئایین بریتییە لەمەنزومەیەکی یەکگرتوو لەبیروباوەڕەکانو کاروکردەوەی پەیوەستە لەگەڵ شتە پیرۆزەکاندا، بەواتای لێکتر جیایە، یاساغە، بیروباوەڕەکانو کاروکردەوەکان لە گرووپێکی یەکانەی ئەخلاقیدا کۆ دەبنەوە کە پێی دەڵێن (کەنیسە– الکنیسە) هەموو ئەوکەسانەی دەچنە ناوی) (ل65، چاپی ساڵی 1985). وەدەتوانین خاسیەتەکانی موقەدەس لەلای دورکهایم کورتی بکەینەوە لەسەر شێوەی خوارەوە:

1– لێك جیابوونەوەی شتێك یان هەندێك لەواقیع بۆئەوەی لە ڕەگەوە جیاواز نین لە (مدنیس واقیعی)، موقدس لای دورکهایم (مدنس)ە کە سرووشتیواتایەکەی دەگۆڕێت بەرێگەی ئیرادەی مرۆڤ. لێرەدا مرۆڤە کە موقدس دروست دەکاتو بەرهەم دێنێت.

2– ئەم جیابوونەوە لە ئەنجامی ڕێو پرۆژەی کۆمەڵایەتییەوە هاتووە.

3– سیستەمی کۆمەڵایەتی، لە دەرفەتێکدا کەمرۆڤ دەتوانێت دوورەپەرێز بێت، لەناو کۆمەڵگادا، جێگایەکی بەهێز ( de uissance un lieu) دروست بکات. ئەویش لەپێناو شەرعیەت دانە بەبنەماو هاوکۆمەڵیو جماعی، کە دەسەپێن بۆ زەمانەتی دروست کردنی کەمترین ڕادە لە خۆگونجانی کۆمەڵایەتی. بەم شێوەیە ئایین لای دورکهایم، بریتییە لەشێوەی ڕێکخستنو دەزگایی بۆ موقدس. لەلایەك، هەروەها شێوازێکە بۆ بەرهەم هێنانی بەهایی بەکۆمەڵو هۆشیاری کۆمەڵایەتی لەلایەکی ترەوە، ئەویش پاشان لێکدانەوەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتی بەدەست دێنێت. لێرەوە گرنگی ڕێیو ڕەسمی ئایینی دێتە پێش چاو کە لەسەر هۆشیارییەکی بەکۆمەڵو لەحاڵەتی هۆشیاری بەردەوامدا دەمێنێتەوە، و دەتوانین ئاماژە بەو جیاوازییە بدەین کە دورکهایم دەخاتە نێوان

ئایین‌و سیرەبەندی دا (سیحر). و ئەگەر سیحر بریتی بێت لە کۆمەڵێك ڕێگای غەیرە عەقڵانی لەڕووی تێڕوانینی زانست‌و تەکنەلۆژیاوە. بەڕێگای ئەمەوە تاکەکان خۆیان تۆزێك دوورەپەرێز دەزانن لە عەقڵانیەت لەڕووی تێڕوانینی زانستی‌و تەکنەلۆژیاوە، کە بەم شێوە تاکەکان هەوڵدەدەن بگەنە یان دەست بەرداری هەندێك ئەنجامی چالاکیەکانیان بن (m.mauss :1983) ئەم ڕێگاو هەڵسوکەوتانە نەیتوانی هەندێك دەزگایی وەکو (کەنیسە) دامەزرێنێت، بەڵکو تەنها دەتوانێت پەیوەندی نێوان سیرەبەندو هەوڵەکانیاندا دروست بکات. پێچەوانەی ئایین کە توانیویەتی دەزگا ڕێکخستیەکان (1985: E- Durkheime، ل61) بەرهەم بێنێت.

**تالکۆت پارسۆنزو گەشەکردنی فرمانگەرایی**

وەکو زانراوە کە ئایین جێگایەکی مەرکەزی لەناو لێکۆڵینەوەکانی سۆسیۆلۆژی پارسونزدا ناگرێتەوە، وەدەتوانین بڵێین کە تیۆرەکەی پارسونز بەبەردەوام خۆی لەنێوان هەوڵدان بۆ تێگەیشتنە لەواقیع لەڕووی تێڕوانینی تاکەکەسی چالاك‌و لەنێوان پێویستی تێگەیشتنی ئەو ئیمکانیەتە کە لەلایەن مەنزومەی کۆمەڵایەتییەوە دەنێتەوە.
لە کتێبەکەیدا ( sociale: 1937 lastructure de faction) کە یەکەم کاری پارسونزە تێیدا پەیوەندییەکانی نێوان کردەوەی تاك‌و مەنزومەی کۆمەڵایەتی دیار دەکات، کە ئەویش پەیوەندی مومکینن بەهۆی بوونی مەرجعیەتێکی هاوبەش لەنێوان بۆچوونەکانی ڕەوشتی‌و بەهایی تاك، و شتەکانی کە پێشتر هەبوونە، کە لەناویاندا تاك هەڵسوکەوت دەکات.

هەریەکە لە بیروبۆچوونە تاکیەکان‌و شێوازە بابەتییەکانی کریار (فعل) هەردوو کیانە سەر بە (مەنزوومەی پارسونز)ن (le systeme) واتە کریار (فعل) وەکو (مەنزومەیەکە) ئەم بۆچوونە شێوەی خۆی لەناو دوو کتێبی سەرەکی پارسونزدا دەبینینەوە: یەکەم: کتێبی مەنزوومەی کۆمەڵایەتی ( le systeme sociale) سالی (1951). دووەم: کتێبی ( theorie de laction et condition humaine) کە لەسالی (1978) دەرچوویە.

وەدەتوانین ئەتروحەی پارسونز بەم شێوەیەی خوارەوە کورتی بکەینەوە:

مەنزوومەی کۆمەڵایەتی ڕێکخستنێکی پڕ پرسیارێکە (تەگەرەیە) لەناویدا ئالوگۆڕی زۆرو بەردەوام لەنێوان غەریزەو هەواڵەکاندا ڕوودەدەن، لەنێوان وزەو کۆنترۆڵ (ڤگ)، لەنێوان بەلاوپێکردنەوەو ڕێکوپێکی (نڤام).و ئالوگۆڕی ڕێك دەکات لەسەر ئاستە جیا جیاکاندا، لەئاستە سادەکان تا ئاستەکانی پڕ پرسگرێك. لەئاستێك بۆ کۆنترۆڵ‌و ڕێك‌و پێکیەکی ڕاستەوخۆ زاڵە بۆ ئاستێکی کە میکانیزمە پڕ تەگەرەکانی کۆنترۆڵی ڕێك‌و پێکی تیایدا زاڵە. کە پێویستە لەسەر تاك کە خاوەنی شێوازو بەها ئەخلاقیان بێت. هەڵسوکەوت بەپێی کریارە کەم‌و دەست نیشان کراوەکان بکات. ئەو هەمەڕەنگییە بێ سنووریەی ئارەزووەکانی تاکی، هەمەڕەنگییە لەسەر ئەولەویەتی بەرژەوەندییەکان

دامـەزراوە، لەبەرامبـەر بـەهایی هاوبـەش، کـە هەمەڕەنگییەکـە تـەنیا لـەحاڵی بـوونی دامو دەزگای کۆمەڵایەتی، کە بەئەرکی خۆی بـەپێی بۆچـوونی (بۆردیـو) لـەناو هۆشـی تاکەکانـدا جـێگیر دەبێـت، کـە مەنزوومـەی ڕەمـزین بگوازرێنـەوە بـۆ کریـار. بـەم شـێوەیە، ئـایین ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت ئەگـەر موردێك بـۆ شـەرعییەتێکی کاریگەرانـە بـە مەنزوومـەی کۆمەڵایـەتی ببەخـشن کـە لـەتوانای هـیچ مەنزوومەیـەکی تـری ئەخلاقیـدا نییـە پێـی ببەخـشێت، ئـایین گـرنگو بـەرزە دەگرێـت لـە کۆنترۆڵکردنی مەنزوومەی کۆمەڵایەتیدا. لێـرەدا ئـەو تێگەیـشتنە لامـان دروسـت دەبێـت، کـە بــەرگری بارســونز (لــەکۆتایی ســاڵانی شەستەکاندا) لـە ئەورۆڵـەی کـە مەسـیحییەتی لــەپێش خــستنی کــاروانی دیموکراتییەتــدا دەگێڕێت. بەتایبەتی لە مەنزوومـەی سیاسـەتی ئەمریکاییـدا. قـسەی ئـەو کەگوایـە (ئـایین چ هەڵوەشــانەوەو لەناوچــوون نازانێــت)و گۆڕانکارییـەکان هـەرهیچ نـەبێ، نابنـە هـۆی لەناوچــوونی ئــایینو تــەنیا ڕامانــە کۆمەڵایەتییــەکانی دەگۆڕێــت، و ئــایین بەبۆچوونی بارسـونز، ئەگـەر تووشـی (کۆتـایی پێهاتن) نەبێت، چونکە لـەڕووی بنیاتگەرییـەوە بەئـەرکی تێرکردنـی پێویـستییەکانی مەنزوومـە لەهەموو شێوەکانیدا هەڵدەستێت.

**بۆردیۆو بواری ئایینی**

لە لێکۆڵینەوەیەکدا سەبارەت بـەبواری ئـایینی، بۆردیــو لەســاڵی (1971) هەوڵــدەدات کــە هەماهــەنگی لــەنێوان بۆچــوونی هەریەکــە لەمارکسو ڤیبەر دەربارەی ئایین دروست بکـات، هـزری سـەرەکی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە دەتـوانین لەسەر شێوەی خوارەوە بخەینە ڕوو:

بوار یان کێڵگـەی ئـایینی بریتییـە لـە کۆمـەڵێك ئــارەزووی ڕەمزیانــە کــە دەربــارەی بــواری موقدەســەوە گــرنگن، دەربــارەی ئــەم ڕێــكو ئارەزوویانە، دەسەڵاتی بەرهـەم کـاری پێناسـە کردنـەوەو دوورتـر بەرهـەم هێنـان دەکـات بـۆ سوودی گرووپێکی تایبەتمەند لەناو موقدەسدا. ئەم دەسەڵاتە خـاوەن سـیمایەکی ئیحتیباتییـە دەبێتە هۆی دروست کردنی هەندێك تـەرتیباتی دەست نیشان کـراو لەسەردەسـتی لایـەنێکی — مەعریفی

دادەمەزرێنێت ئەو شتە دەسـت نیـشان دەکـات کە کامەیان شایەنی باوەوڕهێنانە. لـە ئـەنجامی هــــەموو ئەمــــە، نــــاکۆکیو جیــــاوازێکی بــەردەوامیش هەیــە. لــە جێگاکانــدا، لــەنێوان تایبەتمەنــــدەکان لــــە موقدســــدا، و غــــەیرە تایبەتمەندەکان، ئەمانـە لـە پێـشەنگەکانی کـە مەنزوومەیــــەك لــــە تێــــڕوانینو بــــەهاو ئامادەکاریەکان لایان دروست بووە کـە لەلایـەك دەتـوانی زەمانەتیشەرعیەتی نێوخـۆی بـواری ئــایینی بپــارێزن، و لەلایــەکی تــرەوە پــێ بەخـشینی مەنزوومەیـەك لـەدەلالات بەتاکـەکان بە مەبەستی ئـەوەی بۆیـان شـرۆڤە بکرێـت کـە (چوونە ڕۆەخنە لە ڕۆحەکانیان بگرن) و چوونە (لە ژیاندا سـەرکەوتوو دەبـن؟). ئـەو ناکۆکییـە ناوخۆیـە لـەناو بـواری ئایینیـدا خـاوەن حـەزی شاراوەیە، ڕەنگە لەوکاتەدا سەرهەڵبدات، کـاتی کە گرۆپێك لە غەیرە



تایبەتمەندەکان لە موقدەسدا هەوڵبدات پێناسەیەکی ئەلتەرناتیڤ (بدیل) بۆ پێناسەی تایبەتمەندەکان لە موقدس بدات. پێناسەیەکی جیاواز، سەبارەت سەرمایەکی ڕەمزیانە کە بەدرێژایی کات لەبەر بوارو کێڵگەی ئایین دەچێتو نامێنێت. سەربەخۆی ئەم کێڵگەیە نەك سەربەخۆیەکی ڕەهایە (مگلق)ە، بەڵکو پێویستە بە هەندێك پەیوەندی لەگەڵ کێڵگەکانی تردا، و لەگەڵ بنیاتی (ستراکچەری) کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی.

## ئایینو گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی

زانستی کۆمەڵناسی نەك تەنیا گرنگی بەوە دەدات کە ئایین چ کریارێك هەوڵێك ئەنجام دەدات بەڵکو گرنگی بەوەش دەدات کە تا چەندە بەشدارە لەبەرهەم هێنانی گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکانو حەزو ئارەزوویەکان، ڕەنگە ڕۆڵێکی نوێکەرانە لەدروست کردنی بارودۆخو مەنزوومەکانی نوێ کۆمەڵایەتیدا بگێڕێت. ماکس ڤیبر یەکەم کەس بوو کە گەشەی بە زانستی سۆسیۆلۆژیاکرد، تێڕوانین بۆ ئایین، دەبینین زیاتر لە کەسانی تر، بەشێکی یەکجار زۆر لەبەرهەمەکانی تەرخان کرابوون بۆ تێگەیشتن لەئایین وەك فاکتەرێکی سەرەکی لەداینەمۆی کۆمەڵایەتی گرنگی ڤیبر بەئایین نەك لە گرنگیەکی ساویلکارانە بوو، بەڵکو گرنگی پێدراوە لە چوارچێوەی گەڕان بەدوای وەلامێك بۆ پرسیارێك کە زانستی کۆمەڵناسی لەسەرەتاوە پێوەی خەریك کرابوو ئەویش کە دەڵێت: بۆ مۆدێرنیەتی (حداپە) لە ئەوروپا سەری هەڵدا نەك لەجێگایەکی تر؟ ئەگەر زانراو بێت کە لای (ڤیبر) مۆدێرنییەت بریتی بێت لە(عەقلانییەت) لە مەزنترین قۆناغەکانی داو هەر ئەمە بوو کە لەسەر ئاستی ئابووری (سەرمایەداری) بەرهەم هێنا. ئەو پرسیارەی کە لەهەموو لێکۆڵینەوەکانیدا دەربارەی ئەم بابەتە دەرچووە ئەمەیە چ دیاردە نە ئابوورییەکان هەنە کە دەتوانن کاریگەری بکەنە سەر عەقلانیەتی ئابووری؟ هەموو بەرهەمەکانی (ڤیبر) گرنگی بەیەك فاکتەر داوە کە ئەویش (ئایین)ەو دوو ڕێڕەو لەخۆی دەگرێت: یەکەم: دیاریکردنی بەشداری ئیجابیانەی مەسیحییەت، لەدروستکردنی چارەنووسی سەرمایەداری. دووەم: دیاریکردنی ئەو تەگەرانە کە لەلایەن ئایینەکان دروست بوونەو بوونەتە ئاستەنگ لەبەردەم دەرکەوتنی سەرمایەداری، ئەویش لە دەڤەرەکانی غەیرە ئەوروپی.

لێرەوە دەتوانین ئەتروحەی ڤیبر دەربارەی ڕۆڵی ئایین لەگۆڕەپانی کۆمەڵایەتی بەم شێوەیەی خوارەوە دەست نیشان بکەین:

دوو ئاراستەی گونجاوو متوافق لەنێوان هەردوو مودیلە میسالییەکاندا هەن. سەرمایەداری لەلایەك، و مەسیحییەت لەشێوە (کلفینی)کەیداو ئەو ڕەوشتانەی لا دروست بوونە لەلایەکی ترەوە. مەسەلەکە ئەوەندە پەیوەست نییە بەبوونی پەیوەندییەکی (هۆیەتی —سببیە) بەقەدەر بوونی فاکتەرە

ئەخلاقییەکان لە (کلفینەت)دا. و ڕەنگە ڕۆڵێکی گێڕابێت لە دروست کردنی عەقڵیەتێك لەگەڵ مۆدیلی سەرمایەداری نوێدا بگونجێت. ئینجا لێرەدا پەیوەندییەکی یەکگرتووو نەك پەیوەندی هۆو ئەنجام هەیە، و ئەگەر خاسییەتەکانی سیستەمی میسالی سەرمایەداری لەلایەك بریتی بێت لە (کۆکردنەوەیەکی بەردەوام—تراکم دائم)و لەلایەکی ترەوە بریتی بێت لە بوونی هەڵسوکەوتێکی عەقلانی بۆ کارکردنو مقاولەکردن، هەڵسوکەوتێکە بەردەوام گرنگی بە پەیوەندی نێوان هۆیەکانو نیازەکان (الوسائل بالغایات)، هەروەها گرنگی پەیوەنی نێوان کۆکردنەوە بەوە بەرهەم هێنان دەدات، هەروەها بەقازانج، پاشان بەدووبارەکردن بەوە بەرهەم هێنان. ئەم مۆدیلە سیستەمە لە هەڵسوکەوتی ئابووریەکەیدا لەهەندێك ناوچەی ئەوروپا سەری هەڵدا، کەزەمینەیەکی لەبار هەبوو بۆ پێشکەوتنو گەشەکردن، کە خاوەنی مۆدیلێکی ئایینی بوون لە پرۆتستانیەتی نوێ دروست بووە، کە (کلفینەتە). گیانی سەرمایەداری لەم حاڵەتەدا گونجاو دەبێت لەگەڵ جۆرێك لە شێوازەکانی ژیان، لەگەڵ باوەڕی ئایینیو لەگەڵ چوارچێوە ئەخلاقییەکاندا، (m.weber: 1964). بەم شێوەیە (ڤیبر) توانی مەسەلەی دەرکەوتنی سەرمایەداری لە پارچەیەکی گرنگ لەئەوروپا دیار بکات، کە نەك تەنها لە ئەنجامی ئامادەبوونی بارودۆخی مادییەوە بووە، بەڵکو لەئەنجامی لەباربوونی بارودۆخی (روخانی)یەتی. و دەتوانین کورتی بکەینەوە

بڵێین: ئایین دەتوانێت چەند ڕۆڵی پێشەنگ لەگۆڕەپانی کۆمەڵایەتیو نوێ بوونەوە شارستانیدا بگێڕێت، و نەك تەنیا لە تێپەڕاندنی (التسویغ) بوونی سیستەمی کۆمەڵایەتی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا. واتە نەپێویستە شتێکی وەهمیو هۆشیارییەکی تێکەڵاو بێت هەروەکو (مارکس) ئاماژەی پێکرا، لێرە ئایین (بەبۆچوونی مارکس) لەئەنجامی بەرهەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەست نیشان کراوەکان، ناکرێت بگوترێت ئەگەر ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانە نەگۆڕێن، واتە ئایین شێوەیەکی گرنگە بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، بەو حیسابە شتێکی وەهمییە بۆ ژێرخانی یان (بنیاتی) شاردراوەی بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانو بۆ سروشت، بەم شێوەیە ڕۆڵی ئایین بەو حیسابەو حیسابەی کە سەرخانێکە، و شێوەیەکە لە شێوەکانی ئایدیۆلۆژی بەژێرخانی خوارەوە پەیوەستە واتە (پەیوەندی بەرهەم هێنانە ( k. max: 1960)، لێرەدا ئایین دەتوانێت ببێتە ڕەنگدانەوەی ناکۆکیە کۆمەڵایەتییەکان لەهەر کۆمەڵگایەکدا، چ لەڕووی تەبریرکردنی کۆنترۆڵی دەسەڵاتداران (ئایین ((ئەفیونی گەلانە)) هەروەکو مارکس دەڵێت) یان نەك گوزارشتێکی سیاسی هاودژو یاخیبوو بەدەستی هێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە کە خاوەنی هیچ زمانێکی سیاسی نین (ئایین ((زەفری چەوساوەکانە))—مارکس). دەتوانین جیاوازیو ناکۆکی لەنێوان مارکسو ڤیبر نیشان بکەین دەربارەی پرسی ئایینو گۆڕانی کۆمەڵایەتی. لەوەڵامی هەریەکە لەوان بۆ ئەم

پرسیارەی خوارەوە: چۆن لەدەرفەتێکی دەست نیشان کراو لەپێشکەوتنی مێژووی گۆڕانکاری قوڵ لە سیستەمی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگادا ڕوودەدەن؟

چ بارودۆخێکە کە پەلە بەپرۆسەی گۆڕانی مێژوویی بکات؟ سەبارەت بە مارکسەوە، فاکتەری دینامیکی بریتییە لەناکۆکی سۆسیۆ–ئابووری کە هەردوو چینی کۆمەڵگا دەخاتە بەردەم ڕووبەڕووو بوونەوە، ودەبێتە هۆی گۆڕانی سیاسی، مەسەلەکە پێویستە بە فاکتەری بنیاتگەری، بەلاَم (ڤیبر) وەلاَمدانەوە لەسەر ئەم پرسیارە بەرەو ئاراستەیەکی تر دەبات. ئەگەر کۆمەڵگا بەرەو گۆڕانکاری بڕوات مانای ئەوەیە کە فاکتەرەکانی کێشەی ئابووریو کۆمەڵایەتی سیاسی خۆیان بینیوە کە پاڵ پێوەنانێك هەیەو تێدەگەین بۆ شێوەیەکی نوێگەری. واتە دوو کریاری کۆمەڵایەتی نوێ بینیوە: کۆمەڵایەتیو سیاسی. و ئەوانە توانای زانینو خوێندنەوەی سەرو سیمای سەردەمەکەمانە هەیە، و استحانەکردن بۆ پێویستییەکانی گۆڕان کە دەرفەتێکی مێژوویی گوزارشتی لێ دەکات. و گرنگی ڕۆڵی ئایین لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتیدا زیاد دەبێت، لای ڤیبر، ئەودەمەی کەسە کاریگەرە کۆمەڵایەتییەکان دابەش دەکاتو لەسەرووی هەموویانەوە (پێغەمبەر) دادەنیشێت، وەکو جۆرێك لەسەرکردایەتی کاریزمایی کە بەرەو گۆڕانی کۆمەڵاەیتیو ڕەوشتیو سیاسی دەبات.

ئینجا پیاوی ئایینی (نەك پیاوی زانست–زانا بەتەنیا) توانای ئەوەی هەیە کە گۆڕانکاری گرنگ لەناو کۆمەڵگادا ئەنجام بدات. لەبەر ئەمە ئایین لەگەڵ )ڤیبر) ئەرکەکەی تەنیا بریتی نییە لە بەدەست دخستنی گونجانی کۆمەڵایەتی بەتەنیا هەروەکو 0وەزیفەیەك) بەڵکو بەتایبەتی فاکتەری بەتوانایە لەسەر بەرهەم هێنانی نوێکەریو گۆڕانی کۆمەڵایەتی. و بەتاکید ئایین توانییوە کە بنەمایەکی ڕاستەقینە بۆ پێوەرە زاڵەکانی کۆمەڵایەتی لە ناو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ( R. Bellah: 1985) هەروەها مەنزوومەیەکی هاودژ لای ئەو گۆمەڵگا هەڕەشەلێکراوانە لە لایەن مۆدێرنیەتی ژیاروە پێکهێناوە وەك داگیرکردنێکی شارستانی (گۆمەڵگا ئیسلامیەکان وەك نموونە) ئینجا پێویستە دەست بەرداری ئەو بۆچونە بین کە دەکەوێتە بەرامبەر ئاینو گۆمەڵگا مۆدێرنەکانەوە. ئەم کۆمەڵگا مۆدێرنەکان ئەوانە نینە کە خۆیان لە ئاین دورخستۆتەوە بە موقەدەس (هزری موقەدەس) بەڵکو پێشکەوتن تییاندا رویداوە بە داکۆکی کردن لەسەر کەسایەتی تاكو بەرپەرچ دانەوەی (مقاومە) ویرانکردنی ناسنامەی تاکەکانو گرۆیەکان (A.Touraine. 1992، ل 356 ) لێرەدا ئاین بەو ڕامانەوەو بە تایبەتی لە ناو کۆمەڵگا پیشەسازیەکاندا زەحمەتە تاك ئەو هاودژیەی هەبێت لەسەر دامودەزگای ئابووریو سیاسی.

مەرکەزی بالآدەست (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 250) لێرەدا دەتوانین بڵێین کە ئاین خاوەن بەرهەمە کۆمەڵایەتیەکانە وەکو (هەوکایی) کە شێوەیەك لە شێوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، وەك ڕێو ڕەسمی

ئاینی، کە کاریگەری زۆری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری تاك‌و گرووپا هەیە( ڕێ‌و ڕەسمی وەکو قوربانیەکان، نوێژ، سەردانی جێگا پیرۆزەکان) (huber etmaus1899) وەك کۆمەڵێك بیروباوەر کە ڕۆڵێکی باش دەگێڕن لە ژیانی کۆمەڵایەتی‌دا.


چ لەسەر ئاستی پراکتیکی، یان لەسەر ئاستی تیۆری. کە دەبنە هۆی بەهێزکردنی هاوسەنگی دەروونی‌و کۆمەڵایەتی تاك‌و گرۆپ، وە دەبنە پال ٚپێوەنەر بۆ بەرهەم هێنان‌و ئەکتیڤ کردنی هەست‌و سۆز. هەروەها وەکو بنکە‌و بنەما بۆ ژیانی تایبەتی‌و گشتی دێنە بەرچاو، ڕێکخستنی پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌یەکان، بەم شێوەیە ئاین دەبێتە موردیکی (مورد) مەکەزی بۆ پێش خستنی ژیانی کۆمەڵایەتی.

## کێشەی پێوانی ئایین پەرستی لە زانستی کۆمەڵناسیدا.

پێش ئەوەی بچینە ناو ئەو کێشەوە، پێویستە یەکەم جار پێناسەیەك بۆ ئاین دەست نیشان بکەین، چونکە ئێمە ناتوانین دیاردەیەك قیاس بکەین ئەگەر پێناسەکەی نەزانین، پێش ئەوەی بچینە ناو دانەوستاندنی دوورودرێژ کە فرە ئاراستەیی‌و پەیرەوەکان لەناو زانستی کۆمەڵناسی‌دا پڕکردۆتەوە، دەتوانین پشت بە پێناسەی (c.y.glock) ببەستین کە ئاین پەرستی بە پێنج ڕەهەند دابەش دەکات کە دەرفەتی دەست نیشان کردنی دەدات، پاش باوەڕهێنان‌و ممارەسە، پاش زانین، پاش ئەزموون، پاش ئینتیما. ئەم ڕەهەندانە یەك ئەگرن‌و پێش دەکەون، تا لە دوایی (ئاین پەرستی) (glock: 1964) لای تاك هەروەها لای گرۆپ بەرهەم دێنێت. بەم شێوەیە کە ئاین پەرستی هەڵدەوەشێنینەوە(دابەش دەکەین) بۆ ڕەهەندە سەربەخۆیەکان(بە واتایەکی ڕێژەیی) دەتوانین پەیرەوە جیاجیاکان وەگەڕ بخەین. گرینگترین تەکنیك کە دەربارەی ئەمە بەکار دێنین بریتی‌یە لە (فورمێك– استمارە) کە لە چەند پرسیارێك پێکهاتووە هەن هەندێك پرسیار نەکراوەن، هەندە کراوەن‌وی‌دانراون. کە ئەمەی دوایی بوارێکی زیاتر فراوان بۆ وەڵام دانەوە دەکاتەوە. لە ڕووی تەکنیکی‌یەوە دەتوانین وەڵام دانەوە لەسەر پرسیارەکان وەك دووپاتکردنەوە حساب بکەین یان بیروبۆچوون دەبن بۆ هەڵوێستە قوڵەکانی لێکەرەکان دەربارەی ئاین پەرستی لەسەر بنەمای ئەو تاکتیکانەوبیروبۆچوونە دەتوانین پێکهاتی جێگاکان دەبمەزرێنن کە لە ڕێکەوتنی کامل بەرەو نزمترین ئاستەکەی دەچێت، بە ڕێگای جێگا ناوەڕاستەکان تێدەپەڕێت. بەم شێوەیە دەتوانین میکانیزمێك بۆ قیاس کردنی هەڵوێستەکان بە ڕێگای ئەم پێکهاتە لە هەڵوێستەکان بدۆزینەوە( A. Acqua Viva et Enzo pqce: 1994) ڕوونە‌و ئاشکرایە کە تەکنیکی ئەم قیاس کردنە (هزری قیبر سەبارەت باشترین مودیل) وەك باکگراوەندێکی ئەبستیمولوژی بۆ خۆی وەردەگەرێن.

قیاس کردن بە زنجیرە باشترە لە قیاس کردن بە ڕێگای وەڵامە سادەکان دەتوانین ئەو وەڵامانە کە پێویستن تەنیا بەو ڕەهەندەوە کە دەمانەوێت قیاسی بکەین‌و کۆکرنەوەی ئەو وەڵامانە کە لەگەڵ ڕەهەندی دەست نیشان

کراو بۆ قیاس کردن دەگونجێت، پاشان دانانی (خاڵ– نقطة) بۆ هەر وەڵامێکی تایبەت (خاڵی شــروڤەکاری، چ پەیوەســت بــن بــە زاراوە مەفاهیمیەکان یان دەربارەی ئامار– احصاو) بەم شێوەیە (زنجیرە) باشترین ڕێگای قیاس کردنە لە ڕێگاکانی تر بۆ قیاس کردنی ئاین پەرستی. بــە مــەرجێ بخرێتــە ژێــر چــەند بنەمایەکەوە. کە پێویستە شێوەیەکی ئیجرائی بن، واتە وەڵامەکان پێویستە باشو بەکەڵك بن هەتا ئەگەر پەیوەستیش بن بە (عینات)ین دیکەو لە دەرفەتە جۆراوجۆرەکان دا بۆ دەبێ ڕاست بن واتە توانیمان قیاس بکەین ئەو شتەی کە دەمانەوێت قیاسی بکەین، لە کۆتایی‌دا، دەبێ قیاس بێت، واتە بکرێت وەك قیاس بۆ دیاردەیەك بەکار بێنین بە پشت بەستن بە تەکنیکەکان، وەك قیاسی ناوەکی (اسمی)، و تەرتیبی، و قیاس کردنی ڕووبەر(مسافە) و قیاس کردنی ڕێژەیی.




# لەنێوان واقیعی زانای کۆمەڵناسی و میسالیەتی زانای ئایینیدا سیستانی وەکو نموونەیەك

عقیل نوری محمد
و: حیکمەت نامیق

زۆر بەکەمی پیاوانی ئاینی واقیعانە هەڵوێست وەردەگرن چونکە دەترسن لەوەی ئەم واقیعە زیان بە دەسەڵاتو هێزو ئایین بگەیەنێ.

ئەو ڕووداوانەی کە عێراق پێیدا تێپەڕیوە ئەوەی سەلماندووە کە هەموو زانا ئایینییەکان یەك جۆر نین، بەڵکو تیایاندا هەیە زۆر واقیعانە دەڕوانێتە ڕووداوەکان، هەندێ لەڕووداوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە جاری وا هەیە پیاوی ئایینی زۆرتر واقعیانەتر دەڵێت لە پیاوی سیاسی. لەوانەی کاریگەریان هەبوو لەڕووداوەکانی عێراق محمد باقر حکیمو عەلی سستانی، شێخ ئەحمەد کوبەیسی بوون.

ئەوەی جێگای تێڕامانە کە ئەم بەڕێزانە سوودیان لە دەسەڵاتی ئایینی وەرگرت بۆ کۆنترۆڵکردنی شەقامی عێراقی وەك عەقڵیەتی زانای کۆمەڵناسی نەك بەعەقڵیەتی پیاوی ئایینی، ئەمە شتێکە بۆیان حیساب دەکرێت، چونکە هەندێك لەزانا ئایینییەکان بەتایبەتی گەورەکان سوودیان لەو ئەزموونانە وەرگرت ئەوەی کە عێراقو جیهانی ئیسلامی پیادا رۆیشتووە خستوویانەتە پێش چاوی خۆیان بۆ هەڵسوڕاندنی رووداوەکان لەعێراقدا، ئەگەر هاتوو ئەو کۆمەڵە فەتوایانەی کە بەڕێز عەلی السستانی دەری کردووە، دەبینی بەپێی توانا ویستوویەتی مامەڵە لەگەڵ رووداوەکان لەشەقامی عێراقی بکات بەشێوازی سۆسیۆلۆجی بەلام لەبەرگی میپالیەتی ئایینیدا. لەسەرەتای هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ عێراق هیچ فەتوایەك لەلایەن سید السستانی دەرنەکرا کە تایبەت بێت بە داگیرکاری، دەشێت ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك بگەڕێتەوە:

1- سستانی پێی وایە سیستەمی کۆن سیستەمێك نییە لێی پەشیمان بێتەوە، چونکە شایانی لەناوچوون بوو وە دەشیزانی کە هێزێکی وا لە عێراق بوونی نییە کە بتوانێ بەرگری بکات لەبەر ئەوە بێ دەنگی حەکیمانە گرنگترین رێگایە بۆ کۆتایی پێ هاتنی سیستەمی کۆنو رێگایەکە بۆ ئاسانکاری لەناوچوونی بۆیە تاکە فەتوایەك کە دەربچێ لەلایەن سستانی بریتییە لە نەبوونی پێش گرتنی چەوسێنەران.

2- سستانی چاك دەیزانی کە خەڵکی عێراق حەز بە کۆتایی پێ هاتنی سیستەمی سیاسی لە عێراق دەکەن لەبەر زۆر هۆکاری وەکو کێشەی گرانیو نەهاتیو کێشەی بەهاو ئەخلاقی، لەبەر ئەوە هەر فەتوایەك دژی داگیرکاری دەربچێ شەقامی عێراق گوێی لێ ناگرنو ئەزمەیەکی گەورە لەنێوان حەوزەی وراپیو رەگەزیو هەروەها کۆمەڵگەی عێراقی دروست دەبێت، لەبەر ئەوە بەهەر رێگایەكو وێنەیەك بێت کۆمەڵگای عێراق حەز بە ئازادی دەکەن، لەبەر ئەوە فەتوای سستانی لەسەر بێ لایەنیو هەڵوەستەکردن وەستا.

3- سیستانی زانی کەبەرگری کرن رەوا نییە لەگەڵ هێزێکی گەورەی وەکو ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەبەر ئەوە پێی چاك بوو هەڵسو کەوت کردنی بەشێوەیەکی ژیرانەو عەقلانە دەرئەنجامێکی باشو دروستی لێ دەکەوێتەوە وە دروست ترە لەرووبەڕووبوونەوەو هێز بەکارهێنان کە رووبەڕووبوونەوەی گرانە، چونکە ئەم هەڵوێستە بە قازانجی عێراقیەکان تەواو دەبوو کەهەڵوێستێکی بێ لایەنانەی هەبێت چونکە زۆربەی زۆری عێراقییەکان ئارەزووی لەناوبردنی رژێمیان دەکرد، بەلام چۆنیەتی لەناوبردنەکە جیاوازبوو.

کێشەی دووەم کە سیستانی رووبەڕووی بووەوە بریتی بوو لە سوود وەرگرتنی سەدری بچوك واتە موقتەدا لەمیراتی گەورەی کە بۆی مابوەوە لە باوکی شەهید محمد صادق سەدر لە بواری ئایینیو جەماوەری شیعە بەتایبەتی شیعەی عێراق، ئەگەر هاتوو سەدری باوك بیرێکی حەوزەی شۆڕشگێڕی تەرح بکردایە لە کۆمەڵگایەکدا کە سەرکووت کردنو

چەوساندنەوەو ئیرهابی دەسەلاٚت کۆتو زنجیری کردبێت. وە شەلەلی کردبێت لەجووڵەدا، لەبەر ئەوە دەرچوونی سەدری باوك لە ژیانی کۆمەلاٚیەتیو سیاسیو جوولاٚنی جەماوەرەکەی بەرەو نوێژی هەینی بە ئامادەکردنی ئاپۆرای موسڵمانان بەرەو شۆڕش ئەمەش دەژمێردرێت بەخاڵی وەرچەرخان لە دەستەلاٚت وێنەی سەدری باوك بەو پێیەی کە پیاوی نەخشە کێشەری خەونەکانە لە خەیاڵی گشتیدا، ئەو بیرۆکەیە بەهێزبوو لەگەڵ لەناوبردنی ڕژێمی پێشوو. سەدری کوڕ ڕایگەیاند کە سیقەیەکی بەخشێنراوی پێدراوە لەباوکیەوە لەسەر دەستی ڕۆڵەکانی گائیفەی شیعە لەبەر ئەوە هەوڵیدا کە دەروازەیەك بدۆزێتەوە لەژیانی سیاسیدا، ئەو دەروازەیەش ماوەی(کاتی) داگیرکاری بوو بۆ دەرکەوتنی سەدری کوڕ، چونکە سەردەمی پاش داگیرکاری سەردەمی سەرکوت کردنو تیرۆرو ئیرهاب بوو کە زۆر قوربانی لێ کەوتەوە ئەم گەنجە هەوڵیدا لەبواری سیاسیو ئاییندا حەوزە بگەیەنێ بە جەماوەری باوکی نەك بە توانا زاتییەکانی خۆی بەلاٚم ئەم هەڵسو کەوتە عاقلاٚنەیە بۆ سستانی ئەم توانا زاتییەی سەدری هەڵمژی ڕێکنەخرابوو، بۆ ئەوەی کە بیسەلمێنێ کە ئەو بڕوای بە ڕای جیاواز هەیە هەتا ئەو ڕاو بۆچوونانە نەگونجاو و نەشیاو بێت، بەتایبەتی لە بارێکی ناهەمواردا وەك ئەو بارەی کە عێراق پیایدا تێپەڕی، وە هەڕەشەکانی سەدرو هەڵچوونەکان دەوەستانەوە بەدژایەتی لاسەنگی سیستانیو لێکبوردنەکانی (هدوو–هێمنییەکان) ئەمەش وای کرد کە سیستانی دەربکەوێتو بپاڵێورێت، چونکە بووە سەرکردەیەکی حەوزەویی بێ ناکۆکیو کێبڕکێ سیستانی دەیتوانی کە کاروبارەکان لەبەرژەوەندی خۆیدا بەڕێوە بەرێت دوای ئەوەی کە عەشیرەتەکانی عێراقی لەدەوری کۆبوونەوە بەلاٚم ئەو پابەندبوو بە مەنهەجو پڕۆگرامی کارا نەك هەڵچوو ئەم کرادرەش دەستەبەر دەبێت لەجیهانی ئاییینیدا ئامادەبوونی سیستانی زیادبوو دوای سیاسەتی ڕاست ڕەوانەتی حەکیم کەدەرکەوت لەوکاتەی کە پاڵپشتی هێزی حەوزەی کردووە کە ئامادەبوو لەنێوان گشتیو تایبەتیدا دوای گۆڕانکارییەکان ئەستێرەی سەدری کوڕ ئاوابوو بەهۆی نەگونجانی ئەوشتانەی کە تەرحی دەکرد لەواقیعدا.

دواتر ئەو کاری لەوەکرد کە سیستانی بچێتە ناوژیانی سیاسی دوای ئەوەی کەبووە ڕاوێژکارێکی کاراو بەتوانا لەسەر ئاڕاستەکردنو ڕێنمایی کردن، ئەمەش وای کرد کە ڕێزێکی گەورەی دروست بکات لای سیاسییەکانو هاوپەیمانان بەجۆرێك کە سیاسییەکان زیاتر لێی بچنە پێش بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی ئەو بۆ بەردەوام دان بەکێشەیەکی دیاریکراو یان بەستنی پەیماننامە بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە دەستوورو هەڵبژاردنەوە لەگەڵ ئەو شتانەی کە سیستانی پێشکەشی دەکرد بەلاٚم لەگەڵ ئەوەشدا کە دەرنەدەچوو لەچوارچێوەی بیری ئایینیو سیاسی نموونەی ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە دەستوورو هەڵبژاردنەکان چونکە ڕاوبۆچوونەکان لەوبوارەدا وەردەگیرا. ئەمەش بۆتە هۆی

چارەسەرکردنی ئەو بابەتە کە ئاڵۆزترین کێشە بوو ڕووبەڕووی سیاسییەکانو زانایانی ئایینی ببووەوە لەعێراق ئەنجامدانی بانگەشەکردنی سیستانی بۆ هەڵبژاردن پرەنسیبێکی زۆر جوانە کە گوزارشت لە ئارەزووی دیموکراسی میسالی دەکات کەدەگمەن بوو لەجیهانی ئاشتیدا دەربچێ بەڵام ئەو سووربوونە لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەم قۆناغە ئاڵۆزەدا لەمێژووی عێراقدا لەوانەیە چارەسەرێکی سیحری نەبێت ئەوەی کە ئێمە هیوای بۆ دەخوازین کە ئیقرارو جێ بەجێ بکرێت کە کۆمەڵگەی عێراقیمان پێویستی پێیەتی کە تاوەکو ئێستا لاوازە لەو ڕێکخستنەدا بۆ ئەنجامدانی ئەزموونێکی مەسئولانە وەکو ئەزموونی هەڵبژاردنی سیاسی وەکو نموونەیەك بۆ شەرعییەت دان بە دەسەڵاتێکی بەهێز لەسەر ئیدارەکردنی وڵات.

ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی لەم کاتە ناسکەدا ترسێکی گەورە دروست دەکات چونکە کۆمەڵگای عێراق پێویستی بە ئارامگری ئەمنی هەیە وەلەوەش گرنگتر، دەرك کردنە بە گرنگی دەستوورو دیموکراسییەتو گرنگی هاوڵاتی بوونو هەست کردن بە مەسئولییەت بەرامبەر نیشتمان.

عێراق ماوەیەکی دوورودرێژە لەژێر چەپۆکی دەسەڵاتی داگیرکردن ناڵاندوویەتی کە ڕێگرو بەربەست بووە لەبەردەم فێربوونو هەنگاونان بەرەو دیموکراسییەتو ژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسی کە شوێنەوارێکی گەورەو گرانی بەجێ هێشتووە کە ئەمیش بۆ کۆمەڵگای باوك سالاریو دەسەڵاتی ڕەهای ئایین دەگەڕێتەوەو بڵاوبوونەوەی لەسەر ڕەگو ڕیشەو قووڵایی پێکهاتەی دەروونی مرۆڤی عێراق.

سووربوونی سیستانی لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنی شەرعی، بێ گومان دەبێتە چارەسەرێکی میسالی بۆ دەرچوون لە ئەزمەو، پێدانی شوێنو بەخشینی پشکێکی زۆر لەمەنهەجی سیاسی، بەڵام لۆژیکی سۆسیۆلۆجی وای دەبینێ کە بوونی حکومەتی کاتی ئینتیقالی (گواستنەوەیی) چاکترە لە هەڵبژاردن، مەرجی بەدەست هێنانی حکومەتێکی شەرعیو گونجاو کە زانایانی ئایینی ڕۆڵی کاراو گرنگ بگێڕن بەشەرعییەتی بزانن. وەزانایانی بواری سۆسیۆلۆژی سەرپەرشتی بکەن لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازادو پێشبینی بکەن بەوەی کە سەدەی داهاتوو پاڵ بە ئیسلامیەکانەوە نێت بخزێنە ناو حوکم، ئەم کارەش سەرەڕۆیەکی زۆری تێدایە، چونکە ئەمەش وادەکات زۆربەی لایەنەکان تووشی دڵەڕاوکێ بن وەئێمە لەوقۆناغەدا پێویستمان بە بەتاڵکردنەوەی دڵەڕاوکێکان هەیە بەتایبەتی دڵەڕاوکێی لایەنی داگیرکەر لەبەرئەوەی ئەو لایەنە گرنگیەکی لەڕادەبەدەری هەیەلە هاوکێشە سیاسییەکان لێرەوە نامەوێت لەڕوانگەیەکەوە حوکمی ئیسلامی ڕەفزبکەمەوە لەبەر ئەندازەی گرنگی ئەو قۆناغەو کۆسپو لەمپەرەکان.ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەئێستادا دەبێتە ڕێگرێك بۆ ئەزموونی داهاتووی دیموکراسییەت، بەتایبەتی ئەگەر هاتوو لایەنە دۆڕاوەکان توانجییان لەشەرعییەتی هەڵبژاردنەکەدا، ئەمەش کارێکی

سروشتیه بۆ کۆمەڵگایەك کەوا ڕانەهاتبێ لەسەر ژیانی دیموکراسی داهاتوو. ئەوە شتێکی چاوەڕوانکراوە لەژێر ڕۆشنایی بەرقەرارنەبوونی ئەمن‌و ئاسایش‌و سەقامگیری سیاسی کەوا عێراقی پیا تێپەڕ دەبێت، پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی دەستووری کاتی لەحکومەتێکی وزاری کاتی چاکترەو خێراترە لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن، ئەو هەڵبژاردنە وادەکات عێراق تووشی دڵەڕاوکێیەکی نوێ بێت، زاڵ بوون بەسەر دەنگدانەوەیدا کارێکی ئەستەم بێت، سەرکەوتنی ئەنجوومەن‌و حکومەت پەیوەستە بە ئەنجوومەنێکی ڕاوێژکاری کەپێکهاتبێت لە زانایانی ئایینی شیعەو سوننەو کۆمەڵێك لە کەسایەتییەکان‌و گائیفەو (دەستە)و نەتەوەکانی کۆمەڵگای عێراقی، وەهەروەها لەخۆگرتنی زانایانی کۆمەڵناسی‌و ڕامیاری‌و ئابووری‌و یاسایی کە لە مامۆستایانی زانکۆ بێت‌و ئەرك‌و کارەکانیان دەرخستنی ڕاوێژکاری‌و ئاراستەکردن بۆ حکومەتی کاتی دیارترین مەرجە بنەڕەتییەکان بۆ سەقامگیربوونی هەردوو ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری‌و دەستوری سیستانی‌و شێخ احمد کوبەیسی دێ کە دوو نوێنەری بنەڕەتی ئەنجوومەنی ڕاوێژکارین چونکە ئەمە پاڵپشتی لە شەرعییەتی ئەنجوومەن دەکات لەهەمان کاتدا توانایەکی کۆمەڵناسی‌و ئایینی پێویستە بۆ دەرخستنی شەقامی عێراقی. کێشەی هەڵبژاردن لەدووشت خۆی تیا دەبینێتەوە یەك لەوان پێویستی بەکاتێکی فراوان‌و هۆشیاری بۆ لێك جیاکردنەوەی لایەنە ڕکابەرەکان هەیە ئەوەش شتێکی زۆر ئەستەم‌و گرانە بۆ کۆمەڵ‌و گەل، چونکە مارەسەیەکی ڕاستی‌و حەقیقی نەبووە لەسەر ئەم ئەزموونە.

# کاریگەرییە کۆمەلایەتی‌و دیموگرافییەکانی گەشەکردنی شارستانی لە عێراق پارێزگای هەولێر وەکو نموونەیەك

د. أكرم كسار
و: حیکمەت نامیق

توێژەر لەو بنەمایەوە دەستی پێ کردووە کە شار دیاردەیەکی کۆمەلایەتی جیاوازە لە دیاردەکانی شارستانی بەبەراورد لەگەڵیدا، چونکە گرنگترو ئاڵۆزترە لەشێوەکانی بیناسازی مرۆیی لەڕوانگەی کە دانیشتوانی شارستانی نزیکەی لە(5٪) دانیشتوانی جیهان پێك دەهێنن، سەرەڕای ئەوەی دروست کەری شارستانیەتەوە ناوەندی بلاوبوونەوەیەتی بۆیە لێکۆڵینەوە لە شار پشکی شێری بەرکەوتووە لە لێکۆڵینەوە ئەدەبی‌و کۆمەلایەتی‌و زانستییەکاندا بەلقە جیاوازییەکانیانەوە. ئەوەی جێگای زیاتر گرنگی پێدانی

لێکۆڵەرەوانە لە بونیادی شارستانی بە دەرکەوتنی شاری گەورەو ڕەنگدانەوەی هەموو ئەمانە لەسەر گۆڕانکارییە کۆمەلأیەتیو دیموگرافیو ئابوورییەکانو وە ئەو هۆکارانەی بەشداریان کردووە لەم گەشەکردنەدا بریتین لە هۆکاری کۆمەلأیەتیو دیموگرافیو ئابووریو جوگرافیو مێژوویيو سیاسی وەهەموو ئەمانە ڕۆڵیان بینیوە لەفراوانبوونی شارەکانداو لەبەرزکردنەوەی چڕی دانیشتوانو تێکەڵ نەبوونی بەشە جیاجیاکانی یەك شار لەڕووی کۆمەلأیەتیو دیموگرافیو ئابوورییەوە وە ئەم گیروگرفتانەش زۆر لە شارەکان لەسەر ئاستی جیهانی ڕووبەڕووی بوونەتەوە ئەمەش بەڕوونی لەشارە عەرەبییەکاندا دیارەو بەدەردەکەوێت.

وەکو کۆچ کردن لە گوندەکان بۆ شارەکانو هەلأوسانی دانیشتوانو هەروەها کێشەو گرفتی کۆمەلأیەتیو ئابووریو پلاندانانو دانیشتوانو...هتد.توێژەر ئاماژە بەوە دەکات عێراق کە لەهەموو ولأتانی دیکەی تازە پێگەیشتوو کێشەی گەشەی شارستانی خێرایی بەخۆیەوە بینیوە ئەمەش سەرەتا لە سالأنی شەستەکانو سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، توێژەر پێشەکی ڕێژەیی سەدی ئەو لەبەرزبونەوەی وەرگرتووە هەروەها پێشبینی ڕێژەی سەدەیی سەدەی داهاتووی کردووە، ئینجا عێراقی دابەشی سێ هەرێمی دانیشتوانی سەرەکی وە پارێزگای هەر هەرێمێك کردووە لێرەوە توێژەر دەڵێ جیاوازیەك لەدابەش کردنی ڕێژەی ئەم ناوچانە هەیەبەجۆرێك (50٪) ناوچەی ناوەڕاستو (50٪) لەهەردوو ناوچەی باکورو باشووردا

ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەنجامی کۆمەڵێك کێشەو گرفتی جۆراوجۆری ژیانی مرۆڤی لێ دەکەوێتەوە، بۆئەوەی توێژەر شوێنەواری ئەو دیاردانە ڕوون بکاتەوە، پێویستە جەخت لەسەر شارێکی دیاریکراو بکاتەوە، شاری هەولێری هەڵبژارد بۆبابەتی لێکۆڵینەوەکەی.

یەکەم: بەردەوامی گەشەی دانیشتوان بەو شێوە زۆرە، بەپێی ڕووبەری ئێستا، ناکرێت بەو شێوە فراوانە وەرگیرێت، لەئەنجامدا دەبێتە هۆی زۆربوونی کێشەو گرفتو کاریگەری سلبی لەسەر پێکهاتەو کیانو پلاندانان دەبێت، لەبەر ئەوە پێویستە سیاسەتێکی کاراو فەعال دابنرێت لەهەموو ڕەهەندەکاندا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەی گەشەی شارستانی، بۆ ئەوەی شار بتوانێ ڕووبەڕووی ئەو پێویستیە زۆرانە بێت لەبەرامبەر دانیشتوان.

دووەم: شاری هەولێر ڕەگو ڕیشەو قولأییەکی شارستانیو مێژوویی هەیە، بە جۆرێك کە کۆنترین شوێنی دانیشتوانە لەعێراق، ڕەگو ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی 6,000 پێش میلاد، ئەمەش واتە کۆنترین مەڵبەندی شارستانییە تائێستاش دانیشتوانو خەڵکی لێیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە.

**ئامانجەکانی لێکۆڵینەوەکە**

1- شیکردنەوەی لایەنی دیموگرافیو شارستانی پارێزگای هەولێر.

2- ناسینو لێکۆڵینەوە لەو کاریگەریانەی کە هاوبەشی لە بەدەرکەوتنی دیاردەی تازەگەری گەشەی شارستانی دەکەن.

3- دیـاریکردنی کێـشەی کۆمەڵایـەتیو دیموگرافی.

4- گەیـشتن بـە سیاسـەتگەلێکی کۆمەڵایـەتیو دیمـوگرافی کـە گونجـاو نـەبێت لەگـەڵ داواو خواسـتەکانی دانیـشتوانی شارستانی(شار).

توێـژەر لێکۆڵینەوەکـەی دابەشـی سـێ نەسـکی سـەرەکی کـردووە لەگـەڵ کۆتـاییو پێشنیارەکانی.

نەسـکی یەکـەم: چوارچـێوەی تیـۆریو مەزهەبی (پراکتیکی) لێکۆڵینەوەکە.

بەشـی یەکـەم: تـاوتوێ کردنـی بابـەتی لێکۆڵینـەوەو دیـاریکردنی گرنگـیو میتـۆدی باسـەکە لەگـەڵ گرفتـەکانی لێکۆڵینـەوەو ئامانجەکانیو کە لەپێشەکیەکەیدا بـە کۆمـەڵێك پرسـیارو گریمانـەوە دەسـت پێـدەکات لەگـەڵ سـێ ڕەهەنـدی دیمـوگرافیو کۆمەڵایـەتیو شارسـتانی لەگـەڵ کۆکردنـەوەی ئامێرەکـانی بەیاناتو هەڵبـژاردنی نموونـەو (ئاسـتەنگەکانی لێکۆڵینەوە، لەگـەڵ پێـشەکیەك لەسـەر لایـەنی مێژوویيو جوگرافی دەربارەی عێراق).

بەشـی دووەم: خـستنەڕووی چـەمکەکان بەدرێـژیو بـەکارهێنانی لەلێکۆڵینەوەکـەدا بـە ئامـانجی شـیکردنەوەو دیـاریکردنی بەشـێوەی ڕوونو ئاشـکرا هـەروەها دیـاریکردنی چەمکەکانی پەیوەست بەبابەتی لێکۆڵینەوەکە.

بەشـی سـێیەم: تـاوتوێ کردنـی کێـشەی ئاراستەکردنی شێوەڕیزکردنی لەبواری گەشـەی شارسـتانیدا، ئـەمیش لـەتیۆری ئـیبن خەلـدون دەسـت پێـدەکات بـۆ دیـاردەی گەشـەکردن بەتێپـەڕبوونی نووسـینەوەی ئـەم دیاردەیـە لەلایەن تایبەتمەندانی ئەم بوارە بەبێ جیـاوازی قوتابخانـەو بیروبـاوەڕ بەمەبەسـتی کۆتـایی جیاکردنـەوەیو لێکۆڵینـەوە لـەم دیاردەیـە لـە کۆمەڵگای عەرەبیدا.

چـوارەم: چـڕکردنەوەو شـیکردنەوەی بابەتیانـەی بـۆ لێکۆڵینـەوەکانی پێشووتر کـە گەشەی شارستانی تاوتوێی دەکـات بـەئامانجی هەڵـسەنگاندنی لێکۆڵینەوەکـەو بـەراوردکردنی ئامانجەکانی لەگەڵ ئەنجامی بەدەست هـاتووی ئـەم لێکۆڵینـەوە بەمەبەسـتی سـەلماندنی پێویستیەکان بۆجێبەجێ کردنیان.

نەسکی دووەم: هـەڵهێنجانی شـیکردنەوەی دیـاردەی گەشـەی شارسـتانیو بەشارسـتانی بوون لەعێراق لەڕێگای چواربەشەوە:

بەشـی یەکـەم: تـاوتوێ کردنـی سروشـتی ئاراستەی گەشەی شارستانی لەعێراق لـەڕێگای تیـۆری کۆمەڵایـەتیو دیمـوگرافی کـە ئامـانجی هەڵـسەنگاندنی ئاسـتی گـۆڕانی پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتیو ئاسـتەکانی بەشارسـتانی بـوونی دانیـشتوانی عێـراق، لەگـەڵ ئـەنجامی خێرایـی شارستانی.

بەشـی دووەم: پێکهاتـەی دانیـشتوان، تایبەتمەندی کۆمەڵایەتیو شارستانیو ئـابووری لـەژێر سـیبەری ئـەو گۆڕانکاریانـە کـە لـەعێراق ڕوویانـدا لـەماوەی هـەردوو سـەدەی نۆیـەمو دەیـەمی ڕابـردوو، ئامـانجی ناسـینی شـێوازی گـشتی گەشـەی شارسـتانیو پێـشکەوتنو کێشەکانی عێراق، لەکۆتایی بەشەکەدا هەوڵدانە بۆ لێکۆڵینەوە لـە پێکهاتـەی نـەوعیو ڕەگـەزو تەمـەن لـە عێـراق، ڕەنگدانـەوەی تایبەتمەنـدی

دیموگرافی، کۆمەڵایەتیو ئابووری بۆ گەشەی شارستانی لە عێراق.

بەشی سێیەم: تاوتوێ کردنی شەڕی کەنداوی دووەم (شەڕی ئازادکردنی کوێت) وە ڕەنگدانەوەی لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتیو دیموگرافی بە ئاراستەی گەشەی شارستانی لە عێراق.

بەشی چوارەم: چڕکردنەوەی ئەم هۆکارانەی کە کاریگەری لەسەر گەشەکردنی شارستانی هەیە بەمەبەستی ئەنجامدانیو وەرگرتنی پیلانێکی کۆمەڵایەتی بۆ دانانی سنووری ئاڵۆزیەکانی گەشەی شارستانی خێرای بێ پلاندانان.

**نەسکی سێیەم:**

واقیعی گەشەی شارستانیو بەشارستانی بوون لە پارێزگای هەولێر وەکو نموونەیەك بۆ بارودۆخی عێراق.

بەشی یەکەم: خستنە رووی پێشەکی هەردوو ڕەهەندی جوگرافی مێژوویی شاری هەولێر لەگەڵ پێکهاتەی ئەنتۆلۆجی دانیشتوان.

بەشی دووەم: تاوتوێ کردنی واقیعی گەشەی شارستانیو بەشارستانی بوون لە پارێزگای هەولێر هەروەها پێشەکییەك بۆ تێڕوانینی گشتی دەربارەی گەشەی شارستانیو ستراتیژیەتی لە پارێزگای هەولێر.

بەشی سێیەم: تاوتوێ کردنی هۆکارو گرفتەکانی گەشەی شارستانی لە پارێزگای هەولێر لەڕێگای بەیاناتی احصائیو کاری مەیدانی.

بەشی چوارەم: چارەسەر کرنی سیاسەتی گەشەی شارستانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکانی بەردەم گەشەی شارستانی لە پارێزگادا لە ژێر ڕۆشنایی پێوەری پێویست بۆ وێناکردنی گەشەکردنی شارستانی.

توێژەر ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی دابەشی چەند لایەنێك کردووە.

1- لایەنی دیموگرافی.

2- لایەنی کۆمەڵایەتی.

ئامۆژگارییەکانی

لەکۆتاییدا توێژەر چەند پێشەکیو ئامۆژگارییەکی کردووە:

1- کۆچ کردن لە گوندەوە بۆ شار دەبێتە هۆی هەڵاوسانی شارستانیو دەبێ پێویستە سیاسەتێکی تایبەتی بگرینە بەر بۆ کۆنترۆڵکردنی.

2- دووبارە چاوخشاندنەوە لە دابەشکردنی ئیداری بەشێوازی زانستی پوخت هەروەها لە چوارچێوەی ئەساسی شاردا دەبێت گۆڕانی دیموگرافیو کۆمەڵایەتیو ئاوەدانی تازەو داهاتوو وەربگرین.

3- پارێزگاریکردن لە سەلامەتی ژینگە، لەڕێگای ناوچە سەوزاییەکاندا.

4- بوونی دەزگاو ئامێرێك کە سەرپەرشتی لێکۆڵینەوەی زانست بکات کە پەیوەندی بە پیلاندانانو گەشەی ئاوەدانی هەیە.

5- پاراستنی ڕەسەنایەتی شاری هەولێر وەکو لایەنێکی کەلەپوری شارستانی ناوچەکە.

**خوێندنەوەی**

1- چوارچێوەی شیکردنەوەی مەیدانی کە توێژەر لە شاری هەولێر ئەنجامیدا لە ماوەی

پشت بەستن بەشێوازی زانستی جیاواز لەگەڵ پەیوەستیەکی نزیك لە نێوان لایەنی تیۆری‌و پراکتیکی کە چوارچێوەیەکی گشتی دەربارەی دیاردەی گەشەی شارستانی لە نموونەی باسەکە پێشکەشی ئێمەی کرد سەرەڕای بوونی.

2– خستنەڕووی بابەتیانەی چەمکەکانی لێکۆڵینەوەی پێشکەش کردین کە لەلێکۆڵینەوەکەیدا بەکاری هێنا.

لەگەڵ پێناسەکردنی بواری تیۆر لەگەڵ گەشەی شارستانیدا بەشێوەیەکی گشتی.

3– ڕازبوون‌و دڵنیایی لە خستنەڕووی لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر لەو بوارەدا ئینجا ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکان چ لە عیراق‌و چ لەدەرەوەی عێراقدا بێت.

4– وەرگێڕانی تێکستەکان بەوێنەی ڕوون وەبە هێلکاری بیانی‌و وە بەم جۆرەی جیاواز لەگەڵ پلانەکان بەشێوەی جیاواز.

**گریمانەکانی لێکۆڵینەوە**


1– گەشەی شارستانی لەهەولێر ئاستێکی هەیە، کۆچ کردن ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوی هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی هاوسەنگی دانیشتوانی شارستانی‌و پێکهاتەی تەمەن‌و ڕەگەزو جۆر، هەروەها پیشەش.

2– گەشەی شارستانی خێراو ڕێکنەخراو کارێکی خراپ دەکاتە سەر دانشتوانی شار، کە ئەمەش دەبێە هۆی بڵاوبوونەوەی کێشەو گرفت‌و کەم بوونەوەی ئاستی خزمەتگوزاری مرافققی گشتی‌و ئاڵۆزبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی‌و دەروونی‌و تێکچوونی ژینگەی سروشتی‌و بینین.

3– گەشەی شارستانی خێرا دەبێتە مایەی جولاندنی کۆچ کردن‌و ڕەنگدانەوەی لەسەر دانیشتوانی شاردا بەمەش سێ شێوازی جۆراوجۆر دروست دەبێت لە ژیانی شارستانیدا ئەمانیش شارستانی دێهاتی‌و شارستانی کلاسیکی‌و شارستانی نوێ.

**شەشەم**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەوە جیادەکرێتەوە کە یەکەمین لێکۆڵینەوەیە تاوتوێی شوێنەوارو کاریگەرییە کۆمەڵایەتی‌و دیموگرافی گەشەی شارستانی بکات بەشێوەی تیۆری پراکتیکی لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێرو عێراق، لەژێر ڕۆشنایی بنەماکانی کۆمەڵناسی شارستانی.



# کۆمەڵناسی

## فەرهەنگی کۆمەڵناسی

**ئا: ئەژین**

**کۆمەڵگای بێ سەرکردە**: کۆمەڵگایەکە سەرۆکو سەرکردەی نییە، کۆمەڵێك یا گرووپێك ڕابەرایەتیو حوکمڕانێتی دەکەن، لەنێو ئەنترۆپۆلۆژیادا ئەم زاراوەیە بۆ ئەوە بەکاردێت تاوەکو کۆمەڵگاکان لەسەر بنەمای پێشکەوتنو پێشڤەچوون پۆلێن بکرێن.

**تایبەتمەندێتی وەرگیراو بەدەستهێنراو**: هەر نەریتو تایبەتمەندییەكو هەڵسو کەوتو چالاکیەك کە مرۆڤ فێریان دەبێتو بەشێوەیەکی بۆ ماوەیی بۆی نەمابێتەوە، یا ئەو سیفەتو تایبەتمەندییانەی کە بەهۆی فاکتەرە ژینگەییەکانەوە مرۆڤ بەدەستیان دێنێت، بەڵام لەڕێگای بۆ ماوەوە ناگوازرێنەوە ئەگەر بۆ ماوەیەکی زەمەنی زۆر دوورو درێژ دووبارە نەبنەوە، تەنانەت لەم حاڵەتەشدا بایەخێکی ئەوتۆیان نییە.

**گونجان**: کرداری گونجانی بوونەوەرێکی زیندووە لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا. ئەو حاڵەتەیە تێیدا ئەو کەسە یا مرۆز یا بوونەوەرە دەتوانێت کارێکی لەم جۆرە ئەنجام بداتو لەخۆی ڕازی بێت، بەواتای لەپلەو پێگا کۆمەڵایەتییە ڕازی بێت کە بەدەستی هێناوەو بەشێوەیەك هەڵسو کەوت بکات لەگەڵ کەسانی دەوروبەریدا کە لێی ڕازی بن، یا ئەوەتا بەپێی پێداویستییەکانی ژیانی تازە دابونەریتو تێڕوانینی خۆی بگۆڕێت.

**هەرزەکاری**: تەمەنی هەرزەکاری دەکەوێتە نێوان ساڵانی بالغ بوونی سێکسیو ساڵانی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتیەن ئەوەش کۆمەڵگا بەپێی دابونەریتی خۆی دیاری دەکات، لەنێو زۆربەی کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا کوڕ لەڕێگای سرووتو ئاهەنگی تایبەت بە پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی دەچێتە نێو ئەو قۆناغە تازەیە، لەنێو هەندێکی تریشدا ئەم ئاهەنگو سرووتانە بۆ کچان ئەنجام دەدرێت. ئەم ئاهەنگانەش بەم بۆنەیەوەیە کە ئەو مرۆڤانە لەم قۆناغەدا لەحاڵەتی نێوەندی نێوان منداڵیو پێگەیشتندان.

**ڕەش پێستەکانی ئەفریقیا**: بەشێکن لە توخمی ڕەش پێستەکانو دەبن بەشەش لق کە ئەمانەن: ڕەش پێستی ڕەسەن، نیوە گەرم، ڕەش پێستی دارستان، ڕەش پێستی بانتۆ، ڕەش پێسیتی نیلین، ڕەش پێستی پشمەنو هۆتنتوت. ڕەش پێستەکانی ئەفریقیا بەوسیفەتانە لە ڕەش پێستەکانی تری جیهان جیا دەکرێنەوە: لووتیان پانە، لێویان ئەستوورە، سەریان درێژە، مووی

لەشیان کەمە، دەموو چاویان بۆ پێشەوە دەرپەڕیوە.

**کۆمەڵبوون:** کۆمەڵبوونێکی کاتییانەی نا ڕێکخراوەو بەڕێکەوت ڕوو دەدات لەنێوان کەسانێك کە هیچ جۆرە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتیو خزمایەتی بەیەکەوەیان نابەستێتەوە، وەکو کۆمەڵبوونی خەڵك بۆ بینینی یاری تۆپێن یا نمایشێکی شانۆیی. ئەم جۆرە لەکۆمەڵبوون توانای دروستکردنی ئیجماعی نییە کە یەکێکە لەپێکهاتە سەرەکیەکانی گروپی کۆمەڵایەتی وەکو عەشیرەتو هۆزو چینی کۆمەڵایەتی.

**شوێنی سەربڕینی قوربانی:** سەکۆیەکە یا شوێنێکی دیاریکراوی کەمێك بەرزەو لەبەرد یا قوڕ یا دار دروست دەکرێت، ئەو ئاژەڵانەی لەسەر سەردەبڕدرێت کە بڕیار وایە بکرێنە قوربانی بۆ خواوەند. شوێنی سەربڕینی قوربانی ئەو شوێنەیە کەتێیدا مرۆڤ دەگاتە خواوەندەکەی خۆیو لەوەوە هێزو ئیرادە وەردەگرێت. هەندێك لەگەلانی سەرەتایی ئەو شوێنە لەنێو ماڵی خۆیاندا دروست دەکەنو تەرمی باوكو باپیرانی خۆیانی لێ دەشارنەوە، یا پەیکەرو شتی لەقوڕ دروستکراوی لێ دادەنێن.

**ئاموك:** جۆرێکە لەشێتی دووچاری هەندێك کەسی نێو گەلانی سەرەتایی دێت، بەتایبەتیش لەناوچەی مەلایۆ. هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم نەخۆشییەش کێشەکانی ژیانی ڕۆژانەیە، ئەو کەسەی تووشی دێت هۆشی خۆی لەدەست دەداتو هەموو کەسێك دەکوژێت کە ڕووبەڕووی ببێتەوە، بەبێ ئەوەی جیاوازی لەنێوان خەڵکیدا بکات. خۆیشی لەئەنجامدا دەکوژرێت.

**ئاژاوەگەریتی:** فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتییە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە حکومەت بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی کۆمەڵگا پێویست نییە. ئەم فەلسەفەیە پێی وایە کۆمەڵگا خۆی بەبێ بەکارهێنانی هێز خۆی دەتوانێت ئیشو کارەکانی خۆی بەڕێوە ببات. هەندێك شارستانییەتی کۆنیش هەبووە بەبێ حکومەت بووەو تەنیا ئەنجومەنی پیرانی هەبووە، ئێستاش زۆر لەگەلانی سەرەتایی دەزگای حکومیان نییەو ئەو جۆرە ئەنجومەنانە بەڕێوەیان دەبەن.

**پەرستنی سەلەف:** جۆرە پەرستنێکە لەنێو زۆر لەگەلانی سەرەتایی بڵاوە، تاوەکو ماوەیەك بەر لەئێستاش لەنێو هەندێك گەلی ناسەرەتایی وەکو ژاپۆنیو چینیو هیندیش بڵاوبوو. پەرستنی سەلەف درێژە دانە بەپەرستنی مردووە یا تارماییەکان. چونکە زیاتر پەیوەستە بە بڕوا بوون بە ڕۆح.پەرستنی سەلەف بریتییە لە سرووتێکی تایبەت بەمەبەستی پیرۆزکردنی ڕۆحی سەلەفەکانی ڕابردوو و ڕازی کردنیان. چونکە پێیان وایە ئەم ڕۆحانە دەتوانن سودو قازانجو زەرەر بە مرۆڤ بگەیەنن. لێرەدا نابێت مەسەلەی پەرستنی سەلەفو سەرستنی مردوو تێکەڵاو بکرێت.

**بۆیەکردنی جەستە:** بۆیە کردنی جەستەیە بە ڕوون یا بۆیە یا هەر ماددەیەکی تری چەو، مرۆڤی سەرەتایی لەکاتی ئەنجامدانی کارێکی گرنگدا هانای بۆ دەبات، وەکو بەشداری کردن لەجەنگ، یا

# کۆمەڵناسی

هەر کارێکی تری گرنگ. ئەم شێوەیە لە بۆیەکردنی جەستە لەنێو گەلانی سەرەتاییدا زۆر باو بووە، تەنانەت تا ئێستاش لەنێو هەندێك گەلی سەرەتایی باوە، وەکو هیندییە ئەمریکییەکانو دانیشتوانە ڕەسەنەکانی ئوسترالیاو ئاژەڵدارەکانی خۆرهەڵاتی ئەفریقیا.




کتێبی " **جۆن لوكو ئافرەت**" لەنووسینی ئیمام عبدالفتاح ئیمامەو ئەژین عبدالخالق کروویەتییە کوردی، ئەم کتێبە بەقەبارەی مامناوەندیو لەدوو توێی 116 لاپەڕەدایەو چاپی یەکەمی لەساڵی 2004 لەلایەن دەزگای چاپو پەخشی ڕێبین لەهەولێر بڵاوکراوەتەوەو لەشەش بەش پێکدێت. بەشی یەکەم تایبەتە بەخستنە ڕووی ژیانو سەردەمی جۆن لوكو باسی ساڵانی منداڵی پێگەیشتنو گەشەکردنیو کۆتایی ژیانی دەکات. بەشی دووەم تایبەتە بەو سەردەمەی جۆن لوك ـ ی تێدا ژیاوەو باس لەهەر سێ شۆڕشی ئایینیو زانستیو سیاسی دەکرێت. بەشی سێیەم تایبەتە بەتیۆری سیاسیو ئافرەتو باسی هاوسەرێتیو خێزان دەکات لەلای جۆن لوك. بەشی چوارەم لەبارەی مافە سروشتییەکانی مرۆڤەو باسی ئەو نامانە دەکرێت کە جۆن لوك لەوبارەیەوە بڵاوی کردوونەتەوە. لەبەشی پێنجەمدا مەسەلەی ئافرەتو موڵکداریتی دەخرێتە ڕوو، هەروەها باس لەبایەخو بەهای کار دەکرێت بۆ مرۆڤو مەسەلەی موڵکداریتی خێزانیش خراوەتە ڕوو. بەشی شەشەم باسی یەکسانی نێوان ژنو پیاوە.


بەگشتی ئەو کتێبە تێڕوانینێکە لەفەلسەفەی سیاسیو کۆمەڵایەتی جۆن لوك.



کتێبی " **ئەنترۆپۆلۆژیا**" لەنووسینی ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیلو دیار عەزیز شەریف، ئەم کتێبە وەکو ئەوەی لەسەر بەرگەکەیدا ئاماژەی بۆ کراوە بریتییە لەلێکۆڵینەوەی تیۆری لەبارەی ئەنترۆپۆلۆژیاوەو یەکەم کتێبی کوردییە لەو بارەیەوە بنووسرێت. ئەم کتێبە بەقەبارەی گەورەیەو لەدوو توێی 316 لاپەڕەدایەو لەلایەن دەزگای چاپو پەخشی ڕێبین لەهەولێر چاپو بڵاوکراوەتەوەو لەیازدە بەش پێکدێت. بەدەروازەیەك بۆ ئەنترۆپۆلۆژیا دەست پێدەکاتو دواتر دێتە سەر ئەنترۆپۆلۆژیای سروشتیو ئەنترۆپۆلۆژیای شارستانیو مەسەلەی چارەنووسی

# کۆمەڵناسی

شارستانییەتو ئەنترۆپۆلۆژیای کولتووریو زمانو ئەنترۆپۆلۆژیاو ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتیو خزمایەتیو ڕەچەڵەكو ئەنترۆپۆلۆژیای شوێنو مرۆڤی سەرەتاییو مرۆڤی شارستانیو پێوەندی نێوان ئەنترۆپۆلۆژیاو مێژوو.




## کتێبی کۆمەڵناسی

ئەم کتێبە بەیەکێك لەزنجیرە چاپکراوەکانی سەنتەری (نما) دەژمێردرێت، کە بەقەبارەیەکی مامناوەندی (150)لاپەرەیە، خۆی لەسێ بابەتی تیۆری دەبینێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- سروتە کۆمەڵایەتیەکان مەبەست لەم توێژینەوەیە، هەڵدانەوەو ڕۆچوونە نێو دنیای رۆحیو غەیبی زۆرێك لەم سروتانەی نێو کۆمەڵگای کوردەوارەیە کەتائێستا کوێرانە پیادەدەکرێن.

2-هۆکارە کۆمەڵایەتیەکانی نەخۆشیە سایکۆسۆماتیەکان: کۆمەڵگەی کوردەواری بەهۆی فشاروشەڕو تەنگژەکانی ژیانی کراوەتە نموونەیەکی دیاری ئەم نەخۆشیە(سایکۆسۆماتی) واتای ئەم نەخۆشیانە دەدات کە لەرێگەی فشاروناخۆشی دەرەکی کاردەکەنە سەر دەروونی تاکەکانو دواتر دەبێتە نەخۆشی ئۆرگانیکی وەکو پاڵپەستۆی خوێن، دڵ، ئازاری جومگەکانو..

3-ئایدیۆلۆژیای خوێنو دەمارگیری : ئەم بابەتە یا توێژینەوەیە بەمیرات بوونی ئایدیۆلۆژیا بەمانا فراوانەکەی تەنانەت (ئایین)یش لەخۆدەگرێ، لە نێو کۆمەڵگەیەکی نیمچە داخراوی تەقلسدی وەکو (کورد) کە زۆربەی شتەکان لەرێگەی (بۆماوە)وە وەردەگرێتو پیادەی دەکات، لەهەمان کاتیش دەیسەپێنێتە سەر تاکەکانی ،ئەم توێژینەوە شرۆڤەی رەهەندە جیاوازەکانی ئەم دیاردەی کۆمەڵگەی کوردەوارییە.